


ڕێکخراو بۆ سەرکەوتن چەکی هەرە گرینگە.

# کۆمەڵێک وتار، لێدوان و وتووێژی هاوڕێ جەلیل گادانی

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست:

* کۆمەڵێک وتارو لێدوانەکانی هاوڕێ جەلیل گادانی.............. لاپەڕەی......... ٤

– دامەزراندنی کۆمەڵەی ژ– ک...

– دامەزرانی حیزبی دێموکرات...

– کۆماری کوردستان...

– خەباتی چەکدارانەی ساڵەکانی ٤٦ - ١٣٤٧...

– حیزبی دێموکرات و گرینگیدانی بە پرسی کۆمەڵایەتی...

– قازی محەمەد: من هی ئەم میللەتەم و دەبێ لەناو ئەم میللەتەشدا بم...

– کاریگەریی دامەزرانی حیزب لەسەر بزاڤی کورد...

– چەند وتەیەک بۆ کارو چالاکییەکانی هاوڕێ رەحمان نەقشی...

– بۆ هاوڕێ ئەبووبەکری ڕاد – ئۆغر بەخێر هاوڕێ گیان...

– بۆ ڕێز گرتن لە کەسایەتی سیاسیی کورد هاشم کەریمی لە کۆڕێک لە بریتانیا...

– بۆ یادی ڕەوانشاد هاوڕێ نەبی قادری...

– وتەکان لە ڕێورەسمی پرسە و سەرەخۆشیی کاک عوسمان رەحیمی دا...

– پەیامی سەرەخۆشی بەبۆنەی کۆچی دوایی سارم خانی سادق وەزیری–یەوە...

– بۆ شادرەوان کاک عەزیز یوسفی...

– شەهید مەلا ڕەسوڵ گەردی کادرێکی وەفادارو کۆڵنەدەری حیزب بوو....

- مامجەلال هەوێنی یەکیەتی و برایەتی و ئاشتەوایی و پێکەوە ژیان بوو...



سەرچاوە
Serchawe

- پێشەکی  بۆ کتێبی پێشەوا قازی محەممەدو کۆماری کوردستان...

بەشێک لە وتووێژ و چاوپێکەوتنەکانی هاوڕێ جەلیل گادانی............ لاپەڕەی...... ٧٥


– هەڤپەیڤینێک لە گەڵ زیندەیاد جەلیل گادانی لەبارەی سروودی "ئەی ڕەقیب" لە کۆماری کوردستان‌دا...........
.............................................................................................. دیمانە: قادر وریا
– دیدو بۆچوونەکانی نەمر جەلیل کادانی.......................................................... هەڤپەیڤین: ڕەحمان نەقشی
– هەڤپەیڤینی مامۆستا ئەمیر حەسەنپوور لەگەڵ کاک جەلیلی گادانی بەشی یەکەم............................ حەسەن قازی
– هەڤپەیڤینی دووەمی مامۆستا ئەمیر حەسەنپوور لەگەڵ کاک جەلیلی گادانی................................. حەسەن قازی






سەرچاوە
Serchawe

## بەشێک لە وتار، لێدوان و هاوخەمی هاوڕێ جەلیل گادانی




### دامەزراندنی کۆمەڵەی ژ- ک




لە کۆی ئەم هەلە رەخساو و بارودۆخە ئاڵۆز و نالەبارە دابوو کە "کۆمەڵەی ژ - ک" رۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢١ هەتاوی لە شاری مەهاباد پێکهات و دەستی بە تێکۆشانی یەگجار نهێنی کرد. "کۆمەڵەی ژ - ک" ریکخراوێکی بە تەواوی

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

نهێنی بوو و بەهۆی ژمارەیەک لە رۆشنبیرانی کوردی دانیشتووی شاری مەهاباد و لەسەر بناخەی بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات و حاکمییەتی کورد بە دەستی کورد دامەزراوە.

**دامەزرێنەر و کارگێرە سەرەکییەکانیشی بریتی بوون لە:**

١- مەلا عەبدوڵڵا داودی،

٢- حسێن فروهەر،

٢- عەبدولڕەحمان زەبیحی،

٣- عەبدولڕەحمان ئیمامی،

٤- مەلا عەبدولقادر مودەریسی.

٥- ئەجمەدین تەوحیدی،

٦- محەممەد نانەوازادە،

٧- عەلی مەحموودی،

٨- محەممەد ئەسحابی،

٩- عەبدولڕەحمان کیانی،

١٠- سەدیق حەیدەری،

١١- قاسم قادری،

١٢- عەزیز زەندی،

١٣- محەممەد یاهو.

١٤- ئەحمەد عیلمی،

١٥- میرحاج و

١٦- مستەفا خۆشناویش بە نوێنەری حیزبی هیوای کوردستانی عێراق بەشداری کۆبوونەوەی ئەسلی بوون کە رێبەری کۆمەڵەی تێدا هەڵبژێردراوە و لە بانەمەری ساڵی ١٣٢٢ی هەتاویدا بەستراوە. هەر چەند زۆرتر باسی یازدە کەس دەکرێ کە پێکهێنەری کۆمەڵە بوون.

دامەزرانی " کۆمەڵەی ژ - ک " لە لایەکەوە لەسەر کۆمەڵی تینوی ئازادی و کوردەواری کە بۆماوەیەکی دوور و درێژ چەوسابووەوە، شوێنەواری دانا و بەرەو خەبات کردن هانی دان، لە لایەکی دیکەوە دەستی کرد بە نزیکایەتی کردن و



سەرچاوە Serchawe

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

پێکهێنانی دۆستایەتی لەگەڵ هێزەکانی دیکەی کوردستان و بە تایبەت لەو سەردەمەدا لە گەڵ حیزبی هیوا لە کوردستانی عێراق کە پێشتر بە هۆی چەند کەس وەک رەفیق حیلمی و مەحموود جەودەت لە کوردە نیشتمانپەروەرەکانی کوردستانی عێراق دامەزرابوو. ئەم حیزبە بە شێوەیەکی جیددی تاوی دایە هاوکاری کردن لە گەڵ کۆمەڵە و بەشداری کردنی میرحاج و مستەفا خۆشناویش لە کۆبوونەوەی سەرەکیی دامەزرانی کۆمەڵە دا هەر لەم پێوەندییەدا بوو. میرحاج و مستەفا خۆشناو لە ئەفسەرەکانی ئەرتەشی عێراق بوون کە دوایەش لە راپەرینی بارزانییەکاندا بەشدارییان کرد و لە کۆماری کوردستانیشدا بەرپرسایەتییان هەبوو و داوی رووخانی کۆماری کوردستان سەرۆک مستەفا بارزانییدا مەهابادیان بەجێ هێشت. میرحاج دەگەڵ بارزانییەکانی چووە سۆڤیەت و دوایش لەگەڵ وان گەراوە، مستەفا خۆشناو گەرایەوە عێراق و لەگەڵ سێ ئەفسەری دیکە بەو ناوانە ئیعدام کران : عیزەت عەبدولعەزیز، معەممەد مەحموود قودسی و خەیروڵلا عەبدولکەریم.

کۆمەڵەی ژ - ک، رێکخراوێکی داخراو بوو، بۆ غەیرە کورد و هەر کوردێکێش کە خوازیاری چوون بۆ ناو رێزەکانی کۆمەڵە بووایە دەبوو تاقی کارییەکی دژوار تێپەڕ بکات و لە هەموو بارێکەوە جێی دڵنیایی بوایە. پاشانیش بە قورئان سوێند دەدرا. ئەم شێوە وەرگرتنەی ئەندام و لایەنگر لە لایەن کۆمەڵەوە بە سەرنجدان بە هەل و مەرجی ئەو کاتی خەبات لە پێناو وەدیهێنانی مافی نەتەوایەتییەوە، شتێکی گونجاو لەگەڵ ئەو سەردەمە بوو، سەرەڕای ئەم نهێنی کاری و بەر تەسک بوونەی ئیمکانی تێکۆشانی بەربڵاو، کۆمەڵەی ژ - ک توانیویەتی لە روونکردنەوە و راپەڕاندنی خەڵکی کوردستان دا دەوری بەرچاوی هەبێ. بەم هۆیەشە کە زۆربەی هاوڕێیانی حیزبی و مێژوونووسەکان لەسەر ئەو براوەن کە پایە و بناغەی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر " کۆمەڵەی ژ - ک "ە. رەنگە بە بۆچوونێکی ئاوا ناسیۆنالیستییەوە کۆمەڵەی أ - ک نەیتوانیبی زۆربەی رووناکبیرانی ئەودەم بۆلای خۆی رابکێشێ، بەڵام لە کۆمەڵی کوردەواریی ئەوکاتی کوردستانی ناوەندیدا بە تایبەت و تا رادەیەکیش لە سەقز و بانە و هەروەها لە باکووری کوردستانی ئێران پەرەی ئەستاند و توانی ببێتە هێزێکی زۆر فەعال و تێکۆشەر. کۆمەڵە هەستی کوردایەتی تا رادەیەکی زۆر لە نێو خەڵکدا زیندوو کردەوە و بەهۆی پێوەندی لەگەڵ کوردستانی عێراق و هێنانی بڵاوکراوەکانی ئەوێ وردە وردە خەڵکی لەگەڵ ئەدەبیاتی کوردیش ئاشنا کرد. هەروەها بۆ بڵاو کردنەوەی بۆچوون و سیاسەتی کۆمەڵە، یەکەم گۆڤاری کوردی لە کوردستانی ئێران بە ناوی " نیشتمان " لە لایەن ئەم رێکخراوە چاپ و بڵاو کرایەوە. دەرکردنی ئەو گۆڤارە هەتا ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی درێژە کێشا.

لە دوویین ساڵی تێکۆشانی کۆمەڵە و هەروەها لە کاتی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، دوو قوتابخانەی کوردیی شەوانە، یەکیان بە ناوی " گەلاوێژ " لە گەرەکی قوولە قەبرانی مەهاباد بە بەرپرسایەتیی مەلا عبدالله داودی کە بە مەلای حەجۆکی بەناوبانگ بوو و لە پێشدا لە ماڵی حاجی ئەحمەدی گادانی دامەزراوە و دوایەش گوێزراوەتەوە بۆ ماڵی حاجی سەید عبدالله تەهازادە هەر لەو گەڕەکەو، دووهەمیان بە ناوی " ئازادی " لە گەڕەکی ئەرمەنیان لە نزیک ماڵی

حەمەدی مەولوودی، دامەزراوە. لە پێشدا هێندێک لاوی خوێندەوار لــو قوتابخانەی گەلاوێژ فێری کوردی بوون، دوایەش قوتابییەکانی خاوەن هەست و رۆڵەکانی ئەندامانی جێ باوەڕی ژ - ک بە نیوە نهێنی شەوانە لە دوو قوتابخانە دەیاخوێند.*

کۆمەڵەی ژ - ک ماوەی سێ ساڵ تێکۆشانی بەردەوام و نهێنی خۆی درێژە پێ دەدا و پێگەیەکی کۆمەڵایەتی پەیدا دەکا. بەڵام لە راستیدا لەبەر ئەوەی ئامانجەکانی خۆی بە شێوەیەکی زانستییانە نە هێنابووە گۆڕێ و باسێکی ئەوتۆیان لە دێموکراسی و خودموختاری بۆ خەڵک پێ نەبوو، نەیتوانی بە تەواوی گەشە بستێنێ، بەتایبەت لەبەر ئەوەی کە فەزای سیاسی ئێران بەرەو دێموکراتیزە بوون دەرۆیشت و لە زۆر شوێن حیزب و رێکخراوی نوێ پێکهاتبوو لە کوردستاندا کە ئەو کات بە تایبەتی دانیشتووی زۆری غەیرە کوردی وەک ئازەری، ئەرمەنی و ئاسوری و کەلیمی لێ بوو، بۆچوونەکانی ژ - ک لە پێوەندی لەگەڵ ئەم کەمایەسییانە دا ناسیۆنالیستانە بوو، پێویست بوو کە ئاڵ و گۆڕێک لە وەزعی کۆمەڵە دا بێتە پێشی و بەرنامەیەکی نوێ بۆ کارو تێکۆشانی دوا رۆژی دیاری بکرێت. لەو ماوەدا کە کۆمەڵەی ژ – ک خەریکی تێکۆشان بوو، ژمارەیەک لە پیاوانی ناسراوی ئەو کاتە هێندێک سەفەریان بۆ دەرەوەی کوردستان کرد. دووجار هەیئەتی کورد چوونە تەورێز کە لەو سەردەمەدا فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان لەوێ تێکۆشانی زۆری هەبوو و، لەوێشەوە بۆ باکۆ دەعوەت کران. ئەو سەفەرانە دوو شوێنەواری جیاوازی لەسەر ئەفرادی هەیئەتەکان دانا، دیارە بەشی زۆری بەشدارانی ئەو هەیئەتانە لە مالیکە گەورەکان بوون و تەنیا ژمارەیەکی کەمیان رووناکبیری وەک قازی محەممەد لەگەڵ بوو. ئەو دوو تیپە لە سەفەرەکەیاندا دوو روانگەی جۆراوجۆریان هەبوو. ئەوەی رووناکبیرێکی دێموکرات و بە بیروباوەڕ بوو، رزگاری و بەختیاریی گەلەکەی بەلاوە مەبەست بوو و ئاواتی ئەوە بوو کە رۆژێک لە رۆژان لە کوردستانیش دامەزراوی سەنعەتی گەورە و کارخانەی بە سوود دابمەزرێ و ژیانێکی پڕ لە خۆشی و کامەرانی بۆ گەلەکەی وەدی بێت و بۆ گەیشتن بەم ئامانجانەش بەرنامەی کاری خۆیان لەسەر بنچینە دابرێژن. بەڵام بۆ مالیک و دەرەبەگەکان کە دەسەڵاتی سەرەکیی کۆمەڵیشیان لەدەست دابوو، هیوا خواستن بە بوونی وەزعێکی ئەوتۆ بە مانای نەمانی دەسەڵاتیان و لە ئاکامدا رووخانی سیستمەکەیان بوو. هەر بۆیەش لەم سەفەرانەدا جیاوازیی بیروبۆچوون پەیدا دەبێ، روانگەی قای محەممەد و هاوبیرەکانی لە حاست ئیسلاح و بەرەو پێش بردن و دێموکراتیزە کردنی کوردستان، دەچووە پێشێ و، روانگەی ئەوانی دیکە لە چوارچێوەیەکی وشکی کوردایەتی داو تەنیا لەبەر ئەوەی کە بارودۆخی کۆمەڵ لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکدا رابگرێ و حاکمییەتی خۆی لە قاڵبی ئەم بۆچوونەدا دابین بکات. ئەو سەفەرانە و گێڕانەوەی باسی چاوپێکەوتنەکان لە راستیدا شوێنەوای زۆر بەرچاوی لەسەر کۆمەڵی رۆشنبیرانی ئەو دەمی کوردستان دا هەبوو. ئەو کەسانەی کە بە بیروباوەڕ بوون زیاتر شتەکانیان وەردەگرت و بەرەو دێموکراتیزە کردنی و پەرەپێدانی ژیانی هاوبەش و پێشکەوتووانە لەگەڵ سەرجەمی دانیشتیوانی کوردستان و هاوکاری کردنی گەلانی دیکەی ئێران و ئەو رێکخراو و حیزبانەی کە تازە پێکهاتبوون، هەنگاویان دەنا، وەک باس دەکرێ

هێندێک لە ئەفرادی کۆمەڵە، کەسانی بەرچاو تەنگ بوون و لە چوونی کەسایەتیی وەک قازی محەممەد کە خاونی ئەو بیروبۆچوونە بوو و خۆشەویستیی تایبەتیشی لە نێو خەڵک دا هەبوو، دەترسان.
لە ئاخروئۆخرەکانی تێکۆشانی کۆمەڵە دا کە تارادەیەک زەمینەی فیکری لە نێو خەڵکی کوردستاندا پێکهاتبوو و رۆژنامەو گۆڤار بڵاو دەبوونەوە و، بیروباوەڕی چەپ لە نێو بەشێک لەو روناکبیراندا برەوی پەیدا کردبوو، بۆچوونی دامەزرانی رێکخراوێکی نوێ و گونجاو لەگەڵ هەلومەرج دا، هاتە ئاراوە. ئەم بۆچوونە پێی وابوو دەبێ بۆ پێکهێنانی حتزبێک کە لەلایەک هەموو ویست و داخوازی خەڵکی کوردستان وەدی بێنێ و لە لایەکی دیکەوە هاوکاری هەمەلایەنەی هەبێ لەگەڵ گەلی ئازەربایجان کە ئەو کات خەریکی تێکۆشانی زۆر بەرچاو و خەریکی پێکهێنانی کۆماری خۆیان بوون و، هەروەها بۆ هاوکاری کردنی گەلانی دیکەی ئێران بۆ وەرگرتنی دەسەڵات هەوڵ بدرێ. ئەرکێکی دیکەش کە دەکەوتە ئەستۆی ئەو شێوە بۆچوونە، پەرەپێدانی دۆستایەتی و ئاڵ و گۆڕی بیروڕا بوو لەگەڵ هێزەکانی دیکەی کوردستانی لەبەشە جیاجیاکانی کوردستاندا.

سەبارەت بە چوونی قازی محەممەد بۆ نێو ریزەکانی کۆمەڵەی ژ - ک هێندێک دەڵێن کە خۆی بەوە رازی نەدەبوو کە لە چوارچێوە بەرتەسکەدا تێکۆشانی هەبێ. لەبەر ئەوەی کە بۆچوونی دێموکراتێکی کەم تێدا بووە. بەڵام بەهۆی پێکهاتنی ئەو زەمینەیە کە باس کرا، سەرەنجام قازی محەممەد بڕیا دەدا کە بچێتە نێا کۆمەڵەوە.

بەداوی وەرگیرانی وەک ئەندامی کۆمەڵەی ژ - ک کە هێندێک پێیان وایە لە ماڵی مام ئەحمەدی ئیلاهی و هێندێکیش دەڵێن لە ماڵی کاک دڵشاد رەسووڵی بووە. هەرەوک ژمارەیەک لە ئەندامی ناوەندی کۆمەڵەش پێشبینییان کردبوو، وەزعی کۆمەڵەی ژ - ک بەرەو دێموکراتیزە بوون دەڕوا و باسی پەرەپێدانی دێموکراسی و پاراستنی بە توندی دێتە ئاراوە. قازی محەممەد لە کۆبوونەوەکاندا بیروبۆچوونی خۆی باس دەکا و ئەو بۆچوونانە لەسەر بەشێکی زۆر لە ئەفرادی رێبەڕایەتی ژ - ک شوێنەوار دادەنی. بە تایبەت ئەم باسە دێتە گۆڕێ کە ئەگەر مافی ئەو خەڵکە غەیرە کوردەی کە لە کوردستان دەژین و فەرهەنگ و داب و نەریت و مافی جیاوازیان هەیە. لەبەرچاو نەگیری و بفەوتێ، ئەوکات جیاوازیمان لەگەڵ رێژیمی پاسایەتی چییە؟ بۆیە ئێمە نەتەنیا دەبێ وەک کورد مەسەلەی خۆمان لەبەر چاو بێ. بەڵکوو دەبێ بۆ راکێشانی نەزەر و پشتیوانی گەلانی دیکەی ئێرانیش هەوڵ بدەین. لەم پێوەندییەدا دەبێ بۆ هاوکاری کردن لەگەڵ سەرجەم هێزە شۆڕشگێڕەکانی ئێرانی هەنگاو هەڵبێنینەوە. لە لایەکی دیکەوە دوای پێکهاتنی کۆمەڵەی ژ - ک هێندێک لە رێبەرانی ئەو رێکخراوە لەگەڵ نوێنەرانی ئەو هێزانەی کە ئێرانیان داگیر کردبوو، وتووێژیان کردووە، تەنانەت ئەو نوێنەرانە چەند جار هاتوونەتە کوردستان و لەگەڵ ئەوەی کە قازی محەممەد ئەندامی کۆمەڵەش نەبووە، تەنیا وەک کەسایەتییەکی ناسراو خاوەن نەزەر چاویان پێکەوتووە و نەزەر خوازییان لێکردووە. بۆ وێنە یەکەمین چاوپێکەوتنی پێشەوا لەگەڵ نوێنەرانی

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

ئەمریکا و ئینگلیس رۆژی ٢٥ی سیپتامبری ١٩٤١ و لە مەهاباد بووە. ئەوان نەیان دەتوانی هەروا بە سووک وئاسانی بەوە رازی بن کۆمەڵەی ژ - ک بەو بۆچوونە غەیرە دێموکراتیکییەوە بنێنێ و بەنێوی کورد دەسەڵات بەدەستەوە بگرێ. لەم کاتەشدا خەبات دژی رێژیمی پاشایەتی بۆ سۆڤیەت گرینگ بووە و بۆ سەرجەم وڵاتانی داگیرکەری ئێرانیش لاواز راگرتنی دەسەڵاتی ناوەندی، وەک مەبەستێک لە ئارا دابووە. بۆ ئەم مەبەستەش گەلی کورد، بەهۆی هێندێک تایبەتمەندی دەیتوانی دەوری بەرچاوی هەبێ. لەم پێناوەدا پێکهێنانی ئاڵ و گۆڕ لە بەرنامە سیاسەتی رێکخراوی کوردیدا بەشێکی پێویست دەژمێردرا.

دوای هاتنە گۆڕی ئەو بیروبۆچوونانە لە لایە قازی محەممەدەوە لە هاوینی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی دا کۆبوونەوەیەکی هاوبەشی هێندێک کەسایەتی ناسراوی وەک قازی محەممەد و بەشێک لە ئەفرادی بەناوبانگی کۆمەڵەی ژ - ک کە قەناعەتیان بە بۆچوونەکانی ناوبراو هێنابوو پێکهات کە لەو کۆبوونەوە دا هاتنە سەر ئەو براوایە کە پێویستە لەسەر ئەساسی رێزگرتن لە دێموکراتیەت و پاراستنی مافی گەلانی دیکەی ئێران رێک بکەون و بناخەی حیزبی دێموکراتی کوردستان دابرێژن، بۆ ئەم مەبەستە تۆمارێکی گەورەی پارچەیی لە ئەندامانی کۆمەڵە کۆدەکرێتەوە کە داوای بوونی کۆمەڵە بە حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکەن.

### دامەزرانی حیزبی دێموکرات




ئاگری شەڕی جیهانگیر کە بە هۆی دوژمنانی ئازادی و لە ژێر بینەرانی دێموکراسی هەڵگیرسا بوو، بەهێزی سەربازانی ئازادی هاوپەیمانی گەورەی ئێمە کوژایەوە. دنیای دێموکراسی سەرکەوت و دنیای فاشیستی کە هەوڵی دەدا گەلان و

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

نەتەوەکانی جیهان لە ژێر دەستی چەند نەفەر ملهور و سەرەڕۆ دا یەخسیر بکا، بە شێوەیەکی قەتعی تێکشکا و لێک بڵاو بوو و هەروەها کە چاوەڕوان دەکرا، بۆ ئازادی گەلان و نەتەوەکانی جیهان ڕێگا خۆش کرا، ئەمڕۆ گەلانی دنیا لە گەورە و بچووک دەیانهەوێ لەو ڕێگایەی کە بەرەو ئازادی خۆش کراوە کەڵک وەرگرن و لەو بەڵێنی یانەی کە بەهۆی مەنشووری مێژوویی ئاتلانتیکەوە دراوە سوود ببینن و هەڵسووراندنی کاروباری خۆیان بە دەستەوە بگرن و چارەنووسی خۆیان بە مەیل و ویستی خۆیان دیاری بکەن.

ئێمەی کورد کە لە ئێران دەژین، ساڵەها و بەڵکوو چەندین سەد ساڵە کە لە پێناوی ماف و دەسەڵاتی نەتەوەیی و مەحەللی خەباتمان کردووە و قوربانیمان داوە.

بەداخەوە کاربەدەستانی سەرەڕۆی ئێران بە هیچ جۆرێک حازر نەبوون قسەی حیسیبی ئێمە قبووڵ بکەن و تەنانەت نەیانهێشتووە ئێمە لەو مافەش کەڵک وەربگرین کە قانوونی ئەساسی(یاسای بنەرەتی) بۆ ئەیالەتەکان و ویلایەتەکان ئێران دایناون و بەردەوام وەڵامی ئێمە گوللە و بۆمب و تۆپ و زیندان(بەندیخانە) و تەبعیدو یەخسیری(ڕاگووازتن و دیلی) بووە.

بە تایبەتی لە سەردەمی بیست ساڵەی ڕەزا خاندا تەنانەت لە بەرکردنی جل و بەرگیش دا ئازاد نەبووین، بە زۆری سەرنێزە بە هۆی ئەفسەرانی دز و خائین و تاڵانکەرەوە هەموو دارایی و ژیانی ئێمەیان تەفرو توونا کردووە چاویان لە نامووس و شەرەفی ئێمەوە بووە و بۆ لە نێو بردن و خاشەبڕکردنی نەسڵی ئێمە لە هیچ نزمی و درندەییەک خۆیان نەپاراستووە. ئاخر ئێمەش ئینسانین، ئێمەش مێژوو، زمان و شوێنەواری خۆمان هەیە کە لامان خۆشەویستن. دەبی مافی ئێمە لە ژێر پێ بنرێ؟ بۆچی ناتوانین لە نێو ماڵی خۆماندا ئازاد و مەختار بین؟ بۆچی ڕێگا نادرێ منداڵانی خۆمان بە زمانی کوردی پەروەردە بکەین؟ بۆچی ناهێڵن کوردستان ویلایەتێکی خودموختار بێ و لە لایەن ئەنجوومەنی ویلایەتییەوە ئێدارە بکرێ کە قانوونی ئەساسی(یاسای بنەرەتی) دیاری کردووە؟

لە ئاخر و ئۆخرەکانی تێکۆشانی کۆمەڵە ژیانەوەی کورد کە تا ڕادەیەک زەمینەی فیکری لە نێو خەڵکی کوردستاندا پێکهاتبوو و ڕۆژنامە و گۆڤار بڵاو دەبوونەوەو، بیروباوەڕی چەپ لە نێو بەشێک لە رووناکبیراندا بەرەوی پەیدا کردبوو، بۆچوونی دامەزرانی ڕێکخراوێکی نوێ و گونجاو لەگەڵ هەلومەرج دا، هاتە ئاراوە. ئەم بۆچوونە پێی وابوو دەبێ بۆ پێکهێنانی حیزبێک کە لەلایەک هەموو ویست و داخوازی خەڵکی کوردستان وەدی بێنێ و لایەکی دیکەوە هاوکاری هاوکاریی هەمەلایەنەی هەبێ لەگەڵ گەلی ئازەربایانجان کە ئەو کات خەریکی تیکۆشانی زۆر بەرچاو و خەریکی پێکهێنانی کۆماری

خۆیان بوون و، هەروەها بۆ هاوکاری کردنی گەلانی دیکەی ئێران بۆ وەرگرتنی دەسەڵات هەوڵ بدرێ. ئەرکێکی دیکەش کە دەکەوتە ئەستۆی ئەو شێوە بۆچوونە، پەرەپێدانی دۆستایەتی و ئاڵ و گۆڕی بیرورِا بوو لەگەڵ هێزەکانی دیکەی کوردستانی لە بەشە جیاجیاکانی کوردستاندا.

سەبارەت بە چوونی قازی محەممەد بۆ نێو ریزەکانی کۆمەڵە ژ - ک هێندێک دەڵێن کە خۆی بەوە رازی نەدەبوو کە لە چوارچێوە بەرتەسکەدا تێکۆشانی هەبێ. لەبەر ئەوەی کە بۆچوونی دێموکراتێکی کەم تێدا بووە. بەڵام بەهۆی پێکهاتنی ئەو زەمینەیە کە باس کرا، سەرەنجام قازی محەممەد بریار دەدا کە بچێتە نێو کۆمەڵەوە.

بەداوی وەرگیرانی وەک ئەندامی کۆمەڵەی ژ - ک کە هێندێک پێیان وایە لە ماڵی مام ئەحمەدی ئیلاهی و هێندێکێش دەڵێن لە ماڵی کاک دڵشاد رەسووڵی بووە. هەرەوک ژمارەیەک لە ئەندامی ناوەندی کۆمەڵەش پێشبینییان کردبوو، وەزعی کۆمەڵەی ژ - ک بەرەو دێموکراتیزە بوون دەڕوا و باسی پەرەپێدانی دێموکراسی و پاراستنی بە توندی دێتە ئاراوە. قازی محەممەد لە کۆبوونەوەکاندا بیروبۆچوونی خۆی باس دەکا و ئەو بۆچوونانە لەسەر بەشێکی زۆر لە ئەفرادی رێبەرایەتی ژ - ک شوێنەوار دادەنی. بە تایبەت ئەم باسە دێتە گۆڕێ کە ئەگەر مافی ئەو خەڵکە غەیرە کوردەی کە لە کوردستان دەژین و فەرهەنگ و داب و نەریت و مافی جیاوازیان هەیە. لەبەرچاو نەگیری و بفەوتێ، ئەوکات جیاوازیمان لەگەڵ رێژیمی پاسایەتی چییە؟ بۆیە ئێمە نەتەنیا دەبێ وەک کورد مەسەلەی خۆمان لەبەر چاو بێ. بەڵکوو دەبێ بۆ راکێشانی نەزەر و پشتیوانی گەلانی دیکەی ئێرانیش هەوڵ بدەین. لەم پێوەندییەدا دەبێ بۆ هاوکاری کردن لەگەڵ سەرجەم هێزە شۆڕشگێرەکانی ئێرانی هەنگاو هەڵبێنینەوە. لە لایەکی دیکەوە دوای پێکهاتنی کۆمەڵەی ژ - ک هێندێک لە ڕێبەرانی ئەو رێکخراوە لەگەڵ نوێنەرانی ئەو هێزانەی کە ئێرانیان داگیر کردبوو، وتووێژیان کردووە، تەنانەت ئەو نوێنەرانە چەند جار هاتوونەتە کوردستان و لەگەڵ ئەوەی کە قازی محەممەد ئەندامی کۆمەڵەش نەبووە، تەنیا وەک کەسایەتییەکی ناسراو خاوەن نەزەر چاویان پێکەوتووە و نەزەر خوازییان لێکردووە. بۆ وێنە یەکەمین چاوپێکەوتنی پێشەوا لەگەڵ نوێنەرانی ئەمریکا و ئینگلیس رۆژی ٢٥ی سێپتامبری ١٩٤١ و لە مەهاباد بووە. ئەوان نەیان دەتوانی هەروا بە سووک وئاسانی بەوە رازی بن کۆمەڵەی ژ - ک بەو بۆچوونە غەیرە دێموکراتیکییەوە بنێنێ و بەنێوی کورد دەسەڵات بەدەستەوە بگرێ. لەم کاتەشدا خەبات دژی رێژیمی پاشایەتی بۆ سۆڤیەت گرینگ بووە و بۆ سەرجەم وڵاتانی داگیرکەری ئێرانیش لاواز راگرتنی دەسەڵاتی ناوەندی، وەک مەبەستێک لە ئارا دابووە. بۆ ئەم مەبەستەش گەلی کورد، بەهۆی هێندێک تایبەتمەندی دەیتوانی دەوری بەرچاوی هەبێ. لەم پێناوەدا پێکهێنانی ئاڵ و گۆڕ لە بەرنامە سیاسەتی رێکخراوی کوردیدا بەشێکی پێویست دەژمێردرا.

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

دوای هاتنە گۆڕی ئەو بیروبۆچوونانە لە لایە قازی محەممەدوە لە هاوینی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی دا کۆبوونەوەیەکی هاوبەشی هێندێک کەسایەتی ناسراوی وەک قازی محەممەد و بەشێک لە ئەفرادی بەناوبانگی کۆمەڵەی ژ - ک کە قەناعەتیان بە بۆچوونەکانی ناوبراو هێنابوو پێکهات کە لەو کۆبوونەوە دا هاتنە سەر ئەو براویە کە پێویستە لەسەر ئەساسی ڕێزگرتن لە دێموکراتیەت و پاراستنی مافی گەلانی دیکەی ئێران ڕێک بکەون و بناخەی حیزبی دێموکراتی کوردستان دابڕێژن، بۆ ئەم مەبەستە تۆمارێکی گەورەی پارچەیی لە ئەندامانی کۆمەڵە کۆدەکرێتەوە کە داوای بوونی کۆمەڵە بە حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکەن.

ساڵێک دواتر واتە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٥ی هەتاوی لە کۆبوونەویەکی فەرمی دا کە بۆ بەڕێوەبردنی ڕێورەسمی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ناوەندی حیزب گیراوە دامەزرانی ئەم حیزبە ڕاگەیاندوە.

## کۆماری کوردستان:




### کارەکانی کۆماری کوردستان بە کورتی

**یەکەم: لە بواری سیاسی دا:**

١- پێوەندی نزیکی دۆستایەتیی لە گەڵ کۆماری ئازەربایجانی سۆڤیەت و یەکیەتیی سۆڤیەت.
٢- هاوپەیمانی لە گەڵ کۆماری ئازەربایجان.

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

٣- پێک هاتنی پێوەندیی دۆستانە لە گەڵ هێزە سیاسی یەکانی دیکەی ئێران.

٤- ناساندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستان بە بیرورای گشتی لە ڕێگەی چاپەمەنی و وتوویژی رۆژنامەیی.

٥- ڕاکێشانی هێندیک هەواڵنیری خاریجی بۆ کوردستان.

٦- بەرز کردنەوەی ئاڵای کورد و رەسمییەت دان بە مافەرەواکانی، ساغ بوونەوە لەسەر ئارمی حیزب (دووکولە گەنم و قەلەم و تێشکی رۆژ).

٧- بەرز کردنەوەی هەستی کوردایەتی بە شێوەیەکی گشتی و لەبار، بە تایبەت دوای تێک شکانی شۆڕشەکانی شێخ مەحموود، ئیحسان نووری پاشا و سمکۆ.

### دووهەم: لە بواری دێموکراسی دا

١- بەشداری کردنی ژنان لە سیاسەت دا و پێک هێنانی یەکیەتیی ژنانی کوردستان.

٢- وەبەر چاوگرتنی مافی زەحمەتکێشان.

٣- دانانی قانوون و یاسا و بەرێوەبردنی تا ئەو رادەی گونجاو و ئیمکانی هەبوو .

٤- بایەخدان بە مافی کەمایەسی یەکان بە تایبەت لە بواری فەرهەنگی دا.

٥- بەشداری کردنی هەموو چین و توێژەکان لە کارو باری حکوومەتی دا.

### سێهەم: لە بواری فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی دا

١- رەسمییەت پێدانی زمانی کوردی بۆ خوێندن و بەرێوەبردنی کارو باری ئیداری.

٢- یەک رەنگ کردنی جل و بەرگی قوتابیان لەسەر بوودجەی کۆماری کوردستان و هەڵگرتنی فەرق و جیاوازی.

٣- ئیجباری کردنی خوێندن بۆ منداڵان و لاوان لە شارەکان دا.

٤- پێشگری لە بیکاری و نەخوێندەواریی گەورە ساڵان.

٥- دانانی فەقیرخانە و هەتیوخانە.

٦- دامەزرانی چاپخانە و دەرچوونی رۆژنامەی کوردستان و چەند کۆڤاری دیکە.

٧- دامەزراندنی ئەنجوومەنی فەرهەنگی لە گەڵ ئازەربایجان و یەکیەتیی سۆڤیەت.

٨- دانانی بنچینەی تیئاتر و سینەما لە کوردستان دا.

٩- ناردنی قوتابیی کورد بۆ درێژەپێدانی خوێندن بۆ باکۆ و تەوریز.



سەرچاوە
Serchawe

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

### چوارەم: لە بواری ئابووری یەوە

١- ئازاد کرانی بازرگانی و دەرخستنی لە دەست حکوومەت.

٢- هەوڵدان بۆ بەرێوەبردنی شێوەی نوێی کشت و کاڵ و هێنانی تراکتور بۆ یەکەم جار بۆ کوردستان.

٣- دامەزراندن و گەشەپێدانی شیرکەتێکی گەورەی بازرگانی بە ناوی (تەرەقی)

٤- دامەزراندنی پێوەندیی بازرگانی لە گەڵ ئازەربایجان و ئازەربایجانی سۆڤیەت بە تایبەتی بۆ فرۆشتنی تووتن، خوری، کەتیرە و هێنانی هێندێک گەل و پەلی بەکەڵک تر بۆ کوردستان.

### پێنجەم: لە بواری نیزامی دا

١- چەکدار کردنی خەڵک بە شیوەی گشتی بۆ بەرگری لە کۆماری کوردستان.

٢- تەعلیم دانی نزیکەی دوو هەزار پێشمەرگەی رەسمی بە شێوەیەکی ئوسوولی.

٣- دەرجەبەندی و پێک هێنانی سیستم.

٤- دانی یارمەتی بەوانە بە پێی دەرەجە و لێهاتوویی.

٤- پێک هینانی سێ بەرەی شەڕ، سەردەشت،سەقز،تکاب بە هاوبەشی ئازەربایجان و بەرگری یەکی باش لە هاتنە پێشی دوژمن تا دوایین رۆژەکانی تەمەنی کۆماری کوردستان.

## خەباتی چەکدارانەی ساڵەکانی ٤٦ - ١٣٤٧



## ئاکامی ١٨ مانگ خەباتی چەکداری

کاری کۆمیتەی شۆڕشگێری حیزب و تێکۆشانی شێوە سیاسی چەکدارییان لە کاتێکدا ماوەی ١٨ مانگی خایاند کە شا ئیددیعای دەکرد ئێران ئارامترین وڵاتە و بۆتە دورگەی ئارامی دنیا و بە تایبەت لە ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەراست. شا باسی لە کردنەوەی دەروازەی شارستانیەتی گەورەی ئێرانی دەکرد.

لەم ماوەیە دا بە بێ دەنگی خۆیان و سەرپۆش لە سەر دانانی مەسەلەکە نەیانهێشت دنیای دەرەوە بە زوویی بەم کارەساتە ئێران بزانی، بەڵام دیسانێش جاروبار لە دەرەوە بەشێک لەسەر ئەم زەخت و زۆرەی کەوتبوو. سەر کوردستان، بەتایبەتی دوای دامرکانی کاری چەکداری و گرتنی خەڵکێکی زۆر لە ئەندام و لایەنگرانی حیزب، هێندێک حیزب و چاپەمەنیی دنیا لە وەزعەکە شتیان نووسی، ئەوەش زیاتر بە دوای ئەوە دا بوو کە هاوڕێیانی حیزبی لە رەزبەی ١٣٤٨ دا بەیانێکیان دەرکرد و لەوی دا نووسرابوو:

رێژیمی شا بۆ مانەوەی خۆی، هەموو رۆژێ وەک زوحاک دەبێ هێندی لە لاوەکانی کورد بکاتە قوربانی، بۆ ترساندنی خەڵک تەرمی بێ گیانی کوژراوەکان بە شارەکانی مەهاباد، وەرمێ، شاپوور، نەغەدە، خانێ، سەردەشت، بۆکان، سەقز و سنە و کرماشان دا دەگێڕن و، بە دەهوڵ و زوڕنا بە خەڵک ڕادەگەیەنن (ئەوە نتیجەی خیانەت و چەتەگەری!)

لەم بەیانە دا هەروەها داوا لە هێزو کۆڕ و کۆمەڵانی جیهانی دەکرێ هەوڵ بدەن لەم جینایەت و تاوانانەی رێژیمی شا پشێگیری بکرێ و بانگی ئیعترازی خۆیان دەربڕن.

## زیان و سودەکانی تێکۆشانی ١٣٤٧ - ١٣٤٦

١- بەر لە هەموو شت دەبوو زیاتر لە سەر کاری رێکخراوەیی و سیاسی سووربن، ئەوەندی بۆیان کرابا لە شەڕ و تێک هەڵچوون خۆبپارێزن، بەڵام بە داخەوە زۆر زوو تووشی هاتوون و گەڵێک گران کەوت.

٢- لە دەست چوون و شەهید بوونی ئەو رۆڵە تێکۆشەرانەی ئەندامی کۆمیتەی شۆڕشگێر و کادر، فەرماندە نیزامییەکانی ئەو سەردەم جگە لەوەی زیانێکی گەورە بوو جێگایان لە کاتی راپەرینی گەلانی ئێران و بە تایبەتی لە کوردستان خاڵی بوو.

بێ گومان ئەگەر مابان، دەوری زۆر گرینگیان دەگێڕا.

٣- تێکدانی بەرنامەکانی شا سەبارەت بە کوردستان لە پێوەندی لە گەڵ بۆچوونەکانی تورکیە و ئێران بە سەر کورد و تواندنەوەی خۆی و فەرهەنگەکەی.

٤- کەمکردنەوە ی رەنگی شۆڕشی سپی شا کە بەڕاستی لە هێندێک شوێنی کوردستانیش شوێنەواری لە سەر بیرو بۆچوونی گوندنیشنەکان دانا بوو. مەسەلەی نەتەوەیی خەریک بوو لە بیر دەچووەوە.

٥- جووڵاندنەوەی هەستی نەتەوایەتی، نیشاندانی زیانی چوونە ژێر تەئسیری هەر کام لە رێژیمەکانی داگیرکەر، کە ئاخرییەکەی بە شکست و تەسلیم بوون دەگا. مەگەر مەرجی یەکەمی ئەم پێوەندییانە پاراستنی مافی سەربەخۆیی رێکخراوەیی بێ. دوایەش بە کردەوە زۆر شت دیترا و سەلمێندرا.

٦- لاواز کردنی رووحییەی هێزی دوژمن بە تایبەتی بەرامبەر هێزێکی گەلیدا کە پشتی بە نەتەوەکەی خۆی بەستبێ، وەک دیتمان ماوەیەکی زۆر پێش هێنانی هێزی تایبەت نەیاندەوێرا تخوونی پێشمەرگە بن.

٧- ئاشکرا کردنی ئەم ڕاستییە کە بە پێچەوانەی ئیدیعای شا، ئێران تەنیا دورگەی ئارام نییە، بەڵکوو گەلەکانیشی زۆر هەژار و بێ بەش و نارازین، لە دێموکراسیی ئاسەوارێک نییە و روون بووتەوەی ئەم وەزعە بۆ خەڵکی جیهان.

٨- پێکهێنانی رووحی شۆڕشگێری لە نێو لاوەکانی کوردستان و ئێران بە تایبەتی ئیلهام بەخشین بەو هێز و تاقمانەی بەیێنێک بوو هاتبوونە سەر بروا بە کاری چەکداری بە تایبەتی بە چریکەکان و موجاهیدین کە لە ساڵی ١٣٤٩ را بە پێچەوانەی ویستی خۆیان زووتر لە کاتی پێویست تووشی کاری چەکداری بوون.

٩- وەرگرتنی تەجرەبەیەکی گەورە بۆ هاوڕێیانی حیزبی بۆ حەللی گیروگرفتەکان بە رووحی برایەتی، راستە هێندێکیان تێداچوون، بەڵام هاوڕییان ئەزموونییان وەرگرت و بەرە بەرە بە یەکبوون و لێک نزیک بوونەوەی خۆیان زەمینەی پتەو کردنی ریزەکانی حیزبیان پێکهێنا و پاش یەک دوو ساڵ بە شێوەیەکی لەبارتر لە پێشوو حیزبایە تییان درێژە پێدا.

**نمونەی ئەو کارە خراپانە ئەوانە بوون:**

**١- شەهید کردنی کاک سەدیق ئەنجیری لە چەند سەد میتری دەزگای رادیۆی پارتی.**

**٢- گرتنی کاک سلێمان موعینی (فایق) و خەلیل شەوباش، شەهید کردنی و تەحویل دانەوەی تەرمی بە رێژیم و بێ سەر و شوێن کردنی خەلیل شەوباش.**

**٣- گرتن و پاش ماوەیەک شەهید کردنی مەلا رەحیم وێردی، ناسراو بە میرزا ئەحمەد، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب لە نزیک تەوێڵە.**

**٤- تەحویل دانەوەی دەستەیەک لە ئازاترین پێشمەرگەکانی حیزب کە سالح لاجانی و سلیمان کەرقەشان دوو کەس لەو دەستەیە بوو و دوایە هەموویان لە جەڵدیان ئیعدام کران.**
**٥- شەهید کردنی قادر شەریف لە شاری سلێمانی لە مانگی خەزەڵوەری ١٩٦٩ بە دەستی یوسفە لیچە و یەکێکی تر لە پێشمەرگەی عەبدولوەهاب ئۆترووشی بوون.**

**٦- شەهید کردنی مەلا حوسێن مارەغانی ناسراو بە کاوە لە قەڵادزی لە مانگی مارسی ١٩٧٠ بە دەستی حەمەدەمین جەوانمەردی.**

**پێویستە وەبیربێنینەوە کە هەموو ئەو تێرۆرانە لە کاتێک و شوێنێک دا بوون کە شۆڕشی ئەو کات خاوەنی دەسەڵاتی تەواو لەم شوێنانە بووە.**

**سەرچاوە: ٥٠ ساڵ خەبات (بەرگی یەکەم) نووسینی بەرێز کاک جەلیل گادانی.**

**تایپ دووبارە و ئامادەکردنی: رەحمان نەقشی**



سەرچاوە
Serchawe

## حیزبی دێموکرات و گرینگیدانی بە پرسی کۆمەڵایەتی




**ئاماژە: ئەم وتارە کە دوایین نووسینی نەمر جەلیل گادانیە و دوو حەوتوو دوای کۆچی دوایی ئەو بڵاو بۆوە، بۆ کتێبی "حیزبی دێموکرات، قەڵای خۆڕاگری ناسنامەی نەتەوەیی"، تایبەت بە ٧٥ ساڵەی دامەزرانی حیزب نووسرابوو.**

هێشتا ساڵێکی تەواو بەسەر هاتنی هێزی هاوپەیمانانی شەڕی دووهەمی جیهانی بۆ ئێران بە تایبەتی داگیرکردنی باکوور و ڕۆژئاوای ئێران لەلایەن ئەرتەشی سوور کە بوونە هۆی نەمانی هێزی نیزامیی ڕەزاشای دیکتاتۆر لە بەشێک لە کورستان تێنەپەڕیبوو، پیاوانی تێکۆشەری کورد لە شاری مەهاباد کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردیان لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢١دا دامەزراند.

چونکو حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر بنەمای ئەو کۆمەڵە دامەزراوە، بە پێویست دەزانم ئاماژە بە هێندێک لە کارەکانی بکەم. تێکۆشانی ئەو کۆمەڵە لە ناوچەی موکریان زۆر زوو پەرەی ئەستاند. حکوومەتی تاران لە کردەوەدا حاکمییەتی خۆی لەم دەڤەرە لەدەست چوو بوو. بەشی زۆری ئەرکەکانی حکوومەتی کەوتبوە سەرشانی خەڵک خۆی. لەو سەردەمیشدا کۆمەڵە ژ- ک یەکەم حیزبی نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو. وێڕای تێکۆشانی سیاسی و پەرەدان بە هەستی نەتەوایەتی لە زۆر شوێن بە تایبەتی لە شاری مەهاباد، زێدی لە دایکبوونی، زۆربەی گرفتەکانی خەڵکیان حەل دەکرد. بە تایبەتی لە دوو بواری فەرهەنگی و ئاسایشەوە هەنگاوی بەنرخی هەڵێناوە.

"قۆڵسوور"ەکانی ژ-ک خۆبەخشانە شەو و ڕۆژ ئامادەی خزمەت بوون، ئەرکی ئەمنییەت و ئاسایشی شاریان وەئەستۆ گرتبوو،



سەرچاوە
Serchawe

هەموو کات ئامادەی بەرەنگاربوونەوەی هەر هێرشێک بوون کە ڕەنگبوو لە لایەن هێندێک عەشیرەتی هەلپەرست بۆ تـاڵان و برۆ بکرێتە سەرشار.

لە زۆربەی گەڕەکەکانی شار بنکەی تایبەت داندرابوون. شەوانەش بە شێوەی گەڕۆک لە کوچە و کۆڵان و شەقامەکان ئەرکی پێ ئەسپێردراویان ئەنجام دەدا. ئەگەر ڕووداوێک لە دوور و نیزیک تەنانەت لە دێهاتی دەوروبەریش ڕووی دابا بە هانای خەڵکەوە دەچوون.

هێندێک بنیادی حکوومەتی وەک سەربازخانە کە ئەو هەمووە هێزەی تێیدابوو بە دوو بۆمبی گچکە و کەم هێزی تەیارە ڕەشەکەی سۆڤییەت کونە مشکیان لێ ببوو بە قەیسەری و هەڵاتبوون و چۆڵیان کردبوو، یا سیلۆ و ژاندارمەری کە بێخاوەن مابوونەوە، هەرچەند هێندێکیان تاڵان کرابوون، بەڵام ژ- ک پارێزەری تایبەتی بۆ دانابوون تا ساختومانەکان وێران نەکرێن و لەوەی کە لە یەکەم ڕۆژەکانی چۆڵبوونیاندا تاڵان کرابوون زیاتر وێران نەکرێن. بۆ نموونە هەر سەربازخانەکە دواتر کرایە پێشمەرگەخانە.

لە بواری فەرهەنگیشەوە مەجالیان نەدا ئەو خوێندنگانەی هەبوون دابخرێن و ئەندامانی فەرهەنگیی شار کە زۆریان ببوونە ئەندامی کۆمەڵەی ژ- ک نەیانهێشت قوتابییەکان لە خوێندن دواکەون، بەڵکوو هەنگاوی گەورەشیان هەڵگرت.

بە دانانی دوو قوتابخانەی شەوانە بە ناوەکانی "گەلاوێژ" و "ئازادی" بۆ فێرکردنی زمانی کوردی کە تا ئەودەم خوێندن و نووسین بە کوردی بە تەواوی یاساغ بوو خزمەتێکی باشیان بە لاوان کرد.

یەک لەو مەدەرسانە "گەلاوێژ" لە خانووی حاجی ئەحمەد گادانی لە گەڕەکی قووڵە قەبران، بە سەرۆکایەتیی مەلا عەبدوڵلا داوودی، ناسراو بە خاڵە مەلا یەکێک لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژ- ک و دووهەمیان لە گەڕەکی هەرمەنیان بە ناوی "ئازادی" لە کوچەی محەممەدی مەولوودی بە لێپرسراوی فەرهەنگیی بەوەج "عەلی گولجەبینی" بەڕێوە دەچوون. جگە لە چەند مامۆستای خۆجێیی بەڕێزان؛ ڕەوانشادان عوسمان دانش، محەممەد تۆفیق وردی، کەریم زەند، نووری ئەحمەد تەها بە نۆبە لەو دوو قوتابخانەیە دەرسیان دەگوتەوە.

ئەو بەڕێزانە توانییان لە ماوەیەکی کەمدا پۆلێک لاو بەچەشنێک فێری خوێندن و نووسینی زمانی کوردی بکەن کە پاش تەواوبوونی دەورەکەیان هێندێک لەوان بوونە مامۆستای کوردی گوتنەوە و خزمەتی باشیان کرد.

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

وابزانم زیاتر بە مەبەستی تەمرینی حکوومەتداری بوو کە ژ- ک میرمیرێنی نەریتی کۆنی کوردیی زیندوو کردەوە.

یەکیان بە میرایەتیی مستەفا سیاسەری لە گەڕەکی هەرمەنیان و ئەویتریان لە گەڕەکی ڕزگەریان بە میرایەتیی حەمەدەمین یا حەمەی حەسەن زارا بەڕێوە دەچوو.

ئەو دوو میرانە جو بەرگی تایبەتییان بۆ ساز کرابوو. هەرکام پۆلێک لاوی بەوەج و کارگێڕ یان قۆڵسووری ژ - ک یان بۆ دابینکردنی ئەمنییەت لە دەور بوو، هەر حوکمێکی کردبایان بەڕێوە دەچوو.

کۆمەڵەی ژ- ک بەهێنانە سەرشانۆی دوو نمایشی "سوڵتان سەلاحەدین" و "دایکی نیشتمان" لە مەهاباد و نەغدە و شنۆ و بۆکان، کە لە هەر کام لەو شارانە چەند ڕۆژ نیشان دران، کاریگەریی زۆری لە سەر گەشەکردنی هەستی نەتەوەیی و بڕوابەخۆ بوونی خەڵک کرد.

چاپ و بڵاوکردنەوەی گۆڤاری بەپێزی "نیشتمان" وەک یەکەم بڵاڤۆکی کوردی لە ڕۆژهەڵات و ئۆرگانی کۆمەڵە لەو سەردەمەدا یەک لە کارە بەرچاوەکانی فەرهەنگی و ڕووناکبیریی سەردەم بوو کە بۆ چاپکرانی چەند ژمارە دەچوونە تەوڕێز و لە ڕێگەی دۆستانێک کە دەستیان دەکاری چاپ و چاپخانەدا بووە، چاپیان دەکرد و دەیانهێناوە کوردستان و بڵاویان دەکردەوە. لەڕاستیدا خەڵک ئەوەندەیان بڕوا بە کارەکانی ژ - ک هەبوو کە نەتەنیا بە قسەی "فەرماندار"ی دیاریکراوی حکوومەتی ئێرانیان نەدەکرد کە لەوکاتدا لە سەرۆک عەشیرەتەکان دادەندران، بەڵکووو یەک دوو جار بە خۆپیشاندان لە شار وەدەریان نان.

بە هاتنی قازی محەممەد بۆ نێو کۆمەڵەی ژ- ک و بوونی بە ئەندامی ئەم ڕێکخراوە، وەزعی ژ- ک زۆر بەرەو پێشتر چوو. هەم وەزنی چووە سەر و هەم کەسایەتییەکانی کوردستان لە دوور و نیزیک ڕوویان تێکرد. هەر وەک هێندێک لە ئەندامانی بەڕێوەبەری پێشبینییان کردبوو دوای ماوەیەک قازی محەممەد بوو بە مۆرەی هەرە گرینگی ئەم ڕێکخراوەیە.

دوای یەک دوو سەفەر بۆ ئازەربایجانی سۆڤییەت و نیزیکیی دۆستانە دەگەڵ فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان لە لایەک و پاش تەکبیروڕایەکی زۆری بەڕێوەبەرانی ژ - ک، بە حوکمی پێویستیی هەلومەرج و زەمان، بە دەنگی زۆربەی هەرە زۆری ڕێبەرانی کۆمەڵە، ئەو ڕێکخراوە بوو بە "حیزبی دێموکراتی کوردستان".

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

ئەو حیزبە مۆدێرنە بە ڕاگەیاندنی بەرنامەیەکی ٨ مادەیی کە لە ١ - ٨ - ١٣٢٤ بە واژۆی دەیان کەس لە ڕێبەران و کەسایەتییەکانی کۆمەڵە چاپ و بڵاو کرایەوە بوونی خۆی ڕاگەیاند. لەو ڕاگەیاندراوەدا بەشی بەرچاوی پێویستییەکانی ئەو کاتی کۆمەڵگە گونجابوو.

لە ماوەیەکی کورتدا ئەو حیزبە کە لە سەر بنەمای کۆمەڵە دامەزرا، یەکەم کۆنگرەی هەر لە شاری مەهاباد بەست و دوای خستنە بەر باسی بەرنامەکە و باس و خواسێکی زۆر لە سەری، هەر لەم کۆنگرەیەدا گرینگیی زۆر زیاتر درابوو بە ٢٢ مادە کە دواتر لە مانگی سەرەماوەزی ١٣٢٤ی هەتاوی دا بڵاوکرایەوە کە بریتی بوو لە چوار فەسڵ و ٢٢ مادە.

هەر لەو کۆنگرەیەدا قازی محەممەد وەک سەدری حیزب و ڕێبەر و ٢٣ کەس ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردران. لەو بەرنامە نوێیەدا هەموو پێداویستییەکانی کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن و پێشکەوتوو، کە ئێستاش لە زۆر وڵات پیادە کراوە پێشبینی کرابوو.

**بۆ نموونە ئاماژە بە چەند خاڵ لەو بەرنامە دەکەین کە زیاتر باری دێموکراتی و کۆمەڵایەتیی دەگرتەوە:**

١- ناوی حیزب: حیزبی دێموکراتی کوردستانە.
بە باوەڕی من لێرەدا بۆیە ئاماژە بە ئێران یان بەشێک لە ئێران نەکراوە کە کوردستان بە یەک خاک و یەک نەتەوە دەناسێندرێ.
٢- حیزب لە سەر ئەو بناخەیە دامەزراوە: "حەقیقەت، عەداڵەت، تەمەدون".
هەموو نیزامنامە و قانوونەکانی حیزب پاش پەسند کران لە کۆنگرە، جێبەجێ ئەکرێن.
بەم واتایە بۆ یەکەم جار حیزب لە ڕێبەریی تاکەکەسی و عەشیرەتی و کوێخامەنشی و شێخایەتی دەردەچێ و بەشێوەی دێموکراتیک و بڕیاری گشتی بەڕێوە دەچێ.
٤- هەروەها لە کوردستان ئەبێ لە سەر بنچینەی دێموکراسی، قازانجەکانی کۆمەڵانی خەڵک ڕەچاو بکرێ. ئەبێ بێ گوێدانە جیاوازیی میللی و قەومی و مەزهەبی، بۆ هەڵبژاردنی نوێنەر بۆ مەجلیسی شوڕای میللی مافی وەک یەکیان هەبێ.
٥- ئامانجی حیزب بریتییە لە پەرەپێدانی دێموکراسی، لە سەر ئەو بنچینەیە تێدەکۆشێ بۆ خۆشی مرۆڤایەتی.
٨- یەکەمین هەنگاوی حکوومەتی میللی ئەوەیە دەس دەکا بە ئاوەدانکردنەوەی وڵات.
٩- ئەبێ هەموو مەئموورانی کیشوەری و سیاسی و دایرەکان و کشتوکاڵ کورد بن. لە ئیداراتدا دەبێ بە زمانی کوردی بنووسرێ.

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

١٠- حیزب تێدەکۆشێ بۆ گەشەپێدانی کشتوکاڵ ماشێن بکڕێ و هەوڵ ئەدا ئەو بەروبوومەی جوتیاران بەرهەمی ئەهێنن، بەباشی بفرۆشرێ.

١١- حیزب تێدەکۆشێ بۆ ئاوەدانی و پاراستنی لەشساغی دێهات و بۆ نەهێشتنی ئەو کۆسپانەی لە ڕێی هاتوچۆ لە دێیەک بۆ دێیەکی دیکە.

١٢- حیزب بەبێ جیاوازی نەتەوایەتی و قەومی و مەزهەبی حیمایەت لە ژیانی سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی و لەشساغیی هەموو زەحمەتکێشان دەکات کە لە کوردستان دەژین.

١٣- بە مەبەستی پەرەپێدانی زانست و شارستانیەتی نێو خەڵکی کوردستاندا خوێندنی قۆناخەکانی سەرەتایی و ناوەندی ئەکرێتە ئیجباری و لە هەموو قوتابخانەکاندا بە زمانی کوردی دەرس دەخوێندرێ.

١٩- حکوومەتی میللی بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی خەڵکی کوردستان بە ڕێگای هەرزان و ڕەحەت، بەتوندی دژی سەلەم و گرانفرۆشی و موحتەکران ڕادەوەستێ.

٢١- ئەبێ لە هەموو کاروباری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا ژنان وەکو پیاوان مافی وەک یەکیان هەبێ.

٢٢- ئەبێ مافی کەمە نەتەوەکان کە لە کوردستاندا ئەژین، وەکوو ئازەربایجانی، ئەرمەنی و ئاشووری بەتەواوی دابین بکرێ.

بە باوەڕی من نوقستانیی گرینگی ئەو بەرنامە ئەوەیە کە مادەی ٥ی بەرنامەی پێشوو هەڵگیراوە کە بریتی بوو لە: "دەبێ لە سەر ئەساسی قانوونێکی گشتیی نێوان لادێی و خاوەن ملکدا ڕێککەوتنێک پەسەند بکرێ کە دوارۆژی هەر دوو لا دابین بکرێ.

بەمجۆرە حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو بە جێی ئومێدی هەموو کوردێکی خاوەن هەست. لەڕاستیدا نەک هەر درێژەدەری هەموو کارە باشەکانی "ژ-ک " بوو، بەڵکوو گەلێک مەسەلەی نوێی هێنا ئاراوە کە لەگەڵ دنیای مۆدێرن و پێشکەوتوو دەگونجا و بێگومان نە لە حکوومەتی تاران بەڵکوو لە سیستەمەکانی پاشایەتی و کۆماریی دەوروبەر باسیشیان لێ نەدەکرا. ئەوە حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو کە توانی لە دونیای قەیراناویی ئەو سەردەمەدا بە باوەشی گەرم چەند هەزار کەس لە بنەماڵە و جەنگاوەرانی پەڕیوەی دوای نسکۆی شۆڕشی بارزان وەرگرێ کە دوای هێرشی دڕندانەی ئەرتەشی حکوومەتی پاشایەتیی عێراق و پشتیوانیی هێزەکانی بریتانیا ڕوویان کردە ڕۆژهەڵات. هەر لە شنۆوە تا بۆکان لە شار و گوندەکانی کوردستان جێگیریان بکا و بەو پەڕی دڵئاوڵاییەوە و بە هیمەتی خەڵکی دڵسۆز لەو وەزعە شپرزەیەی هەیان بوو ڕزگاریان بکا و بەپێی ئیمکاناتی ئەو سەردەم دەیانمەزرێنێ و دواتریش ڕاستەوخۆ لە کۆماری کوردستاندا بەشداریان بکا.

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

بێگومان لوتکەی تێکۆشانی حیزبی دێموکرات کەلک وەرگرتن لە هەلومەرجی گونجاو و دەرفەتی هەڵکەوتوو، دامەزراندنی کۆماری کوردستانە. گەرچی ئەو کۆمارە بە پیلانی دوژمنانی تەمەنێکی زۆر کورتی هەبوو، بەڵام بە بۆنەی ئەو ڕەفتار و کارە باش و ناوازانەی کە لە ئەو ماوە کورتەی بوونیدا ئەنجامی داون بۆتە مادەیەکی مێژوویی جێی شانازیی کورد و کوردستانیان.

بەر لە ڕاگەیاندنی کۆماریش جگە لە هێندێک کاری گرینگی سیاسی و ڕێکخراوەیی وەک هەڵکردنی ئاڵای کوردستان بەشێوەی ڕەسمی، ئامادەکردنی پێشمەرگەخانە بۆ پەروەردەکردنی هێزی پارێزەری نیشتمان، لە بواری فەرهەنگی، کۆمەڵایەتیشەوە هەنگاوی گرینگی وەک دانانی چاپخانە، بڵاوکردنەوەی گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردستان و بە ڕۆژانە کردنی مەدرەسەی شەوانەی گەلاوێژ و ڕەسمیەت دان بە خوێندنی زمانی کوردی لە هەموو قوتابخانەکان هەڵێنرانەوە. لە هەمووی ئەوانە گرینگتر ئەوە بوو کە توانی ئاشتەوایی و برایەتی لەنێو ئەو هەموو عێل و عەشیرەتانە پێک بێنێ کە پێشتر بە دەسیسەی دوژمنانی کورد پێکەوە زۆر ناتەبا بوون و بەنرخی ئەو یەکدڵی و برایەتی و تەباییە توانی کۆماری کوردستان دامەزرێنێ.

ئەو ئەرکە کۆمەڵایەتییانەی لە ژێرەوە بە کورتی ئاماژەیان پێ دەکەم کە لە تەمەنی کورتی یازدە مانگەی کۆماریدا بە پێی بەندەکانی بەرنامەی حیزب بەڕێوە چوون. بێگومان ئەگەر هیممەت و ئیرادەی بەڕێوەبەران و ئەندامانی دڵسۆزی حیزب نەبا و باوەڕی قووڵ بە پیادەکردنی ئەو بەرنامە نەبایە لەو ماوە کەمەدا بە ئاکام نەدەگەیشتن.

١- بۆ یەکەم جار بەشدارکردنی ژنان لە کاری کۆمەڵایەتیدا و دامەزراندنی "حیزبی ژنان" یان "یەکیەتی یایانی دێموکرات."

٢- بەرچاوگرتنی مافی زەحمەتکێشان شار و دێ.

٣- ڕەسمیت پێدانی ڕێکخراوی لاوانی دێموکراتی کوردستان.

٤- بەرێکرانی پەنجا تا شەست کەس لە لاوە خوێندەوارەکان بۆ باکۆی پێتەختی ئازەربایجانی سۆڤییەت و تەورێز بۆ خوێندن.

٥- ڕەسمیەت دان بە خوێندنی دەرس بە زمانی کوردی لە هەموو خوێندنگاکان و نووسینی کاروباری ئیداری بە زمانی کوردی لە هەموو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی کۆمار.

٦- بایەخدانی بە کردوە بە مافی کەمایەتییەکانی ڕەگەزی و ئایینی، دانانی مەکتەب و خوێندن بە زمانی خۆیان.

٧- یەک ڕەنگ و یەک فۆرم کردنی جلوبەرگی هەموو قوتابیان لە سەر تێچوی کۆمار.

٨- ئیجباری کردنی خوێندن بۆ هەموو ئەو کچ و کوڕانەی دەگەیشتنە تەمەنی خوێندن.

٩- دانانی کلاسی شەوانە بۆ خوێندنی گەورە ساڵان.



سەرچاوە
Serchawe

١٠- دانانی فەقیرخانە و کۆکردنەوەی سواڵکەران و بەخێوکردنیان.

١١- دانانی رادیۆی F.M بۆ ئاگادارکردنی خەڵک لە ڕووداوەکان.

١٢- یەکێک لەو کارانەی کۆمار کردی و تا ئەو دەم لە رۆژهەلاتی نێوەڕاست هیچ دەوڵەتێک نەیکردبوو ئەوە بوو کە هەموو ئەو لاو و تازەلاوانەی کە لە بەر بێ ئیمکاناتی و بێکاری و نەداری لە کوچە و کۆلانان یا لە بازار دەخولانەوە و سواڵیان کۆ دەکردوە، بە سەر ماڵە دەوڵەمەندەکاندا دابەشی کردن کە وەک منداڵەکانی خۆیان سەیریان بکەن و هەروەک کوڕ و کچانی خۆیان بە خێویان کەن و بیان نێرنە خوێندنگە. هێندێک لەوانە دواتریش درێژەیان بە خوێندن دا و پێگەیشتن.

هەرچەند تەمەنی کۆمار ئەوەندە کورت بوو نەیتوانی هەڵبژاردنی پارڵەمان بەڕێوە بەرێ، بەلام بەگوێرەی پێویست لە لایەن دەوڵەتی کوردییەوە بۆ نرخی کەلوپەل پێشگیری لە گرانفرۆشی و زۆر مەسەلەی دیکە بڕیار دەدرا و لە ڕێگای ڕۆژنامە و ڕادیۆ و بڵێندگۆکانی دامەزراو لە مەیدان و شەقامەکانی شار یا بەشێوەی بانگەواز خەڵک لەو بڕیارانە ئاگادار دەکران. هەر بڕیارێکی درابا بە سەرڕاستی بەڕێوە دەچوو.

لە بواری ئاوەدانکردنەوەدا هەنگاوی باش هەڵگیرا، بۆ نموونە شوێنی سینەما سازکردن دیاری کرا و کەرەستەشی بۆ ئامادە کرا، بەلام فریای سازکردن نەکەوت. یان بۆ نموونە، ئاوەڕۆی شاری سابلاغ بە درێژایی سێ کیلومیتر زیاتر لە دووسەد ساڵ هەر وا بەسەر ئاواڵەیی مابۆوە لە باشووری شار تا باکوور بە نێوەڕاستی شاردا دەڕۆیشت و بۆگەنیوی بێزارکەر بوو، بە نێوەڕاستی بازری شاریشدا تێدەپەڕی. بەلام لە ماوەی چەند مانگدا بە خشتی سوور و خەرپشتە و تاق هەموویان داپۆشی و شاریان لەو زەلکاوە ڕزگار کرد و دیمەنێکی تازە لە پاک و خاوێنیان بە شاردا.

لە بواری پزیشکییەوە سەرەڕای ئەوەی شار تەنیا دوکتورێکی بەناوی "وێنەتان" لێ بوو، نەخۆشخانەی شێروخۆرشید تەنیا نەخۆشخانەی شار بوو کە ١٠ تا ١٥ قەرەوێڵەی زیاتر نەبوو، بە دەردی خەڵک ڕادەگەیشتن و دوکتورێکی ئەرتەشی ئیرانیش بە ناو "موبەسیری" کە لە شەڕەکانی سەقزدا بەدیل گیرابوو ئیزنی پێدرا کاری پزشکی بکا و دواتریش چەندین ساڵ لە مەهاباد مایەوە و کاریگەری زۆر باشی لەسەر ئەم بابەتەوە هەبوو.

دوای کۆماریش کە حیزب هاتەوە سەر پێ و تێکۆشانی دەست پێکردەوە، ڕێبەرانی کاتی و ئەندامانی حیزب زۆر جار ڕێنوێنی و هاوکاریی خەڵکیان دەکرد. حیزب لە نێو خەڵکدا وا جێگای خۆی کردبۆوە کە لە کاندیدای حیزب لە مەهاباد بۆ پەرلەمانی دەورەی ١٦ ، شادڕەوان "سارم خانی سادق وەزیری" دەنگی یەکەمی هێناوە. بەلام سەلاحییەتی لە لایەن حکوومەتەوە ڕد کرایەوە و کەسێکیان لە جێگای نارده پارڵەمان کە خەڵک نە دیبوویان و نە دەیانناسی.

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

هەروەها جوتیارانی بەشێک لە ناوچەکانی مەهاباد و بەتایبەتی بۆکان کە ساڵی ٣١ لە بەرامبەر دەرەبەگە ستەمکارەکاندا ڕاوەستان و ڕاپەڕین، حیزب هاوکاریان بوو. دواتریش کە هیزی ژاندارم و سوپای ڕێژیم سەرکوتیان کردن زۆر لەوانە لە لایەن مالیکەکانەوە لە گوندەکانیان دەرکران و هێندیکیان ماڵیشیان تالان کرا. بەڵام حیزبی دێموکرات بە ئەرکی خۆی زانی بە دەنگیانەوە چوو، ئەو غەدرەی لێیان کرابوو لە ڕێگای ڕۆژنامەکانی تارانەوە لە قاو دا و بە خەرجی خۆی شوێنی نیشتەجێبوونی بۆ دابین کردن تا خەریکی درێژەدان بە کەسب و کار و فەلاحەتی خۆیان بن.

هەر لە شاری مەهاباد و لە بەهاری ١٣٣٢ لە لای باشووری مەهابادەوە سێلاوێکی سامناک هات و بەشێکی زۆر لە ماڵەکانی دوو گەرەکی"خڕێ" و "هەرمەنیان" پڕ ببوون لە ئاو و زیانی زۆریان پێ گەیشت. بەڵام بە هیممەتی ئەندامانی حیزب و لاوانی دێموکرات هەر بە کەرەسەی سەرەتایی ئاوی ماڵەکانیان بەتاڵ کرد. لە بەهاری ١٣٤٧ کە سێلاو لە باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری مەهاباد هەستا و بەشێک لە ماڵەکانی سەر ڕێگەی خۆی داگرت، بەکردەوە هەر ئەندام و لاوەکانی حیزب لە مەیدانی هاریکاریدا بوون و کاربەدەستانی حکوومەت چاولێکەر بوون.

لە شۆڕشی هەژدە مانگەی ٤٧ - ٤٦ یش هەرچەند بەرواڵەت دامودەزگاکانی دەوڵەتی دەسەلاتی تەواویان هەبوو، بەڵام خەڵکی ئەو ناوچانەی پێشمەرگە هاتوچووی دەکردن گرفتە کۆمەڵایەتی و بنەماڵەکانی خۆیان دەبردە لای بەرپەرسان و پێشمەرگەکانی ئەو سەردەم تا چارەسەریان بۆ بدۆزنەوە و ڕێگە حەللی موشکلەکانیان نیشان بدەن.

سەرەڕای ئەوەی حیزبی دێموکرات و ئەندامانی لە دوای کۆمارەوە هیچکات خۆشییان لە خۆیان نەدی و ئەندام و لایەنگرانی بەشیان زیندان و دەربەدەری بوو، چەند جار بە کۆمەڵ گیراون، هێندێک لەوان ئێعدام کراون یا بە دەیان ساڵ لە بەندیخانەکاندا مانەوە، بەڵام کۆڵیان نەداوە و لە خەبات نەوەستاون.

هەر ئەندامانی حیزب بوون کە جۆزەردانی ساڵی ١٣٥٧ یەکەم خۆپیشاندانیان لە سێ ڕۆژەی فەوتی هاوڕێ عەزیز یووسفی لە شاری مەهاباد وەڕێ خست و بەدوای ئەودا جەماعەتێکی ٤٠ کەسی گیران. بەڵام زۆر زوو ئەو خۆپیشاندانە هەموو شارەکانی کوردستانی گرتەوە و دەنگی خۆیان بە دژی ڕێژیم تێکەڵاو بە دەنگی گەلانی دیکەی ئێران کرد.

دەتوانم بڵێم ئەندامانی حیزبی دێموکرات یەکەم بەدیهێنەری شوڕای خەڵکی لە سەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێران لە شار و دێ بوون.



سەرچاوە Serchawe

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

پاش سەرکەوتنی شۆڕشیش ئەوە حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو لە هێندێک شاری وەک مەهاباد و بۆکان بۆ یارمەتیدانی ئەو پەنابەرانە کە لە ئاکامی شەڕ پێفرۆشتنی کۆماری ئیسلامی لە شارەکانی نەغەدە و سەقز ئاوارە بوون کۆمیتەی هیمدادی پێک هێنابوو تا بتوانێ جێگە و ڕێگایان بۆ دیاری بکا و بۆ کۆکردنەوەی یارمەتیی خەڵک بە کەم و کورتیش بێ ئیمکاناتی ژیانیان بۆ پەیدا کردن و پێیان ڕاگەیشتن.

لەو هەلومەرجە سەختەشدا حیزبی دێموکرات بە هاوکاریی خۆبەخشانە کلاسیان بۆ فێرکردنی زمانی کوردی دانا. هەرچەند نیگەرانی شەڕ پێفرۆشتنی کۆماری ئیسلامی بە کورد لە گۆڕێدا بوو، بەڵام بە هاوکاریی مامۆستا هێمن، مامۆستا حەسەن قەزڵجی، مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە و چەند کەس لە فەرهەنگییانی مەهابادی وەک حەسەن سنجانی و ئەحمەد کاکە مەمی هەوڵ درا کتێبی دەرسی پۆلی یەکەمی سەرەتایی ئامادە بکەن.

دوای دامەزراندنی حکوومەتی کاتی بە سەرۆکایەتیی مێهدی بازرگان هێندێک لە دەرەبەگەکانی ناوچەکانی شنۆ، پیرانشار و سندووس خەریک بوون دەببە بەو جوتیارانە بکەن کە لە دابەشکردنی زەمانی شادا پارچە زەوییەکیان وەدەست کەوتبوو و لێیان بستێنەوە. حیزبی دێموکرات نوێنەری ئەو جوتیارانەی بانگ کردە مەهاباد بۆ ئەوەی داواکاریی خۆیان بە حکوومەت و خومەینی بگەیەنن و نەهێڵێ غەدریان لێ بکرێ و بەڕێیان کردن بۆ تاران. بە فەرمانی حیزب، نووسەری ئەو دێرانە کە لەو کاتدا هەم بەرپرسی ڕێکخراوی حیزب لە تاران و هەم بەرپرسی کۆمەڵی کوردەکانی دانیشتوووی تاران بووم کە تازە پێکمان هێنابوو، ئەو نوێنەرانەم لە پێشدا برد بۆ لای سەرۆکی حکوومەت و هەم بردمن بۆ قوم بۆ لای خومەینی کە قەولیان پێدان پێش لە دەستدرێژیی دەرەبەگەکان بگرن و نەهێڵن زەوییەکانیان زەوت کەنەوە.

هەر ئەو خزمەتە کۆمەڵایەتیانە و سیاسەتی دروستی حیزب بوونە هۆی ئەوەی کە لە هەڵبژاردنی مەجلیسی خوبرەگان، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێر و کاندیدای حیزب بە دەنگی پێویست لە ورمێ سەرکەوێ. دواتریش لە هەڵبژاردنی دەورەی یەکەمی پارلمان لە کۆماری ئیسلامیشدا کە لە ڕەشەمەی ساڵی ١٣٥٨ بەڕێوەچوو، لە زۆربەی شارەکانی کوردستان کاندیداکانی حیزب سەرکەوتوو بوون و لە زۆربەی شارەکان هەڵبژێردران؛ کە دیارە نەگەیشتنە مەجلیس.

یا لە شەڕی بە سەر کوردستاندا سەپاوی سێ مانگەدا دێهاتی کوردستان ببێتە پشت و پەنای پێشمەرگە و حیزب و بە هاوکاریی خەڵک و فیداکاری پێشمەرگە توانی پاشەکشە بە خومەینی بکا و بە درۆ داوای وتووێژ بکا. (هەرچەند قەولەکانیان نەبردە سەر و بە دوای وەخت دا دەگەڕا تا ئەرتەش ڕازی بکا هاوکاریی بکا و خۆشیان تەیارتر کەن). بۆ ماوەی چەند مانگ شەڕ ڕاگیرا و خومەینی هەئیەتێکی بێ دەسەڵاتی بۆ وتووێژ نارده مەهاباد. لە داخوازییەکی ٢٦ مادەییدا

ئاکامی ئەم وتووێژانە نێردرا بۆ سەروک کۆمار (بەنی سەدر) و خومەینی، بەڵام قبووڵی نەکرد.

هەرچەند حیزبی دێموکرات دواتر بەو مەبەستەی کە نییەت پاکیی خۆی لەم وتووێژانەدا بسەلمێنێ، کۆی ئەو ٢٦ مادەیەی لە شەش مادەدا گونجاند و بۆی ناردن. بەڵام دیسانیش ئاکامی نەبوو، چونکە خومەینی شەڕی بە نیعمەت دەزانی. بۆیە جارێکی دی بە ئیمکاناتی نوێ و ڕازیکردنی ئەرتەش بۆ هاوکاریی سپای پاسداران و شەڕکردن دەگەڵ کورد بە ئاشکرا شەڕی بە کورد فرۆشتەوە و بە هەموو هێزیەوە لە چەند لاوە هێرشی کردە سەر کوردستان.

ئەوە لە کاتێکدا بوو کە کوردستان نەک هەر خۆی خەریکی دێموکراتیزەکردنی کوردستان بوو، بەڵکوو ببوو بە پەناگای هەموو ئەو هێزانەی لە دەست خومەینی تاران و باقی شوێنەکانی وڵاتیان بەجێ هێشتبوو.

بە دوای ئەو هێرشەدا گەمارۆی هەمەلایانە خرایە سەر کوردستان. ژیان لە شار و دێ یەکجار سەخت بوو لە هەلومەرجێکی وەهادا کە دەفتەری سیاسی نەیدەویست بۆ پێشگیری لە کوشتار و وێرانی شارەکان بڕیاری دابوو لە شاردا شەڕ نەکا، لە شار دوور کەوتبوونەوە، لە پێشدا لە ئەشکەوتانی دۆڵی شێخان لە مەنگوڕایەتی و دواتر لە گوندی شیوەجۆی گەورکایەتی سەردەشت نیشتەجێ ببوون.

هەر لە دۆڵی شێخان بیرۆکەی دانانی "ڕادیۆ دەنگی کوردستان" هاتە ئاراوە و بەزەحمەتی زۆری ڕەوانشادان؛ ئەندازیار خەیاتی، کاک خەلیل گادانی و سەید ڕەسووڵی دەهقان لە ڕۆژی ٢٧ - ٣ - ١٣٥٩ ئامادە کرا و بە پەیامی شەهید دوکتور قاسملوو دەستی بە بڵاوکردنەوەی بەرنامەکانی کرد کە کاریگەرییەکی یەکجار زۆری لە سەر کاروباری حیزب و ورەی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان هەبوو. ئەوە ماوەی چل ساڵە سەرەڕای سەدان کەند و کۆسپی سەر ڕێگا لە بڵاوکردنەوەی بەرنامەکانی بەردەوامە.

لەوهەلومەرجەدا زۆرجار خەڵک بۆ گازندە و گرفتەکانی خۆیان ڕوویان لە حیزب دەکرد. زۆرکەس لە شار و دێ دەهاتن و زۆربەشیان ڕوویان لە سکرتێری حیزب بوو، حەزیان دەکرد دوکتور قاسملوو ببینن. وای لێ هات لە بەر دیتنی خەڵک و وڵامدانەوەیان بەڕێوە بردنی ئەرکەی خۆی بۆ بەزەحمەت بوو.

لە کۆبوونەوەی دەفتەری سیاسی بیر لەوە کراوە ڕێگاچارەیەک بدۆزینەوە کە بتوانین وەڵامدەری داواکاری خەڵک بین و ئەو زەحمەتە لە سەر شانی دوکتور هەڵگرین. دوای کۆنگرەی پێنج لە سەر پێشنیاری نووسەری ئەم دێڕانە، دەفتەری سیاسی

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

بڕیاری دا حیزب کۆمیسیۆنێک بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە کۆمەڵایەتییانە پێک بێنێ.

شەهید دوکتور قاسملوو عادەتێکی هەبوو، ئەویش ئەوە بوو هەر کەس پێشنیاری بۆ کارێک کردبا و بە دڵی با، دەگەڵ پەسندکردنی پێشنیارەکە دەیفەرموو: "زۆر باشە و بۆخۆشت بەرپرسیارەتییەکەی وەئەستۆ بگرە."

هەر لەوکاتەوە من کە لە شەڕی سێ مانگە ڕا هەتا دوای کۆنگرەی پێنج بەرپرسی ڕێکخستنی گشتیی حیزب بووم، ڕاسپێردرام ئەو کۆمیسیۆنە پێک بێنم. هەرچەند لە پێشدا هێندێک ئۆرگانی وەک نەخۆشخانە و دەرمانگا و تاق و لۆق مەدرەسە و بەندیخانە هەبوون، بەڵام بە سیستم نەکرابوون و زیاتر بە سەلیقەی شەخسی کارەکان دەکرا. نووسەری ئەو دێڕانە لە ماوەیەکی کەمدا گەڵاڵەی چلۆنایەتیی بەڕێوەبردنی ئەو کۆمیسیۆنەی ئامادە کرد کە پاش تێڕوانینی پێویست پەسند کرا.

**ئەو کۆمیسیۆنە بەپێی گەڵاڵە و ئاییننامە لە حەوت بەش پێک هاتبوو کە بریتی بوون لە:**

١- کۆڕی پەروردە و فێرکردن
٢- قەزایی
٣- شەهیدان
٤- دەرمانی
٥- بەشی شووراکان
٦- زەوی و زار
٧- ڕێگەوبان.

لە ماوەی یەک - دوو مانگ دا بۆ هەرکام لەو بەشانە سمیناری بەرین بە بەشداریی کەسایەتیی پسپۆر و زانستی و بەئەزموون پێکهاتن و بیر و ڕایان لە بەرچاو دەگیرا و هەروەها بە لەبەر چاوگرتنی یاساکانی پێشووی حکوومەتی و نەریتە باشەکانی کوردەواری و هەلومەرجی ئەوکاتی کوردستان بە تایبەتی بەشە ڕزگارکراوەکەی گەڵاڵەیەک ئامادەکراو بە دوای پەسندکردنی لە لایەن دەفتەری سیاسییەوە بە کردەوە پیادە کرا.

دیارە لە بنەڕەت ڕا ئەوانە هیچکام کاری حیزب نەبوون، بەڵام لە لایەک هەڵوێستی نابەرپرسانە و دوژمنکارانەی ڕێژیم و

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

بە تایبەتی شەڕ پێفرۆشتن و گەمارۆ هەمەلایانەکانی، لە لایەکی دیکەوە فیداکاری و ئامادەیی ئەو خەڵکە بێبەش کراوە لە هەموو مافەکانی، ئەوەی دەخواست کە حیزب گرفتەکانیان پاشگوێ نەخا، دەبوو لە لایەک بە هێزی پێشمەرگە تا ئەو جێگایەی دەتوانێ بەرەنگاری دوژمن بێتەوە و نیشتمان بپارێزێ و لە بواری کۆمەڵایەتیشەوە بە دامەزراندنی ئەو کۆمیسیۆنە بە هانایانەوە بچێ.

گەڵاڵە پەسندکراوەکانی هەرکام لەو حەوت بەشە ئەوەندە عادڵانە داڕێژرابوون و پیادەکران کە زۆر جێگەی ڕەزامەندیی خەڵک بوون و ئەوەی کراوە لە زۆر شوێن ئێستاش وەک خۆی ماوەتەوە و بۆ بەرژەوەندی جەماور کەڵکیان لێ وەردەگیرێ.
پێویستە وەبیر خوێنەرانی بەرێزی بێنمەوە کە لە زۆربەی کۆمیتە شارستانەکان کەس و بەشی تایبەت دیاری دەکران کە وەک بەشێک لە کۆمیسیۆن ئەرکەکانیان بەڕێوە بەرن.

بۆ ئەوەی بە پێچەوانەی گەمارۆی هەمەلایەنەی کۆماری ئیسلامی و خۆدزینەوەی لە دانی بودجەی دیاریکراوی ئەو بەشە لە کوردستانی ئازادکراو و دابینکردنی ئیمکاناتی پێویست کارەکان هەرچی باشتر بەڕێوە بچن، بۆ هەر کام لەو بەشانەی باس کران دەورەی تایبەت لە لایەن پسپۆڕانەوە بۆ ئامادەکردنی کادری لێزان دادەندرا و تێکۆشەرانی بە ئیمان بە تایبەت لاوە دڵپاک و دەرس‌خوێن و کورد پەروەرەکانی کوردستان بە هەستی خاوێن و لێهاتوویی و ئیمانی پتەوی کوردایەتی لە هەموو بوارەکاندا پاش تەواوکردنی سەرکەوتووانەی دەورە ئەرکی پێ سپێردراوی خۆیان بەڕێوەبرد.

بۆ وێنە لە ماوەی یەکساڵدا لە بەشی هەرە زۆری کوردستانی ئازاد شوراکانی خەڵکی بەشێوەیەکی دێموکراتیک دامەزران و کارەکانیان ڕادەپەڕاند.
زیاتر لە ٧٠٠ مامۆستا بۆ دەرس گوتنەوەی زمانی کوردی و باقی دەرسەکان بۆ پێڕاگەیشتنی نیزیکەی ١٠ - ١٢ هەزار قوتابی بە تایبەت لە گوندەکان پەروردە کران.

**ئەوەندەی من لەبیرمە هەر لە ماوەی ئەو سێ چوار ساڵەدا ئەو کتێبانە بە کوردی ئامادە و چاپکراون، مامۆستا و قوتابی کەڵکیان لێ وەردەگرتن:**

١- خوێندنی زمانی کوردی بۆ پۆلی یەک
٢- ئەژمێری یەک
٣- زانستی ئەزموون

٤- ئەژمێری دوو

٥- ژیان و خەبات بۆ گەورە ساڵان

٦- وەرگێرانی علوومی فارسی بۆ پۆلی ٢ی سەرەتایی لە فارسیەوە بە کوردی

٧ - چاپ کردنی کورتەی زانستی.

هەر لەو ماوەدا دەیان کادری دەرمانی لە ژێر دەستی دوکتورە کوردەکان و دوکتور و پەرستارەکانی دوو ڕێکخراوی A.M.i و ڕێکخراوی پزیشکانی بێسنوور بۆ پێراگەیشتن بە کاروباری دوو - سێ نەخۆشخانە و نیزیکەی ٢٠ دەرمانگای شۆڕش لە ناوچە ئازاد کراوەکان - ئەو بەشە بێجگە لە عەمەلیاتی پێشمەرگە برینداەکان و بنەماڵەی کادر و پێشمەرگەکان جێگەی هیوا و ئومێدی خەڵک بوون. چوونکە بەو پەڕی دڵسۆزییەوە لە خزمەت خەڵکدا بوون. پێموانییە خەڵکی ناوچەکان هیچکات خزمەتەکانی نەخۆشخانەی حیزب لە بەیرەم، قالوێ، سوێناس، کانیزەرد، دەشتێ، کارێزە، بۆڵێ و کۆیە و شوێنەکانی دیکە لە بیر بەرنەوە.

هەروەها بۆ بەشی قەزایی جگە لە پەسندکردنی یاسای سزادانی گشتی، دەیان کادری قەزایی خاوەن بەرپرسایەتی لەژێر چاوەدێریی هاوڕێیانی پسپۆڕدا پەروردە دەکران. بێجگە لە پێراگەیشتن بە پەروەندەی چەند هەزار دیلی شەڕی ڕێژیم لەو ماوەیەدا و ئازادکردنی بەشی هەرە زۆریان؛ کە دەردەکەوت بە چاو بەستراویی و بێ خەبەری فریوی ڕێژیمیان خواردبوو و هاتبوونە شەڕی کورد.

پێوەندیی مرۆڤانە و جوانمێرانەی بەرپرسانی بەندیخانە لەگەڵ بەندییەکان بە شێوەیەک بوو کە بە هیچ جۆر لەگەڵ ڕێژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی بەراوەرد ناکرێ. لە بەندیخانەدا جگە لە ڕوونکردنەوەی بەندییەکان لەسەر ماهییەتی کۆماری ئیسلامیی و ئاخوندە خوێنرێژەکان و ئامۆژگاری پێویست، کلاسی کوردی و فارسی و ئینگلیزییان بۆ دادەندرا و ڕۆحی هاوکارییان تێدا بەهێز دەکرا. زۆربوون ئەو بەندییانەی دوای ئازاد بوون دەهاتنە ڕیزی حیزب و دەبوونە پێشمەرگە. هێندێک لەوان گیانبازیشیان کردو شەهید بوون. خەڵک بۆ چارەسەری گرفتەکانی خۆیان ڕوویان لە ناوەندە قەزایی و نوێنەرانی لە کۆمیتەی شارستانەکان دەکرد. قانوونی سزادانی گشتی بۆ خزمەت بە خەڵک و ژینگە دامەزرا بوو. بڕینی دار و لێڕەوار، ژن هەڵگرتن، گەورە بە چووکە بەمێردان، بەرخوێنندانی کچ بۆ برا، بەرتیل وەرگرتن هەموو ئەو نەریتە کۆن و خراپانەی کوردەواریی قەدەغە کرابوو، هەر تاوانێک سزای خۆی بۆ دیاری کرابوو. ئەو بەشەش خزمەتێکی باشی بە کۆمەڵگە بەگشتی و ژنی غەدرلێکراوی کورد بە تایبەتی کرد.

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

کێشەی زەوی و زار کە لە سەرەتای شۆڕشدا وەزعێکی نالەباری پەیدا کردبوو، هەر ئاغا بوو لە ڕەعیت ڕۆدەهات و هێزە چەپڕەوەکانیش دواتر بە کەیفی خۆیان و بێ بەرنامە دەستیان لەو مەسەلەیە وەردەدا و بە گوریسان زەوییان لە یەکێ دەستاند و دەیاندا بە یەکی تر و ئاڵۆزیی لەسەر ساز دەبوو.

حیزبی دێموکراتی کوردستان دوای موتاڵا و لێکدانەوەی بۆچوونی ئەرباب و ڕەعیت و کەسانی پسپۆڕی ئەو بابەتە بەپێی هەڵسەنگاندنی وەزعیەتی تایبەتیی کوردستان بەرنامەی پێویستی بۆ ئەو ئەرکە داڕشت و خستیە نێو چوارچێوەیەکی ئوسوولی و بەپێی وەزعییەتی هەر ناوچەیەک زەوی و زاری زیاتر لە حەدی نیسابی بەشێوەیەکی عادڵانە بە نێو قەرە و جووتیاراندا بەش کرد. لە ماوەیەکی کورتدا هەزاران هێکتار زەوی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشدا دابەش کرا. هێندێک جار مالک بۆخۆی داوای دەکرد با کوڕەکانی حیزب بێن لە گوندەکەی ئەوانیش ئەو کارە بکەن. ڕەنگە زۆر سەیر بێ لە تەواوی ئەو دابەشکردنەی زەویدا دوو سکاڵا بە کۆمیسیۆنی زەوی و زار و قەزایی گەیشت کە یەکێکیان بە قازانجی خاوەن ملک و یەکێکیان بە سودی جوتیار یا قەرەیەک حوکمیان لەسەر درا.

بەشی ڕێگەوبان بە سەدان کیلۆمێتر ڕێگای خاکی لەو ناوچە شاخاویانەدا بۆ هاسان کردنی هاتووچۆی گوندیەکان لە ناوچە ئازاد کراوەکان لێدا. هەر بۆ ئەو مەبەستە چەند پردی گرینگ دروست کران یا چاک کرانەوە بۆ نموونە پردی قەڵاتاسیان لە ناوچەی سەردەشت. ئەو پردە زیاتر لە ١٠٠ ساڵی تەمەن بوو، بەڵام سەرەکەی چەپەر بوو. نە لە زەمانی قاجار و نە لە زەمانی پەهلەویدا و نە لە زەمانی کۆماری ئیسلامیدا دەستکاری نەکرا. بەشی ڕێگەوبانی حیزبی دێموکرات بە هیممەتی خەڵک چەپەری کردە چۆمەنتۆ.

بۆ شەهیدانیش هەواڵی شەهید بوونیان لە ڕادیۆ دەنگی کوردستان ڕادەگەیەندرا، ژیانامەیان ئامادە دەکرا. تا کەم بوون ساڵ بە ساڵ لە ڕادیۆ یادیان دەکرایەوە. هەوڵ بۆ کۆکردنەوەی وێنەکانیان دەدرا. جارجار پێشانگای وێنەشیان دادەندرا.

یەکەم پێشانگا بەر لە شەڕی سێ مانگە لەلایەن لقی حیزب لە تاران لە شوێنێکی هەڵکەوتوو لە مەیدانی کەندەی بە ٥٠ تا ٦٠ وێنەی شەهیدانی زەمانی کۆمار و شەهیدانی شۆڕشی ٤٧-٤٦ دانرا و لە ماوەی ١٠ ڕۆژدا ٣٠٠ تا ٤٠٠ هەزار کەس هاتنە تەماشا و دوایە هەر ئەو وێنانە بۆ شارەکانی مەهاباد، بۆکان و کرماشان گوێزرانەوە و نوێنگەیان پێدانرا و پێشوازیی گەرمی لێکرا.

تا شەهیدەکان کەم بوون و لە ڕۆژهەڵات بووین بەگوێرەی ئیمکان یارمەتییەکی ڕەمزی بە بنەماڵەی شەهیدەکان دەدرا. لە

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

کوردستانی باشووریش بۆ ماوەیەک ئەو بنەماڵانەی بۆ سەردان دەهاتن ئەو یارمەتییە ڕەمزییەیان دەدرایە.

یەکەم کتێبی شەهیدانیش لە ساڵی ١٣٦٨ لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستان (ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ) لە ٤٦٣ لاپەڕەدا بە وێنەی هەزاران شەهید بە ناوی " شەهیدانی نەمری حیزب و گەل" چاپ و بڵاوکرایەوە کە تا ئەوکات هیچ حیزبێکی کوردستانی کاری ئاوایان بۆ شەهیدەکانیان نەکردبوو.

هەموو ئەو حەوت بەشەی کۆمیسیۆنی کاروباری کۆمەڵایەتی لە لایەن بەشی نوێنەرانی کۆمیسیۆن لە کۆمیتە شارەستانەکان ڕاپۆڕتی تێکۆشانی مانگانەی خۆیان دەناردەوە ناوەندی کۆمیسیۆن تا ڕادەی چوونە پێشی کارەکانیان دیار بێ و هۆی جێبەجێ نەبوونی بەشەکەی دیکەش دیاریی بکرێ و ڕێگە چارەی بۆ بدۆزرێتەوە.

دەتوانین بڵێین دوای کۆمارە ساواکەی کوردستان ئەوە مەیدانێکی کردەوەی دەوڵەتداری بوو کە بە سەر حیزبدا سەپێندرا بوو، بەڵام سەرەڕای کەمی ئیمکانات و نەبوونی پارەی پێویست ئەرکەکان بەباشی و ڕێژەیی بەڕێوە چوون و جێگای ڕەزامەندیی خەڵکی گەمارۆدراوی کوردستان بوون.

تێبینی: ئەم بابەتە دواین نووسینی هاوڕێ جەلیل گادانی یە کە بۆ کتێبی "حیزبی دێموکراتی کوردستان، قەڵای خۆڕاگری ناسنامەی نەتەوەیی" بۆ یادی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان نووسیویەتی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٤ی ئاگۆستی ٢٠٢٠



سەرچاوە Serchawe

## قازی محەمەد: من هی ئەم میللەتەم و دەبێ لەناو ئەم میللەتەشدا بم




**ئامادەکردنی بۆ کەناڵی خاک: زاهیر سدیق**

ئەم بابەتەی لێرەدا و لە دووتوێی پاشکۆیەکی تایبەتدا بە یادی ڕێبەندانی تێکۆشان و کوردایتییەوە بڵاو کراوەتەوە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی خاکە و ساڵانێک بەر لەئێستا میدیاکار و هونەرمەند زاهیر سدیق ئامادەی کردووە و ئەمڕۆیش جارێکی تر لەدووتوێی پاشکۆیەکدا لە چوارچێوەی پرۆژەی هاوبەشی خاک و کوردستانی نوێدا بڵاوی دەکەینەوە.

بەشدار بووان: بەرێزان: نەمر جەلیل گادانی – حەسەنی شەرەفی – کەیوان ئازاد ئەنوەر– سەلاحەدینی موهتەدی.

لە لێرەدا تەنیا ئەوە بەشە لە لێدان وتەکان نەمر جەلیل گادانی بڵاو دەکەمەوە

## بەشی لێدواکانی نەمر جەلیل گادانی:

### بنەماڵەیەکی خوێندەوار بوون

بنەماڵەی پێشەوا قازی محەمەد یەکێکە لە بنەماڵە قەدیمییەکانی مهاباد، کە پێشینەیان بۆ چوارسەد ساڵ بەر لەئێستا دەگەڕێتەوە، بنەماڵەیەکی خاوەن فەرهەنگ بوون و زۆربەیان خوێندەواریان هەبووە، هەوڵیان داوە بەپێی ئەو زانیارییانەی کە هەیابووە لەخزمەت کۆمەڵانی خەڵکدا بن، لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا میرزا فەتاحی قازی کە بۆ خۆی یەکێک بوو لەکەسایەتییە ناسراوەکانی ئەو دەمی مهاباد، لە بەرنگاربوونەوەی روسەکاندا شەهید بووە، دوو کوڕیشی بە نێوی سالار و محەمەد بە دیل گیراون و براون بۆ سیبیریا و هەتا کودەتای ئۆکتۆبەر لەوێ بەندبوون، دوای ئەوە رزگاریان بووە و گەڕاونەتەوە. قازی عەلی باوکی قازی محەمەد لەساڵی ١٩٣٠ لە مهاباد رێکخراوێکی کوردی نهێنی بەنێوی بزوتنەوەی محەمەد سازکردووە، کە هەوڵی بۆ هەستی نەتەوایەتی داوە، ئەو بزوتنەوەیە لەگەڵ جوڵانەوەی شێخ محەمەدی خیابانی لە ئازربایجان کە ناوەندەکەی تەوریز بووە، پەیوەندی راستەوخۆیان هەبووە، رێکخراوەکە تا ساڵی ١٩٣٤ یش کە قازی عەلی فەوتی کردووە تێکۆشانی بەردەوام بووە، قازی عەلی دوو کوڕی هەبووە، کوڕە گەورەی ئەبولقاسمی سەدری قازی، ناسراو بە سەدرولئیسلام، کوڕی دووەمی محەمەدی قازی بووە کە بەدوای باوکیدا بووەتە قازی شار.

### قازی محەمەد خەڵکی هاندا مهاباد بپارێزن

پێشەوا قازی لەساڵی ١٩٠٠ی زاینی لەشاری مهاباد هاتووەتە دنیاوە، هەر لەسەرەتای لاوێتییەوە هەستی نیشتمانپەروەری زۆربەهێز بووە، گرنگی زۆری بەفێربوون داوە، زانستی ئاینی لەلای باوکی بەرێزی فێربووە و سودی لێ بینیوە، و هەر بۆیەش کاتێک باوکی فەوتی کردوە لەجێگای باوکی وەکو قازی شار دانراوە.

### یەکەم قوتابخانەی کچان لەزەمانی ئەودا لەمهاباد دامەزرا

پەیوەندییەکی زۆری بەکاری فەرهەنگییەوە هەبووە، هەر بەو پێیەش لەگەڵ ئەوەی کە قازی شاربووە، لە زەمانی رەزا شادا بەرپرسیارێتی کاروباری فەرهەنگی هەبووە، و بەرپرسی پەروەردەبووە، یەکێ لە شانازییەکانی کە بۆی دەگەڕێتەوە یەکەم مەدرەسەی کچان لە زەمانی بەرپرسایەتی ئەودا لەشاری مهاباد دامەزرا، لەگەڵ ئەوەی زانایەکی خاوەن هەستی زۆر بەهێزی

کوردایەتی بووە، هەوڵی داوە بچێتە نێو خوێندنی زمانیشەوە، من دوای ئەوەی ئیعدام کرا کتێبخانەکەیم بینیوە ئەوکات لەهەموو موکریاندا کتێبخانەیەکی وەکو کتێبخانەکەی پێشەوا نەبووە.

پێشەوا زمانی فارسی و ئازاری و عەرەبی زۆرباش زانیوە، و ئینگلیز و فەرەنسیشی لە ئاستی تێگەیشتنی داواکاریدا زانیوە، بۆیە کاتێک دوای رووخانی حکومەتی رەزا شا، ئەو بەشە لە کوردستان بێ حکومەت مایەوە، زۆریەی بیانییەکان کە هاتبوونەتە شاری مهاباد یەکسەر موراجەعەیان بەشەخسی پێشەوا کردوە.

رۆشنبیرێکی وەکو قازی محەمەد کە خاوەنی هەستێکی زۆر دڵسۆزانەبووە بۆ گەل و نیشتمانەکەی نەیتوانیوە لە هیچ هەڵسوکەوتێک کە لەناوچەکەدا هاتبێتە پێشێ خۆی ببوێرێ، وەکو کەسایەتی خۆی دوای رووخانی حکومەتی رەزا شا و ئازادبوونی ناوچەکە بەکردەوە بەرپرسایەتی ئوموری ناوچەکەی بەدەستەوە گرت، لەلایەک بۆ دیتنی سەرۆک خێڵەکان، لەلایەک بۆ دیتنی فەرهەنگییەکان و خاوەن بیروراکان، لەلایەک بۆ کەسانێک کە دەیانتوانی کاریگەرییان هەبێ لەناوەندی ئێراندا وەکو مەرکەز، تاران. ئەو کارەی زیاتر لە رێگەی سەدرولئیسلامەوە ئەنجامداوە، کەسێک بووە کە هەرگیز ماندوو نەبووە، هەوڵیداوە لەگەڵ لاوەکان و لەگەڵ مامۆستاکان تێکەڵاوییەکی زۆری هەبێ. و لە واقیعەدا لەگەڵ تیپی رۆشنبیری ئەو کات زۆر زۆر حسابی کردووە و لەگەڵ ئەوەش کە مەلاکانی ناوچەکەیش رێزێکی زۆریان لە پێشەوا گرتووە و حورمەتی لە هەموو ناوچەکەدا هەبووە.

لەدوای نەمانی جەنگی خوێناوی جیهانی دووەم ناوچەی موکریان و شاری مهاباد رووبەرووی قەیرانێکی گەورەی ئیداری بووەوە. بە تایبەت لەدوای نەمانی دەسەڵاتی رەزاشای ئێران، ئا لەو کاتە ناسک و دژوارەدا پێشەوا قازی محەمەد وەکو کەسایەتییەکی ناسراو رۆڵی بەرچاوی هەبوو لەپاراستنی ناوچەکە و دابینکردنی ئارامیدا و هاوکات کۆمەڵەی ژێکاف (کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان) وەکو حزبێکی کوردستانی دەورێکی کاریگەری هەبوو بۆ فراوانبوونی ئاسۆی بیری نەتەوایەتی لەناو کۆمەڵی کوردەواریدا، قازی محەمەد دوای چەند ساڵێک لە دامەزراندنی ئەو حیزبە دەبێتە ئەندامێکی چالاکی ژێکاف و بە نازناوی بینایی کار دەکات و لە کاتی دروستبوونی کۆماری کوردستانیش بەهۆی چەند فاکتەرێکی تایبەت و دەرەکییەوە دەوری کاریگەر دەبینێ لەگۆڕینی ناوی ژێکاف و گۆڕینی هەندێک داوا و ئامانجی ئەو حیزبە. ئەگەرچی باری سەرنجەکان لەو گۆڕانکارییانەی کۆمەڵەی ژێکاف دا، بەڵام جودایی دید و بۆچوونەکان دەبێ وەکو راستییەکی مێژوویی تۆمار بکرێ.

### کاریگەری لەسەر کۆمەڵەی ژ- ک هەبوو

کۆمەڵەی ژێکاف هاتە وجود، پێشەوا بەهیچ شێوەیەک بێدەخل نەبووە، نە لەپێکهاتنی و نە لەپەرەگرتنیدا، راستە چەند

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

ساڵ دوای ئەوە ئەندام نەبووە، بەڵام دەتوانم بە مەسئولیەتەوە بڵێم زۆربەی زۆری ئەو رۆشنبیرانەی کۆمەڵەی ژێکافیان پێکهێنا لە ژێرکاریگەری راستەوخۆی پێشەوا بووە، هەربۆیەش لەگەڵ تەشویق و تەقویەتیدا هێندێک ئیمکانیات و ئاسانکاری بە کەڵک وەرگرتن لە نفوزی خۆی بۆ فەراهەم کردن، ئەوانەی کۆمەڵەی ژێکافیان بۆ پێکهێنا هیچیان نفوزیان بەقەدەر شەخسی پێشەوا نەبوو کە لەئازاربایجان ئەو دەمە دراوسێی کوردستان بوو ئێستاش هەر دراوسێن لەبواری فەرهەنگییەوە نەدەگەیشتنە پێشەوە بۆیە هەوڵیانداوە پرس ورای پێبکەن. پێشەوا لەبەر حساب و کیتابێکی تایبەت ئەو دەم نەبووەتە کۆمەڵەی ژێکاف. ئەوەیش ئەوەیە بمانەوێت و نەمانەوێت شەخسیەتێکی مەزهەبی هەبووە، خانەوادەیەکەی ئاینی بوون و چەندین قازی پشتاوپشت لە بنەماڵەکەیاندا هەبووە. رەنگ بوو بۆ خەڵکی ئەودەمی کوردستان برێک سەنگین بێت کە پێشەوا بێ زەمینە سازی پێشوو، هەستی بەوە کردبوو لە عالەمی عەشایەری ئەو کاتدا ئاوا بمێنێتەوە باشتر دەتوانێ کارەکان بەرێ بکات هەتا ئەوەی خۆی لەکۆمەڵەی ژێکافدا ئاوا زوو دەخالەت بکات.

### دیپلۆماسی شوورەویی دروستکردنی کوردستانی تێدا نەبوو

پێشەوا هەستی بەوە کردووە ئیدی وەختی ئەوەی هاتووە لەقەراغی ژێکاف نەمێنێتەوە، دەبێ بچێتە ناوەوە، کە چووەتە ناوەوە ناوی خوازراوی بینایی بۆ دادەنرێت، بەو ناوەوە چووەتە نێوی کۆمەڵەی ژێکاف، لەو کاتانەوە سەفەر دێتە پێشێ بۆ سۆڤێت، سەفەری باکۆ دێتە پێشێ، دیارە سەفەر بۆ ئازربایجان زۆربووە، بەڵام نەهاتوونەتە حیساب، بۆ؟ چونکە میللەتێکی دراوسێیە، هەستی نەتەوایەتی ئازربایجانیش گەشەی کردووە، دەبێ لەگەڵ ئەوانیش بیت لە بریارێکدا، بزانی ئەوان چی دەکەن، لەو بارەوە تەکبیری زۆری بووە، بەتایبەتی لەگەڵ شەخسی پێشەوەی، هەندێک لە پیاوانی ئازاربایجان لەلایەکی دیکەشەوە لەگەڵ حزبە ئێرانییەکان کە سەنتەریان ئێرانە، لەرێگای سەدرولئیسلامەوە خەریکی وتوێژبوو تاوەکو بزانێ هەوای ئەوێ چییە؟ ئەگەر کارێک بکەن داخۆ پشتیوانی لێ دەکرێ یان نا؟ لە یەکەم سەفەردا دەیکەن بۆ باکۆ وەکو بەشێک لە سۆڤێتی ئەو کات، خەڵکێکی زۆری لەگەڵ بووە، بێگومان لەوێ شتی تازە هەیە، پێشەوا لەوێوە نموونەی فەرهەنگی هێناوە، کە ئەو دەمی فەرهەنگێکی پێشکەوتوو بووە بەنیسبەتی ئێرانەوە، کە دێت بۆ خەڵکی باس دەکات، کە دنیایەکی ئاوهاش هەیە، باس دەکرێت لەوەی کە ئێمەی کورد دەمانەوێت شتێک بکەین، باقروڤ هەوڵ ئەدات زیاتر بۆ زەمینە کردنی کوردستان بە ئازربایجان، چونکە بەشێکی زۆر لەو خاکەدا کە ئەو دەمە ئازاد بووە، زەمینەی ئازاربایجان بووە، لەباری ئوستان بەندی و پارێزگاوە، بەڵام پێشەوا ناچێتە ژێربار.

### راگەیاندنی کۆماری کوردستان

ئەو فەرهەنگێکی هێنایەوە، لەوێ داوای چاپخانەی کردووە، داوای رادیۆیی کردووە، ئەمە بەر لە کۆمار، بەر لە

دروستبوونی حزبی دیموکراتیش. دوایی دێینە سەر ئەو باوەڕە کە کۆمەڵەی ژێکاف، کۆمەڵەیەکە هەستی نەتەوایەتی بەگشتی خستوەتە بەرباس، لەڕاستیدا ئامانجی کوردستانی گەورەبوو، بەو تەحلیلەی کە هەیابووە، وای بۆچوون ئەوە لەهەلومەرجی ئێستادا نەگونجاوە، ئیمکانی نییە، کەوابوو ئێمە لەگەڵ ئەوەی دەبێ کوردایەتی بکەین، دەبێ بۆ رزگاری نیشتمانەکەمان تێبکۆشین، دەبێ شتێک بهێنینە گۆڕێ کە مەعقول بێت. بۆیە پاش بەحس و جەدەلێکی زۆر لەکۆبوونەوەیەکدا کە ئەندامانی کۆمیتەی مەرکەزی ژێکاف بەئامادەیی پێشەوا و چەند کەسایەتییەکی دیکە کۆبوونەوەیەک دەکەن، بڕیار دەدەن شتێکی ئاوا پێویستە، راستە کۆمەڵەی ژێکاف زۆر فەعال بووە، ناونیشانێکی دەرکردوە، نەک هەر لەکوردستانی ئێران بەڵکو لەکوردستانی باشووریش لایەنگری زۆرە، ئەندامی هەیە، هەتا نوێنەری هەیە، بەڵام ئەگەر ئەو ناوە بگۆڕن مەقبولترە، رەنگێکی دیموکرات تری پێوە دیارە، زۆرینەی کۆمیتەی ناوەندیش موافقەت دەکەن و بەدوای ئەویشدا ئیعلامییەکی هەژمارەدەیی دەردەچێ، زۆربەی هەرە زۆری شەخسیاتی کۆمەڵەی ژێکاف واژۆی دەکەن، کە لەو رووەوە ئێمە دەمانەوێت بەو هەژمارە وەکو بناغەی ئەساسنامەیەک حزبی دیموکرات تەشکیل بکەین، ئەوە بوو حزبی دیموکرات لەسەر ئەو هەژمارەدەیە پێکهات، دوای ئەوەی ئەو ئیعلامییە بڵاوبووەوە و لەنێو رۆشنبیرانی ئەو کات کەوتە بەر باس بەفاسیلەی دوو تا سێ مانگ یەکەم کۆنگرەی حزبی دیموکرات دەبەسترێت، ئیستسنائەن لەوانەیە یەک دووکەس لەو کۆنگرەیەدا لە ئەندامانی کۆمەڵەی ژێکاف بەشدارنەبوون، باقی هەموو بەشداربوون، لە یەکەم کۆنگرەی حزبی دیموکراتی کوردستاندا پێشەوا وەکو سەدری حزب هەڵدەبژێردرێ و بەرنامە هەشت مادەییەکە تەبدیل دەبێ بە بەرنامەیەکی بیست و یەک مادەیی، لەو بەرنامەیەدا نووسراوە ناوی حزب «حزبی دیموکراتی کوردستان»ە لەمادەی سێیەمدا دەڵێت «دوو گوڵە گەنم و قەڵەم، وەکو لۆگۆی حزبی دیموکراتی کوردستان پەسەن کرا. ئەو ماوەیە تێپەڕی، زەمینە ئامادەتر بوو، ئۆکەیەکی یەکێتی شورەوییشی لەگەڵ بوو، ئازربایجانیش قەناعەتی بەوە کردبوو کوردەکە ئەگەر بۆ خۆی بێت لەوانەیە باشتربێ، هەرچەند ئەوان بەکردەوە پێیان خۆش بووە کوردستان زەمینەی ئازاربایجان بێ و کۆماریش کۆماری ئازربایجان بێ، ئەمەش لەواقیعدا جارێکی تر بکەوینەوە بەردەستی ئەوان، بەڵام پێشەوا قازی و رێبەرایەتی حزبی دیموکراتی کوردستان لێرەدا زۆر کاریگەربووە بەلێبڕاوی وتویانە ئێمە ئەوە قبوڵ ناکەین و ئیلا دەبێ خۆمان بین. واهات کە لە بیست و شەشی سەرماوەرز ١٣٢٤ی هەتاویدا لەرۆژێکی تووشدا، رۆژێکی بەفراوی و هەوراوی زۆر سارد، بەڵام هەستی خەڵکەکە ئەوەندە گەرم بوو بەبوونی نوێنەری پارچەکان لەژێر ئەو بەرفردا لەو ساختمانە کە ئێستا دەیبینن، کە ئێستایش ماوە، ئاڵای سێ رەنگی کوردستان بەلۆگۆی حزبی دیموکراتەوە بۆ یەکەم جار بەو شێوە رەسمییە هەڵکرا. بەدوای ئەوەدا زەمینە سازبوو بۆ پێکهاتنی کۆمار، لەدووی رێبەندانی ١٣٢٤هەتاویدا، یەعنی تەقریبەن چل رۆژ دوای هەڵکردنی ئاڵا لەگەڵ ئەوەی هێزێک ئامادەکرابوو وەکو پێشمەرگەن لەگەڵ ئەوەی پێشتر بیست ویەک مادەی پەسەندکراوی حزبی دیموکرات بەشێوەیەکی بەربڵاو چووەتە نێو هەموو عەشایەر و شارەکانەوە، نوێنەرانی هەموو چین و توێژەکان لە بەشێکی زۆری کوردستان، بابڵێین لەماکۆ ڕا تا نزیکی سنە، وەهەروەها ئێلی بارزان و بەشێکی زۆری رۆشنبیرانی کوردستانی باشوور، و شەخسی حەمە رەشیدخان

بەخۆی و هێزێکی زۆرەوە، ئەو دەم هێشتا ناوی هێزی پێشمەرگەیان لێ نەنرابوو، دوایی بووە هێزی پێشمەرگە، هێزی بارزان کە بەحزوری خودی مەلا مستەفای و ئێلاتی ئەو کات کە پێکهاتنی ئالا و پێکهاتنی حزبی دیموکرات و بەهێزبوونی کوردایەتی توانیبووی کاریگەری هەبێ هەموویان لەو ڕێورەسمەدا ئامادەییان هەبووە، لەشاری گچکەی ئەو کاتی مهاباد کە بەبڕوای من هەر پێنج شەش هەزارکەسێک دەبوو، زیاتر لە بیست هەزار کەس بۆ بەشداری لەبەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی ئیعلانی کۆماردا ئامادە بوون. دوای ئەوەی پێشەوا قازی لەماڵەوە هاتەدەرێ لەپێش ئەو هێزە چەکدارەی لەوێدا سەفیان بستبوو بەپێشیاندا تێپەڕی هانیدان و تەشویقی کردن، سوپاسی کردن بۆ ئەو هەستە جوانەی کە دەریان خست چووە مەیدانی چوارچرا، لەوێ تەرتیبات درابوو، ئەو تەرتیباتەی کە ئێستایش وێنەکەی ماوە و لەتەلەفزیۆن دەبینرێ ئەوە ڕێوڕەسمی تەشکیلی کۆماربوو ئەنجامدرا، بەو پەڕی شادی و سروودی خەڵکدا پێشەوا دوای ئەوەی مامە غەنی خوسرەوی ڕۆحی شاد بێ کە ئەو دەم سەرۆکی شارەوانی مهاباد بوو، بەخێرهاتنی میوانەکانی کرد و بەرنامەکەی ئیعلان کرد، دوای ئەوەی کە مەلا حوسێنی مەجلیس بەخوێندنەوەی چەند ئایەتێک و تەفسیری چەند ئایەتێک خەڵکی هاندا بۆ یەکێتی و یەکپارچەیی. پێشەوا قازی ڕەسمەن ئیعلانی کۆماری کرد و کۆماری دیموکراتی کوردستان بۆ یەکەم جار لەمێژووی کوردا هاتە وجود.

کۆماری میللی کوردستان دوای دامەزراندنی کەشوهەوایەکی ئازادی لەناوچەی موکریان و شاری مهاباد خولقاند تەمەنی سێ سەد و سی ڕۆژەی کۆماری مهاباد چەندین باس و لێکۆڵینەوەی گرنگ هەڵدەگرێت. کۆماری کوردستان لەو بارودۆخە جیهانی و ناوچەییەدا لەنێوانی بەرداشی بوون و مانەوەدا، لەنێوان شەڕپێیفرۆشتنی شاهەنشاهی و دەستبەردانی یەکێتی سۆڤێت لەپشتیوانی کۆمار بەرەو هەرەس چوو. ئاشکرایە هۆکارەکانی کۆماری مهاباد ڕاستەوخۆ کاریگەری ناوەوە و دەرەوەی لەسەربوو، پێشەوا قازی محەمەد دوا دەرئەنجام دەگاتە ئەو بیرو باوەڕەی کە لەڕێگەی سازشەوە لەگەڵ حکومەتی شای ئێران پێکبێت و ئاشتی و ئارامی باڵ بەسەر ناوچەکەدا بکێشێ. سیاسەتی ئەو سەردەمەی کۆمار لەنێوان بەرنگاری و گفتوگۆکردندا چەندین دید و لەیەکدانەوەی جیاوازی بۆ کراوە.

### ڕەزا شا لەبنەوە لەگەڵ ئەڵمان کەین و بەینی هەبوو

ئەگەر دولی موتەفیق ئەو کات ئێرانیان نەکردبایە پردی سەرکەوتنی خۆیان کە هەر بەوناوەوە مەشهوربوو، لەخەلیجەوە ئیمکانیاتی بەریتانیا و ئەمریکا لەڕێگەی ئێرانەوە بەسۆڤێت نەگەیبایە سۆڤێت کە ئەو هەموو زەختەی لەسەربوو توانای نەبوو، ئەو هەموو تەلەفاتەی دابوو، نەیدەتوانی ئەو سەرکەوتانە بەدەست بهێنێ. ئەوەی ئێران بوو بە پردی سەرکەوتنی موتەفیقین ئێمەیش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ڕوون بوو کە ڕەزا شا لەبنەوە لەگەڵ ئەڵمان کەین و بەینی هەیە، زۆریش

ئاساییە کە دۆستی ئەڵمان دوژمنی سۆڤیێت بێ، دوژمنی موتەفیقی بێت، ئەوەبوو ئەوان هاتن لەبیستی شەهریوەری ١٣٢٠دا پەلاماری ئێرانیاندا و گرتیان و ڕەزا شایان دوورخستەوە. کاک حەسەن تۆ دەتوانی هاوکاریم بکەیت؟ وابزان لە پێشدا بۆ ئەفریقای جنوبی بوو؟ وابوو؟ و لەوێ تا مردن مایەوە. کاتێک ڕەزا شا نەما، محەمەد ڕەزاشا هاتە سەرکار، کەوابوو موتەفقین نەقشی تایبەتی خۆیان هەبوو، هەندێک شتی نوێ پەیدا بوو دیموکراتییەت لەئێراندا وردە وردە پەیدابوو، ئەحزاب سەریان هەڵدا. ئەمە شتێکی ئاساییە کاتێک دیکتاتۆرێکی وەکو ڕەزاشا حاکمیەت دەکات بەسەر ئێراندا و نەفەسی لەهەموو کەس بڕیبوو، لەواقیعدا پیاوی نەهێشتبوو، وەختێک دەرفەتێکی ئاوها دێتە پێشێ حزب سەرهەڵدەدەن، حزب توانیان ئازادی خۆیان ئیعلان بکەن و هەوڵبدەن و ئەو مەوجە دیموکراتییە بەشێوەیەکی واقیعیتر لەکوردستانی پاش ڕەزاشا بەئازادی بەجێماودا هاتە پێش، بەخۆشی ئەوە ڕوسەکان لەو بەشەی ئێمەدا بوون، چونکە هەم لەئاراسەوە هاتنە ناوەوە و هەم لای تەورێزەوە هاتنە ناوەوە، لەواقیعدا کوردستان و ئازربایجان بەشی زۆری لەبەردەستی ئەواندا بوو تا نزیک سنە. بڵێین زیاتر تا نزیک سەقز. ئامادەیی ئەوان زیاتر خەڵکی ئاشناکرد لەگەڵ سیستمێکی پێشکەوتووی وەکو ئەو دەمی و هەر ئەوەی ئەو کات لایەنی کەم بەشیعاریش بێت بانگی ئازادی گەلانیان دەدا ئەوە توانێ هاندەر بێت بۆ کورد. لە لایەکی دیکەشەوە یارمەتیان داین نەک بەو شێوەیەی لەئازربایجان هەیە، بەڵام یارمەتیانداین، ئۆکەیان کرد کە دەتوانن حەقی خۆتان هەبێ. من باشم لەبیرە زەمانی کۆمار هەم لەلایەن ڕوسەکانەوە و هەم لەلایەن ئینگلیزەکانەوە ڕۆژی ئیعلانی کۆمار بە تەواوی فیلمبەرداری کراوە، بەڵام بەداخەوە بۆ خۆمان لێی بێبەشین، جا چ لە ئەرشیفێکدا، لە گۆشەیەکی ئەرشیفێکدا ماوەتەوە وردە وردە شتێک پەیدابووە، بەڵام هەمووی نا، زۆر لەوە درێژترە. مەراسیمی ئیعلانی کۆمار لایەنی کەم چوار سەعاتە، ئێستا ئێمە چەند خولەکمان بەدەستەوەیە، چونکە بۆ خۆمان خاوەنی نین، خودی ئەو فیلم بەردارییە بەنیشانەی ئۆکەی بوو بەڵام هەلومەرجەکە بەشێوەیەک هاتە پێشەوە، لە لایەکی دیکەوە گەلانی ئێران وریابوونەوە و دیموکراتییەت لەئێران وردە وردە بەرەو پەرەسەندن چوو، ئازربایجان لەپەنامانەوە بوو بەکۆمارێک، کۆمارێکی موتەفیقی ئێمە. ئێمە پەیماننامەی فەرمیمان لەگەڵ ئازربایجان ئیمزاکردووە وەکو کۆمار. سروودی کوردستان لە ئازربایجان و زۆرجار سروودی ئازربایجان لەکوردستان لەمەراسیمەکاندا دەخوێنرایەوە، رابیتەیەکی برایانەمان هەبوو ئەوانە هەموو کاریگەربوون، هەروەکو لەتێکدانیشدا بەداخەوە کاریگەربوو. بەکورتی ئاماژەی پێدەدەم سەفەری قەوام سەڵتەنە بۆ مۆسکۆ و وەقەولدانی بڕیاری نەوت چلونۆ- پەنجاو یەک کاریگەرییەکی یەکجار زۆری هەبوو لەسەر سۆڤیێت، وەختی خۆی کە هاتوون ئێرەیان ئیشغاڵ کردووە موتەفقین، بڕیار ئەوە بوو بە تەواوبوونی شەڕ ئەوان ئێران بەجێبهێڵن. ئەوانی دیکە بەجێیان هێشت، بەڵام سۆڤیێت درەنگتر بەجێیهێشت، چونکە ئیحساسی تەعهودی دەکرد بەرانبەر بە ئازربایجان و کوردستان. حەیقەتیش ئەوەیە ئەمریکا و بەریتانیا ئەوەندیان فشار بۆ برد کە ئەگەر قبوڵی نەکردبا ڕوسییە بەو لاوازبوونەی خۆیەوە تووشی شەڕێکی دیکە دەبوو لەگەڵ ئەوان، ئەوەیش کاریگەری خۆی هەبوو. چونکە لەگەڵ سۆڤیێت وەکو واقیعیەت تا ئەودەم دۆستبوون کە هەدەفی موشتەرەکیان بۆ لەناوبردنی فاشیزم بوو، وەختێک کە مەسەلەکە حەل بوو و ئەڵمان شکستی هێنا و

بەرەسمی هێزی هەر سێ دەوڵەت لە ئەڵمان پیادەبوو، ئیتر بەکردەوە کاری بەسۆڤێت نامێنێ. بۆیە ئەگەری زۆری هەبوو ئەو کارە رووبدات و ناکرێت بڵێین سۆڤێتیش هەروا بەخۆڕایی پشتی تێکردین لەبەر ئەوە تیکراری دەکەمەوە قەراردادی رەسمی نەبووە وەکو واریسی کۆمار نەکەوتووە، کە سۆڤێت رەسمەن ئیعلانی کردبێ، تا ئاخیر پشتیوانی دەکات. لەشۆڕشی ئەیلولدا ئەمریکا لەرێگەی کسنجەرەوە رەسمەن رایگەیاندبوو کە پشتیوانی دەکەین و دوایی پشتی تێکردین، بەڵام ئەو قەراردارە بەو شێوەیە، بەو رەسمییەتە لە لایەن کەسێکەوە نەبووە ئەگەر هەبایە دەزانرا، بۆیە ئەوە لەلایەک کە سۆڤێت پاشەکێشی کرد و لەلایەکی دیکە فریوخواردنی مۆسکۆ بەبڕیاری قەوام سەڵتەنە بۆ نەوتەکەی شیمالی ئێران، مەجالی ئەوەی دا کە هێز بەبیانووی هەڵبژاردنەوە بگەڕێتەوە ئێران و بگەڕێتەوە ئازربایجان، ئازربایجانیش وەکو واقیعیەتێک بەرگرییەکی نەکرد، لەدوو شەودا کوللی تەشکیلاتی ئازربایجان کۆچی کرد و چووە ئازربایجانی شۆڕەوی، کەوابوو پشتی ئێمە بەتاڵ بوو موتەفیقی هەرە ئەساسیمان و سەنگەری پێشەوەمان رووخابوو، هەرچەند بەچەند رۆژێک دوای ئەوەش بەرەی موەشتەرەکی کوردستان و ئازربایجان لە بەرەی تکاب کە بەرنگاری هێزەکانی رژێم بووبوونەوە هەر بەرقەرار بوو، بەرەی کوردستان لەسەردەشت و سەقزیش بەردەوام بوو، بەڵام زۆر زەحمەت بوو، راستە حکومەتی ئەو دەمی ئێران حکومەتی ئەمڕۆ نەبوو، حکومەتی دواتریش ئەوە نەبوو، بەڵام تەفەوقی هێز و زیادبوونی هێز و ئیمکانیات زۆر زیاتر بوو لەسنووری تەسەوری ئەودەمی ئێمەدا.

### لەداروبەرد بەگومان بوون

دوای ئەوە کە تاریخ نیشانیدا بەرگریی زەحمەتە، هێزێک نییە پشتیوانیمان لێ بکات، پێشەوا بەقولێک چووەتە حەمامیان، یان بەقولێک چووەتە میاندواو و لەوێ سەرلشکر همایون فەرماندەی بەرزی هێزەکانی رژێمی پاشایەتی بینیوە و قسەیان کردووە، بەو مەرجە قبوڵی کردووە شەڕ نەیەتە کوردستان، بۆ؟ لەگەڵ ئەوەی کە مقاوەمەت بێت تەجرەبەی ئازربایجانیش هەبوو، رەنگە کەم کەس بیستبێتی، لەپاشەکشێی ئازربایجان پانزە هەزار کەس لەشەڕی ناوخۆییدا کوژران، کە پێشەوەری هەڵهات و چووە سۆڤێت، و دوایی سەری تێداچوو، کە بە بڕوای من بە پیلان تێداچووە، لەوانە بوو پیلانێکی ئاوهاش بۆ پێشەوا لەگۆڕێدابێ، ئەگەر رۆیشتبایە، هەروەک مەلا مستەفایان دوورنەکردەوە لەسۆڤێت، ئەوەش مەسائیلێک بوو، پێشەوا دووربین بوو، واحازربوو لەهەمان کاتدا کە لێی یەقین بووە، وەختێ مەلا مستەفا دەعوەتی دەکات لەگەڵی بچێ، ئەوەی کە ئێمە بیستوومانە، هەتا لە زینداندا پەیامی بۆ ناردووە کە دەتوانین لە زیندانیش رزگاری بکەین، بەڵام پێشەوا رازی نەبووە، پێشەوا بە قبوڵی ئەو مەسئولیەتە و ئەو پاشەکشێیە، لەواقیعدا بەرگریی لە خوێنڕێژی ناو کوردستان کرد، ناڵێم بەقەدەر ئازربایجان، بەڵام لەوانەیە بەهەزاران کەس لەکوردستانیش لەگیانی یەکتری بەربن، پێشەوا بەو کارەی بەرگریی کرد، ئەوە بەنەزەری من زۆر گرنگە، دەشیزانی دەیکوژن، ئیعدامی دەکەن، بەڵام بە



سەرچاوە
Serchawe

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

فیداکارییەوە، لە دوا ڕۆژەکاندا دەڵێت « من هی ئەم میللەتەم و دەبێ لەناو ئەم میللەتەشدا بم، چیشم بەسەردێ گرنگ نییە.« بۆیە دوای ئەوەی کە ئەرتەش هاتەوە، ئەرتەش چۆن هاتەوە؟ باوەڕت بێ لەداروبەرد بەگومان بوون، من ئەوە شاهیدی عەیانم بۆ ئەو مەسەلەیە، ئەرتەش ماوەیەکی چەندین سەعاتی لە میاندواو ڕا بۆ مهاباد، سێ چارەکە، بەماوەی سێ سەعات هات، چون لەداروبەردی مهاباد بەگومان بوو، چەند فرۆکەی ئیکتشافی لەدەوروبەری مهاباد چەند سەعات گڕان هەتا نزیک دەبوونەوە و بن بەردەکانی قوڵقولا یان سەیر دەکرد، بن بەردەکانی خەزایی و کانی شێخانیان سەیردەکرد، بزانن ئایا هێزی بەرگریی لەوێدا نەبێ و واردی شاربن، بڕیاریش نەبووە خەڵک بگرن و خەڵک بکوژن.

### قازی محەمەد بەرگریی بکردایە باشتر دەبوو

چەند ڕۆژێک دوای هاتنەوەی ئەرتەش وڵات ئارامە، جارێ گرتن لەگۆڕێدانییە، یەک شت عەرزبکەم لە پێشبینییەکانی قازی هەتا لەو وەختەدا ئەرتەش دێتەوە، ئەویش ئەوە بوو، چلو هەشت سەعات تەواوی مەدارکی حزبی سووتێنرا، پیاوی دەوێ پێشبینی وابکات بەدەگمەن کاغەزێک وەدەستکەوت، هەم لەکاری نیزامی و پێشمەرگە، هەم لەکاری سیاسی و تەشکیلاتی حزبی، کەوابوو ئیتلاعاتێک بەو شێوەیە نییە، دەبێ ئیتلاعات لەکێ وەربگرێ، دەبێ لە مەسئولینی حزبی و حکومەتی کوردستان وەریبگرێ، سەرکردەکانیان کۆکردنەوە لەشەهرەداری مهاباد کە وەختی خۆی بارەگای کاری پێشەوابوو، پێشەوا لەوێ دادەنیشت، دەعوەتیان کردن و لەو دەعوەتەدا گفتوگۆیەکی دورودرێژی سەعید خانی هومایۆنی »دەفتەری پێشەواشم بەدەست کەوتووە لە ئیمەیلێک لە ئەنتەرنێت وەرمگرتووە، بۆم هاتووە لەدەرەوە ڕا.« سەرکردەکانی کۆمار بانگ دەکەن هەندێک بە باسی فڵانی و فیساری تێپەڕی دەکەن، باسی چەک وەرگرتنەوە و ئەو شتانە دەکرێ، بەڵام بەخەڵک رادەگەیەنن ئەوەی کە هەیبێ بیداتەوە. ئەو شەوە وادەگوزەرێ، وادیارە چاوەڕوانی دەستووری مەرکەز بوون، بۆ ڕۆژی دووەم کە کۆدەبنەوە تا درەنگانێک دەکێشێ، دوای نوێژی شێوان پێشەوا و حەمە حوسێن خان بەجیا لەشوێنێک رادەگرن، باقی ئەوانی دیکەی کۆمار لەشوێنێکی دیکە رادەگرن، پاشان دەرکەوتووە ئەوانیان بردووەتە زیندانی شارەوانی، بەڵام پێش ئەوە حەمە حوسێن خان بەجیا رادەگرن لە مەرکەزی فەرماندداری نیزامی. هەر لەو ڕۆژانەدا دەستوور دراوە کە سەدری قازیش لەتاران بگرن و بەپەلە بینێرنەوە، سەدری قازیشیان بەپەلە گرت و هێنایانەوە، پاش گرتنی هەیئەتی وەزیران دەستیان کرد بەگرتنی خەڵکی دیکەش. لە ١٩ی بەفرانباری ١٣٢٥ گرتیانن. گرتنەکە بەرفراوان بوو، هەندێکیان بەرێکران بۆ ورمێ، هەندێکیان بەرێکران بۆ تەورێز. دادگای یەکەمی پێشەوا و ئەوان لە ١٩ی مانگی ژانۆی ١٩٤٧کە دەبێتە رێبەندان دەست پێدەکات، دادگایەکی بەستراو، تەنانەت وەکیلیش حکومەت گرتوبووی، رەنگە حکومەت پارەیەکی زۆر کەمی بداتێ، بەڵام دەبێ پێشی بڵێ کە چ دەڵێ، واتە تابعی نەزەری حکومەتەکەیەتی، دادگاکە لەو پەڕی بێ عەدالەتیدا بووە، بەڵام لەحەقیقەتدا لەهەندێک مەرحەلەدا لەو پەڕی ئازایەتیدا، چەندجار پێشەوا ئیعتیراز لەقسەکانیان دەکات. دادگای دووەم

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی


لەئاخرییەکانی مانگی ڕەشەمێدا بووە، تەقریبەن لەدەوری بیستی مانگی مارتی هەمان ساڵ بووە. ڕەشادەتی پێشەوا و هاوڕێکانی کە ئێستا کتێبۆکەیەکی لەسەر دەرچووە، ئەوەندە دلێرانە بەرگرییان کردووە، شەخسی پێشەوا هەموو مەسئولییەتەکانی لەشانی خۆی دەگرێ، دەڵێ هەرکارێکی ئەوانەیش کردوویانە هەر من لێی بەرپرسم. سەروان شەریفییەک هەبوو ماڵی پێشەوا ئەوەیان بەپوڵ گرتبوو دوایی ئیجازەیان دا کە بەپوڵ وەکیل بکرێ، سەروان شەریفی دوایی کچێکی مهابادیشی خواست، سەروان شەریفی بۆ مینا خانمی خێزانی پێشەوای گێڕاوەتەوە و ئەویش بۆ منی باس کردووە، دەڵێ سەروان شەریفی هاتووە و گوتویەتی نازانم کێ کێ محاکەمە دەکات، بەڵام ئەگەر لەمن دەپرسی ئەوە جەنابی قازییە دادگا دادگایی دەکات، دەڵێ ئەنگۆ تەجاوز بەحقوقی ئێمە کراوە، ئێمە کوردین و لەسەر خاکی خۆمانین و ئێوە هاتوون و تەعەدامان لێدەکەن، هەتا لەبڕگەیەکدا هەتا لەکتێبەکەشدا هاتووە یەکێ لە تۆمەتەکان هاتووە کە ئاڵای ئێرانی ئاوەژوو کردووەتەوە، دەڵێ ئەوە میللەت کردوویەتی، بەڵام ئەمن فکرم داوە، کە دێتە سەر مەلا مستەفا دەڵێ »تۆ بیانیت ڕێگەداوان بۆ خاکی ئێران.» دەڵێ »مەنزورتان کێیە؟» دەڵێ «ئەوە نییە بارزانیت هێناوە بۆ ئێرە بەخۆی و بەلەشکرییەوە.« دەڵێ» زۆرم پێ سەیرە مەلا مستەفا کوردە و خەڵکی کوردستانە و ئەم کوردستانە ماڵی خۆیەتی، ئەو لەبەشێک لە ماڵی خۆی هاتووەتە بەشێکی دیکەی ماڵی خۆی. مەلا مستەفا بەکوردستان بیانی نییە. »

دادگاکە لەو پەڕی بێ عەدالەتیدا، لە نهێنی موتڵەقدا بەڕێوەچوو، لە ئێوارەی ٩ لەسەر ١٠ی خاکەلێوە ١٣٢٦ی هەتاوی لەپێشدا پێشەوا قازی و بەدوایدا حەمە حوسێن خان، و پاشان سەدری قازی دێنن، هەر بۆ ئەو ساختومانەی کە پێشەوا وەختی خۆی حوکمی تێدا کردووە و ئێستایش ئەو ساختمانە هەر ماوە و شارەوانی مهابادە، لە پێشدا پێشەوا دێنن و وەسێتی پێدەکەن و دەیبەنە پای دار، دەیانەوێت چاوی ببەستن، دەفەرمێ ئەمن شەرمەزاری میللەتەکەم نیم نابێ چاوم ببەستن دەمەوێت لەدواساتەکاندا سەیری کوردستان بکەم. ئەویش شاهیدی عەینی دەڵێ. دوای ئەو حەمە حوسێن خان دێنن، لەبەر ئەوەی زۆر هەیکەلی بوو پەتی سێدارەکەی دەپسێ، دەڵێن لە هەموو یاسایەکدا ئەوەی پەتەکەی دەپسێ حەق نییە ئیعدامی بکەن، بەڵام جارێکی دیکە لەو دارەی کە بۆ سەدری قازیان ئامادەکردووە، لەو دارەیدا ئیعدامی دەکەن. بەدوای ئەودا سەدریش ئیعدام دەکەن. ڕۆژ ڕووناکببووەوە، من وەکو تاڵترین بیرەوەری خۆم. خانمێک هەبوو ئاویان بۆ دێنایەن، ئەودەم دەچوونە چۆمی گەڕەکی ئێمە ئاویان دەهێنا کە گەڕایەوە من بەخەبەر بووم خەریک بوو هەستم و هەڵنەسم گوێم لێ بوو لەدیوەکەی تر بەدایکمی گوت پێشەوا و ئەوانیان ئیعدام کردووە کە وایگووت من زۆر نارەحەت بووم، برای گەورەتر لەخۆم کاک خەلیل لەپەنام بوو هەڵمساند و گوتم هەڵسە و بەپەلە هاتینە کۆڵان زۆربەی سەری کوچەکان گیرابوو، دەرچوون سەرخت بوو، بەڵام لەوانیە نزیکی دووسەد بۆ سێ سەد کەسێک بووبین، بەهەر حاڵێک بوو خۆمان گەیاندێ کە دیتمان پێشەوا و ئەوان هەڵواسراون، بەڵام دەتوانم بڵێم هەر لەوێ هەندێک لاو بڕیاریاندا کە ڕێگەکا بەرنەدەن و بەڕاستیش بەریانەدا و تا ئێستا درێژەی هەیە.

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

ئاکامەکانی کۆماری مهاباد بەهۆی ئەو بارودۆخە نێوخۆیی و جیهانییەوە گەیشتە بنبەست و بەشەهیدبوونی پێشەوا قازی و هاوڕێکانی نموونەیەکی دیکەی فیداکاری و خۆڕاگری چووە سەر خەرمانی هەموو ئەو قوربانییانەی بەدرێژایی مێژوو پێشکەش دەکرێت. دەکرێت هەموو ئەوانە بکرێنە وانە و پەندی گەورە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٤ی کانوونی دووەم (جانێوێری) ٢٠١٨



## کاریگەریی دامەزرانی حیزب لەسەر بزاڤی کورد




**لە ٢٥ی گەلاوێژ، ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا یەکێک لەو پرسیارنەی کە دەکرێ بێتەئارا ئەوەیە کە کاریگەریی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەر بزووتنەوەی کورد چیە؟ دامەزرانی حیزب چ وەرچەرخانێکی لە بزاڤی کورددا دروست کرد؟**

**جەلیل گادانی، کەسایەتیی دیار و تێکۆشەری دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستان**

حیزبی دێموکراتی کوردستان بە کەڵک وەرگرتن لە دەرفەتێک پێکهات، کە بۆ کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان هەلێکی مێژوویی بوو و لە راستیدا بۆ یەکەمجار گەلی کورد ئەو هەلەی قۆستەوە و، کەڵکی پێویستی لێ وەرگرت. ئەو حیزبە کە مەوجوودییەتی خۆی لە ١ - ٨ - ١٣٢٤ی هەتاوی راگەیاند هەر لە یەکەم ئیعلامیەی خۆیدا بە کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونی گەلانی رزگاربووی جیهان لە ٨ ماددەدا زۆربەی مافی چین وتوێژە جۆرواجۆرەکانی کوردستان و هەروەها مافی کەمەنەتەوەکان و چەوساوەکانی لە بەرچاو گرت و ئەم شێوە بەرنامە لە کوردستاندا هەرنەبووە، یان کەموێنە بوو.


سەرچاوە Serchawe

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

بەدوای ئەوەدا کە حیزب کۆنگرەی یەکەمی گرت، بەرنامەیەکی ٢٢مادەیی بە تەسویب گەیاند کە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا نموونەی نەبوو. لەو بەرنامەدا مافی سیاسی، فەرهەنگی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی هەمووان لە بەرچاو گیرابوو. تەنانەت بۆ یەکەمجار بە شێوەیەک باس لە دێموکراسی کرا، کە هیچ کات لە چوارچێوەی دەوڵەت وحکوومەتی دیکتاتۆری داگیرکەری کوردستاندا، نەک هەر باسی لێ نەکرا بوو! بەڵکوو لەگەڵ تەواوی مادەکانی ئەو بەرنامەیەش دژایەتی‌یان هەبوو.

هەر لەبەر پڕنیوەڕۆک بوونی ئەو بەرنامە نوێیە، خەڵک پێشوازی‌یەکی گەرمیان لێکرد و لە ماوەیەکی کورتدا نە هەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڵکوو لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش، پۆلێک ڕۆشنبیر و تێکۆشەر هاتنە ڕۆژهەلات. هەروەک لە ماددەی ٢ی مەرامنامەی پەسەندکراوی کۆنگرەی یەکەمدا هاتووە، حیزب لە سەر سێ پایەی بنەڕەتیی "هەقیقەت، عەداڵەت، تەمەددوون" دامەزراوە.

ئەو مەسەلانە داخوازی واقعیی خەڵک بوون، هەر بۆیە هەموو کەس بە حیزبی خۆی دەزانی و بە گوێرەی توانا چالاکیی خۆیان تێدا دەنواند.

دامەزرانی ئەو حیزبە بەدوای چەندین نەهامەتی کە بە سەر کورددا هاتبوو، هیوایەکی نوێی بە خەڵک بەخشی و وتار و شیکردنەوە خەڵکیان بەرەو برایەتی وتەبایی برد و ناکۆکی‌یەکان ڕەوینەوە. بۆیە پێشەوا لە وتاری ئیستقلالی کۆماردا فەرمووی:

"هەتا دوێنێ دوژمنان وایان تەفرەقە وئیختلاف لە نێودا سازدەکردین کە تەبایی لە نێو چین وتوێژەکان و عێڵ وتایفەکان نەمابوو، بەلام ئێستا کە هەمووومان تەبا وهاودەنگین و ئەمرۆ سەربەستیی کوردستان رادەگەیەنین."

دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەستی نەتەوەیی و باوەڕبەخۆبوونی ئەوەندە بزواند و بەهێزی کرد، کە لە ماوەیەکی کورتدا ئاڵای کوردستان بە شێوەی ڕەسمی هەڵکرا، کۆماری کوردستان ئیعلام کرا، سیستمیکی موناسب بۆ ئەو کۆمارە پێکهات، هێزی پێشمەرگە پێکهات، هێزی عەشایر تەنزیم کرا و بۆ یەکەمجار خوێندن بە زمانی زگماکی دەستی پێکرد و، وانە بە زمانی کوردی دەگوتراوە، حیزبی دێموکرات بە تایبەتی بە هەڵکردنی ئاڵای سێ ڕەنگی کوردستان و دامەزراندنی سیستمی دێموکراتیکی کۆماری لە نێو وڵاتێکی پاشایەتی‌دا نەک هەر بزاڤی کوردی بەهێزکرد، بەڵکوو کوردی پارچەکانی دیکەشی شیلگێرتر کرد لە خەبات بۆ دێموکراسی و وەلانانی بیری عەشیرەگەرایی.



سەرچاوە Serchawe

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

زۆربەی حیزبە نەتەوەییەکانی کوردستان، یەک لەوان "پارتی دێموکراتی کوردستانی عیراق" بە ئیلهام وەرگرتن لە حیزبی دێموکرات پێکهات.

من پێم وایە تێکۆشانی بێوچان و پڕبەهرەی حیزبی دێموکرات و تەمەنی کورتی ١١ مانگە، بەڵام پڕدەسکەوتی کۆماری کوردستان، بوو بە هۆی پەرەسەندنی خەبات و تێکۆشانی بێپسانەوەی گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان و پەرەسەندنی هەستی نەتەوایەتی لە هەر چوار پارچەی کوردستان. جگە لەوەش حیزبایەتی بە شێوەی مودێرن و دێموکراتیک، لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بوو بە باو، کە دەبینین ئەمڕۆ زۆربەی هەرە زۆری حیزبەکان لە ڕێگەی هەڵبژاردن و کۆنگرەوە ئەندامانی بەڕێوەبەریان هەڵدەبژێرن و بەڕێوە دەچن و، ڕێکخستن و سازماندان بە ڕێگەی بنەرەتیی خەبات دەزانن.

لە ژمارە ٦٨٦ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ ئاگۆستی ٢٠١٦

---



سەرچاوە
Serchawe

## چەند وتەیەک بۆ کارو چالاکییەکانی هاوڕێ ڕەحمان نەقشی:




**بیگومان ئارشیوەکەی ڕەحمان نەقشی ئەگەر ئیمکانی چاپی هەبێ و لایەنێکی دڵسۆزی وەک فرشتەی لێ پەیدابێ و بۆی چاپکا چەندین کتێبی بەکەلکی لێ دەردەچێ کە هیوادارم ئەو خەونە وەدی بێ...**

هاوڕێ ڕەحمان نەقشی لە چاخی گەنجیدا بە باوەڕێکی قووڵەوە هات ریزی حیزب و وەک مامۆستای شۆڕش و لە ماوەی چەند ساڵی سەرتای خەباتیدا لە ناوچەی سەردەشت جێگەی خۆی لە دڵی هاوسەنگەرانیدا کردەوە،

وەک پێشمەرگەیەکی وریا و خوێندەوار بە بڕیای حیزب دەگەڵ پۆلیک لە پێشمەرگە خوێندوارەکانی حیزب بە مەبەستی خوێندن و پی گەیشتن بەرێ کرا بۆ فەرانسە.

ئەوەندی مەجالی بووبا لە کاری حیزبی غافل نەبوو. بە تایبەتی ئەوەندی من بەرپرسی تەشکیلاتی لە دەرەوەی وڵات بووم، خوێندکارەکان ئێوارەی بەر ڕۆژانی پشودان لە شاری ویشی را دەهاتنەوە پاریس و ئەو ماوەی لەوێ دەمانەوە بە دڵەوە کاری حیزبیان دەکرد.

کاک ڕەحمان لەویش لەو کەسانە بوو بە ڕەدیف کردنی بەستەبەندی ڕۆژنامە و بەرێ کردنیان بۆ وڵاتانی دیکە و کۆمیتەکانی حیزبی و هەر کاریکی پی یان ئەسپاردبا لە ئەنجامدانیدا دریغی نەدەکرد.



سەرچاوە
Serchawe

دوای چەند ساڵێک لە فەرانسە را چوە هوڵەند. لە هوڵەندیش ئەندامی کۆمیتەی حیزب و بە تەواوی مانا چالاک بوو نەتەنیا بۆ بە جێ گەیاندنی ئەرکی حیزبی ئامادەگی تەواوی هەبوو، بەلکوو بۆ جێ بە جێ کردنی دیدارە سیاسی یەکانی مەسئولینی حیزبی کە دەگەیشتنە هوڵەند هاوکاریکی دڵسۆز و کارئا بوو.

جگە لە تەکسیر کردنەوە رۆژنامەی کوردستان بە هاوکاری هاوڕێیانی حیزبی بە تایبەتی کاک مستەفا شەڵماشی چەند ژمارە گۆڤاری ئاوارەیان چاپ و بڵاو دەکردەوە کە لە نەوعی خۆیدا گۆڤاریکی پڕ نیوەرۆک و باش بوو جیگەی کەلک لێ وەر گرتن بوو بۆ هاوڕێیانی حیزبی و خوێنەرانی بەتێکرا.

هەرکارێکی دیکە هەیبا بۆ گەیشتن بە کاری حیزبی وەلای دەنا و کەم هەبوو جگە لە کاری حیزبی و کوردایەتی بیرو فکری بۆ لای کار و شتێکی دیکە بچێ بەڕاستی لەویش نموونەی ئەندام و کادرێکی بی جیرە ماجب و خۆبەخشی حیزبی بوو. هەر لە فەرانسەوە دەستی بۆ کۆکردنەوەی بەڵگەکانی حیزبی کرد و بروای بە پیویستی هەڵگرتن و پاراستنی ئەسنادی حیزبی و بەڵگە مێژووییەکان هەبوو.

پاش چەند ساڵ هەڵوەدای کانادا بوو چەند ساڵێکیشی لەوێ هەر بەعیشقی حیزبایەتی و کوردایەتی تێپەڕ کرد لە دینای میدیایی و ئینترنێت دا کاری کرد و خۆی پێگەیاند. سەرمایەی ژیانی ئەو ببوو بە بڵاو کردنەوەی شتی بەکەلک نەهەر لە بواری حیزبی دا بەڵکوو لە هەر بوارێک دا کە بۆ کوردایەتی، پەرەپێدانی لێک تێگەیشتن و پتەو بوونی رووحی هاوکاری و برایەتی بەکەلک بوو، کاتی خۆی بۆ بڵاو کردنەوە تەرخان دەکرد.

چەند ساڵ لەمەوبەر هەستی کوردایەتی و نیشتمان خۆشەویستی لە کاناداشی هەڵگرت و لە شاری سلێمانی گیرسایەوە. لەو شارەی پایتەختی رۆشەنبیریش دەستی لە هیچ کارێک بەند نەبوو بەکۆڵەمەرگی دەژێ بەڵام ئیمانی پۆڵاینی هەروا بەهیزە و ئارشیوەکەی بە کۆڵیەوەیە و هەروا خەریکە بە هەزاران لاپەڕەی کۆکردوتەوە، بەبێ چاوەڕاونی پاداش لە ریگەی خەتە بەهێزەکەی میدیای خۆیەوە لە ئیختیاری دۆست و برادەران و خوێنەرانی دەنێ و ئەم بوارە دا وەک هەمیشە ماندوویی نەناسی و بێ وچان خەریکە، بیگومان ئارشیوەکەی ئەگەر ئیمکانی چاپی هەبێ و لایەنێکی دڵسۆزی وەک فرشتەی لێ پەیدابێ و بۆی چاپکا چەندین کتێبی بەکەلکی لێ دەردەچێ کە هیوادارم ئەو خەونە وەدی بێ.

دەتوانم بڵێم کاک رەحمان نە هەر ئەندامێکی ئەمگناسی حیزب بووە و هەیە و دەبێ بەڵکوو کوردێکی دڵپاک و دڵسۆزە و بێ



سەرچاوە
Serchawe

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

چاوروانی هەر خزمەتێکی لە دەستی بێ بە حیزب و نەتەوەکەی دەکا و دەبێ ئەو زەحمەتەی چەندین ساڵە کیشاویەتی بە هێند بگیرێ و قەدردانی لێ بکرێ بەش بەحاڵی خۆم بە دڵەوە سپاسی دەکەم و سلامەتی و تەمەن درێژی و سەرکەوتنی هەرچی زیاتری بۆ بە ئاوات دەخوازم.

جەلیل گادانی

١ - ٤ - ٢٠١٩

## ئۆغر بەخێر هاوڕێ گیان.




### سەرەخۆشی و هاوخەمی

**هەواڵی دڵتەزێنی کۆچی کاک ئەبووبەکر گەلێک ناخۆش و بە ئازار بوو، زۆر زوو بوو بۆ جێتهێشتین؟**

هاوڕێ ئەبووبەکری ڕاد، ئەی ڕادمەردی ساحەی خەباتی ڕۆژە سەخت و خوێناوییەکان! ئەی مرۆی خاوەن هەست و سۆزی نیشتماندۆستی و کورد پەروەری، ئەی ئاشقی سەنگەرە جۆرا و جۆرەکانی بەرخۆدان و بەربەرەکانی بێوچان دەگەڵ هەر ستەم و چەوسانەوەیەک! دوا کۆچت کرد و جێت هێشتین، مەرگ مۆڵەتی نەدای بۆ دوایین جار بە تێلێفۆنیش دەنگم بتگاتێ، زۆر زوو بوو ئۆغر بەخێر هاوڕێ گیان.

لە بیرمە کە هاتی بۆ پێشمەرگایەتی و ناسیمی هەرەتی لاوەتیت بوو گورج و گۆڵ و پتەو، چوست و چالاک و جوانمێرو جوان چاک. سیمای پڕ لەخۆشەویستی و سەفا و سەمیمییەت لە لایەک و کردەوە و ئەخلاقی شۆڕشگێڕانەت لە لایەکیتر زۆر زوو جێگات لە دڵی هاوسەنگەران و تەنانەت ئەندامانی ڕێبەری ئەوکاتی حیزبدا کردەوە.



سەرچاوە Serchawe

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

باوەڕمان بە تۆ هێنایە سەر ئەو باوەڕە بۆ کاری حیزبی بنێردرێی بۆ لوبنان و دواتریش بۆ فەڕانسە.

زۆرت شانس هەبوو لە فەڕانسە بمێنیتەوە بەڵام هەستی خاوێن و نیشتمانپەروەریت گڕووی لێ گرتی و گەڕایەوە وڵات و ناو ڕیزی تێکۆشەرانی ناوخۆ.

بە شانازییەوە درێژەدانت بە پێشمەرگایەتی پێ گرینگتر بوو لە مانەوەی بێ سەرێشە لە هەندەران. هەر بۆیەش زیاتر لە پێشوو بوویە جێگەی متمانەی هاوڕێیان و لە کۆنگرەی شەش هاتییە ڕیزی ڕێبەرانی حیزب.

وەک مرۆیەکی پاک و وردبین، سادق و ڕاستگۆ، بە کردەوە شۆڕشگێڕ حیسابت لە سەر دەکرا، بە تایبەتی من لە دەورەی ٨ ساڵەی "حیزبی دێموکرات ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ" ئەتۆم باشتر ناسی. لەو ئەندامانەی ڕێبەرایەتی حیزب بووی کە بە سافی و پاکی بە شۆڕشگێڕی و ئازایەتی ناسرا بووی. هەر بەرپرسایەتیەکی وەرگرتبا بەو پەڕی ڕاستی و دروستی بەڕێوە دەبرد.

داخەکەم چوونە دەرەوەت بۆ ماوەی چەند ساڵ لێکی دابڕاندین، بەڵام ئەو ئونس و ئولفەت و پێوەندییە پڕ سەفایەی بناغەمان لە سەر دانا بوو هەر مایەوە، بە جەستە لێک دوور بووین بەڵام لە مێشک و دڵ، ئەوی پێی دەڵێن تێلێپاتی هەر بەیەکەوە بووین.

هەر کە خەبەری تووش بوونی نەخۆشییەکەتم بیست پەرۆشی دایگرتم، هەر چەند تۆی ئازا و بە وەرە لە بەرامبەر ئەویشدا پێشمەرگەئاسا خۆت ڕاگرت، ورەت بەر نەدا و بە قسە هیوا بەخشەکانت دڵداری دەور و بەرت دەدایەوە.

وتەکانی دوا ڕۆژەکانی ژیانیشت کە هاوڕێیان بۆیان باس کردووم ئامۆژگاری بووە بۆ ئەندامانی بنەماڵە و هاوڕێیان، لەو کاتیشدا لە خۆشەویستی گەل و نیشتمان و درێژە دانی خەبات و پێوانی ڕێگای گەیشتن بە سەربەخۆی کوردستان نە هەر غافڵ نەبووی بەڵکوو هاندەریش بوو.

کاک ئەبووی ئازیز! دڵنیا بە ئێمەش هەتا ماوین درێژەدەری خەبات دەبین بۆ گەیشتن بەو ئامانجە پیرۆزانە تێدەکۆشین کە هەزاران شەهید لە پێناویاندا گیانیان بەخت کرد و ئەتۆش بە دوایاندا چووی.

هەرچەند بە جەستە لە ناوماندا نەمای بەڵام بە ڕوح لەگەڵتین یادت هەمیشە لە دڵماندا زیندووە.



سەرچاوە
Serchawe

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

دوا کۆچت بەخێر ئازیزی هەمووماں، ڕەوانت شاد و ڕێگەی خەباتت پڕ ڕێبوار بێ.

هەر لێرەوە جارێکی دی سەرەخۆشی لە خۆمان، لە بنەماڵەی بەڕێزتان بە گشتی و بەتایبەتی لە دایکی بە جەرگ و هاوسەری بە وەفا و دڵسۆز و بە ورەتو لە جگەر گۆشەکانت دەکەم.

هیوادارم ئەو ئازیزانەی کە هەر لە منداڵییەوە بەرگی دێموکراتیان بە بەژن بڕاوە و خوویان بە دێموکراسی گرتووە، ئەو پێوەندییەی لەگەڵ شیری دایکتان بە گەرووتاندا کراوە وەک میراتی باپیران و باوکی بەڕێزتان بپارێزن و لەسەر درێژەدانی باوەڕ و خەباتیان بەردەوام بن تا ڕوحیان شادتر بێ.


سپاس بۆ ئێوە بەشدارانی بەڕێزی ئەو ڕێ و ڕەسمە هاوڕێ و هاوخەباتانی کاک ئەبووبەکری ئازیز کە هەموو کات وەفای خۆتان بۆ ئازیزانی سڵامەت و نەخۆش و کۆچ کردوو بەم شێوە بەشدارییە گەرم و بەرینە دەنوێنن کە بەڕاستی خەڵک دەبێ لێتان فێر بێ.

**داوای ساخی و سڵامەتی و بەردەوامیتان لە خەبات لە پێناو ئازادی و دێموکراسی و دابین کردنی مافی نەتەوەییدا بۆ دەخوازم.**

برای دڵسۆزتان جەلیل گادانی

٣ی فێبریوێری ٢٠١٩

## بۆ ڕێز گرتن لە کەسایەتی سیاسیی کورد هاشم کەریمی لە کۆڕێک لە بریتانیا




کاک هاشم یەکێک لە دۆستانی هەرە خۆشەویستی منە کە ساڵێیانێکی دوور و درێژیە کە ئەو ئاشنایەتی و دۆستایەتێمان کە پیداکردوە بە خۆشیەوە هەتا ئێستا نەپساوەتەوە.

کاک هاشم لە سەرتادا لە ژێر کارێگەری برا گەورەی خۆی کاک محەممەدی کەریمی کە لە بانە لە نیو دۆستاندا بە قاقا ناسراوە. و لە بانە بەوی ناوبانگی دەرکردوە و لە وێرا بۆچوونی سیاسی و هەستی نەتەوەیی بۆ پەیدا بووە و ئەو هەستە رۆژ بە رۆژ گەشەی کردووە تا لە سنی سەروەتردا خۆی نیشان داوە.

کاک هاشم وێرای ئەوەی هەستی نەتەوەی زۆر بووە، لە سەرەتادا موتالیعەی سیاسیشی زۆر بووە و زۆر عەلاقمەند بووە بە موتالیعەی کتیبەکانی لایەنی چەپ و دەحەقیقەتدا بەرەو ئەوە رویشتووە کە بەو نەتیجە بگا کە ئاخۆ کام خەت باشترە و کام خەت هەڵدەبژێرێ. لە ئاخریداو سەرەتاکانی ٤٠ کانەوە پەیوەندی رەسمی بە حیزبی دیموکراتەوە دەکا و دوایی دەبێتە ئەندامی ئەم حیزبە.

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

لە بزووتنەوەی ١٣٤٦ - ١٣٤٧ی هەتاوی دا بەشێک لە مامۆستایان تەبعید دەکران، کاک هاشمیش یەکێک لەو مامۆستایانە بووە کە لە بانە دوور خراوەتەوە، بەڵام بە فورسەتی زانیوە لەو هەل و مەرجەی کەلک وەرگرتووە کردۆە و بەرەو خۆیندنی سەرەوەتر ڕۆیشتووە و حقوقی سیاسی تەواو کردۆە و کە حقوقی سیاسی تەواو کردوو لە حەقیقەتدا لە فکری خۆیدا بۆی بۆتە شتیکی هەمیشەیی و دەکرێ بلێین لەوەتی بیری سیاسی پەیدا کردووە قەت لە سیاسەت جیا نەبۆتەوە، کاک هاشم و من لە تاران بەتایبەتی تێکەلاویمان زۆر لە گەڵ یەکتر هەبوو، ئەوکاتەی کە هەم خوێندکار بوو هەم ماموستا بوو، ئاشنایەتی زیاترم لەگەڵ پەیداکرد و هەستم کرد کە ئینسانێکی سادقە باوەری بە بۆچوونەکانی خویەتی، ئینسانێکی بە مەعنای واقع نەتەوەیی بوو کە وەدوای کەسبی حەق و حقوقی رەوای نەتەوەکەی دەکەوێ. ئیرتباتاتمان زۆر نیزیک بوو و هاتوو چۆی بنەماڵەیمان هەبوو، تا وەکوو لە سالی ١٣٥٠ هەتاوی وەزعیتیک لە بانە هاتە پێش کە بە داخەوە لەو رووداوە ناخۆشەدا کە لە نەتیجەی خەیانەتی کەسانیک کە تا ئیستاش بۆ شەخسی من مەعلووم نین، لەم کاتەدا شەهید قادر وێردی لە گەل چەند کەسیک هاتبوونەوە بۆ کاری سیاسی تەشکیلاتی، بەڵام لەو چووبوون و تا ئەو جیگایە لە بیرمە لە ماڵی شەهید عەزیز مستەفازادەدا تووشی شەر بوون و لە وێ مەلا قادر شەهید دەبی و برادەرانی دێکەش دەگیرێن، بەلەبەرچاوگرتنی ئەوە کە کاک هاشم لە گەل ئەوان پەیوەندی هەبوو. و وەک لە بیرم بێ کاک هاشم هەم بۆ نەوروز چوبووە و هەم بۆ گرتنی پەیوەندی تەشکیلاتی، زۆر نیگران دەبی کە ئەویش بگیرە و بەلایەکی بە سەر بێ. لەو کاتەوە پەرەوازەی باشووری کوردستان دەبێ، لە کوردستانی عێراق لە گەڵ هاوڕیانی حیزبی پیوەند پەیدا دەکاتەوە و دەگەڵیان تێکەڵ دەبێ. چون کورێکی باسەواد و لە عەینی حاڵدا ئەهلی موتالیعە و ئەهلی نووسین بوو زۆر زوو دەبێتە جێ متمانە و دواتر دەبیتە ئەندامی رێبەری حیزب.

کاک هاشم کە لە کوردستانی عێراق ماوەیکی دووردرێژ ماوەتەوە لە لای دەرو دراسە و برادەرانی حیزبییەوە بە نیوی کاک حەسەن ناسراوە.

کاک هاشم نە تەنیا لە نیو حیزبدا چالاکی و فەعالیتی هەبوو بەڵکوو لە گەڵ بەشێکی زۆر لە روشبیران و چالاکانی کوردستانی عێراقیش تێکەڵاوی پەیدادەکا و لە نەزەر ئەوانیشەوە ئینسانێکی زۆر خۆشەویست بووە.

با ئەوەشم لە بیر نەچی کاک هاشم پێش ئەوەی کە قاچاخ بێ نامەیەکی بۆ هاتبوو کە لەویدا ئیشارە بە منیش کرابوو، هێنای نامەکە من بۆم خۆێندەوە ئەو دەم کاک هاشم ئەوجۆرەی بۆ خۆی دیگوت کوردیکەی زۆر تەواو نەبوو، خەتەکەم ناسییەوە، رەنگە کاک هاشم ئێستاش لە بیری بێت خەتەکە خەتی رەوانشاد کەریم حیسامی بوو کە ئەمن پیشتر چەند ساڵێک کارم لە گەڵ کرد بوو، نیوی موستەعاریشم هەر لە بیر بوو کووتم ئەوە خەتی عەونیە، کووتی عەونی کێ یە

گووتم ئەوە دەبی خەتی کاک کەریمی حیسامی بێت، کووتی وەلاهی چاکت ئەو نیوە لە بیر ماوە، کووتم ئەوە نێوی خوازراوی کاک کەریم حیسامی بوو. نامەکەمان خوێندەوە جوابەکەمان نوسیەوە بۆ ناردنەوە. ئیتر لەو دەمەوە ئێمە کەم و زۆر ئاگامان لە یەکتر هەبوو و ئیرتباتمان بە یەکەوە هەبووو لە گەڵ برادەران لە ریگەی کاک هاشمەوە پێوەندیمان هەبوو.

هەتا کاک هاشم کە بە داخەوە مەجبوور بوو بانە تەرک کا و نەیەتەوە تاران و چوو بۆ عیراق، بە مانای واقیع هەم لە نێوهاوڕێانی حیزبیدا کە زۆر بەر لە کاک هاشم لەوێ بوون هەم لە نیو کۆمەڵێکی بەرچاو لە روشنبیرانی باشووری کوردستان جێگای خۆی کردبووە . ئێستاش زۆر کەس لە کوردستانی عێراق لێ دەپرسن و یادی دەکەن و پێیان خۆشە ئەگەر مومکین بێ بیبێنن یان لە نووسراوەکانی کەلک وەرگرن. کاک هاشم شەریفانە کار و ئەرکی خۆی بەجێگەیاند تا ئەوکاتەی کە ئینقلاب کرا و هاوڕێانی حیزبی چەند کەسیک پیشترو چەند کەسیک دواتر گەرانەوە.

و وەختیک گەرانەوە ئیستا ساواک و حکومەت شا هەر لە سەر کار بوون، بەلام لە نێو خۆیاندا کارە کانیان دابەش کردبوو کە کاک هاشم وەبەر سنە کەوتبوو کە بچی لەوێ کار بکا و کاک ئەمیری قازی وەبەر کرمانشان کەوتبوو دەبوو بچی لە کرمانشان کار بکا. ئەمە پیشتر لە گەل هیندیک هاوڕێ و برادەر لەو شارانە ئاشنایتیمان پەیداکردبوو کەم و زۆر هەستەمان دامەزراند بوون بەر لەوەی هاوڕێ یان بێنەوە کاک هاشم و ئەوان کوتوو پر لە تارانێ لێم وەژوور کەوتن. کە لێم وەژوور کەوتن زورم بەراستی پێ جالب بوو کە هەر چەند برێک دەرەنگ بوو بەڵام لە وەختیکی مناسیبدا گەیشتوونەوە و خەریکی تێکۆشان و فەعالیت دەبن. یەک دوو شەو لە لام مانەوە و دوای من هەر کامیکیانم بەرێ کرد بۆ شۆینی خۆیان و چوون لە شوینی خۆیان دامەزران و دەستیان کرد بە تێکۆشان. کە ئینقلابیش سەرکەوت کاک هاشم تیکوشانی بەرچاوی هەبوو لە سنە و دواتریش لە سەقز و لە بانە و ئەو بەشابەی رێکخراو لە راستیدا بەشیکی بەرچاویان بە هیمەتی کاک هاشم دامەزرانەوە و دوایە کار و تیکۆشان بە شیوەیەکی ئاشکرا دەستی پێ کردەوە.

کاک هاشم لە نەزەر خەلکی بانە ئەوانەی دەیناسن ئینسانیکی خۆشەویست و زۆر جێ رێز بوو بێجگە لەوە لە سەقزیش هەر دەیان ناسی و خۆشەویست بوو. لە سنەش هەم خزمیان هەبوو هەم هیندیک لە روشنبیرانی سنە کە پیشتر دەیناسین لە ریگای ئەوانەوە توانیبووی کارێکی باش بکا و بناغەی کاری تەشکیلاتی لەویش وردە وردە دابمەزرێ و پاشانێش کە هێندێک ئەندامی قەدیمی حیزبی دێموکرات لەو مەنتەقانە هەبوون وردە وردە شکلیان گرتوو و سازمان و تەشکیلاتی حیزبی جێی خۆی گرتەوە و خەریکی کار و تێکۆشان و فەعالیت بوون. لە ماوەی دوای کۆنگرەی چواریش کاک هاشم وەکوو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرایەوە و با ئەوەش بلێم، ناوبراو لە شەری ٣ مانگەشدا وەک هێندیک کەس نەتەنها لە چالاکی

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

نەکەوت بەڵکوو زۆر ئازایانە و چالاکانە تەشکیلاتی بانەی بەڕێوە برد. بە گشتی هێزی بانە یا ئەوندە پێشمەرگەی کە هەبوون سازماندرانەوە و چالاکی زۆر بەرچاویان لە خۆیان نێشاندا.

کاک هاشم لە نێو هاوڕێیانی حیزبی و لە نێو رێبەریدا بە ئینسانیکی سادق و خۆشەویست و جێ باوەر دەناسن بۆیە دوای شەری ٣مانگە دەنگی زۆرینەی لە کۆنگرەی چوار دا بە ئەندامی رێبەرایەتی هەڵبژیردرایەوە و بوو بە ئەندامی کۆمێتەی ناوەندی بە دەنگی زورینە بۆ ماویکی درێژ هەر لە تەشکیلاتی بانە وەک مەسئوولی تەشکیلاتی مایەوە. لە دەورەی کار و تێکۆشانی خۆیدا کەسێکی نموونە بوو لە باری بیروباوەر و بە تیکوشان و هەوڵدان بۆ چالاکی حیزبی و بۆیە کاک هاشم لە مەرحەلەیکی دیدا ئەگەر ئیشتبا نەکەم دوای کۆنگرەی ٥ بوو بە ئەندامی دەفتەری سیاسی، و ئەو تێکۆشان و فەعالیەتە هەروا ئیدامەی هەبوو، وەبوو ئێمە دوایی بە تەدریج رێمان کەوتە کوردستانی عێراق. لە کوردستانی عێراقیش ئەو کاتە کە هەموو حیزب یەکپارچە بە یەکەوە کارمان دەکرد ئینسانیکی چالاک و جێ باوەر بوو و هەم دواتریش کە رێبەرایەتی شۆرشگیر لە حیزبی دێموکراتی کوردستان ئیران جیا بۆوە چالاکی کاک هاشمی زۆر بەرچاو بوو. لە راستیدا کاک هاشم زۆری حەز دەکرد لە کوردستان بمێنیتەوە و بە کار و چالاکی خۆی ئیدامە بدا بەڵام چونکوو هەم منداڵەکانی ورد بوون و هەم شەرایتەکە یەکجار سەخت بوو، بنەماڵەکەشی لە کوردستان هەلکەنرابوون بەینیک چوون بۆ تورکیە و دواتر چوون بۆ ئینگلیستان و ئێستا لە ئینگلستان نێشتەجێیە. بەڵام دەگەڵ ئەوەی لە ئینگلستانە هەم لە نێو برادەرانی حیزبیدا خۆشەویستی خۆی پاراستووە و هەم لە نێو روشنبیرانی ئێرانی لە بریتانیا کاک هاشم وەک جاران و جێگای باوەرە و هەموومان بە دل خۆشماندەوێ. لە چەند کەلێمەدا خولاسەی دەکەمەوە کاک هاشم وەکوو کادریکی بە وەجی حێزبی هیچ کات لە بەرێوەبردنی ئەرکی حیزبی خۆی تا ئەو جێ یە مەسئولیەتی هەبووە کوتایێ نەکردۆە و ئەو پەری فیداکاری کردۆە و لە لایەکی دێکەشەوە جگە لە باری فیکری و بێجگەلە تێکۆشانی تەشکیلاتیەوە، کاک هاشم فەعالیەتی بەر چاوی نووسێنی هەبوو چ لە گەڵ رۆژنامەی کوردستان و چ لە گەڵ رادیۆ دەنگی کوردستان و چ لە گەڵ ئەو برادەرانی کە ئێستاش لە دەرەوە فەعالیت و تیکۆشانیان هەیە. قەلەمیکی زۆر پوخت و پاراو و رەسای هەبووە لە حەقیقەتدا دەکری بلێین کاک هاشم کە علومی سیاسی خۆێندووە و لیسانسی علومی سیاسی هەبوو بە مانای واقیع سیاسەتەکەی کە خویندوویەتی دەکاری هێناوە بە و بە قازانجی میللەتەکەی بووە بۆیە کاک هاشم هەمێشە جێی رێز بووە و هەمێشەش جێی رێزە، من بە دڵەوە داوای سلامەتی و تەمەندرێژی بۆ دەکەم و هێوادارم لە هەر فۆرسەتیک بۆمان بێتە پێشێ چ لە کوردستان و چ لە دەرەوەی کوردستان بتوانێن کاک هاشم ببێنێن و لە مەعلومات و پاکی و زانیاری کەلک وەربگرێن و ئیستیفادە بکەیَن. جارێکی دێکە من سپاسی ئەو کەسانە دەکەم کە ئەو رێ و رەسمەیان بۆ رێز گرتن لە کاک هاشم پێکهێناوە و هێوادارم ئەوە ببێتە نەرێتیک بۆ نەتەوەکەمان کە لە کەسایەتی یەکانی خۆی و ئەو کەسانەی کە بەشێکی هەرە زۆر لە تەمەنی خۆیان لە پێناو ئازادی و سەربەخۆیی نەتەوکەماندا سەرف کردوە لە کاتی خوێدا قەدرێان بزانین و رێزیان لێ بگرین بۆ ئەوەی کە

جەوانانی ئەورۆیێ تەشویق بن و ئەو ڕێگا و ڕێباز درێژە بدەن.

جارێکی دێکە داوای سەلامەتی بۆ کاک هاشم دەکەم و هێوادارم تەمەنی درێژ بێت و هەر بەرقەرار بێت

ڕێزلێنانی بنکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لەندن لە بەرێز کاک هاشم کەریمی

٨ی جووڵای ٢٠١٧

---

## بۆ یادی ڕەوانشاد هاوڕێ نەبی قادری




کاک نەبی قادری لە ڕۆژێکی وەک ئەوڕۆ دا لە کۆپێنهاگی پیتەختی دانمارک دا و دوور لە نیشتمان زۆر زووتر لەوەی چاوەروان دەکرا پاش نەخۆشێکی سامناک و بێ عیلاج کە تووشی ببوو فەوتی کرد و گۆڕی یارانی خەباتکاری بەجێ هێشت و درێژەی ڕێگەی پڕ لە شانازی خەباتی بەوان ئەسپارد و بەداخی گرانەوە ئاواتی رزگاری گەل و نیشتمانی بردە بن گڵ. تەرمی پیرۆزی لە نێو کۆمەڵێک لە هاوڕێیانی وەفادار و خزمانی بەرێزی کە لە دوور و نیزیکەوە خۆیان گەیاندبووە دانمارک، هەر لە گۆڕستانی ئەو شارە بە خاک ئەسپێردرا.

کاک نەبی ڕەوانشاد هەر لە سەرەتای لاویەوە بە هۆی ئەوەی لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەر دا گەورە ببوو خاوەنی هەستێکی پاک بوو، خولیای خەبات و تێکۆشان بوو. لە مەکتەب، لە خوێندنی زانکۆ، لە نێو ئاوالان و یاران دا ئەو هەستەی پێوە دیار بوو. لە هیچ کات و زەمانێک دا لە پەرەپێدانی ئەو بۆچوونە کوردانەیەی غافڵ نەبوو، مەسەلەی نەتەوەیی بە قووڵی لە دڵ و دەروونی دا جێی گرتبوو، هەر بۆیەش لە یەکەم دەرفەتدا کە بۆی لوا ئازایانە هاتە مەیدانی خەباتی ئاشکراو لەو پێناوە دا وازی لە ژیانی ئاسایی هێنا و ڕاستەوخۆ لە ڕیزی حیزبی دێموکرات دا بەرپرسایەتی وەرگرت. لە بەرە ئەوەی مرۆڤێکی ڕاست و دروست بوو و بە ئیمانی تەواو ئەو ڕێگایەی هەڵبژارد بوو، بێ وچان لە تێکۆشان


سەرچاوە
Serchawe

## بۆ یادی ٥ ساڵەیماڵئاوایی

دا بوو، زۆر زوو هاتە ڕێزی ڕێبەرایەتیی حیزب و بوێرانەتر لە پێشوو هەوڵی دەدا. کاک نەبی مرۆڤێکی ئازاو بە جەرگ بوو، لە هەر شوێنێکی کوردستان کاری پێ سپێردرابا بەو پەڕی فیداکارییەوە ئەرکی خۆی بەجێ دەگەیاند. کاک نەبی لە حیزبی دێموکرات، ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ دا دوو دەورە بوو بە ئەندامی دەفتەری سیاسی، دوایین بەرپرسیایەتی ئەو مرۆڤە شۆڕشگێر و مرۆڤ دۆستە بەرپرسایەتی ڕێکخراوی حیزب لە ئوروپا بوو کە بە هاوکاری هاوڕێیانی کۆمیتە لە بەرێوە بردنی کاروباری دەرەوە، لەو ئەرکەش دا زۆر سەرکەوتوو بوو.

بێگومان هەر کەس بۆ دەورەیەکی کورتیش کاری لەگەڵ کاک نەبی کردبێ هیچ کات تایبەتمەندییە بەرزەکانی ئەو مرۆیە لە بیر ناکا، بە دڵنیایی وە دەڵێم هەتا هاوڕێیانی لە ژین دا مابن، لە دڵی یەک یەکمان دا یادی زیندوە و ئێمەش ئەرکمان درێژەدانی ڕێگەی خەباتی ڕەوای کاک نەبی و هەموو شەهیدانی کوردستانە.

**ڕەوانی کاک نەبی و هەموو شەهیدان شاد و ڕێگەیان بۆ گەیشتن بە ئامانجی پیرۆزیان پڕ ڕێبوار بێ.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١ی دێسەمبەری ٢٠٠٦



سەرچاوە Serchawe

## وتەکانی لە ڕێورەسمی پرسە و سەرەخۆشیی کاک عوسمان ڕەحیمی دا




**بەڕێزان!** لەلایەن کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە بەخێرهاتنتان دەکەم. هیوادارم جارێکی دیکە بەو دەستوورە لە دەوری یەک کۆ نەبینەوە و عزیزانێکی وەک ئەو هاوڕێ خەباتکارو نەبەز و خۆشەویستەمان لە دەست نەدەین کە لەو پەڕی دڵنیایی لە سەرکەوتن بەداخەوە کۆچی ناوەختی کرد و جێی هێشتین. ئیزن دەخوازم کورتەیەک لە ژیانی کاک عوسمان ڕەحیمی تان پێشکەش بکەم:

کاک عوسمان لە ساڵی ١٣٣٥ ه. لە شاری بانە لە بنەماڵەیەکی بە مەعنای واقیعیی کەلیمە نیشتمانپەروەر هاتە دنیا. لە ئامێزی دایک و بابێکی کورد و دێموکرات دا پێگەیشت. چونکە بابی لە سەردەمی کۆمار پێشمەرگەیەکی ئازای کۆمارە ساواکەی کوردستان بوو، دوای کۆماریش چەندین جار تووشی دەربەدەری هات و چەندین جار کەوتە زیندانی شا، بەڵام کۆڵنەدەرانە و خۆڕاگرانە من وەک شاهێدێکی زیندوو لە بەندی فلک الافلاک و جەڵدیان ئیفتخاری هاوبەندیم دەگەڵی هەبوو هەرگیز بۆ لەحزەیەکیش سەری بۆ دوژمنانی ئازادی و گەل و نیشتمان شۆڕ نەکرد. کاک عوسمان لە ساڵی ١٣٥٧دا کە خویندکارێکی وریای زانکۆی دامپزشکی بوو لە ساڵی پێنجەم دا لە دانشگای تاران دەرسی دەخوێند چی وای نەمابوو بە پایانی بگەیەنێ کە هەستی نیشتمانپەروەری و ئینساندۆستی و بێزاری لە حکوومەتی پەهلەوی هەر لەو کاتەدا بەو پەری کۆششەوە دەرسەکەی درێژە دەدا واریدی سەفی خەبات بوو و هەمیشە لە ریزی پێشەوەی خۆپێشاندانەکاندا حازر و ئامادە

بوو. بەوەش ئیکتفای نەکرد و چووە شاری بانە و شان بە شانی باوک، براکان و هاوڕێیانی ئەو ئەرکەی تا سەرحەددی سەرکەوتنی شۆڕش بەجێ گەیاند.

هەستی نیشتمانپەروەری و تێکۆشان لە پێناوی ئازادی دا لە کاک عوسمان دا ئەوەندە بەهێز بوو نەتەنیا خوێندن بەڵکوو لە یەکەم رۆژەکانی هاتنە سەرکاری رێژیمی جمهووریی ئیسلامی دا شان بە شانی براکان و هاوڕآکانی شاری بە جێهێشت و هاتە نێو ریزی خەباتی پێشمەرگایەتی یەوە. لە خەباتی پێشمەرگایەتی دا نموونەیەکی ئازا لە خۆراگری، لە تەوازوع، لە هەستی دڵسۆزی بۆ جوتیاران و زەحمەتکێشانی ناوچە بوو. بە ئەندازەیەک تەوازوعی بوو زۆر جار لە عەینی حال دا کە بەرپرسایەتیی لە سەر شان بوو حەزی نەدەکرد وەپێش هاوڕێکانی موسین تر لە خۆی بکەوێ. حەزی نەدەکرد وەک بەرپرس بی ناسن. بۆ ئەو وشەی پێشمەرگایەتی گەورەترین شانازی بوو. هەر لەسەر ئەو بۆچوونە لەسەر ئەو میزانە زانستە کە هەیبوو پەرەی بە زانستی زیاتری خۆی‌دا بە عینوانی دێموکراتێکی واقعی هەمیشە لە جەلەساتی حیزبی دا وەک سوخەنوەرێک نەزەراتی خۆی دێنا گۆڕێ. کاک عوسمان هەر ئەوەندە کە لە مەیدانی نەبەرددا فەردێکی دڵسۆزو ئازا بوو لە مەیدانی سیاسەتیش دا سەراحەتی لەهجەی هەبووء بوێرانە مەسائیلی مەترح دەکرد دڵسۆزانە رەخنەی دەگرتء نەتیجەی لە قسەکانی بە شێوەیەک دەگرت کە تەنانەت ئەو کەسەی کە رەخنەشی لێدەگرت لە دوان و کەلامی کاک عوسمان دڵخۆش دەبوو. لە نتیجەی ئەو تێکۆشان و خوو خەسلەتە ئینسانی یە دا بوو کە لە کۆنگرەی حەوتەم دا وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەڵبژێردرا. کاتێک بە بۆنەی سەرکەوتنەکەی پیرۆزبایی مان لێدەکرد دەیگووت هەر ئەوەندە بۆ من شانازیە کە وەک پێشمەرگەیەک جێگای برای شەهید عومەرم گرتۆتەوە کە ئەویش ساڵێک دوو ساڵ پێش تر لە سەنگەری خەبات لە کاتی کۆنفرانسی حیزبیی مەنتەقەدا بە پریشکی خۆمپارەی دوژمنی خوێن خۆر شەهید بوو.

کاک عومەر ئەو کات ئەندامی کۆمیتەی حیزب لە بانە بوو، خوو و خەسلەت و بۆچوونی دەگەڵ ئەو کاتی پێشمەرگەیەکی سادە بوو فەرقی نەبوو یانی روحی دێموکراسییەت و رووحی تەوازوع لە هەموو ئەبعادی خۆیدا لەو هاوڕێیەی ئێمەدا وجوودی هەبوو. کاک عوسمان بڕوایەکی قووڵی بە سەرکەوتن هەبوو. لە موقابیل عەزەمەتی فکریی پێشمەرگە دا دوژمنی بەهیچ شتێک حیساب نەدەکرد. لە دو کەلیمەدا ترس بۆ کاک عوسمان مەترەح نەبوو۔ ئیحتیات لە جێی خۆیدا۔ ترس بە هیچ وجهە نەیدەتوانی لە حادترین شەرایەت دا بەسەر کاک عوسماندا زاڵ بێت. کاک عوسمان هەموو کات لەگەڵ ئەوەی کە حەزی دەکرد ئەوەی دەیزانی بە سادەترین پێشمەرگە و کادری حیزبی مونتەقیل بکات، بۆخۆشی بە دڵگەرمیی تەواوەوە هەموو کاتی بێکاری خەریکی موتالیعە و فێربوون بوو بەو مەعنایە کە بڕوای تەواوی بەوە هەبوو کە ئەوەی دەیزانی فێری هاورێیانی کاو ئەوەی نایزانی بێ پەروایانە و بە شەهامەتەوە فێری بێ. بۆیە کاک عوسمان رەحیمی لە واقیع دا ببوو بە یەکی لە نوخبەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان. بۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستانیش لە هەموو مەقتەحێک دا هیوایەکی

بەرزی پێی هەبوو. کاک عوسمان هەر مەسئولییەتێک کە پێی ئەسپاردرابایە قەبووڵی نەدەکرد یان ئەگەر قبووڵی کردبا بە دڵسۆزی یەوە ئەنجامی دەدا. حەسانەوە و ئاسایش لە پێناو ئەنجامی ئەرکی حیزبی و فیداکاری لە ڕێگای رزگاریی نیشتماندا بۆ کاک عوسمان رەحیمی مەعنا و مەفهوومی نەبوو، شەو و رۆژ لە روانگەی کاک عوسمانەوە یەکسان بوو. تا کاری حیزبیی هەبایە مەحاڵ بوو بە کارێکی شەخسی، تەنانەت بە کاری ماڵیش رابگا. کاک عوسمان لە ژێر کاریگەریی هاوڕێیانی دا هاتە سەر ئەو باوەڕە ئیزدواج بکا. بە خۆشی یەوە لەگەڵ خوشکی بەرێزمان پەخشان خان ئیزدواجی کرد. لەگەڵ ئەوەی ژیانی سادەی پێشمەرگایەتیی دەگوزەراند بەڵام تەفاهوم و پەزیرایی و گەورە دڵی لەو ماڵە دەباری. من لە ژیانی خۆم دا کەسم نەدیوە کە ئاوا بێ ئیمکان بێ بەڵام ئاوا دڵ ئاوەڵە و دەست و دڵباز بێ.

میوان بۆ ئەو خۆشەویست ترین کەس بوو بە باشترین شێوە چ لەلایەن خوشکە پەخشان چ لەلایەن خۆیەوە وەردەگیرا و پەزیرایی لێدەکرا. خەسلەتێکی لەو بارەیەوە بە مەعنای واقیعیی وشە حاتەمانەی هەبوو. کاک عوسمان هەموو ئەو بەرپرسایەتیانەی کە قبووڵی کردوون، بە لە سەرەخۆیی و هێمنی ئەنجامی داون. کاتێک وەک ئەندامی رێبەریی حیزب بە فەرمانی کۆمیتەی ناوەندی سەفەری دەرێی کرد لە ئاڵمان لە کەمپ دا دەژیا، من لەوێ لە نزیکەوە دیتم کە لە خراپ ترین وەزعدا دەژیا، بەڵام ورەی ئەو ئینسانە بە نیسبەت زەمانی پێشمەرگایەتی یەک زەررە فەرقی نەکرد بوو. بەڵام دەیگووت ئێستا نیشتمان بۆ من عزیزترە و ئێستا پێشمەرگە بۆ من خۆشەویست ترە و کوردستان لەلام لە هەموو دنیا عەزیزترە. دوای ئەوەی ئیقامەی وەرگرت بەو پەڕی شانازی یەوە گەڕایەوە بۆ کوردستان، دەگەڵ ئەوەی ئیمکانی هەبوو سەفەری دەرەوە بکا تەنانەت بۆ یەکجاریش سەفەری دەرەوەی نەکردەوە. ئەو پێی وابوو ئەو کاتەی لە نێو پێشمەرگە دایە و لە نێو کەمپ یا مقەڕی پێشمەرگە دا دەمێنێتەوە خۆشترین ژیانی هەیە و گەورەترین لەززەتە بۆ ئەو. بەڵێ ئێمە ئینسانێکی ئاوا گەورە و ئاوا بەرێزمان لە نێوخۆماندا دەدیت. هەم لە نەزەر پێشمەرگە و هەم لە روانگەی کادرەکانی حیزبەوە تا ئاخرین دەرەجە حورمەتی مەحفوز بوو و وەک برایەکی خۆسەویست هەمیشە لە مێزی خۆشەویستی و عزیزانی دایە. کاک عوسمان لەو مەقتەعەی دوایی داو دوای لێک دابڕان کە دەتوانم بڵێم گەلێک ئەو لێک دابڕانەی پێ ناخۆش بوو هەموو خوشک و برایان شاهیدن کە ماڵەکەی وەک تەکیە و خانەقای لێ هاتبوو و هەرگیز پێوەندیی لەگەڵ هاوڕێیانی ناوخۆ نەدەبڕی و لێیان غافل نەبووء لەحزیەکیش لە ئەنجامی وەزیفەی حیزبی غافل نەبوو. حەتتا هێندێک جار هەر لەو ماوەیەدا جێگای نەبوو لێی دانیشی، کە رۆژی دوو جار دەهات و دەچوو. ئەگەر ئێمە هەموومان دڵ بەخەم و خەمبارین بە بۆنەی ئەو هەمووە خەسلەتە عالی و ئینسانی یەوە بوو کە لە وجوودی دا هەبوو. کاک عوسمان وەک ئینسانێکی نموونە لەباری ماڵی یەوە حاتەم بوو لە باری پێشمەرگایەتی یەوە لەو پەڕی ئازایەتی دا لە باری سیاسی یەوە پڕ و تەسەل بوو. هاوڕێیانی مەشوەرەتیان پێدەکرد و دەبووا مەشوەرتیان پێکردبا. هەر بۆیەش لە ئاخرین لەحزە دا کە وەک راوێژکاری دەفتەری سیاسی ئەنجامی وەزیفەی دەکرد منیش ئیفتخاری هاوکارییم لەگەڵی هەبوو هەمیشە دەی پرسی کۆبوونەوەمان وەدوا نەکەوتوە؟

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

مەسەلەیەکی تازە نیە باسی لەسەر بکەین باسێک لە حاڵ و ئەحواڵی میللەتەکەمان بکەین. غافل نەبوو لە دەربڕینی هەست و فیدکاری و ئەوپەڕی خۆماندوو کردن لە پیناو حیزبە خۆشەویستەکەی دا. یەکێک لە هۆکارەکانی ئەو رووداوە دڵتەزێنەی سەکتەی قەلبی کە تووشی کاک عوسمان هات، خەمخۆری و گیانفیدایی لە پێناو بۆچوونی حیزبەکەی دا بوو. کاک عوسمان بەو رووحە گەورەی کە هەیبوو دڵنیام لە ئاخرین لەحزە دا تەوسیەی بۆ هاورێیانی ئەوە بووە کە بەو پەڕی ئینساف و تواناوە لە رێبازی رزگاریی نەتەوەکەیاندا و لە رێبازی حیزبی دێموکراتی کوردستانی دا تێبکۆشن و کۆل مەدەن و دڵنیای کردووین کە سەرکەوتن بۆ ئێمەیە و سەرشۆڕی بۆ دوژمنانمانە.

لەلایەن دەفتەری سیاسی یەوە پڕ بەدڵ سەرەخۆشی بە خوشکە پەخشان و سێ کۆرپەکەی سامان و سورکێو و سنووری بچکۆلانە و برا بەرێز و خوشکە ئازیزەکانی و هەموو خەڵکی بانە بە تایبەتی و خەڵکی کوردستان بە گشتی دەکەین و بەڵێن دەدەین تا سەرکەوتن درێژەدەری رێگای عوسمان رەحیمی و رەحیمی یەکانء هەموو شەهیدانی رێگەی ئازادی و رزگاریی نیشتمان بین و سپاس بۆ ئێوەش بۆ گوی گرتنتان.

**رەوانی هاوڕێی کۆچ کردوو و شەهیدمان کاک عوسمان و هەموو شەهیدان شاد و رێگایان پڕ رێبوار بێ.**

سەرچاوە: نامێلکەی تایبەتنامەی کۆچی ناوەختی تێکۆشەر کاک عوسمان رەحیمی



سەرچاوە Serchawe

## پەیامی سەرەخۆشی بەبۆنەی کۆچی دوایی سارم خانی سادق وەزیری-یەوە




بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە گەورەپیاوی کورد و سیاسەتوان و مافناس، زانا و خەباتکاری نەبەزی ناودارمان، سارم خانی سادق وەزیری بەرەبەیانی ڕۆژی چوارشەممە ١١ - ٤ - ٢٠١٨ لە وڵاتی سوئیس کۆچی دوایی کرد و بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە گەل و نیشتمان کرد و بەئامانجە لەمێژینەبەرزەکانی نەگەیشت.

بەم بۆنەوە سەرەخۆشی خۆم و بنەماڵەی گادانی لە بنەماڵەی بەڕێزی کۆچکردوو و هەموو کوردی دڵسۆز و تێکۆشەر و هەموو مافناسانی ئازادیخوازی کورد و ئێرانی دەکەم. لەدەستچوونی مرۆڤێکی ئاوا بەبیروباوەڕ کە بەشی هەرەزۆری تەمەنی ٩٧ ساڵەی لەپێناوی ئازادیی و دیموکراسیدا بەخت کردووە، جێگەی داخە.

**هیوادارم ڕێگەی تێکۆشان و خەباتی بەردەوام و ڕۆحی گەورەی شاد بێ.**

جەلیل گادانی - پاریس؛ ١١ - ٤ - ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

## بۆ شادرەوان کاک عەزیز یوسفی




کاک عەزیز یوسفی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب دوای نزیک بە ٢٥ ساڵ لە بەند دا بوون کە دواجار ١٩ ساڵی تەواو لە بەندیخانەکانی شا دا مابووەوە، تووشی نەخۆشی ببوو و لە ساڵی ١٣٥٦ لە بەندیخانە رزگار ببوو، بەداخەوە لە ١٤ی جۆزەردانی ١٣٥٧ لە تاران فووتی کرد. لەسەر پێشنیازی جەلیل گادانی و چەند هاوڕێی دیکەی حیزبی تەرمەکەی براوە بۆ مەهاباد، بەڵام تەرمەکەی هەر لە تاران کە وەدەرکەوت. لە لایەن جەماوەرێکی زۆرەوە بەدرەقە کراو لە مەیدانی شەهیادی ئەو کات کاک سارم الدین سادق وەزیری بە فەرمایشە جوانەکانی دڵی عالەمی هەژاند. بە پێچەوانەی تێبینی ئەمنییەتی بەرپرسانی رێژیم جادە و شەقامەکانی میاندواو و مەهاباد پڕ لە پۆلیس کرا بوون . بەڵام سەرەڕای ئەوەش رێ و رەسمەکە جۆرێک رێکخرا کە بە هەزاران کەس لە رێ و رەسمی بە خاک سپاردنی دا بە رێپێوان بەشدار بوون. لە گۆڕستان جەلیل گادانی وێڕای باسێکی کورت لەسەر ژیانی تێکۆشەر عەزیز یوسفی و سوپاس لە جەماوەری دڵسۆزی شاری پێشەوا قازی، داوای لە مامۆستا شێخ عیزەدین کرد بە کوردی و بە لەباری تەڵقێنی بدا. ئەویش تەئسیری تایبەتی خۆی دانا.

سەرخۆشییەکی سێ رۆژی زۆر قەرباڵغ و سیاسی لە خانەقای نەهرێ بۆ داندرا، رۆژی سێهەم بە پێچەوانەی هەڕەشەی

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

ساواک زیاتر لە بیست هەزار کەس کە لە زۆربەی شوێنەکانی کوردستانیش راهاتبوون. ڕێپێوان لە شوێنی سەرەخۆشی را تا سەر گڵکۆکەی دەستی پێکرد.

**لەم ڕێ و ڕەسمە دا چەند کەس بەهەستی خاوێن و نێوەرۆکی سیاسییەوە قسەیان کرد کە بریتی بوون لە:**

١- کاک جەلیل گادانی

٢- حەوسەت دەبباغی

٣- فەوزیە جەوانمەرد

٤- موهەندیس سلێمان تیکان تەپە.

شوێنەوای ئەم ڕێ و ڕەسم و قسانە بەرادەیەک بوو کە خەڵک لە گەڕانەوە دا چوونە سەر گڵکۆی شەهیدان سلێمان موعینی و مەلا مەحموودی زەنگەنە. لەویش لە لایەن کاک عومەر قازییەوە چەند قسە و دروشمێک گوترا. جەماوەر کە هاتنە سەرشەقام، دەستیان بە دروشم دان دژی ڕێژیم کرد و بوو بە خۆپیشاندان.

ئەو کارانەی لە پێوەندی لە گەڵ فووتی کاک عەزیز یوسفی دا بەو شێوەی باس کرا و لە پێشدا هاتنە گۆڕێ، یەکەم خۆپیشاندانی کوردستان لەم فەترەیە دا بوو.

ساواک بە دوای ئەم خۆپیشاندانانە دا لە ماوەی دوو ڕۆژ دا نزیکەی چل کەسی لە خەڵکی مەهاباد گرت، هێندیک وەک خەلیل گادانی و حەسەن ماوەرانییان لە تارانەوە هێناوە. هێندێک لەم کەسانەی لەسەر ئەو ڕووداوە گیران و لە بیرماوەن:

**خەلیل گادانی، جەلیل گادانی، محەممەد گادانی، عومەر قازی، سەید حەسەن هاشمی، سەید محەممەد نیزامی، عومەر شێخ محەممەدی، حەسەن ماوەرانی، قادر ماوەرانی، عەزیم موەفەقی، پۆڵا نانەوازادە، کەریم ئەفسەر دلێر، قاسم سۆڵتانی، حوسێن وەستا جەلیل، وشیار ئیمامی، سیامەند موعینی، حوسین بەخشی، سەعید کوێستانی، مەلا سادق سەید خدر، خوسرەو مێعمارئازەر، تەها کەرباسی، حەوسەت دەبباغی، قاسم چیرە، محەممەد ئەمین چیرە، ئیبراهیم شێخانی، خوسرەو خوسرەوی، و عەبدوڵڵا گادانی.**

**تایپ کردنەوە : ڕەحمان نەقشی**

**سەرچاوە: کتێبی ٥٠ ساڵ خەبات نووسینی بەڕێز کاک جەلیل گادانی،**



سەرچاوە Serchawe

## شەهید مەلا ڕەسوڵ گەردی کادرێکی وەفادارو کۆڵنەدەری حیزب بوو.




مەلا رەسول هەر وەک زۆر لە فەقێکانی کوردستان لە دەورەی خوێندندا لەو حوجرانەی فەقێیان و لە لای ئەو مامۆستا بەڕێزانەی کە لەو سەردەم دا وەک ناوەندی ڕۆشەنبیری دەهاتنە ئەژمار و هەستی نیشتمان پەروەری و کوردایەتیان تێدا دەجولاً بانگی کوردایەتی بە گوێدادراو وەک دەیان و سەدان فەقێ ئەوەی دەرک کرد کە کوردە و ئەو نەتەوە بێ بەشەی نیشتمانێکی بە ناوی کوردستان هەیەو ئەرکی سەرشانی ئەوو هەموو رۆلەیەکی تێگەیشتووی کوردە کە بۆ ئازادی گەل و رزگاری نیشتمانەکەی تێکۆشێ. بێ گومان ئەویش لە ریگەی مامۆستاکانیەوە بە سەر هاتی کۆمارە جوانەمەرگەکەی کوردستان و ئەو مەودا کورتەی ئازادی کوردی بیستبوو و لە دڵ و دەروونی خۆیدا دەسووتا و لە هەل و مەرجێکی لەبار دەگەرا کە هەستی خۆی دەربرێ و بە کردەوە لە پێناو نەتەوەکەی دا خەبات بکا.

لە ناوچەکانی لاجان و پیرانان دەگەڵ هێندێک لە بەرپرسانی حیزبی ئەودەورە کەم و زۆر پەیوەندی پەیدا کردبوو بە شێوەی نەهێنی خەباتی دەکرد، هەرچەندە دواتر بەشێک لە هاوخەباتەکانی گیران یا دەربەدەر بوون بەڵام ئەو خۆی پاراست تا لە سالەکانی ٤٧ - ٤٦ کادرەکانی کومیتەی شۆڕشگێری حیزبی دیموکراتی کوردستان دەستیان کردەوە بە

تێکۆشانی سیاسی و تەشکیلاتی و لە زۆر شوێنی موکریان لە ئاکامی شەر فرۆشی حوکمدارانی دەوڵەتی تووشی شەریش دەبوون.

حەرەکەتی ئەو سەردەم گوڕوتینێکی تازەی دا بە خەڵکی زەحمەتکێش و ڕۆشەنبیرانی کوردستان. شاهیدی زیندوو هەیە کە مەلا ڕەسوول دەگەڵ چەند مەلایەکی دیکە چەند جارێک چاویان بە کاک فایق واتە شەهید سلیمان معینی و هاوڕێ یان و تێکۆشەرانی ئەو کات کەوتووە.

لە یەکەم حەرەکەتی ئیعترازی سالی ٥٧ی هەتاوی لە ناوچەی خۆیان دا بەشداری کردوە و دەنگی بە دژی ڕژیمی شا بەرز کردۆتەوە و لە خۆپێشاندانەکانی دا بەشداری کردوە.

دوای سەرکەوتنی شۆرشی گەلانی ئێران کە بە ناحەق ئیسلامە توندڕەوەکان دەستیان بە سەر داگرت بە ئاشکرا خۆی لە ریزەکانی پێشەوەی تێکۆشانی ئەو سەردەمی ناوچەی پیرانشاردیتەوە. زۆر زوو میزانی ئیمان و سەداقەتی خۆی بۆ هاوسەنگەرانی دەرخست و بەشداری چالاکانەی لە کاروباری حیزبی بە تایبەتی لە بواری کۆمەلایەتیدا دەکرد. ئەوپەیمانەی کە لە ڕۆژی حیزبی بوونیدا دەگەڵ گەل و نیشتمانی بەست و ئەو بەڵێنیەی بە حیزبی دیموکراتی دا سەرەڕای زۆر کەندو کۆسپی ژیان و کۆچ و کۆچبار و گوێزە گوێزی کە لەو ناوچەرا بۆ ناوچەیەکی تر و لە کوێستانەوە بۆ گەرمێن و لە گەرمێنەوە بۆ کوێستان بۆی دەهاتە پێش، نەبەزانە ئەرکی خۆی بە شێوەی شیاو لە هەموو ئەو بەرپرسیارەتیانەی دەکەوتە سەر شانی بەریوەبردو تا ئاخرین ڕۆژی ژیانی وەک کادرێکی هۆشیار و لێزان و وەفادار ئەوەندەی توانی لە ڕێگەی رزگاری کوردو کوردستان و گەیشتن بە ئامانجەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان تێکۆشا.

شەهید مەلا ڕەسوول چەند تایبەتمەندی پێویستی حیزبایەتی و تێکۆشانی کوردایەتی وەک ئیمانی بە هێز، سەراحەت و پاکی و سەداقەتی تێدا بوو. هەولی دەدا ئەو سفەتە باش و مرۆڤانە بۆ ئەندامانی بنەماڵە و کەسانی دەوروپشتی بگوێزێتەوە. هەر بۆیە ئەندامانی بنەماڵەکەی ئێستاش بە بیرو باوەرو ڕێبازی دیموکرات وەفادارن و دوای شەهید بوونی ئەو مرۆڤە فیداکار و کۆڵنەدەرە وەک میراتگرێکی بە نرخ بۆیان جێ ماوە.

بەڵێ مەلا رەسوول و چەند هاوڕێی بە پیلانێکی ناجوانمێرانەی ڕژیمی تروریست پەروەری کۆماری ئیسلامی تێدا چوون و گەیشتنە کاروانی سەربەرزی شەهیدان و نەمرانی نەتەوەکەمان بەڵام بیروباوەری ئەوان و باقی شەهیدان ڕۆژ دەگەڵ ڕۆژ گەشەدارتر دەبێ و دوور نیە ئەو ڕۆژەی لە ئاکامی درێژەدانی ڕێگایان لە لایەن هاوسەنگەران و خۆشەویستانیان

بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

ئاواتەکانیان وەدی بێ و مزگێنی سەر کەوتنیان بە چەپکە گوڵی سوور و ئاڵ بۆ بەرین.

ڕێگەی خەباتی شەهیدانی کوردستان پڕ ڕێبوار بێ.


براتان جەلیل گادانی

خەرمانانی ٢٧١١ی کوردی = نۆڤەمبەری ٢٠١١ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe

## مامجەلال هەوێنی یەکیەتی و برایەتی و ئاشتەوایی و پێکەوە ژیان بوو.




مام جەلالی گەورە سیاسەتمەداری هەرە ناسراوی کورد، مام جەلالی خەباتکار، لێبراو، ڕفیق دۆست و میهرەبان و دڵسۆزی کورد و کوردستان، مامجەلالی ماندوویی نەناس دڵە گەورەکەی وەستا و جێی هێشتین.

کۆچی مامجەلال ڕێبەری مەزن بۆ هەموو کوردێکی بەشەرەف لە هەرچوارپارچەی کوردستان هەواڵێکی دڵتەزێنە.

نەتەوەی کورد بە تێکڕا خەباتی بێوچان و دوور و درێژی مامجەلالی لەبەر چاوە و خزمەتە گەورەکانی بە گەل و نیشتمان هیچ کات لە بیر ناکا.

مامجەلال هەوێنی یەکیەتی و برایەتی و ئاشتەوایی و پێکەوە ژیان بوو.

نە لە پۆستی سکرتێری و نە لە پۆستی سەرکۆماری عێراقدا لە خۆبایی نەبوو و دۆستانی خۆی لە بیر نەکرد. لەو کاتەوە کە ناسیم و لە نزیکەوە دیتم و دەیان جار لەگەڵی دانیشتم وام ناسی کە مرۆڤێکی وردبین، وشیار، ڕاستگۆ، سەریح و خاوەن بڕیار و هەڵوێست بوو.

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

دڵە گەورەکەی مامجەلال هەموو کات بۆ کورد و کوردستان لێیداوە، بەداخێکی گرانەوە مەرگ مەودای نەدا کوردستان بە سەربەخۆیی ببینێ کە هەموو ژیانی لە پێناویدا بەخشی.

بە بۆنەی ئەو کۆستە گەورەی لەدەست چوونی مامجەلال، کۆچی دوایی ئەو ڕێبەرە مەزنە کە خەسارێکی گەورەیە و بە هاسانی پڕ نابێتەوە لە لایەن خۆم و بنەماڵەی گادانییەوە لە نەتەوەی کورد و هەموو حیزبە تێکۆشەرەکانی هەر چوارپارچەی کوردستان و بە تایبەتی لە ئەندام و لایەنگرانی یەکیەتی نیشتمانی بە گشتی و بەتایبەتی تر لە بنەماڵەی بەڕێزی تاڵەبانی و ڕێبەرایەتی یەکیەتی سەرەخۆشی دەکەم و هیوا دارم هەر وەک مام جەلال دەیفەرموو "بە هەستی نەتەوەیی و بەرپرسایەتییەکی شۆڕشگێڕانە یەکیەتی ناو یەکیەتی بپارێزن و ڕیزەکانتان پتەو و پتەوتر بکەن" هیوادارم بە ڕۆحی برایەتییەوە ڕێگەی خەباتی مامجەلال بۆ دیمۆکڕاسی و سەربەخۆیی کوردستان کە ئامانجی هەرە گەورەی ئەو بوو درێژە بدەن.

ڕۆحی مامجەلالی سەرکردە شاد و ڕێگەی خەباتی پڕ لە شانازی تا وەدیهاتنی هەموو ئامانجە لە مێژینەکانی درێژەی هەبێ.

دۆستی چل ساڵەی مام جەلال

جەلیل گادانی

٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧

## پێشەکی بۆ کتێبی پێشەوا قازی محەممەدو کۆماری کوردستان




بەداخەوە ئێمەی کورد لەبەرئەوەی باوەڕمان بە ئارشۆلۆژی واتە ڕاگرتنی بەڵگە نەبووە، وە نەمانزانیوە و گرینگی ئەو بابەتەمان دەرک نەکردبوو گەلێک بەڵگەی پڕ بایەخی مێژووی خۆمان فەوتاندووە و لەبیرمان کردووە. زۆرجار بێگانانی خێرخواز فریامان کەوتوون و بەشێک لە کولتور و مێژووی ئێمەیان پاراستووە و بۆیان نووسیوینەوە.

ئەو ڕووداوانەی لە کورد ڕوویداوەو ئەو بەسەرهاتە تاڵ و شیرنانەی نەتەوەکەمان زۆربەیان فەوتاون و هەندێ جار خەڵکی دی خۆیان لێکردۆتە خاوەن وە ئێمەیان لێ بێبەریکردووە.

بەخۆشی یەوە ئێمە لە کۆتایی شەڕی دووەمی جیهانی دا بووینە خاوەنی حیزبی مۆدێڕن و پێشەوای زاناو پێشکەوتوو، کۆمارە جێ شانازی و تەمەن کورتەکەی کوردستان بەدیهات.

بۆچونی پێشەوای بەکردەوە ڕۆشنبیرمان و کردەوەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کە لە سەر بنەمای کۆمەڵەی ژێ کاف دامەزرابوو لەو ماوە کورتەدا ئەوەندەی هەڵبەستوان و نووسەرەکانی خۆماڵی هاندا کە زۆر مەتڵەبی نوێ بنووسن و بیخەنە بەرچاوی خوێنەران. ئەو کردەوە و هەڵبەست و نووسینانە نەتەنیا بوو بە هۆی بەرچاوڕوونی گەلی ژێردەستە و یەخسیری



سەرچاوە
Serchawe

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

دەستی زۆرداران بەڵکو هەستی نەتەوەیی لەوپەڕی خۆیدا گەشە پێداو کاریگەری لەسەر پارچەکانی دیکەی کوردستانیش دانا.

کە لە لاپەڕەکانی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو سەردەم بەتایبەتی لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی کوردستان دەڕوانین بۆمان دەردەکەوێ کە مەلا مارف کۆکەیی، هەژار، هێمن، خاڵەمین و حەقیقی چۆن هەستی خۆیان بەرامبەر بە پێشەواو کۆمار دەربڕیوە و چەند بەو بەشە لە مێژووی کورد دڵخۆش بوون. مامۆستایانی خاوەن قەڵەمی وەک سەید محەمەدی حەمیدی، دڵشاد و زەبیحی وە دەیانی تر ڕاستی یەکانی مێژووی کۆن و ڕووداوەکانی ئەوکاتیان باس کردووە و، نە هەر پیاو بەڵکو ژنیشیان هانداون دەست بدەنە قەڵەم و بنووسن.

کەسانێکی زۆری بێگانەش وەک ئارچی ڕۆزفێڵت، موبلی، ئیگلتۆن، ویلیام دوگلاس وە پەسیان کە هاتوون لە نیزیکەوە کۆمار و پێشەوایان دیوە گەلێک مەتلەبی بە نرخیان نووسیوە کە بۆخۆشمان بوونە سەرچاوە و لە زۆر بواری مێژووییدا کەڵکیان لێوەردەگرین.

دیارە لە هەموو ڕێوڕەسمەکانی دێموکراتدا باسی کۆمار و پێشەواو ڕێبەرانی حیزب دێتەگۆڕێ و شانازی بە بوون و هەڵوێستیان دەکرێ بەڵام کافی نی یە، چونکە ناسینی پێشەواو حیزبی دێموکرات خزمەتەکانی هەمەلایەنەی لەو ماوە کورتەی کۆماردا زۆر لەوە زیاتر هەڵدەگرێ.

بەختەوەرانە سەرەڕای ئەو هەموو کەند و کۆسپانەی بۆ نووسەران و ڕۆشنبیرانی کورد لە بەشەکەی ئێمە لە ئارادایە لەو ساڵانەی دواییدا گەشەی هەستی نەتەوەیی لە هەموو شوێن بەرچاوتر لە جارانە، خەڵک بەهەر شێوەیەک بۆیان بلوێ بەکردەوە دڵسۆزی خۆیان دەردەبڕن و تێدەکۆشن بە مێژووی نەتەوەکەماندا بچنەوە و لێی فێربن.

بەتایبەتی لەو دوو سێ ساڵەی دواییدا بە شوێن چاپکردنەوەی ڕۆژنامەی زەمانی کۆمار لە لایەن دوو بنکەی ژین و ئارازەوە یەک دوو کەسی وەک کاک حامیدی گەوهەری و کاک قاسمی قازی قۆڵی هیممەتیان هەڵماڵی و چەند بەرگ کتێبی بەنرخیان بە کەڵک وەرگرتن لە سەرچاوەکان بەتایبەتی لە ڕۆژنامەی کوردستانی سەردەمی کۆمار هێناوەتە ناو کتێبخانەی کوردی یەوە کە جێگەی سەرنجن و وە زەحمەتەکانیان بۆ دووبارە ناسینەوەی کۆمار و پێشەواو حیزبی دێموکرات جێگەی سوپاسن.

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

ئەوە کوردێکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر و گەلدۆستی ڕۆژهەڵاتی کاک"ڕەحمان نەقشی"ش کە ماوەیەکی زۆرە زۆربەی کاتی ژیانی سەرقاڵی کۆکردنەوەی ئەدەب و فۆلکلۆر و مەسەلەی مێژوویی و ڕووداوەکانی کوردستان بووە، و لە چوار چێوەی نامیلکەی لە ماڵپەڕ و تۆڕەکۆمەڵاتییەکان بڵاوی کردونەوە و هەر وا بەردەوامە.

ئێستاش ئەم بەرهەمە پڕلە زانیاری و ڕونکردنەوەی کە چەند ساڵە لە سەر حزبی دێموکڕات، پێشەوا قازی محەممەدی نەمر و کۆمارە جوانە مەرگەکەی کوردان کۆی کردۆتەوە وەک دیاری یەکی بەنرخ ئامادەی کردووە و خستوویەتە بەردەستی خوێنەران و کتێبخانەی کورد تا بە شێوەیەکی لە بارتر و دۆکومێنتار و بەڵگەدار هەم لە خزمەتەکانی حزبی دێموکڕات و کارەکانی کەم وێنەی یازدە مانگەی یەکەم کۆماری کوردستان باشتر حاڵی بین و هەم زیاتر کەسایەتی فیداکار، خەمخۆر، زانا و لە خۆبووردوویی پێشەوا شارەزا بین و ئەخلاق و کردەوەکانی بکەینە سەرمەشق، لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆماندا کەڵکیان لێوەرگرین و بە گشتی وەک کورد ئامۆژگاری یەکانی لەبیر نەکەین و ڕەچاویان بکەین.

دەستخۆشی لە کاک ڕەحمانی بەڕێزیش دەکەم هیوای سەرکەوتنی زیاتری بۆ دەخوازم. حەزدەکەم ئەوەندە ئازا بین وەک کورد کەم و کوڕی یەکانی خۆمان ببینین، لە ڕابردوو دەرس وەرگرین و مێژوو دووپات نەکەینەوە.

جەلیل گادانی

٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩

تێبینی: بەداخەوە بەهۆی باری ئابووری ئەم کتێبە چاپ نەکرا.



سەرچاوە Serchawe

## بەشێک لە وتووێژ و چاوپێکەوتنی هاوڕێ جەلیل گادانی

---

## هەڤپەیڤینێک لە گەڵ زیندەیاد جەلیل گادانی لەبارەی سروودی "ئەی ڕەقیب" لە کۆماری کوردستاندا




**دیمانە: قادر وریا**

**ئاماژە:**

ئەم وتووێژەم کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١٧ بە مەبەستی وەرگرتنی زانیارییەکانی زیندەیاد کاک جەلیل گادانی لەبارەی جێگە وپێگەی سروودی نەتەوەیی "ئەی ڕەقیب" لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا، پێک هێناوە. وتووێژەکەم لە ١٢ی بەفرانباری ١٣٩٦دا بە ئیمزای کاک جەلیل گەیشتە دەست. دیارە لە کاتی خۆی و لەجێی خۆیدا سوودم لەو زانیارییانە وەرگرت و توێژینەوەکەی خۆم کە بۆ کۆنفرانسی یادی ١٠٠ ساڵەی دڵداری شاعیر ئامادەم کردبوو، پێ دەوڵەمەند کرد.

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

**لە یەک ساڵەی کۆچی دوایی ئەو کەسایەتییە خەباتکار و ماندوویی نەناسەدا، وەک پێزانین و ڕێزگرتن لە یادی کاک جەلیلی خۆشەویست بە باشم زانی وتووێژەکە لە "کوردستان"دا بڵاو بکەمەوە و بیخەمە بەرچاوی خوێنەران.**

**قادر وریا**: بەڕێز کاک جەلیل! لەگەڵ سڵاو و ڕێز! جەنابت شاهیدێکی عەینیی پێکهاتنی کۆماری کوردستان و خزمەتەکانی لە ماوەی تەمەنی کورتیدا بووی. بۆ توێژینەوەیەکی خۆم لە بارەی سروودی ئەی ڕەقیب -بۆ کۆنفرانسی یادی ١٠٠ ساڵەی دڵداری شاعیر کە زانکۆی کۆیە لە مانگەکانی یەکەمی ٢٠١٨دا بەڕێوەی دەبا - پێویستم بە هێندێک زانیاری هەیە. هیوادارم بەڕێزت بتوانی وڵامی پرسیارەکانم لە پێوەندی لەگەڵ ڕەوتی پەسندکرانی "ئەی ڕەقیب" وەک سروودی نەتەوەیی لەو کۆمارەدا، هەر وەها چۆنیەتیی بەکارهێنانی سروودەکە لە بۆنە و ڕێوڕەسمەکانی ئەو سەردەمدا بدەیەوە. پرسیارەکانم ئەمانەن:

**بۆچی بەڕێوەبەرانی کۆمار، شێعری "ئەی ڕەقیب"ی دڵداریان وەک سروودی نەتەوەیی هەڵبژارد؟ ئایا لە کۆماردا شێعری دیکە و سروودی دیکەش مەترەح بوون کە بکرێن بە سروودی نەتەوەیی؟ چۆن بوو "ئەی ڕەقیب"یان سەرئەنجام کردە سروودی نەتەوەیی؟**

**جەلیل گادانی**: بۆ ئاگاداریی ئێوەی بەڕێز لە زەمانی (ژ - ک)دا، سروودی "خوایە وەتەن ئاواکەی" زیاتر باو بوو، و لە زۆر کۆڕ و کۆبوونەوواندا دەخوێندرایەوە. بەڵام عەقڵی ئەو دەمی منداڵیی من بڕی نەدەکرد لەو شتانە بکۆڵمەوە. لاموایە چونکو پێویست بوو کوردایەتییەکە بەهێز بکرێ و ئەو شێعرەش کوردایەتیی تێدا بەهێزە، بۆیە هەڵبژێردراوە و کراوەتە سروود. ڕەنگە زۆریشی موناقەشە لەسەر کرابێ تا ساغ بوونەوە ئەوە بکەن بە سروودی نەتەوەیی. دیارە جگە لە سروودی "خوایە وەتەن ئاواکەی"، " شاخی ڕەنگاوڕەنگی کوردان"یش وەک سروودی "نیشتمانم ڕەنگینە، بەهەشتی سەر زەمینە" زۆر لە ئارادا بوون، بەڵام "ئەی ڕەقیب" پەسند کراوە. دوور نییە دەوری "مامۆستا محەممەد تەوفیق وردی"، "بەکر حەوێزی" و "نووری ئەحمەد تەها"ش کە خەڵکی کۆیە بوون و لە مەهاباد دەژیان و مامۆستا و بەرپرس بوون کاریگەریی لەسەر هەڵبژاردنی ئەو شێعرەش وەک سروود بووبێ.

**قادر وریا**: ئەو بۆنە و ڕێوڕەسمانەی کۆماری کوردستان کە سروودی "ئەی ڕەقیب"یان تێدا پێشکەش دەکرا (سیاسی و دیپلۆماتیک، نیزامی، فەرهەنگی و هتد) کامانە بوون؟ سروودەکە هەر یەک کەس دەیخوێندەوە یا کۆرس پێشکەشی دەکرد؟ ئامادەبووان لە کاتی ئیجرای سروودەکەدا، چیان دەکرد؟ هەڵدەستانە سەر پێ؟

**جەلیل گادانی**: لە بۆنە ڕەسمییەکاندا بە کۆرس دەخوێندرایەوە و بەتایبەتی لە ڕێوڕەسمە گەورەکاندا دەگەڵ مۆسیقایەکی

بەهێز دەخوێندرایەوە، لە مەدرەسەکان بەیانیان پێش چوونی نێو کلاس بە تێکڕایی دەنگی قوتابیان دەخوێندرایەوە، پاشان بەرەو کلاسەکان دەچوون. هەمووکات کە سروودی "ئەی ڕەقیب" دەستی پێ دەکرا، خەڵک هەڵدەستانە سەر پێ.

**قادر وریا**: لە قوتابخانەکانی سەردەمی کۆماری کوردستاندا، ئایا هەموو ڕۆژێ سروودی "ئەی ڕەقیب" لە لایەن قوتابییانەوە دەخوێندرایەوە؟ چ ڕێوشوێنێک لە کاتی خوێندنەوەی سروودی "ئەی ڕەقیب"دا بەڕێوە دەچوو؟ ئایا لەگەڵ مەراسمی هەڵکردنی ئاڵا، سروودی "ئەی ڕەقیب" دەخوێندرایەوە؟

**جەلیل گادانی**: لە سەرەتادا باو نەبوو لە قوتابخانەکاندا بخوێندرێتەوە، بەڵام دواتر قوتابییەکان ڕاهێنران کە هەموو بەیانیان بە فەرمانی نازمی مەدرەسە و ژماردنی ١-٢-٣ بە تێکڕای دەنگی قوتابیان دەخوێندرایەوە، هەڵکردنی ئاڵای دەگەڵ نەبوو چونکو ئاڵا هەمووکات لەسەر بانی شوێنە حکوومی و مەکتەبەکان هەڵکرابوو، دەلەرییەوە.

**قادر وریا**: هەیئەتەکانی دەوڵەتی جمهووریی کوردستان، چەند جار سەردانی تەورێز و ئازەربایجانیان کردووە، هەروەها چەند جاریش هەیئەتی ئەوان هاتووە بۆ مەهاباد. ئایا لە کاتی دیداری هەیئەتەکاندا سروودی هەر دوو لا پێشکەش دەکرا؟ ڕێوڕەسمەکانی خوێندنەوەی سروودی نەتەوەیی هەر دوولا، چۆن و چی بوون؟

**جەلیل گادانی**: ئەوەی دیارە و نووسراوە دووسێ جار هەیئەتی ڕەسمیی حیزبی دێموکرات چوونەتە تەورێز، بەڵام لە هاتنی هەیئەتی ئازەربایجان بۆ مەهاباد ئاگادار نیم. ئەو چەند سەحنەی کە لە سەردانی لێژنەی حیزبی دێموکرات بۆ ئازەربایجان دەردەکەون و کەمێکی فیلم هەیە وێناچێ سروودی نەتەوەیی خوێندرابێتەوە، ئەگەر واش بووبێ من ئاگادار نیم، چونکو ئەوان لە بنەڕەتدا لەگەڵ پێکهاتنی کۆماری کوردستان موافق نەبوون، ڕەنگە سروودەکەشیان بۆ گرینگ نەبووبێ، سروودی ئەوانیشم نەبیستووە و لەبیرم نییە.

**قادر وریا**: ئەو دەقەی "ئەی ڕەقیب" کە سەردەمی کۆماری کوردستان وەک سروودی نەتەوەیی پێشکەش دەکرا، لەگەڵ دەقی ئێستای ئەو سروودە، چ جیاوازییەکی هەبوو؟ وەک لەبیرت بێ ئەوکات کام بەیتی شێعری ئەی ڕەقیب دەخوێندرایەوە و ئێستا لە سروودەکەدا نییە؟ یا کام یەک لە وشەکان ئەوکات جۆرێکی دیکە بوون و ئێستا گۆڕانیان بە سەردا هاتووە؟

**جەلیل گادانی**: پێم شک نایە لە وشەدا شتێک گۆڕابێ، ئەوکات کە ئەو سروودەیان بە ئێمە ڕەوان دەکرد، هەر وەک ئێستا بوو بەڵام شێعری "ئێمە ڕۆڵەی میدیا و کەیخوسرەوین، دینمانە ئایینمانە نیشتمان"یشمان دەگەڵ دەکوت. ئێستا ئەو شێعرە زۆرجار ناخوێندرێتەوە.

**قادر وریا**: کێ ئاهەنگی سروودی "ئەی ڕەقیب"ی دانا؟ وەک بزانی پێشتر سروودەکە ئاهەنگی تایبەت بە خۆی هەبوو و لەسەر هەمان ئاهەنگ، لە کۆماردا پێشکەش دەکرایەوە؟

**جەلیل گادانی**: ئەوەندەی ئەمن بزانم ئەو سرووده تا زەمانی کۆمار نەکراوەتە سروود [ئەو سەردەم لە مەهاباد] عەلی تابانی بەشی مۆسیقای لە تەورێز تەواو کردبوو، هەروەها "مەحموودی وەلیزادە" هەبوو کە لە بەشی کشتوکاڵدا خوێندبووی بەڵام ویلۆنیست بوو و دوایەش بوو بە وەزیری کشتوکاڵی کۆمار، جگە لەو دووانە "میرزا مینەی ڕەحیمی" باوکی چەکۆ (سەروان چەکۆ ڕەحیمی)، مستەفا جەننەتی، مەجید و هاشم و چەند کەسی دیکەش مۆسیقاژەنی هێزی پێشمەرگەبوون کە پێشتریش لە سپای ئێراندا ئەو کارەیان کردبوو. من بەش بە حاڵی خۆم فکرم بۆ دوو نەفەری هەوەڵ "عەلی تابانی" و "مەحموود وەلیزادە" دەچێ کە لە دانانی ئاهەنگەکەدا ڕۆڵیان بووبێ.

**قادر وریا**: لە مەهابادی پێتەختی کۆمار، ڕادیۆ هەبوو. وەک بیستوومە چەند جارێکیش فیلم پێشان دراوە. ئایا لەو ڕادیۆیەی ئەوکاتدا، سروودی "ئەی ڕەقیب" پێشکەش دەکرا؟ ئەدی لە کاتی پێشاندرانی فیلم، یا لە کاتی بەڕێوەچوونی شانۆی "دایکی نیشتمان" سروودی ئەی ڕەقیب خوێندرایەوە؟

**جەلیل گادانی**: ڕادیۆ هەبوو، ڕۆژی کرانەوەکەشی لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا نووسراوە، ئێستا لەبیرم نییە لەو ڕادیۆیەدا جگە لە هێندێک وتاری سیاسی و جارجار ئایینی، هەموو جۆرە سروودی ئەو سەردەم دەخوێندرایەوە. ئەو ڕادیۆیە وەسڵ کرابوو بە چەند بڵیندگۆی گەورە، لە لای "شارەوانیی کۆن" و "مزگەوتی حاجی ئەحمەد"، لە "چوارچرا" لە نیزیک ماڵی پیشەوا، لە نیزیک "مزگەوتی هەباس ئاغا" واتە چوارڕای ئازادیی ئەمڕۆ. خەڵک بەتایبەتی ئێواران کە خەبەر بڵاو دەبووەوە لە لای ئەو بڵیندگۆیانە ڕادەوەستان و گوێیان لە خەبەران دەگرت، ڕادیۆیەکە بەرنامەی مۆسیقا و گۆرانی و سروودیشی هەبوو. مانگێ جارێک کۆڕی سروودی مەدرەسەکان بە نۆبە دەچوون لە ئێستگەی ڕادیۆ بەرنامەی سروود خوێندنەوەیان هەبوو، سروودی "ئەی ڕەقیب" و زۆر سروودی دیکەش دەخوێندرایەوە. وەبیرم دێ چەند جارێک سینەمای سەییار بە ماشینێکی تایبەت دەهات لە "چوارچرا" یا لە حەساری دوخانیەی کە زۆر گەورە بوو فیلمیان نیشان دەدا. چەند جارێکیش تیمی شانۆی ئازەربایجان و یەک دووجاریش تیمی ئاکرۆباتبازانیان هاتن، هەر لەو حەوشە و لە حەوشەی دەبیرستان (کە دوایە بەینێک ماڵە شێخ ئەحمەدی بارزان، پاشانیش بوو بە شوێنی بنەماڵەی یەکەم فەرماندەی تیپ یا سوپا) بەرنامەیان بەڕێوە برد. بەڵام وەک لە ڕۆژنامەی کوردستاندا نووسراوە "جەعفەر کەریمی" ئیمتیازی دانانی سینەمای لە حەوشەی دوخانیە وەرگرتبوو و سینەمای دانابوو و لە ڕۆژنامەی"کوردستان"دا لە خەڵک دەعوەت کراوە بچن بۆ سینەما. پاشان جێگایەک هەر لە نزیک ئەو شوێنە دیاری کرا کە ساختومانی تایبەت بە سینەمای لێ دروست کەن، هێندێک چیمەنتۆ



سەرچاوە
Serchawe

و شتی ئاواشی لێ ڕۆکرد بەڵام بەداخەوە دروست نەکرا و ئەرتەش هاتەوە. چەند ساڵ دواتر ئەو جێگایە بوو بە "سینەما ئومید"ی "کاک عومەر قازی" کە کونگرەی چواری تێدا گیرا. ئەوکات خوێندنەوەی سروودی ئەی ڕەقیب لەو شوێنانە وەک سینەما و شانۆ باو نەبوو.

**قادر وریا: دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان، لە کوڕ و کۆبوونەوەی حیزبی، یا لە بەندیخانە، هیچ کات سروودی " ئەی ڕەقیب "تان دەخوێندەوە؟ دەکرێ ئاماژە بەو بۆنە و حاڵەتانە بکەی کە دوای ڕووخانی کۆمار، سروودی "ئەی ڕەقیب"ی تێدا خوێندرابێتەوە و بۆ خۆشت تێیدا بەشدار بووبی؟**

**جەلیل گادانی**: دوای ڕووخانی کۆمار نە لە کۆبوونەوەی حیزبی و نە لە بەندیخانە و بۆنەیەکدا ئەم سرووده نەدەخوێندرایەوە، بەڵام ڕادیۆیەکی سڕی هەبوو کە لە پێشدا "دوکتور سوڵتان وەتەمیشی" کە لەو کەسانە بوو بۆ خوێندن بەڕێ کرابوونە باکۆ و لە پێشداش "مامۆستا" بوو، هەروەها دواتر کە "حەسەن قزڵجی" و "کاک کەریم حیسامی" خەبەر و وتاریان لەسەر دەخوێندەوە هێندێک جار دایان دەنا و بە گوێ دەگەیشت، بەڵام پێش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، چەن جارێک لە تاران، [بە تایبەتی دوای] سەرکەوتنی شۆڕش پاش ئەوەی حیزب، ڕێکخراوەکانی لە شارە جوراوجورەکانی ڕۆژهەڵات ڕێکخستەوە و هێزی پێشمەرگە پێک هات و زیاتریش دوای شەڕی سێ مانگە، ئەو سرووده هاتەوە گۆڕێ، وای لێهات لە باکووری کوردستانیش بە زاراوەی کرمانجی کەوتە سەر زاران و لە یەکەم تەلەویزیۆن کە ئەوان دایاننا بە ناوی "میدیا تی وی"ەوە خوێندرایەوە.

**قادر وریا: لەگەڵ ڕێز و سپاسی زۆرم بۆ هاوکاریت لەم پێوەندییەدا، تکایە هەر زانیارییەکی دیکە لە بارەی ڕۆڵی سروودی نەتەوەیی "ئەی ڕەقیب" لە کۆماری کوردستان و لە خەباتی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، هەتە و لەم پرسیارانەدا نەورووژێندراون، مەمنوون دەبم بۆم بنووسی و ئاماژەی پێ بکەی.**

**جەلیل گادانی**: بۆ ئاگاداریی جەنابت چەند مانگ لەمەوبەر گڵکۆی دڵدار نۆژەن کرایەوە و، بە ڕێوڕەسمێک کرایەوە و شانازیی کردنەوەکەشیان بە من دا و [قسەشیان] بۆ دانابووم. ئەگەر بچی لە قەڵای کۆیە سەری بدەی و سروودەکەش وەک خۆی نووسراوەتەوە و دەفتەری یادبوودیشی بۆ داندرابوو، تەماشایەکی ئەو دەفتەرەش بکەی و زانیارییش لە بەرپرسی قەڵا و موزەخانە - کە تازە لەوێ کراوەتەوە - وەربگری، ڕەنگە بەکەڵکت بێ و باسەکەت دەوڵەمەندتر بکات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی ئاگۆستی ٢٠٢١



سەرچاوە
Serchawe


## داواکاری

زۆر بەڕێز هاوڕێ کاک جەلیل گادانی وێرای سڵاوێکی گەرم، بۆ تاوتۆ و کەنگەشەی رووداوەکانی نێونەتەوەی و رۆژهەڵاتی نێوەراست و کوردستان بەگشتی و هەلومەرجی رۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی، ئەم پرسیارانەی خوارەوە کە بەدڵنیایەوە بەشێکی زۆری ئەم پرسیارانە هی چین و تویژەکانی خەڵکن ئاراستەی جەنابت و کۆمەڵێک کەسایەتی سیاسی حیزبی و غەیرە حیزبی رۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین و کۆی ئەم دیمانانە لە تۆیی نامیلکەیک دەیخینە بەر دیدی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان. هەر بۆیە داوای لە جەنابتان دەکەین بە وەڵامی ئەرینی ئەم بەرهەم دەوڵەمەندتر بکەن.

پێشەکی زۆر سپاستان دەکەم.

بەرێز و حورمەتەوە رەحمان نەقشی

---




ئامادەکردنی: رەحمان نەقشی



سەرچاوە
Serchawe

## پرسیارەکان:

### * هەڵسەنگاندنێک لەسەر هەوڵومەرجی هەنوکەیی نێونەوەیی و رۆژهەڵاتی نێوەراست؟

**جەلیل گادانی**: هەل و مەرجی نێونەتەوەیی زۆر ئالۆزە دەبینم. هاوکاری ئەمریکا و ئورووپا تارادەیەکی بەرچاو ئارامی لێ چاوەروان دەکرا بەڵام بە هاتنە سەرکاری ترامپ تا رادەیەکی زۆر ئەم وەزعە گۆراوە. لەلایەکەی دیکەوە ئەگەر تا دوێنێ تیروریزم زیاتر لە رۆژهەڵاتی ناوەراست و بە تایبەتی لە لایەن ئێرانەوە رەواجی پێ دەدرا ئێستا ئورووپای بەربەرینی و تەنانەت ئەمریکاشی گرتووتەوە.

بەکورتی دنیاکە زۆر شەڕاوی بووە، ناکۆکی روسیە و ئوکراین، ئازمایشی مووشەکی ئەتومی کووری باکوور کە نەتەنیا تا ئێستا پێشی پێ نەگیراوە بەڵکوو رۆژ دەگەڵ رۆژ زیاتر چاوسوور دەکاتەوە و ناڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووکان و ئەنجومەنی ئاسایشی نێونەتەوەیی بە هێند ناگرێ و هەموو رۆژێ درێژە بە تاقیکارەکانی دەدا کە مەترسیەکی زۆر گەورەیە.

هەر لەو بابەتەوە گەرچی بە زاهیر ئێران کۆنترۆڵ کراوە بەڵام لە بنەوە هەر خەریکە بە هیچ شێوەیەک ریگە بە کونترۆل و چاوەدیری بەسەر بنکە و بارەگا نیزامی یەکانی نادا.

لە راستیدا نە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووکان و نە شورای ئەمنیەت و نە ناتۆ لیبراوی و بواری جارانیان نەماوە. و دنیایەکی بی کونترۆل و بی بەرپرسانە دێتە بەرچاو. وەزعی دنیا ئالۆزتر دەبینم.

رەنگە ئەگەری شەڕی جیهانی لەسەر مەسلەحەتی زۆرداران و خاوەن دەسەڵاتانی گەورە کەم بێ، بەڵام رەنگە ئەگەری ساز بوونەوەی شەڕی سارد و ساز بوونەوە قوتب بەندی جیهانی بە شێوەیەکی نوێ چاوەروان دەکرێ.

رۆژهەڵاتی نێوەراست بە مانەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران و ناکۆکی مەسلەحەتی و بەرژەوەندی زلهێزەکان ئالۆزتر لە چەند ساڵی رابردووە. ئەوە داعشیان تیدا ساز کردوە کە چەند ساڵە هەموو سەرمایە و سەروەتی سێ چوار وڵاتی نەفتاوی بە

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

شێوەی جۆراوجۆر لێ خەرج دەکرێ و بەو زوانەش ئەم ئاورە ناکوژێتەوە و جاری کاریان پێ یەتی. دنیا تووشی بی غیرەتێکی سەیر بووە، ئەوە ئەسەد نیو میلیون خەڵکی بە ئاشکرا کوشتووە و چەند میلیون دەربەدەر کردوە، وڵاتەکەی خۆی بە خاتری مانەوەی لە دەسەڵات دا بە هیلاک کرد و ویرانی کردوە کە چی خاوەن دەسەڵاتان بە حورمەتەوە دەڵێن دەبی بمینیەوە. دنیایەکی سەیرە!

دەڵێن سایکس و پیکو تەواو بووە، نەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەراست ئاڵو گۆری بەسەر دادێ بەڵام هەر گاڵتەیە. ئەگەر دوای ریفراندۆم شتێک بە کورد براو ئەو بەشە سەربەخۆ بوو دەڵێم وایە و ئاڵوگۆر دەگۆرێدایە دەنا هەر لە چوارچێوەی قسە و خەیاڵدا دەمینیتەوە.

ئەوەش روونە تا کۆماری ئیسلامی بمینێ تالەبان و نموونەکانی وەک قاعیدە و داعش هەر دەمینن و دەستی وڵاتانی زلهێزیشی لە پشتە و بازارەکانی چەک و چۆل و تانگ و تۆپ و تەییارە دەبی هەر گەرم بێ کە گەڵاڵەکەی لە لایەن خۆیانەوە دارێژراوە.

کورد لانی کەم لە باشوور بەو فیداکاریەی لە بەرەنگار بوونەوەی داعیشدا کردویەتی، ئەگەر تەبایان هەبێ گەورەترین شانسیان هەیە کە بەداخەوە تا ئەمرۆش سەری نەگرتووە. دوو هەلی مێژوویی بۆ کوردی ئەو بەشە هاتە پێشی شەڕی کەنداو و ئاکامەکەی رووخانی سەددام. هەروەها هاتنی داعش کە فیداکاری پێشمەرگە لە بەرانبەریدا گەورەترین ناو و نیشانی بۆ کورد بە گشتی و بە تایبەتی بۆ حکومەتی هەرێم و کوردی باشوور پێکهینا.

هیوام زۆر بە سەرکەوتنی کورد لە رۆژئاوای کوردستان نییە، سیاسەتی پەیەدە زۆر غەلەت و نادروستە و بەکار و کردەوانە دوای تەواو بوونی شەڕیش دەستیان لە هیچ بەند نابێ.

ئەگەر بیروڕای جیهانی دژی ئوردەغان لە تورکیە نەجووڵێ ئەو کەللەرەقە هەروا دەکرێ و دەکوژی دەبڕێ و جووڵەی هێزی پێشکەوتوو کوردەکان لە باکوور رۆژ دەگەڵ رۆژ زیاتر سەرکوت دەکا و سەری سازانی بە تایبەتی دەگەڵ کوردان نییە. یا رەنگە بە کودەتایەک بروا و خەڵک نەفەسێکی راحەت بکیشێ ئەو کابرایە حەیای تکاوە و رەنگە دەیان ساڵ بێ تورکیە بە گشتی و باکووری کوردستان بەتایبەتی رەفتاری ئاوا وەحشیانەی بە خۆیەوە نەدیبێ.

خەبات لە رۆژهەڵاتیش زۆر لاوازە و جاری نیوی لە نیو ناواندا نییە و لە روانگەی منەوە نەجاتی خەڵکی ئێران تەنیا لە

رووخانی کۆماری ئیسلامیدایە ئەویش ئوپوزیسیۆنێکی رێک و پێک نییە کە بتوانی ئالترناتیوبوونی خۆی بخاتە بەر دیدی دەولەتان و خەڵکی جیهان.

پرسی سەربەخۆیی یەکێک لەو کارە گرینگانەی کە کورد بە ئاشکرا ویراویەتی باسی بکا. مافیکی بێ ئەم لاو و ئەولایە. بەلام دەبێ لە دوو لاوە کاری بۆ بکرێ یەک ناومالّی کورد رێکخرێ و ئاوەدانتر بکرێتەوە، دوو هەوڵی چڕوپڕ بۆ کاری دیپلۆماسی و ئامادەکاری زەینی وڵاتان بدرێ. لە عەینی کات دا دەبێ وریای پیلانی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان بین کە بە هەموو شێوەیەک دژی ئەم کارەن و لە پیلانگێری غافل نین.

بە باوەڕی من ئەگەر ریفراندۆم سەرنەکەوێ ئابروو چوونێکی گەورەیە و تا ٥٠ ساڵی دیکەش ئەو فرسەتە و ئەو ئیعتبارە ناونەتەوەییەی بۆ کورد پەیدا بووە نایەتەوە ئارا. لە روانگەی منەوە هەر کەس یا حیزبێکی دەگەڵ ئەو راپرسی یە نەبێ خزمەت بە داگیرکەرانی کوردستان دەکا.

## بەشی دووهەم

### * وەک کەسایەتی سیاسی بە ئەزموون و دێرین رۆژهەڵاتی کوردستان دید و بۆچوون و هەڵسەنگاندن لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە چێیە:

### شۆڕشی گەلانی ئێران و کورد

**جەلیل گادانی**: کورد سەرڕایی ئەوەی لە شۆڕشی گەلانی ئێراندا نەقشی بەرچاوی هەبوو، دوای سەرکەوتنی شۆڕشیش ئەو پەری نیەت پاکی خۆی نیشاندا و چەند جار دەگەڵ خومەینی دانیشت بەڵام کەمترین سەرنجیان بە ویستی گەلی کورد نەدا و شەڕیان بە کورد فروشت و ئەم شۆڕشە هیچ فایدەیەکی بە کورد نەگەیان، بەوپەری بێ ئەوسوولی دەگەڵ کورد جووڵانەوە. دیاریی ئەم رێژیمە بۆ کورد کۆشت و برو بێ ویدانانە گرتن و کوشتاری بە کۆمەڵ و پێ فرۆشتنی شەڕ بوو.

### نەتەوە بندەستەکانی دیکەی ئیران و کورد

**جەلیل گادانی**: نەتەوە بندەستەکانی دیکە ئێران و تەنانەت نەتەوەی فارسیش مافی ئازادی و خوێندن بە زمانی زگماکی و

لە هەموو مافە مرۆیەتییەکانیان بێ بەشن. لە بنەرەت دا دا ڕیژیمی کۆماری ئیسلامی لە گەڵ وشەی نەتەوە و کەمایەتی ئایینی و نەوەوەیی بیگانەیە.

## وەزعی ئێستای ئێران بە گشتی داهاتووی کۆماری ئیسلامی ئێران ؟

**جەلیل گادانی**: داهاتوویکی روون لە ئێراندا بەبوونی کۆماری ئیسلامی بەدێ ناکرێ و تەنیا ڕێگەی نەجاتی گەلانی ئێران لە ژێر ئیستبدادی ٤٩ ساڵە نەمانی ئەم ریژیمە و گۆرینی بە سیستیمکی دیموکراتیکە.

## ئیدارەی سیاسیی ئێرانی لە داهاتوو ؟

**جەلیل گادانی**: ئیدارەی سیاسی ئێران لە داهاتوو دا بە پلورالیزمی سیاسی دیموکراسیەت جێ دەگرێ و دەبێ حکومەتێک بێتە سەرکار کە باوەری بە دیموکراسی و لانی کەمی مافی نەتەوایەتی هەبێ.

## بەرەی کوردستانی لە رۆژهەڵاتی کوردستان

**جەلیل گادانی**: پێکهێنانی بەرەی کوردستانی لە رۆژهەڵاتی کوردستان پێویستی یەکی مێژووییە، بەڵام حیزبەکان خۆی لێ نادەن. چەند ساڵ لەمەو پێش گەڵایەکم تەقدیمی حیزبەکان کرد. زۆر بەشیان پێ یان باش بوو بەڵام خۆیان لێ نەدا.

## پێشمەرگە و خەباتی چەکداری لە رۆژهەڵاتی کوردستان

**جەلیل گادانی**: پێشمەرگە مرۆڤێکی پاکباختە و دڵسۆزی بۆ ئازادی نیشتمانە کە دەبێ لە داهاتووی کوردستاندا نەقشی هێزی نیزامی و راگرتنی نەزم و سنوور کوردستانی لە عودە بێ. خەباتەکەی پیرۆز و جێگەی رێزە بەڵام ئێستا هەلومەرجی بەم وەزعە ئەمنیەتی تەی کە لە کوردستان و بە تایبەت لە سنوورەکان ریژیم دایمەزراندوە دروست نێیە هێزمان بەهەدەربدەین. دەبێ تەعلیمات و ئامووزشی هەموو لایەنە بۆ کاتی پێویست بدرێ. بەڵام کە بۆ کاری تەشکیلاتی ناو خەڵک بیگومان پیویستە بۆ دیفاع لە خۆیان چکدار بن.

## دروشمی روخانی ڕیژیم

**جەلیل گادانی**: دروشمی رووخانی ڕیژیم لە جێی خۆیدایە. بە باوەری من هەتا ئەو ڕیژیمە بمینێ سەری سازیش و ڕێکەوتنی دەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن نابێ. بروا بوون بە وتوویژ دەگەڵ ئەو ڕیژیمە و هیوادار بوون بە ئاڵوگۆر خۆ فریو دانەو بەس.

## خەباتی مەدەنی میکانیزمو میتۆدەکانی خەباتی مەدەنی؟

**جەلیل گادانی**: خەبـاتی مەدەنـی ئەرکـی نـاوخۆی دانیشتوانی وڵاتە کە زۆر جـار دەتـوانی کـاریگەری باشـی بـۆ پەرەسەندنی هەستی نەتەوایەتی هەبێ کە ئەویش بوارەکەی زۆر تەسکە. هەر چەشنە جموجۆڵێکی ئیعترازی لە هەر بواریک دا کە بتـوانی ڕیژیم و ئۆرگانەکانی بینیتە ژیر پرسیار دەسکەوتی خۆی دەبێ.

## تیرۆریزم بە گشتی و تیرۆزیزمی کۆماری ئیسلامی بە تایبەتی ڕێبەرانی کورد)؟

**جەلیل گادانی**: بە باوەری من سەرچاوەی تیرۆر و پەرەسـاندنی ئەم دیـاردە دژی ئینسـانی یە کۆمـاری ئیسلامییە. تـا بەرلە هاتنە سەرکاری ئەم ڕیژیمە، زۆر بەکەمی جارجار حەرەکەتێکی تیرۆریستی دەکرا. بەڵام ئەوان سەرمایەکی زۆر خەڵکیـان لەم پێناوە دا سەرف کرد. نە تەنیا لە ناوخۆی ئێران بەڵکوو لە باشووری کوردستان و وڵاتـانی ئوورپـایی دەیـان و سـەدان کاری تیرۆیستیان ئەنجام دا کە بەداخەوە ڕێبەرانی کوردیشی گرتەوە.

پیویستە خوێنەر بزانی کە سێ جار بۆ من کە ئەو کـات سکرتێری حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتان ڕێبەرایەتـی شۆڕشگێر بـووم بەرنامە ریزیان کرد تیـرۆرم کەن کە دوو لەوان بە شێوەی فیلم مەوجوودن و یەکیـان لە لایەن تەلویزیـونی سوئیدەوە وەک دوکومینت ئامادە کراوە و بڵاو بۆتەوە. بە کورد و فارسیش وەرگێردراوە.

ماهیەتی تیرۆریستی لە کۆنەوە لە گەڵ ئایینی شیعە تێکەڵ بووە و ڕیژیمی ئێستای ئێران بۆ لە نـاو بردنـی دژبەرانی خـۆی لە هەموو حیزب و هێزە سیاسی یەکانی کوشتووە و لە کورد زۆر زیاتریش لە ئەوانی دیکە کە ئامارەکە خۆی ٢٠٠ کەس دەدا بە تایبەتی لە ساڵانی پێشوو، لە نەوەدەکان دا دەستێکی رەشیان لێ وەشاندین و تەنانەت جگە لە گولە تیزاب، پەنایان بۆ ژهریش بردو زۆر کەسیان لە کادر و پێشمەرگە ژهرخوارد و دەرماندراو کرد.



سەرچاوە
Serchawe

### هۆکاری جیابوونەوە و دابرانی هێزە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و میکانیزمی یەکگرتنەوە و تێکەڵبوونەوەیان؟

**جەلیل گادانی**: هۆکارەکانی جیابوونەوەی حیزبەکان زیاتر لەسەر رەفتاری نادروست و دیکتاتۆرییانە بەڕێوەنەبردنی ئوسول و پرەنسیپەکانی حیزبی و سیاسی یە، لێک جیابوونەوە هاسانە بەڵام یەکگرتنەوە کارێکی دژوارە. بۆ نموونە یەکگرتنەوەی دوو باڵی حیزبی دیموکرات ویستی خەڵک و پێویستی یەکی مێژووییە بەڵام بەداخەوە هەر چەندی ئێمە چووینە پێش و گەڵاڵەمان داوە لایەنی دیکە بە هێندی نەگرتووە و تا ئێستا هیچ ئاکامی نەبووە.

### هەڵوێستی ئۆپۆزسیۆنی ئێران تاچەندە لە بەرژەوەندیی کورد دایە؟

**جەلیل گادانی**: بەداخەوە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بەرانبەر بەو هەموو فیداکاریەی کورد بۆ دیموکراسی و ئازادی لە ئێران کردوویەتی زۆر بێ تەفاوەتن. بێ گومان هێزە ئێرانییەکان هیچیان تەئیدی دیاری کردنی مافی چارەنووسی کورد بە شێوەی سەربەخۆیی بە رەوا نازانن. تەنانەت زۆربەیان دەگەڵ فیدراڵیریش دژایەتی دەکەن.

### سیاسەتەکانی ئێران لەناوخۆی عێراق دا چەندە لەسەر خەباتی سیاسیی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان کاریگەریی هەبووە؟

**جەلیل گادانی**: ئێران حەز دەکا بەهەر شێوەیەک بۆی بگونجی لە کارو باری عێراق بە گشتی دەست تێوەردان بکا و هیچ کات لە کوردسیانیش بۆ پیلان دژی ئێمە رانەوەستاوە. زۆر جار حکومەتی هەرێم و حیزبە خاوەن دەسەڵاتەکانی خستوتە ژێر زەخت و کەم و زۆر کاریگەری لە کەم بوونەوەی تێکۆشانی ئێمە هەبوە.

## پرسیارە گشتی یەکان

### ئایا پرۆسەی دەوڵەت - نەتەوە لەو ناوچەیە شکستی خواردوە؟

**جەلیل گادانی**: مەسەلەی دەوڵەت و نەتەوەم پێ نادروستە. ئێمە لەوەتی هەین نەتەوەین و هەموو تایبەتمەندیەکانی نەتەوەمان بە پێی هەموو تاریفەکان لە نەتەوە تیدایە و نەتەوەشێن بەڵام تا ئێستا دەولەتمان نییە و غەدرێکی گەورەیە

لیمان کراوە.

**پێگەی کورد لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و دیپلۆماسی کورد لەدەرەوەی وڵات لەچ ئاستێک دایە؟**

**جەلیل گادانی**: فیداکاری پێشمەرگە و ئیدارە کردنی ئەو شەڕە لە لایەن حکوومەتی هەرێم و مەسەلەی کوردی زۆر بەرەو پێش برد. بەشێوەیەک کە چەندین وەزیرو پارلەمەنتەر، و تەنانەت سەرۆک وەزیر و سەرۆک کۆماریش باشووری کوردستانیان بەسەر کردەوە و ئەو بەشە لە کوردستان زۆر کار و دیدار گرنیگیان تیدا بەرێوە چووە. بەڵام بەشەکانی دیکە و تەنانەت باکووری کوردستانیش کە گەورەترین و پڕ حەشیمەترین بەشی کوردستانە ئەو چەشنە کە پیویستە نەیانتوانیوە بچنە پێش. بەتایبەتی رۆژهەڵاتی کوردستان لەم بوارە دا زۆر لە پاشە و زۆر جار پێشنیارم کردوە هەیئەتی دیپلۆماسی هاوبەش بنێرنە هەندەران بەڵام سەری نەگرتوە.

بۆ ئێمە رۆژهەڵاتیان کە ئێستا جووڵای نیزامیمان یا نییە یا زۆر کەمرەنگ بۆوتەوە دەبێ لە رێگای دیپلۆماسی و کاری سیاسی دەگەڵ وڵاتان و حیزبەکانی ئەوان پەیوەندی زیاترمان هەبێ. هەم بۆ راگەیاندنی حەقانیەتی خەباتمان و گیانبازی رابردوومان هەم بۆئیفشاگەری لە ماهییەتی ریژیم. وەک دەزانن ئەو کارە پشوو درێژی هەوڵی زۆری دەوێ. بروانە پاش ٣٠ ساڵ تازە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لەسەر دەرخستنی ئەو راستی یە قبووڵ دەکا کە ریژیم لە ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی هەزاران بەندی سیاسی کوشتووە.

**پرسی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد، ئاستەنگەکانی دەرەکی و ناوخۆی؟**

**جەلیل گادانی**: دامەزرانی یەکەم کۆنگرەی نەتەوەیی پرسی ئێمەو پێشنیاری ئێمە رێبەرایەتی شۆڕشگێری حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو کە پێک هات و بەداخەوە بەلارێدابرا. هۆیەکەشی هیژمۆنی خوازی پ کا کا بوو کەوا لاوازی کردوە کە ئێستا لە بیر کۆنگرەیکی دیکە دان. هەتا حیزبەکانی کوردستانی بەتایبەت پ کاکا دەست لە هێژمۆنی خوازی هەڵنەگرێ و لەو رێکخراوە دا دیموکراسی و بەرچاوگرتنی مەسلەحەتی نەتەوەی کورد بە گشتی بەرچاو نەگیرێ، ئەم کۆنگرە پێک نایە و ئەگەر پێکیش بێ کارایەکی ئەوتۆی نابێ.

**کاتی خۆی بەر لە پێک هاتنی کۆنگرەی نەتەوەیی ئێمە چەند مەرجمان دانا.**

١- کیشی فەردپەرستی نەبێ.

٢- دیموکراسی بە مانای واقع بەرچاو بگیرێ و بەرێوە بچێ،

٣- پاوانخوازی و هێژمۆنی تەلەبی نەمینێ،

٤- ئەو ئورگانە کە لە هەموو هێزەکان وەک نوێنەری نەتەوەی کورد پێک دێ. دەبێ فەرق و جیاوازی بۆ هەموو بەشەکان وەک یەک کار بکا و بێ ترس و واهیمە لە بەرژەوەندی هەر چوار پارچە بدوێ و پارێزەریان بێ و رێز بۆ هەر پێشنیاریک دابنێ کە بە قازانجی کوردە.

## میکانیزمێکی یاسایی بۆ خەباتێکی ئاشتیخوازانە لەگەڵ داگیرکەران کوردستان؟

**جەلیل گادانی**: داگیرکەران باوەریان بە مافی کورد نییە، بە دریژایی تەمەنیان بە دژی کورد جووڵاونەوە و هەر جووڵانەوەکیان بە توندی سەرکوت کردوە. ئەگەر ئەوان باووەڕیان بە مافی رەوای کورد هەبێ، رێگە چارەی ئاشتێخوازانە زۆرە. یەکێک لەو رێگەکان ئەوەیە کە دنیای دەرەوە بۆ دابین کردنی مافی مرۆڤ کە کوردیش مرۆڤە زەخت بخەنە سەر رێژیمەکان.

## سۆسیالیزم کێشەی نەتەوەیی چارەسەر دەکا؟

**جەلیل گادانی**: سوسیالیزم بە تەنی وەک ئیدە زۆر باشە، بەڵام تەتبیقی عادلانە شەریفانەی سەختە. بۆ ئێمەی کورد لە پێشدا حەللی مافی نەتەوویی مەترەحە رەوایە پیادە کردنی سوسیالیزم بە مانای واقعی خۆی.

## رێکخراوی ئینتەرناسیۆنالی سۆسیالیست و پرسی کورد؟

**جەلیل گادانی**: بوونی کورد لە ئەنترناسیونالی سوسیالیست باشە. کورد دەڵێ بۆیە پیدەلیم خاڵە چۆلەکەم بۆ بگرێ. ئەنترناسیونالی سوسیالیست دەبێ بۆ مەسەلەی کورد بە گشتی زۆر لەو زیاتر تێکۆشێ و دەگەڵ رێژیمەکان هەول بدەن ددان بە مافی کورد دابنینن و حەقانیەتی خەباتی ئێمەیان پێ بسەلمێنن.

## ڕۆڵی توێژی رووناکبیری کورد لە هەلومەرجی ئێستای کوردستان؟

**جەلیل گادانی**: توێژی رووناکبیری کورد و تێکۆشانی لە ئاستی پێویست دانی یە. راستە خەفەقان هەیە بەڵام بواریش بۆ هێندیک تێکۆشان هەیە کە بەداخەوە بەتیکرا کەم کارو تا رادەیەک بێ تەفاوەتن. رووناکبیر بۆیە رووناکبیرە کە بۆ زۆر



سەرچاوە
Serchawe

شت پێشەنگ بێ.

## پرسی نەتەوەیی و ئەرکی لاوانی کورد ؟

**جەلیل گادانی**: لاوی کورد زۆریان فیداکاری کردوە. بەشی زۆری پێشمەرگەی کوردستان لاون و لەجیاتی هەموو چین و تویژەکانی کورد گیانبازیان کردوە. من وەک موتور و موەلیدی لە هەموو بوارەکان دا حیساب دەکەم. دەبێ هەم لە بواری نەتەوەیی هەم لە بواری فەرهەنگ و خوێندن خۆیان پێ بگەینن و بەرابەر بە خەڵک و نیشتمان هەست بە بەرپرسایەتی بکەن و مایەی بۆ دانین. جگە لەوە دەبێ دەگەڵ هەموو شتە خەراپانەی وەک ئیعتیاد و قومارو دیاردەی خەراپ زیانیارەکان بەربەرەکانی بکەن و خۆیان بۆ ئەنجامدانی کاری باش و بەرنامە ئامادە بکەن و خۆ رێکخەن.

## رۆلی کرێکاران و زەحمەتکێشان و جوتیارانی کوردستان؟

**جەلیل گادانی**: هەر تاکێکی کورد لە هەر چین و تویژیک بێ دەبێ هەست بەوە بکا کێیە و لە کوێ دەژی. بە واتایەکی دیکە نەتەوەی خۆی و نیشتمانی خۆی بناسێ و بە گویرە توانا و پسپۆری و لیزانی خۆیان خزمەت بکەن.

## ئەرکی ژنانی کوردستان؟

**جەلیل گادانی**: ژنانی کورد ئەرکیان قورسترە، هەم دەبێ منداڵەکانیان بە هەستی کوردایەتی بار بینن، هەم ئاگاهانەتر لەو زەمان کە چاویان بەسترا بوو لە مافی خۆیان و نەتەوەکەیان دیفاع بکەن. خۆرێک خەن، پەیوەندی خۆیان وەک ژنانی کورد بە هێزتر و لە هەمان حاڵدا بایخ بە پتەوکردنی پەیوەندی بنەماڵەش بدەن. لە خەباتیش پشتی براو خۆشکانیان بگرن و بە خوێندن و خۆێندنەوە خۆیان پێ بگەینن.

## بۆچی جودایی دین لە دەوڵەت باشە ؟

**جەلیل گادانی**: دین ئەگەر دەگەڵ سیاسەت تێکەڵ بوو رسالەتی خۆی لە دەست دەدا و بۆ پاراستنی قودرەت و دەسەڵات وەک ئاخوندەکانی ئێران دەست لە دین دەشۆن و بە قودرەت جاەو جەلالەوە دەنوسێن.

**ئایین تا چەندە دەوری هەبووە لە شوناسی نەتەوەیی دا؟**

**جەلیل گادانی**: سەرۆکی شۆڕشەکان کوردستان بەشی هەرە زۆریان پیاوی ئایینی بوون و زۆریان بۆ پاراستنی هەستی نەتەوەیی هەوڵداوە لە راستیدا ئەگەر شۆڕشەکانی ئەوان نەبان رەنگ بوو کورد لە هەلومەرجی ئێستا دا نەبا. کورد قەرزداریانە.

**چۆنیەتیی دروستبوونی داعش؟**

**جەلیل گادانی**: بە باوەری من ساز بوونی داعش جگە لە دەولەتانی وەک سعودیە، ئێران و سووریە دەستی زلهێزەکانی تێدایە. ناکرێ لە دنیای ئەمرۆ دا ئەو هەموو تیرۆریستە هەمە جۆر دەوری نیزامی ببینێ، چەکدار بکرین بەڵام لە چاوی زلهیزەکان ون بێ. بە مەبەستی تایبەتی ئابووری سیاسی ساز کراون. مالکیش بە تەحویلدانی ئەو هەموو ئیمکانات و چەک و چۆلەی موسڵ و شوێنەکانی دی هاوکاری کردن هەر کە کوردیش باسی ریفراندۆم و سەربەخۆیی کرد، داعیشیان لە دەوری بەغدا را گیراوە سەر کورد و شەڕیان پێ فروشت.

**مرۆڤەکان مێژوو دروست دەکەن، یان رێکخراو و حیزبەکان؟**

**جەلیل گادانی**: حیزب لە مرۆڤەکان دروست دەبێ. مرۆڤیش بەدی هینەری هەموو شتێکە. مرۆڤەکان نەقشی خۆیان هەیە هەر کەس بە پێی توانای خۆی رێکخراو و حیزبەکان وەسیلەی بۆ پێکانی ئامانج و بەرنامەی تایبەتی هەمووی ئەوانە، مرۆڤ و زمان و ژینگە و تاک و حیزب و رووداوەکان بە تێکرا مێژوو دروست دەکەن. بەڵام دەبێ ئەوە قبووڵ بکەین کە رێکخراو بۆ سەرکەوتن چەکی هەرە گرینگە.

**شانازی بە چییەوە دەکەی؟**

**جەلیل گادانی**: شانازی بە خەبات و رابردووی خۆم و حیزبەکەمەوە دەکەم کە بەدیهێنەری یەکەم کۆمار، وشەی پێشمەرگە و ئاڵای کوردستان بە شێوە فەرمی یە.

**بەنیازی نووسینەوەی بیرەوەرییەکانت نیت؟**

**جەلیل گادانی**: دەگەڵ ئەو کتێبانەی تا ئێستا نووسیوومن هێندێک بیرەوەریم نووسیووە، بەڵام ئەگەر کاتم هەبێ زۆر شت ماوە بیان نووسم.

**لەو ماوە درێژەی خەبات دا چ دەسکەوتێکی مێژووییتان وەدەست هێناوە؟**

**جەلیل گادانی**: بەداخەوە بە ئامانجی نەتەوەییمان کە سەربەخۆیی کوردستانی گەورەیە نەگەیشتوین بەڵام توانیومانە وەک ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئاڵای خەبات بە شەکاوەیی رابگرین. زۆرمان ژیان و تەمەن سەرف کردوە و کەممان دەستکەوت هەبووە. بە دڵنیایەوە ئەگەر ئەو خەبات و تێکۆشانەی کورد درێژەی نەبایە کورد یا نەدەما یا هەر نێوێکی لێ دەماوە. خۆراگری کورد رەمزی مانەوەیەتی.

**سەمبۆل هێماکانی گەلی کوردستان لە دیدی جەنابتان کامانانە؟**

**جەلیل گادانی**: هێماکانی گەلی کورد نیشتمان، ئاڵا، پێشمەرگە و سروودی ئەی رەقیبن.

**لێداوانت لەسەر ئەم کەسایەتانە چییە: قازی محەمەد، شێخ سەعید پیران، سمکۆ شکاک، شێخ مەحموود، مستەفا بارزانی، د.قاسملوو، پیرە مێرد، عەبدوڵڵا گۆران، مامۆستا هێمن، عەبدوڵڵا پەشێو، شێرکۆ بێکەس و سوارە ئیلخانیزادە؟**

**جەلیل گادانی**: رەنگە من لەو حەدە دانەبم کە قەزاوەت لەسەر ئەو کەسانە بکەم. بێ گومان هەرکام لەو کەسانە بە پێی توانا، ئیمان بیروباوەر و زانستی خۆیان چیان بە قازانجی نەتەوەکەیان بۆ کراوە کردوویان و هەر یەک لەوان لە بواری تایبەت بە خۆیاندا زەحمەتیان کیشاوە و خزمەتەکانیان بۆتە هۆی ئەوەی ناویان لە دنیای سیاسەت و ئەدەب دا بمێنێتەوە و لە دڵی گەلەکەیاندا بچەسپێ.

**پێشبینی و هەڵسەنگاندن بۆ داهاتووی کوردستان؟**

**جەلیل گادانی**: بۆ داهاتووی کوردستان گەشبین و دڵخۆشم نەتەوەکەم زیندوە، لە سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەراست دا



سەرچاوە
Serchawe

بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

مەترحە ئەگەر یەکگرتوو بین، واز لە دەخالەت لە یەکتر بینین، حورمەتمان بۆ بیرو بۆچوونی یەکتر هەبێ، فریوی دوژمن نەخوین و خۆش باوەر نەبین و دۆست و دوژمنی خۆمان بناسین سەردەکەوین.

**وەک کەسایەتی بەئەزموون چ لێدوان و پەیامێکت بۆ کچان و کوڕانی لاوی کورد هەیە؟**


**جەلیل گادانی**: کیژان و کوڕانی کورد دەبێ بیر لە خۆیان و چارەنووسی نەتەوە و نیشتمانەکەیان بکەنەوە، هەست بە بەرپرسایەتی بکەن، باش بخوێنن و خۆ رێک خەن تا بتوانن خزمەتی زیاتر بە دایک و باب و گەل و نیشتمان بکەن.

ڕەزبەری ٢٧١٧ی کوردی - ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe

## هەڤپەیڤینی مامۆستا ئەمیر حەسەنپوور لەگەڵ کاک جەلیلی گادانی




دووشەمە ٣-ی ژانڤییەی ١٩٩٤ ئۆرەبروو، سوێد.

خوێندنی زمانی کوردی و دەرسخانەی گەڵاوێژ لە سەردەمی جمهووری کوردستان

تێبینی: لە کاتی ئەو چاوپێکەوتنە دا کاک نەبی قادری، کاک ڕەسووڵ ئاریایی، کاک محەمەد گادانی، کاک سەلاح گادانی و حەسەن قازی ئامادە بوون

**حەسەن قازی**


**ئەمیر حەسەنپوور**: ئەورۆ پێم وایە سێیە، ٣ی ژانوییەی ٩٣

**حەسەن قازی**: ٩٤

**ئەمیر حەسەنپوور:** ٩٤، لە چ شارێک، لە چ شارێکین؟

**حەسەن قازی:** ئۆرەبروو

**ئەمیر حەسەنپوور:** بەڵێ جا کاک جەلیل ئەو شتانەی باست کرد سەبارەت بەو کلاسی دەرس، کە ئێواران بوو دوای مەدرەسەی بە کوردی، ئەگەر لە بابەت ئەوەیەوە هەرچی لە بیرتە بیفەرموو!



**جەلیل گادانی:** ئەوەی لە بیرمە بە دوای ڕووخانی دە واقیعدا ڕەزا شای دا و پێچرانەوەی تەخت و بەختی لە کوردستان بۆ ماوەیەک هەستی نەتەوایەتی گەلەکەمان زۆر برەوی ساند و بە دوای ئەوە دا هێندێک ڕەوشەنبیر کە موتەئەسیر بوون لە هێندێک گۆڤاری کوردی کە ئەو دەمی بە شێوەی موشەخەس لە بیرمە گۆڤاری "گەلاوێژ" دەهات بۆ مەهاباد، موتەئەسیر بوون و زۆر شتی تازەیان لێ دەردەخست کە بۆ ئێمە کوردی ئێرانێ تازەگی هەبوو. ئێمە قوتابی بووین من ساڵی چواری ئیبتیدایی بووم ڕۆژانە لە مەدرەسەی بە زمانی فارسی دەمانخوێند بەڵام لەو ئەوائیلی ساڵی ٢٤ دا بەر لەوەی کە حیزب تەشکیل بێ هەر ژ - ک مابوو هێندێک لە مامۆستایان کە هێندێکیان حەتتا جەنبەی ئایینیشیان بوو دەستپێشخەرییان کرد و توانیان بە دلسۆزییەکی تەواوەوە هێندێک کوڕ و کۆمەڵی فەرهەمگی دابمەزرێنن یەک لە وانە کە لە بیرمە بۆ یەکەم جار مەدرەسەیەک بە ناوی "مەدرەسەی گەلاوێژ" لە لایەن خاڵە مەلای داودی مەشهوور بە مەلای حەجۆکی کە نێوی ئەسڵی عەبدوڵا بوو شۆرەتی داودی بوو برای حاجی مستەفای داودی و حاجی عەبدولخالەقی داودی ئەو بەرەبابە بوو لە داودییەکانی مەهابادێ دامەزرا و ئەوەش ئەمن بۆ خۆم بە سەعادەتێک حیساب دەکەم کە بە گوێرەی ئەو شتەی کە لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا هاتووەئیستینادی پێ دەکرێ، کە خاڵە مەلا لە قۆرغی مەولەوی دەگەڵ پێشەوا کە ئەو دەمی قازی بووە مولاقاتێک دەکەن، تەبعەن پێشەوا بەرپرسیایەتی فەرهەنگی و ئامووزشی هەر هەبووە بە شێوەیەک ئیزهاری عەلاقەی کردووە لە سەر ئەو مەساییلە هەمیشە. وەکوو مزگێنییەک خاڵە مەلا پێی دەڵێ مەدرەسەیەک داندراوە بە کوردی و ئێستا

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

هێندێک قوتابیمان هەیە بە کوردی دەرس دەخوێنن. پێشەوا زۆری پێ جالیب دەبێ دەپرسێ کە چۆن و کەنگێ و لە کوێ، دەڵێ لە گەڕەکی "قووڵە قەبران" لە ماڵی حاجی ئەحمەدی گادانی ئەو مەدرەسەمان داناوە و پێمان خۆشە سەرمان لێ بدەی و قوتابیان و مامۆستاکان بڕێک هان بدەی و بڕێک تەشویقیان بکەی. ئێمە پۆلە قوتابییەک بووین حدوودی بیست سی کەس لە خودی گەڕەکی " قووڵە قەبران" و دەور و بەر وە گەڕەکی "ڕزگەیان" کە بە ئیستیلاح دوو گەڕەکی جیرانی مەهابادن لەو قوتابخانە دەستمان کردبە خوێندن و هێندێک مامۆستای دلسۆزی ئەو زەمان کە لە کوردێ زیاتر شارەزا بوون لە مامۆستاکانی مەدرەسەی ڕۆژانەی ڕەسمی دەوڵەتیدا دەرسیان دەکوتەوە دەرسیان بە ئێمە دەکوت و دە حەقیقەتدا ئەمە یەکەم ئەلفبای زمانی کوردی لەو مەکتەبە و لەو جێگایە کە ماڵی ئێمە بوو دەستمان پێ کرد و ماوەیەکی دوور و درێژ ئەو کارەمان ئیدامە دا، ڕۆژانە کە دەچووینە مەدرەسەی دەوڵەتی بە فارسی دەمانخوێند ئێوارانە دەهاتینەوە دەچووینەوە بۆ ئەو مەدرەسەی وە نە تەنیا ئێوارانە بەشێکیش لە شەو ئەز بەس شەوقمان هەبوو و عەلاقەمان پێی بوو بەشێکیش لە شەو لە مەدرەسەکە دەماینەوە و درەنگانێک دەچووینەوە بۆ نانخواردن، حەتتا هێندێک وەخت دەچووینەوە نانمان دەخوارد و دووبارە دەگەڕاینەوە بۆ مەدرەسەکە. مامۆستاکان عەلاقەیەکی یەکجار زۆریان بە ئێمە قوتابییەکان هەبوو وە ئێمەش بە حەقیقەت وەکوو بابێک مامۆستاکانمان خۆش دەویست و یەکجار زۆر ئیحتیرامان بۆیان هەبوو وە من پێم وایە لە شەخسی خاڵە مەلا لەو بابەتە غەدر کراوە کە لە کەمتر شوێنێک تا ئێستا باسی کراوە و من بەش بە حاڵی خۆم وەک شاهیدێکی زیندوو خاڵە مەلای داودی وەکوو بنیانگوزاری یەکەم مەدرەسەی کوردی لە کوردستانی ئێران و لە شاری مەهاباد دا دەناسم و جێی خۆیەتی بە گوێرەی پێویست تەحقیق لە سەر شەخسییەتی ئەو کابرایە بکرێ بیوگرافی و ژیانی ئەوەندەی کە بووە وەکوو کوردێکی دڵسۆز هەر بمێنێتەوە و پێم خۆشە ئەوەشتان عەرز بکەم کە مەدرەسەی گەلاوێژ کە کاتی خۆی ئاوا بە نهێنی و نیوە نهێنی دامەزرا و شەوانە ئەمە دەمانخوێند دوایی کە کۆمار ئێعلام کرا و ڕەسمییەتی پەیدا کرد و مەدرەسەکان بوونەوە کوردی و لە مەدرەسەکان دەرس کوتنەوە بە فارسی بە تەواوی قەدەغە بوو حەتتا کتێبی فارسیش کەس نەیدەتوانی، نەدەبوو هەڵی بگرێ بیخوێنێتەوە یا بڵێین دەرسی لێ بخوێنێ هەموو دەرسێک بە زبانی کوردی و بە کوردی دەکوتراوە لە لایەن مامۆستاکانی هەموو مەدرەسەکانەوە، ئەو مەدرەسەی " گەلاوێژ" ە مونتەقیل کرا بۆ ساخوتومانێک کە لە جیرانەتی چاپخانەی کوردستاندا واقیع ببوو و ئەگەر فکرم بە هەڵە نەچێ لەو جێگایەی بوو کە تا بەینێک لەوە پێش، دە پازدە ساڵ لەوە پێش کە من مەهابادم دەدی کتێبخانەی " مووەفەقی" و ئەوانەی تێدا هەڵکەوتبوو. وە ئەو مەدرەسە هەتاوەکوونێ ئاخرین ڕۆژی کۆماریش بە کاری خۆی هەر درێژەی دا و مەدرەسەیەکی مومتاز هەم لە باری شاگردەکانییەوە و هەم لە باری ئیحساس و بیرو بۆچوونی کوردایەتییەوە بە حیساب دەهات لە ئەغڵەبی مەڕاسیمەکانی دە واقیعدا ڕەسمیشدا حەقی تەقەدومی پێ درا بوو قوتابییەکانی، مامۆستاکانی دەبوو لە سەفی پێشەوەی بەقییەی مەدرەسەکاندا بڕۆن چون یەکەم مەدرەسەی کوردی بوو کە دامەزرابوو. هەر لەو کاتدا بە فاسیلەیەکی دوو سێ مانگی مەدرەسەیەکی دیکەش بە ناوی مەدرەسەی "ئازادی" لە گەڕەکی "هەرمەنییان" لە ڕاستی ماڵە حەمەدی مەولوودی و ئەوان پێک هات دە یەک دوو هۆدەی،



سەرچاوە
Serchawe

دیاره ئەو دەمی هەر هەموو ساختومانەکانی سابلاغێ بە سەبکی قەدیمی و شتی وا بوون بەڵام سازتر لەوانەش بوو کە ئەو دەم هەبوون لەوێدا بوو و هێندێک وەخت مامۆستاکان کە ڕەوابیتێکی زۆر سەمیمانەیان پێکەوە هەبوو شەوانە بەعزە ڕێوڕەسمێکیان بەڕێوە دەبرد لەبەینی ئەو ڕێوڕەسمەدا قوتابییەکانیش هەموو کۆ دەبوونە ئی هەر تک مەدرەسان "گەلاوێژ" و " ئازادی" و هێندێک بڵێین موسابەقاتی شێعرو خوێندنەوەی مەتن و زانیاری لە سەر نووسین و دەستووری ئەو دەم بە پێی زانیاری مامۆستاکانمان دەهاتە گۆڕێ کە زۆر هاندەر بوو بۆ هەر تک لامان وە کەلکی پێویستمان لەو جوورە کۆبوونەوانە وەردەگرت.

**ئەمیر حەسەنپوور: ئەو مەدرەسەی ئازادیش پێش پێک هاتنی کۆماری بوو؟**



**جەلیل گادانی**: مەدرەسەی ئازادیش پێش پێکهاتنی کۆمار بوو وە هەر بە نیوەنهێنی بوو ئەویش دە واقیعدا بەڵام دوایی کە حکوومەت ئێعلام کرا ئەو مەدرەسە بەو ناوە لە مەهاباد دا نەما و دەغم بوو دەگەڵ هێندێک مەدرەسەی دیکە. مەدرەسەی پێشووی پەهلەوی و سەعادەت و ئەوانە بە گشتی مەدرەسەی " کوردستان" یان ناو نا و ئەو مەدرەسە دە واقیعدا دەغم بوو دە مەدرەسەی " کوردستان" دا، بەڵام گەلاوێژ" هەر بە ناوی خۆی مایەوە.

**ئەمیر حەسەنپوور: ئەو مەلای داودی چی بەسەر هات ئەوەندەی ئەتۆ ئاگات لێ بێ؟ لە زەمانی کۆمار دا چی کرد و دوایە چی بەسەرهات؟**

**جەلیل گادانی**: ئەوەندەی ئەمن ئاگام لێ بێ دەحەقیقەت دا پیاوێکی خودساختە بوو، فەقێیەتی کرد بوو دوایە بە دەرەجەی مەلاییش گەیشتبوو بەڵام عەلاقەی بە مەلایەتی و ئەوە نەبوو، زۆرتر عەلاقەی بە خوێندنەوەی کتێب و تەحقیق و بە تایبەتی زبانی کوردی و ئەوانە بوو و بێ شک ڕەنگە ناوی نەبێ بەڵام ئەگەر نەڵێم یەکێک لە دامەزرێنەرانی

کۆمەڵەی ژێکاف بووە یەکێک لە ئەفرادی فەوقولعادە موئەسیر و خۆش ئیحساسی کۆمەڵەی ژێکاف بوو وە لە سەتحی گەڕەکێشدا خەڵک خۆشیان دەویست حیسابیان لە سەر دەکرد،دەگەڵ ئەوەشدا کە ئینسانێکی فەقیر بوو بەڵام توانیبووی ژیانی خۆی بە شێوەیەک تەنزیم بکا کە ئەو دەمی بۆ ئێمە جالب بوو. ئەو دەمی لە کەم ماڵان کوڕی خوێندەوار و ئەوانە هەبوو، کوڕەکانی وی هەرتکیان خوێندەوار بوون و دواییش هەرتکیان بوونە مامۆستا هەر لە قوتابخانەی " گەلاوێژ"، یەکێکیان کوڕی گەورەی بە ناوی محەمەد دەگەڵ ئەو عیدە خوێندکارە کە نێردران بۆ باکۆ دەگەڵ ئەوانیش چوو بەڵام باش نەزانم بە عیلەتی نەخۆشی بوو یا بە عیلەتی دڵتەنگی و دووری لە کوردستان بوو وەکی ئەوانیدیکە نەیتوانی تا ئاخر بمێنێتەوە، زووتر گەڕایەوە یانی هەر لە دەورەی کۆماردا گەڕایەوە و دووبارە دەرس کوتنەوەی لە مەدرەسەی "گەلاوێژ" درێژە دا. ئەوەندە ئەو بنەماڵە پاک و خاوێن بوون وە خۆش هەست بوون و ئەوەندە عەلاقەیان بە کۆماری کوردستان بوو کە دوای ماوەیەکی ساڵ، ساڵونیوی هەر سێکیان بە داخەوە بە تەرتیب فەوتیان کرد و لە نێو ئیحتیرامی خەڵکی مەهاباد دا لە گۆڕستانی مەلا جامی بە خاک ئەسپێردران. وە دەواقتعدا دەکرێ بڵێین یەک مەجمووعە لە ئینسانی خاوەن هەست دەو ماڵە دا بوون کە هەموویان لە ماوەیەکی کەمدا نەمان و یا بڵێین بە قەولی ئەو دەم دەکوترا لە مەراق و کەسەرێکی زۆر کە لە تێکچوونی کۆماری کوردستان بۆ وان هاتبووە پێشێ دیقیان کرد. ئەوە تەعبیری خەڵک بوو منیش لە سەر ئەو بڕوایەم چون ئیشتیاق و عەلاقەکەم زۆر لەوە زیاتر دەدیتن کە بتوانن ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە تەحەمول بکەن.

**ئەمیر حەسەنپوور: فەقیییەتی نازانی لە کوێ کرد بوو؟**

**جەلیل گادانی:** ئەمن باشم لە بیر نییە دە واقیعدا چونکوو ئەو سین و ساڵێکی لێ گوزەرا بوو. ئەو دەمی زەمانی کۆمار حدوودەن شێست و شێست و پێنج و ئەوانە بوو.

**ئەمیر حەسەنپوور: مەلایەتی نە دەکرد؟ لیباسی مەلایەتی و ئەوەی دەبەر نەدەکرد.**

**جەلیل گادانی:** نەخێر مەلایەتی نە دەکرد، لیباسی عادی دەبەر دەکرد و کەوا و پاتۆڵ و من وێنەیەکیشم هەیە هیوادارم بتوانم ئەو وێنەیە هەر چەند عەلەزاهیر ئەوەی لە بیرمە بە پێژامەیەکەوەیە، کراسی دەبەر دایە بەڵام دە نێو مەجمووعەیەک لە مامۆستایان ئەو زەمانی مەدرەسەی " گەلاوێژ" کە تفەنگی بڕنوشیان بە دەستەوەیە ئەغڵەبی مامۆستاکان و دوو لە کوڕەکانی خۆشی لەوێدا هەن. وام لە بیرە کە سەید محێیدینی نیزامیش کە ئەو زەمان مامۆستا بوو و هەر لەو مەدرەسەیە دەرسی دەکوتەوە وەختی خۆی مامۆستای منیش بوو بۆ دەرسی کوردی، یەکێک لە مامۆستاکان بوو ئەویشی هەر تێدایە، مەجمووعەیەک ئەفرادی دیکە کە ڕەنگە ئەمن نەچمەوە سەریان. ئەمن نموونەیەکم لەو عەکسە داوە بە کۆمەڵی

کورد لە لەندەن، پێرار، ئەگەر مابێ ئەمن حەتمەن بۆتان دەنێرم، ئەگەر نەشم مابوو هیوادارم لە ڕێگەی ئەوانەوە کە حەتمەن وێنەیەکیان لە کنە، کە دابوومنێ گۆڤارێکیان هەبوو تێیدا چاپی بکەن، نازانم چاپیان کردووە یان نا، ئومێدەوارم بە دەستی ئێوە بگا کەلکی لێ وەربگرن.

**ئەمیر حەسەنپوور**: زۆر مەمنوون. جا کاک جەلیل دەکرێ کەمێک وردتر باسی معەلیمەکان کێ بوون؟ ئەگەر لەبیرت بێ خوێندکارەکان کێ بوون، چۆنیان دەرس دەکوت و لە کوێ دادەنیشتن لە ماڵێ؟ لە سەر عەرزی دادەنیشتن، تەختەی ڕەشوو هەبوو، کاغەزوو چۆن بوو، ئەو شتانە. چون ئەوانە هیچی دیارە، ئەمن کە هەر نەمبیستبوو شتی وا. پێشم وا نییە تا ئێستا بە نووسراو کەس نووسیبێتی. هەرچی وەبیرت بێ لەو بابەتانەوە.

**جەلیل گادانی**: منیش وەک نووسراوە تەنها لە ڕۆژنامەی کوردستاندا وەک نووسراوە ئەوەم چاو پێ کەوت. ئەز قەزا بۆ خۆشم موتەوەجی نەبووم برادەرێک کە پێش من ئەو ژمارەی خوێندبووەوە کە ١٣ ژمارەیەکمان وەدەست کەوتوو لە ١٩٨٤ لە پاریس، موتەوەجیهی ئەوەی ببوو و ئیشارەی پێ کرد. بە شۆخی ئیستینادیان بەوەش دەکرد کە ئەمن زۆر قەدیمیترم لەوەی کە بۆخۆم پێم وایە، دەیانەویست سینی من ببەنە سەرێ بەڵام واقعییەت ئەوە بوو ئەمن ئەو دەمی قوتابی بووم بەڵام شتەکانم لە بیر ماوە؟

**ئەمیر حەسەنپوور**: چەند ساڵە بووی ئەو دەمی؟

**جەلیل گادانی**: من ئەو دەم تەقریبەن چاردە ساڵە بووم، لە تەئسیسی ئەو مەدرەسە دا ٢٤ [ی هەتاوی] تەقریبەن چاردە ساڵە بووم. چاردە و چاردە و شتێک وە ڕوویهەمڕەفتە ئەمە لە حەسارێکی زیادی لای ماڵی خۆمان ئەو دەم کە بڵێین بە بنبەستی ئەییووبی دوایە دەناسرا، ماڵە سەید ڕەحمانی ئەییووبی و حاجی سەید ڕەحیمی ئەییووبی ددانساز و ئەوانە بوون بنبەستێک بوو ئێمە لەوێ دوو دەزگا خانووبەرەمان بوو دەزگایەک بۆ خۆمان تێیدا دادەنیشتین، دەزگایەکیش هەر لە پەنای وی هەبوو کە زۆر شتی بە خۆیەوە دیوە ئەو خانووە. وەختی خۆی چون خانوویەکی مەزبووت و جادار و پڕ وەتاغ بووە، ئەمیر عەشاییری زەمانی ڕەزا شای تێدا بووە، دوایی شەخسییاتی وەکوو مەلا مستەفا و شێخ سولەیمانی بارزانی و ئەوانەی تێدا بووە، سەیدی زەمبیلی تێدا بووە، نازانم ئەگەر محەممەد لە بیری بێ [ مەبەست لە محەممەدی گادانی یە کە لە دانیشتنەکەدا بووە. ح.ق] ڕەنگە خەڵکی دیکەشی تێدا بوو بێ.

**محەممەد گادانی**: حاجی حەمەد ئاغای ئیندرقاشی ئەمن پێم وایە دەبێ حاجی حەمەدئاغای شێخاڵی بێ. ح.ق]

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

**جەلیل گادانی**: بەڵێ ئەوانە، بە ئیستیلاح هێندێک گەورە ماڵ دەیانگرت، ڕەنگە ئەو دەمی هەم ئیجارەکەی گران بوو بێ و هەم بیلەخەرە ئەو گەورە ماڵانە جێگاوڕێگایان دەویست، بەڵام لەو حەوشەدا ئێمە دوو هۆدەمان بەر کەوتبوو، دوو هۆدەیان دابووینێ و بابم کە هەر وا ئیشتیاقێکی تایبەتی بە کاروباری نیشتمانپەروەری و ئەوە هەبوو و ئەندامی کۆمەڵەی ژێکاف بووە و دوایەش ئەندامی حیزبی دێمۆکرات بووە پێشکەشی کرد بوون کوتبووی ئێوە نییەتێکی وا خێروو هەیە لە سەر ئەوەی مەحتەل مەبن جێ نییە ئەو جێ. وە دەو دوو هۆدەی دا بوون و دوایی قوتابییەکان زیاد بوون، عەرزت دەکەم گوێستمانەوە بۆ کووچەیەکی سەرەوەتر کە ئێستا بووەتە ئەوەڵی هەشت میتری ئەگەر لە بیرتان بێ لە مەهابادێ ئەوەڵی هەشت میتری ماڵە حاجی سەید عەبدوڵای تەها زادە، حەوشێکی فەرعیان هەبوو جگە لە حەوشی ئەسڵی خۆیان، ئەو سێ چوار وەتاغی هەبوو چووینە دەو حەوشەیەوە و هەتاوەکوونێ تەبدیل بوو بە مەدرەسەی ڕۆژانە هەر دەو حەوشە دا بووین و زۆریش خاتراتی بڵێین خۆش و ناخۆش بە تێکڕا لەو دەورە لە قوتابخانە و لە مەدرەسە هەمانە پێم خۆشە ئیشارە بکەم کە ئەمە لەو دەورە لە قوتابخانەی نهێنی عەکسێکمان هەبوو مەجمووعی قوتابییەکان بە لیباسی کوردییەوە کێشابوومان هەموومان و دیار بوو لە ماڵێ هەموویان ڕازاندبووینەوە، پشتێندی باشیان بۆ بەستبووین و شەدەی قۆزیان دە سەری هاڵاند بووین و لە دەورو بەری باغی سیسە لە سەر چۆم و ئەوانە عەکسێکی زۆر جالبمان هاویشتبوو داواشم لێکرد ئەو قەدەرەی لە کاک عەلیی قازی کوتم کاک عەلی وەختی خۆی ئەتۆ ئەو عەکسەت لە من وەرگرت بە ئەمانەت پیاوی چاک بە ئاڵبۆمەکانت تەمەشا کە ئەگەر ماوتە ئەو عەکسەم دەیەوە ئەوە بۆ من زۆر قیمەتییە کوتی وەڵا دەگەڕێم ئەگەر ببێ بە چاوان. بەڵام پێم وا نییە لە کنم مابێ، وەبیرم دێ چ عەکسێکت داومێ زۆریش قیمەتی بوو، بەڵام ئێمە زۆر کەوتووینە بەر پەلامار ئەو عەکسە ڕەنگە نەمابێ. زۆری تەمەشا کرد بوو خولاسە ئەو عەکسە نەماوە بە داخەوە ئەو عەکسە لە بەین چوو عەکسێکی جالب بوو بۆ من. وە ئەو دەمی قوتابخانە دیارە لە مەدرەسەی عادی میز و سەندەڵی و ئەوە هەبوو، مەدرەسەی دەوڵەتی بە ئیمکاناتی دەوڵەتییەوە بەڵام دامەزرێنەری ئەو مەدرەسەیە دە واقیعدا هەموو بۆخۆیان ڕووت و ڕەجاڵ بوون ئەوەیان دە حەقیقەتدا بۆ نەدەکرا کە میز و سەندەڵی و شتی وا بکڕن لە بیرمە لە بەڕە و مەڕە و شتی وا کەلکمان وەردەگرت و دادەنیشتین بەڵام دوایی کە گوێستمانەوە بۆ ماڵە حاجی سەید عەبڵا لەوێ ئیدی میز و شتیان بۆ کڕی بووین و مەدرەسەکەمان تەیارتر بوو. بەڵێ تەختە سیامان هەبوو لە عەرز دادەنیشتین و گێجیشمان بۆ خۆمان دروست دەکرد بۆ وەی مامۆستاکانی مەدرەسەی ڕۆژانە فکر نەکەنەوە کە گێجمان لە مەدرەسەی وان هێناوە لە سەر ئەوەش لێمان بدەن تەنبێمان بکەن. وە لە ئیمکانێتێکی زۆر کەم دە واقیعدا کەلکمان وەردەگرت بەڵام ئەزبەس عەلاقە هەبوو دە بەینی هەموو قوتابییەکاندا بۆ زبانی کوردی دە ماوەیەکی زۆر کەمدا ئێمە خوێندن و نووسینی کوردی فێر بوون و ئەو دەم هێندێک موجەلە و شتی وا کە کەم و زۆر دەردەکەوت یەک لە وان " گەلاوێژ " بوو کە ئێمەش ئیدی وردە وردە فێر ببووین دەگەڵی ئاشنا ببووین بۆیان دەهێنایەن و قەتەعاتی ئەدەبێ و شتی وامان لێ دەخوێندنەوە و شێعرەکانمان دەخوێندەوە و هێندێکیشمان لەبەر دەکردن.

**ئەمیر حەسەنپوور:** کتێبتان نەبوو لەو کتێبە دەرسییانەی لە عێراق چاپ دەبوون؟

**جەلیل گادانی:** نەخێر، ئەمە ئەو دەمی وا بزانم کتێبی دەرسی ئەگەر لە عێراقیش بووبێ، نازانم دەقیق ئەو دەمی لە عێراق بووە بەو شێوە یان نا.

**ئەمیر حەسەنپوور:** هەبوو بەڵێ

**جەلیل گادانی:** بەڵام ئێمە شتێکمان لەو کتێبانە نەبوو نەخێر، هەر لە قەڵەم و کاغەز ئیستیفادەمان دەکرد و گۆڤارەکانیش ئەوەی کە دەهات بە تایبەتی هێندێک لە مامۆستاکان لە خانەوادەهایەکی موسەقەف و ئەهلی موتالەعە و شتی وا بوون دەورەی گەلاوێژیان هەبوو ژمارە بە ژمارە دەیانهێنا، لە هەر ژمارەیەک هێندێک شتیان پێ دەکوتین ئێمەش ئیستیفادەمان لێ دەکرد. مامۆستاکانی ئەو دەمی...

**ئەمیر حەسەنپوور:** ببوورە پێش ئەوەی بچینە سەر ئەو باسەی "نیشتمان" چی یا" دیاری کۆمەڵەی ژ - ک. بۆ لاوەکانی کورد" ئەوانەو هەبوو؟

**جەلیل گادانی:** ئەوانە دەر دەکەوتن بەڵام ئەوی واقعییەت بێ ڕەنگە ئەمە دە سینێکی دا نەبووبین کە بتوانین لەوانە ئیستیفادە، بەهرەی سیاسی وەرگرین بەڵام من "نیشتمان" م دیوە و هێندێک شتیشم لە مەقتەعێکدا لێ خوێندووەتەوە.

**ئەمیر حەسەنپوور:** بەڵام لەوەی لە مەدرەسەی دا لەوەی کەلکیان وەرنەدەگرت؟



**دانیشتووان لە ڕاستەوە**: ١- مەجیدی کۆچەری ٢- تەهای موکری ٣- خەلیلی عەسکەری ٤- قاسمی خوسرەوی ٥- محەمەد سادقی شەڕەفی ٦- حەمەدەمینی مورادیان ٧- جەلیلی گادانی ٨- محەمەدی سوڵتانی.

**ڕاوەستاوان لە ڕاستەوە**: ١- فەتتاح چاوشێت) پاس - ١٥) ٢- قادری شینکی ٣- سەید سمایلی ئەییووبیان ٤- محەمەد ٥- سەید عوبەیدیلای ئەییووبیان ٦- سماییلی ساحێب ٧- مەحموودی ناڵبەندی ٨- عەبدوڵای زەهاوی ٩- عومەری شەنگەیی ١٠- تەهای سماییلزادە ١١- خەلیلی گادانی، مەدرەسەی گەلاوێژ

**جەلیل گادانی**: لە مەدرەسەی با، لە هێندێک شێعر و ئەوانەیان کەلک وەردەگرت کە زۆرتر دەگەڵ زەوقی ئێمە و دەگەڵ سین و ساڵی ئێمە جوور دەهاتەوە لە بەرمان دەکرد و وەکوو کۆنفرانس بۆ باقی قوتابییەکانمان دەخوێندەوە کە ڕاش بێین کە بتوانین لە هێندێک جێگا و شوێن قسە بکەین شێعر بخوێنینەوە و ئەوانە کە من ئەو زەمانە یەکێک لەوانە بووم کە لە زۆر کۆڕ و کۆمەڵی بڵێین سەرتر لە سەتحی خۆمان، لە سینی خۆمان کە لە بەینی ئەندامانی ژ.ک و ئەوانە دا پێک دەهات دەچووین......

**ئەمیر حەسەنپوور**: دەی معەلیمەکان کێ بوون؟

**جەلیل گادانی**: مامۆستاکان ئەوەی لە بیرمە خاڵە مەلا بۆ خۆی بوو، سەید عوبیدیلای ئەیووبیان بوو.

**ئەمیر حەسەنپوور**: سەید عوبەیدیلا بۆ خۆی موحەسیل بوو؟

**جەلیل گادانی**: سەید عوبەیدیلا موحەسیل بوو لە دەبیرستان دەیخوێند، وا بزانم کلاسی ٣-ی دەبیرستان بوو ئەو زەمان. دەبیرستانیش لە جێی مەشهووری ماڵە وەرەهرامی دا بوو کە پێش ئەو زەمانیش قەدەرێک ماڵی شێخ ئەحمەدی بارزانی بوو. چونکە ئەمە کە چووینە دەبیرستانی هەر لە دەوری کۆمار دا دەبیرستان گوێزرابووەوە بۆ ساختومانی دارایی، ساختومانێکی کولاهفەرەنگی هەبوو لەوێ دەو ساختومانەی دا بوو کە حەسارەکەشی زۆر گەورە بوو، دار و درەختێکی زۆری هەبوو دوایە بوو بە دەبیرستانی محەمەد ڕەزا شا وا بزانم. ئەو دەمی ئەو پشتی وێ تەقریبەن کاول بوو، دەشت و کەلاوە و تەپە و مەپە و ئەوانە چەند ساختومانی قەدیمی لێ مابوو ئی دەورەکانی پێشوو ئاوەدان نەبوو، ئەمە لەو دەبیرستانەمان دەخوێند، بەڵام ئەوان لەو ساختومانەیان دەخوێند کە دوایی وەرەهرام و پێش وەرهرامیش شێخ ئەحمەدی بارزانی دوای وەی کە هاتنە وێ دەوێدا دانیشتبوون. یەک دوو تێئاتریش کە ئەو دەمی دەبیرستان بوو هەر لەو حەسارە درا و بۆ یەکەم جار من لەو سەردەمەدا دەگەڵ تێئاتر ئاشنا بووم و گرووهێکی تێئاتلە باکۆ ڕا هاتبوو و ئەوان شتێکی فەوقولعادە جالبیان

نیشان دا..

**ئەمیر حەسەنپوور**: بە تورکی؟

**جەلیل گادانی**: بەڵێ بە تورکی و دواییش گرووهێکی هونەری لە تەورێز را هاتبوون. لە دوو مەرحەلە دا ئەمن بەش بەحاڵی خۆم زۆرم حەز لێ کرد، زۆرم پێ خۆش بوو، جا ڕەنگە تێی نەگەیشتبم لە مەفاهیمی کەلیمەکان چون ئەو دەمی تورکیم نە دەزانی ئەمما بۆم شتێکی جالب بوو، بە تیئاتریشیان دەگوت تەیاتوور. چون هێندێک کەلیمە هەیە کە دەگۆڕدرێ بە گوێرەی سەلیقە خەڵک و وانە کە کابرای ساحێبی هەر ناشیناسێتەوە کەلیمەکەی. بەڵام دوای ئەوە کە هێندێک لە هاونیشتمانانی کوردستانی دیوی گەرمیان هاتن بۆ ئەوێ بە تایبەتی لە سەرەتای بەرەو تێکشکانی شۆڕشی بارزانی و دوای ئەوەی کە بارزانییەکان هاتن مامۆستاکان زیاتر بوون، هەر لەو مەدرەسەی شەوانە دا من باشم لە بیرە "عوسمان دانیش" ی ڕەحمەتی، نووری ئەحمەد تەها، مامۆستا محەمەد تۆفیق وردی ئەوانە دەرسیان پێ دەکوتینەوە کە دوایی بوونە معەلیمی ڕۆژانەشمان لە مەدرەسەی گەلاوێژ کە دەرسیان دەکوتەوە هەر کام لە ڕشتەیەکدا، مامۆستای باشیش بوون ئەو دەم موستەوایان زیاتر لە مامۆستاکانی پێشووی خۆمان بوو، موستەوای کوردییان. هۆیەکەشی ئەوە بوو کە ئەوان لەگەڵ کوردی و زبانی کوردی لە مێژ بوو ئاشناییان هەبوو کە بۆ مە شتەکە تازە بوو.

**ئەمیر حەسەنپوور**: جا چەند سەعاتوو دەرس دەخوێندو دەزانی لە چ ساعەتێکی را؟

**جەلیل گادانی**: ئێمە مەعموولەن لە سەعات چوار، چوارونیوی دوای نیوەڕۆیان تەعتیل دەبووین، نیوسەعاتێک بە ڕێگاوە دەبووین تاوەکوونێ مەدرەسەکەمان بە نێوی مەدرەسەی پەهلەوی لە هەوەڵی گەڕەکی هەرمەنیان بڵێین لە سەر دڕووان لە خانووی میرزا سوڵتانی دا بوو هەتا لەوێرا دەگەیشتینەوە و دەچووین کتێب و متێبی یا دەفتەر و مەفتەری کوردیمان هەڵدەگرت کە ئەو دەمی نەمان دەوێرا بیبەینە مەدرەسەی ڕۆژانە چون دەبووە ئەسبابی تووڕەیی مامۆستاکانی ڕۆژانە و هێندێک جار وەبەر کوتەکیش دەکەوتین نیو سەعاتێکمان پێ دەچوو لە سەعات پێنج پێنج و نیوی ئەو کات دەستمان پێ دەکرد جاری وا بوو دەچووینە، هەتاوەکوونێ وەختی نان خواردن لەوێ دەبووین، هێندێک جاریش کە دەرسەکانمان دەماوە دوای نان خواردنیش دووبارە دەهاتینەوە خەریک دەبووین، دوایی وای لێ هاتبوو بە تایبەتی ئەو دەم کە بڕێک مەدرەسەکەمان لە ماڵی ئێمەوە و هێندێک لە کوڕەکان بڕێک دوور کەوتبووەوە ئیدی شەوانە دوای نان خواردنێ دەچووین تەقریبەن تا سەعاتی ١١ و ١٢-ی شەو خەریک دەبووین و مەشغووڵ دەبووین مامۆستاکانمان زۆریان زەحمەت دەگەڵ دەکێشاین و بە ڕاستی دڵسۆز بوون. وە ئەمن قەت خاترەی ئەو مامۆستایانەی ئەو دەم لە بیر ناکەم کە بەو پەڕی



سەرچاوە
Serchawe

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

دڵسۆزییەوە دەرسیان پێ دەکوتین و فێری شتی تازەیان دەکردین.

**ئەمیر حەسەنپوور:** مەحەسیلەکان هیچت لە بیرە کێ بوون؟

**جەلیل گادانی:** بەڵێ موحەسیلەکانم هێندێک لە بیرە. عەرزت دەکەم ئەوەی لە بیرمە مەرحوومی عوسمانی یۆسفی بوو، کاک مستەفای ئەلیاسی بوو، خودا لێخۆشبوو مەحموودی ناڵبەندی بوو، ئەوە دەستە برادەرێک بووین زۆریش پێکەوە نزیک بووین و زۆر پێکەوە گەرم بووین دوایش هەر بە تێگڕا چووین بۆ مەدرەسەی گەلاوێژی ڕۆژانە لەو مەدرەسە ڕا و لەوێ بە خوێندنی خۆمان درێژەمان دا. وە دوایش لە دەبیرستانی بەینێک هەر هاوکلاس و هاودەرس بووین. ئەوانەم لە بیرە مەرحوومی کاک خەلیلی برام بوو کە لەمن گەورەتر بوو بەڵام لە دەرس دا تەقریبەن لەو مەقتەعە دا وەک یەک دەمانخوێند، سینی لە سەرەوەی منیش بوو، بەڵام چون کوردیمان بە یەکەوە دەست پێ کرد بوو هەر پێکەوە دەچووینە پێش. ئەوانەم لە بیرە. ڕەنگە حافیزەم قەد نەدا لەوەم زیاتر وەبیر بێتەوە.

**ئەمیر حەسەنپوور:** ئەو خانووبەرەی مەدرەسەی تێدا بوو ماوە هێشتا؟

**جەلیل گادانی:** ئەو خانووبەری ئێمە دەفەرمووی یا ئی ماڵە تەهازادەی [ ئەیووبیان]؟

**ئەمیر حەسەنپوور:** ئی ئێوە و هەر تکیان

**جەلیل گادانی:** بەڵێ، وەڵاهی ئەو خانوانە هەر تکیان ماون بەڵام بە تەغیراتێکی زۆرەوە. ئەو خانووەی مە چون خانوویەکی زۆر زۆر گەورە بوو ئێستا وا بزانم دە نیهایەتدا ببوو بە ماڵی سورنجداغی بۆ خۆیان شارۆچکەیەکیان لێ دروست کردووە دە پازدە بیست ماڵیان تێناوە، هێندێک هۆدە و مۆدەی دیکەشیان تێدا ساز کردووە. خانووەکەی ماڵە حاجی سەید عەبڵای سەید تەهاش هەر بەو جوورە تەغیراتی کردووە و بڕێک تازە کراوەتەوە و ڕەنگ و دیمەنی تازەتری پێ دراوە.

**ئەمیر حەسەنپوور:** عەکسوو نییە لە ماڵەکەی خۆتان؟

**جەلیل گادانی:** بە داخەوە نەوەلا نیمانە، نەخێر.

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

**ئەمیر حەسەنپوور:** [لە ئامادەبوانی دیکەی دانیشتنەکە دەپرسێ]. دەی پرسیاری دی ئێوە نیتانە سەبارەت بەو مەدرەسەی؟ کاک جەلیل چایەکی بخۆوە.

**نەبی قادری:** لە مەدرەسەی تەواوی دەرسەکان ئایا هەر کوردی بوو یا شتی دیکەش بوو یا چۆن دەکوتراوە؟

**ئەمیر حەسەنپوور:** بەڵێ

**جەلیل گادانی:** لە شەهریوەری بیستەوە هەتاوەکوو [سالی] ٢٥ کە ئەو وەزعە هاتە پێشێ ئازادییەکی بەرچاو هەبوو هەتا ئەو دەورەی کە حکوومەتیش ئێعلام نەکرا بوو ئەمن و ئەمان لە کوردستانی ئەو دەمی ئێمە زۆر زیاتر لە ئەمن و ئەمانی ئێستای کوردستانی عێراق بوو هەتا حکوومەتیش نەبوو ئەمن و ئەمانەکە زۆر زۆر زیاتر بوو. چون بە ڕاستی ئەخلاقیات زۆر بەرز بوو خەڵک قبووڵیان نەدەکرد کەسێک بە خۆڕایی تەعدا بە خوێنی کەسێک بکا و کەسێک بکووژێ من لە بیرمە هەر لەو عالەمی بێ وانێکی دا بەر لە ئێعلامی کۆمار و ئەوانە میرزا ڕەحمانی شافیعی لە نێوەڕاستی مەیدانی کاروانسەرای شافیعی ئەو جێگای قەپانی لێ بوو، وەبیرت دێ؟

**ئەمیر حەسەنپوور:** بەڵێ بەڵێ،

**جەلیل گادانی:** لەوێ میرزا ڕەحمانی شافیعی پیاوێکی موحتەرەمی سابلاغێ بوو ئەوانە، لەوێ دوکەس، دوو چەرچی، دوو معامەلەچی کە مەعموولەن خوری و فلان و شتی وایان دەکڕی و دەفرۆشت و ئەوانە کێشەیەکیان لێ پەیدا دەبێ، یەکیان مەست بووە گۆیا، شەڕەکەش درێژەی هەبوو میرزا ڕەحمانیش لە حوجرەی خۆی، لە حوجرەی تەجارەتخانەکەی بوو دێتە خوارێ وەساتەتێ بکا هەر ئەو کابرا مەستە بە نێوی هاشمی فەرهادی یەک دەمانچەی لە تەپڵی سەری دا لەوێ کوشتی و خستی. تەواو بوو میرزا ڕەحمانی شافیعی مرد و خلاس بوو بەڵام هەستی مەسئوولییەتەکە جۆرێک بوو کەمترین مەجال بە قاتڵ نەدرا فەوری لە کووچە و کۆڵان و نێو بازاڕ وەدووی کەوتن پاش دوو سێ سەعات کابرایان لە ماڵێکی گەڕەکی "خڕێ" دیتەوە، کە گەڕەکی خۆشیان بوو بڕێک لە سەرەوەتری ماڵە خۆیان و هەر لەوێ فیلمەجلیس کوشتیانەوە. کابرا نەیدەتوانی تەعدا بکا و خەڵک بکووژێ و تەجاوەز بە حقووقی خەڵک بکا. واقعییەت ئەوە بوو.

**حەسەن قازی:** کاک جەلیل لە پێش وا بزانم ڕاگەیاندنی کۆمار لە مەهاباد کابرایەک دەکووژرێ کە وا بزانم تەجارەتی کردووە بە نێوی غەفووری مەحموودیان



سەرچاوە Serchawe

**جەلیل گادانی:** پێش جەرەیانی کۆمار نەبوو، دە جەریانی کۆمار دا بوو.

**حەسەن قازی:** دە جەرەیانی کۆمار دا. وەکوو بزانی جەریانی کووژرانی ئەو کەسە چۆن بووە؟

**جەلیل گادانی:** وەڵاهی ریوایاتی موختەلیف هەبوو. هێندێک پێیان وا بوو کە ئەو فەردە تەمایولاتی توودەیی هەیە و بۆ هێندێک کورد بە تایبەتی ئەعزای کۆمەڵەی ژێکافی پێشوو قابیلی تەحەمول نییە وجوودی. ئەوە جەنبەیەکی بوو، جەنبەیەکی ئەوە بوو کە ئەو کابرایە دەگەڵ عەشیرەت و ئەوانە زۆر تێکەڵاو بوو عیلەتی ئەوە بوو کە تاجری موحتەرەم و ناسراوی مەهابادێ بوو، ئەو دەمی مۆدێرنترین ماڵی مەهابادێی هەبوو، ساختومانەکانی ڕەنگە ئێستاش هەر مابێ. هەتا ئێمە کە لە شاری بووین هەر ما بوو. سەرەوەی دووکانی قەنادی عەلی خومایپزی. ئەوە ساختومانەی سەرەوە ئەوە ساختومانی وان بوو. هێندێک حەساسییەت لەو ڕابیتەی دا مومکینە بووبێت وە هێندێکیش پێیان وا بوو لە ڕابیتە لەگەڵ دژایەتی لەگەڵ کۆماری کوردستاندا کووژراوە. ئەو ریوایەتانە هەمووی هەبوون وەلی دە حەقیقەتدا مەعلووم هەر نەبوو ئاخرەکەی کە چییە قەزییە. چونکوو حەتتا ئەو مەسەلە کێشاشی بۆ لای شەخسی پێشەوای تا ئەو جێگای من لە بیرمە بنەماڵەکەی چوو بوون و ڕەحمانی کوڕی هاوکلاسی مە بوو هاوکلاسی من و کاک عەلیی قازی بوو لە کلاسی ئەوەڵی دەبیرستان بوو. ئێمەش واقیعەن موتەئەسیر بووین چونکە میرزا ڕەحمان [ !!!] دەزانین پیاوێکی باش بوو، پیاوێکی بێ زەڕ بوو، پیاوێکی بە سوودیش بوو چون دەگەڵ زۆر لە ئاغا و ئەوانە قەرز و قۆڵ و فلانی دەکرد. پیاوێکی باسەوادیش بوو دە حەدی خۆی دا وە بە فەرهەنگ بوو و لە کاتێکدا کە تازە ڕادیۆ لە زەمانی شەڕی دووەمی جیهانیدا هاتبووە مەهابادێ دوو ماڵ ڕادیۆیان هەبووە کە ئەو دوو ماڵە تەقریبەن وەک دیوەخان وا بوون ئەغڵەب خەڵکیان لێ بووە بۆ گوێدانی ڕادیۆی، یەکێکیان ماڵی مەحموودیان بوو، یەکێکیان ماڵی میرزا ڕەحمەتی شافیعی بووە. وە مەنبەعی خەبەری دە واقیعدا ئەو دوو ماڵە بوون کە دە ناو شاردا مەشهوور بوو کە پیاوان دەچن لە ماڵە میرزا ڕەحمەتی یا لە ماڵە میرزا غەفووری مەحموودیان گوێ دەدەنە ڕادیۆی. هەر چەند ئەو بنەماڵە دڵیان ئێستاش هەر کەدەریان هەیە نیسبەت بە حکوومەتی کوردستان و بە شەخسی پێشەوا بەڵام بە بڕوای من بە سەڕاحەتێکی کە پێشەوا هەیبوو ئەگەر شتێکی وا بایە وەڵا زۆر بە سەڕاحەسەڕاحەت ئێعلامی دەکرد و ڕاشی دەگەیاند کە شتێکی ئاوا بووە و لە سەر ئەوەی کووژراوە. بەڵام ئەمن پێم وایە پێشەوا ئاگای لەو قەزییەی نەبووە، هەر بۆیەش کوتوویەتی واقعییەت ئەوەیە ئەمن بێ خەبەرم. شایع بوو بە دەستی کەسێک کووژراوە کە هەتا ئەو ساڵانەش لە عێڕاقدا دەژیا ناوەکەی گۆڕیبوو " مام سەعیدی حەمە قالەی" مەشهوور بوو، دوایی لە عێڕاق ببووە مام قادر، خەزووری کاک خالیدی حیسامی. هەر لە بەر ئەوەش ئەو هەتا ساڵەکانی دوای ڕووخانی شا و ئەوانە هەر تخوونی مەهابادێ نەدەبووەوە. حەتتا لە حەفتاکانیشدا کە ئەوە بوو من هەر نەمبیست کە هاتبێتەوە مەهابادێ. بەڵام لەو ڕەوەی دا چوو بووەوە مەهابادێ بەینێکیش لەوێ ببوو، عایلەکەی دەیان گێڕاوە کە زۆر دڵی کرمێ

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

بوو، زۆر نارەحەت بوو، دەیکوت وەڵاهی دڵم ئۆقرە ناگرێ لێرە ئەگەرچی زادگاهی خۆمە و وڵاتی خۆمە و ئەوانە ، جا ئایا دلهوڕە بووە، ئایا مەسەلەی ڕووحی بووە، مەسەلەی ڕەوانی بووە ئەوانە هەموو ئیمکانی هەیە هاتووەتەوە بۆ ڕانیە، لە ڕانیە دا دادەنیشتن. پێرار کە من گەڕامەوە لە سەفەری دەرێ کوتیان وەڵا مام قادر ئەمری خودای کردووە، نەماوە مام قادر.

**حەسەن قازی: مام سەعید**

**جەلیل گادانی:** بەڵێ مام سەعیدی حەمە قالەی کە بە مام قادر ناسرا بوو لە عێراقێ. تەسادوفەن دەو جەرەیانی وانێکێش دا کوڕێکی شەهید بووە ، لە جەرەیانی شەڕی ئیسلامی و یەکێتیی دا کوڕێکی شەهید بووە وام گوێ لێبووە دڵشاد بێت. دڵشاد کوڕێکی باڵا بەرز بوو چلەوکەبابی و ئەوانەشی هەبوو دوو جاریش هاتبووە لای مە بۆ جێژنە پیرۆزە و شتی وا. وام بیست،ئەو دەبێ شەهید بووبێ ئەمن وەم زانی خوسرەوە چون بەرپرسی یەکێتییە لە ڕانیە فکری خوسرەویم کرد، بەڵام گۆیا ئەو دەم خوسرەو لەوێ نەبووە، حەمە سوڵتان شەهید بووە.

**نەبی قادری:** ئەوە بابی خوسرەو و ئەو وانێکێ، ئەو کابرایان دەکوت؟

**جەلیل گادانی:** بەڵێ بەڵێ، خوسرەو کوڕی چکۆڵەیەتی، سمایل کوڕی گەورەیەتی.

**ئەمیر حەسەنپوور: جا کاک جەلیل بگەڕێینەوە سەر ئەو پرسیارەی کە کاک نەبی کردی کە موحتەوای دەرسەکان چ بوون؟**

**جەلیل گادانی:** وەڵاهی موحتەوای دەرسەکان دە حەقیقەتدا پێجگە لە زبانی کوردی زۆرتر لە سەر مەسەلەی تاریخی کورد و عەرەکەی کورد بۆیان باس دەکردین، نەوعێک تەشریحی کوردایەتی و بزواندنی هەستی کوردایەتی دە ناو ئێمە قوتابییەکاندا بوو زۆر باشم لە بیرە ئێمە ئەو دەم لە ڕێگای ئەو مامۆستایانەوە دەگەڵ شۆڕشی بارزان کە هاتبووە پێشێ ئاشنا بووین، باسی ئەوەیان بۆ دەکردین، خەبەرەکانیان بۆ دەگێڕاینەوە ئەوەی کە دەیان بیست. وە هەر وەها بەرانبەر بە کورد و هەر زوڵم و ستەمێکی کە لە کورد کراوە زۆر باسیان بۆ دەکردین دە حەقیقەتدا دەکرێ بڵێین ئێمە زیاتر لە زەرفییەتی خۆمان شتی تازەیان پێ دەکوتین، شتی تازە فێر دەبووین چونکە ئیستیعدادیشمان هەبوو، عەلاقەشمان فەوقولعادە پێی بوو زوربەی زۆری، ساڵهایی ساڵ وەکوو نەقش در مێشکماندا مابووەوە، ڕەنگە ئێستاش هێندێک شتمان هەر ئی ئەو دەمی بێ کە دە زێهنمان دا ماوە. ئەو شتانە دەو چوارچێوە دا زۆرتر.

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

**حەسەن قازی**: ئەمن پرسیارێکم هەبوو

**ئەمیر حەسەنپوور**: بەڵێ فەرموو

**حەسەن قازی**: لە باسێکمان لەگەڵ خانمێک کە هێندێک ڕووداوەکانی ئەو زەمانی لە بیرە باسی ئەوەی دەکرد کە وا بزانم دیسان پێش تەشکیلی کۆمار بووبێ کە چەند کەسێک جارێک پێشەوایان تەهدید کردووە بە دەمانچە، چوونە پێش ماڵەکەی یەک لەوانە " باقی حەسەنە شەل ". ئەتۆ هیچ شتێکی وات بیستووە؟

**جەلیل گادانی**: من نەمبیستووە کە شتێکی وا بەرانبەر بە پێشەوا و بنەماڵەی پێشەوا کرا بێ بەڵام "باقی حەسەنە شەلی" ئینسانێکی زۆر خۆش نیو و فلان و ئەوە نەبوو برێک گۆیا شەڕارەتی خۆی هەبووە ئەمما دە عەینی حاڵدا کابرایەکی ئازا بووە فکر دەکەمەوە ئەوانە تیپێک بوون فەوقولعادە موتەعەسیب سەبارەت بە مەسەلەی ژێکاف، کۆمەڵەی ژێکاف وە عەلەلخسووس بە دوای ئەوەیدا کە مەسەلەی مەوجوودییەتی حیزب ئێعلام کرا و بوو بە حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان، تا ئەو دەمی ئێرانیشی دەگەڵ نەبووە موتڵەقا، هێندێک حەساسییەتیان هەبوو پێیان وا بوو کە ئەوە خزمەت بە میللەتی کورد نییە و کۆمەڵەی ژێکافە کە دەتوانێ ڕێبازی ئەسڵی میللەتی کورد بێ و دەتوانێ میللەتی کورد نەجات بدا. بۆیە بەعید نازانم شتی وا کرا بێ بەڵام من شەخسەن نەمزانیوە ئەوە باقی حەسەنە شەلی یا کەسانێکی دیکە بووبن چونکوو پێشەوا قەدر و قوربی تایبەتی خۆی هەبووە و ئەوەی کە کەسێک بییەوێ ئیحیانەن بێ ئیحتڕامی پێ بکا زۆر بەعید دەزانم.

**حەسەن قازی**: باشە لە ڕۆژی دووی ڕێبەندان لەوێ چەند کەسێک کە قسەیان کردووە مەسەلەن لەوانە خودالێخۆشبوو میرزا محەمەدئەمینی موعینی بە نێو باسی چەند کەسی کردووە کە ئەوانە خائینن و ئەوانە. حەتمەن بەڕێزیشت بیستووتە کە کۆمار تەشکیل بووە چەند کەسێک وەکوو جاسووس بە شاریدا گێڕدراون لەوانە محەمەد فاروقی. شتێکی وات وەبیر دێ؟

**جەلیل گادانی**: بەڵی زۆر چاکم وەبیر دێ. ڕەنگە بۆ خۆشم بە حوکمی ئێحساسی ئەو دەمی بەشی خۆم تێ هاویشتبێ.

**حەسەن قازی**: ئەوە چۆن بوو جەرەیانەکەی؟

**جەلیل گادانی**: عەرزم بە حزوور لە سەر مەسەلەی ئەوەڵ کە فەرمووتان، پرسیارەکەتان باش لە بیرم نییە.

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

**حەسەن قازی:** پرسیار نەبوو ئەوەی کە لە ڕۆژنامەی کوردستان دا هاتووە چەند کەس لە قسەکانیان دا باسی چەند کەسیان کردووە بۆ نموونە عەلی ئاغای حاجی ئێلخانی.

**جەلیل گادانی:** ئەمن لە بیرم نییە کە باسی ئەشخاس بەو شێوە کرابێ. چون من وەکوو قوتابییەک لە سان و ڕێژەکە دا بەشدار بووم، یەکێک لەو ڕۆژە تاریخییانەی تەمەنم بووە.

**نەبی قادری:** دەو کتێبەدا هاتووە، ئیستینادی پێ کراوە مەنزووری کاک حەسەنی ئەوەیە!

**جەلیل گادانی:** جا ئەوە نازانم ئەگەر سەنەدی زیندوو هەبێ، بەڵام بەرخوردێکی ناحەزی دیکە هاتە گۆڕێ ئەو ڕۆژی کە دوایش هەر ڕەنگی داوە بە داخەوە ئەویش ئەوە بوو دەگەڵ ئەوەی کە قازی محەممەد ئەو دەم کاندیداتۆری ڕەئیس جمهووری بوو حاجی سەید عەبدوڵا ئەفەندیش لە لایەکی دیکەوە مەترەح بوو وەکوو کاندیداتۆڕی. ئەوە لە لایەکی کە بیلەخەرە پێشەوا قازی لە لایەن حیزبەوە پێشنەهاد کرا بوو و بوو بە ڕەئیس جمهوور، بەینی هەرکییەکان و ماڵە حاجی سەید عەبدوڵا ئەفەندیش لە سەر مەسەلەی هێندێک ملک و زەوی و زار و فلان و ئەوانە کێشە و هەڵایەک بوو لە مەنتەقەی مەرگەوەڕێ. ئەو کێشە ڕەنگی دابووەوە ناو ئەو ڕۆژە. لەو ڕۆژە دا خوب واقعییەت ئەوە بوو حاجی سەید عەبڵا ئەفەندیش لە مەهابادێ زۆر خۆشەویست بوو، بێشک، هەتا ساڵهای ساڵ دواتریش ئەگەر دەهات من لە بیرمە بۆخۆشم حەتتا دەچووم بە سەدان کەس بە پیرییەوە دەچوون تا پردی بەردەزەردی هێندێک وەخت تا قەراغ بەحر و ئەوانەش. لەوێدا هێندێک لەو ماجەرایە ئیستیفادەیان کرد و ویستیان قەزییەی شەخسی هێندێک تێکەڵاوی مەسەلەی سیاسی بکەن و هێندێک پێیان وا بوو کە غەدر لە حاجی سەید عەبڵا ئەفەندی کراوە ئەو دەبوو بە حوکمی ئەوەی کە پێشتر قوربانییان داوە، خانەوادەیەکی موبارز بوون و ئەوە بوون و ئەوە بوون ببێتە ڕەئیس جمهوور وە لیاقەتی ویە و حەقی ویە. هێندێکیش تەبیعییە موشەخەسەن حیزب [ی دێمۆکرات] پێی وا بووە کە قازی محەممەد ئەوڕۆییترە و شارەزاترە لە باری سیاسییەوە و باسەوادترە لە باری زانیاری جیهانی و ئەووەوە و بیلەخەرە ئەو ئینتیخاب بووە. لە سەر ئەو مەسەلە کێشەیەک ساز بوو وە زێڕۆ بەگ کە ئەو دەمی تەقریبەن بەرپرسی هین بوو و دوایش لە کۆمار دا دەرەجە پۆدپۆلکۆڤنیکی هەبوو، یانی سەرهەنگ بوو کێشەیەکی ساز کرد و لەوێ بێ ئیحتیرامی بە بنەماڵەی سەید تەهای و بە شەخسی حاجی سەید عەبدوڵا ئەفەندی کرد، ئەوە ئازوردەگییەکی زۆری خاتری بۆ مورید و مەنسووب و دۆستانی حاجی سەید عەبدوڵا پێک هێنا کە هات ببێتە مەوجیبی ئەوە کە شەڕێکی قورس لەوێ لە بەینی ئەو دوو لایەنە ساز بێت. بە خۆشییەوە عاقڵ پیاوانی ئەو دەمی پێشی قەزییەکەیان گرت و نەیانهێشت. ئەوەی ئەمن لە بیرمە خەڵک گەڕابووەوە ماڵانیش چون جەماعەتێکی یەکجار زۆر هاتبوون بۆ ئیعلامی کۆماریش و بەشداری لەو ڕۆژە دا وە بەشی زۆری میوانەکانیش



سەرچاوە Serchawe

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

بە سەر ماڵاندا دابەش کرابوون. دە نێو ئەو مەجمووعە پیاوانە دا لە ماڵان بەحس بوو، ئێمەش تێعدادێک میوانمان هەبوو کە حەق بە زێڕۆیە، یا زۆرخراپ دەڵێ، زێڕۆ پیاوێکی شەڕوورە و فلان و ئەوەیە حەقی نییە شەڕ ساز کا تازە کۆماری کوردستان دامەزراوە چۆن دەبێ شەڕی تێدا ساز بێ و لەو قسانە. ئەو کێشەم ئەمن لە بیرە و زێهنییەتێکم لەو کێشەیە هەیە.



نەبی قادری

**نەبی قادری**: دە وێدا هاتووە، باسی جاسووسەکانیکە مەنزوور کێ بوون؟

**جەلیل گادانی**: بەڵام نازانم، ئەو دوو جاسووسانە ئێستا دەچینەوە سەریان. ئەوە لە جەرەیانی کۆمار دا هێندێک عەناسوری مەشکووک هەبوون ئەوە واقعییەتێکە. لەو کتێبەی کاک عێزەت مەلا مەحموودیشدا [!! مەحمود مەلا عێزەتیشدا] باس دەکرێ، نامە دێ ڕەدوبەدەڵ دەکرێ، کە فلانکەس دەگەڵ هومایوونی ئاوای تەماس گرت، دوێنێ هاتە فلان جێگا و ئەوانە. ئەو دەمیش ئەو شایعاتە زۆر بووە بە تایبەتی لە سەر مەسەلەی جەبهەی سەردەشت و ئیرتیباتی مەنگوڕان و ئیرتیباتی هێندێک ئەفرادی دیکە دەگەڵ عەناسوری حکوومەتی ئەگەر ئیشتیبا نەکەم پێم وایە " سەرهەنگ پزشکی" بوو کە ئەو دەمی بەرپرسی پادگانی سەردەشتێ بووە ئەو زەمان وام لە بیرە، لەوێ دەگەڵ ئەوەی ئیرتیباتیان هەبووە و موکاتەبەیان هەبووە. دەی کێن و کێن خولاسە حکوومەت بە ئیتیلاعاتی ئەو زەمانی خۆیەوە دەگەڕێ و نامە و بەڵگە پەیدا دەکا کە محەممەدی فاڕوقی و حەسەنی ڕەئیسی کە یەکێک لە ئاغاوەتی دەوری سەردەشتێ بووە ئەوانە شتەکەیان لە سەر سابیت دەبێ، گرتبوویانن هێنابوویاننە شاری، لە شاریدا ئەوەی واقعییەتە گیرایانن لە هەر تک خیاباناندا.

**حەسەن قازی**: بە چ شێوەیەک یانی؟

**جەلیل گادانی**: وەڵا هەر ئاوا دەیانگێڕان و

**حەسەن قازی**: خەڵک تفیان لێ دەکردن؟

**جەلیل گادانی**: بەڵێ بەڵێ، سزاکەیان ئەوە بوو کە خەڵک تفیان لێ بکەن وەڵا ئەمنیش ڕەنگە بۆ خۆم ئەو دەمی تفم لێ کردبن. چونکە ئەو زەمانی هەر کەسێکی زبانی گەڕا با بەرانبەر بە کۆماری کوردستان بە تاوانبارێکی گەورە دەناسرا و جێی خۆشی بوو. شتێکی بەو هەموو بەدبەختی وەچنگی کوردی کەوتووە کابرا هەستێ لە سەر خوێنی ئەو خەڵکەی موکاتەبە بکا بۆ خەڵکەکەی قابیلی تەحەمول نەبوو. لە لای مزگەوتی هەباساغای ڕا کە هێنایانن هەتاوەکوو بردیاننەوە شەهرەبانی ئەو دەمی کە سەید پیرە بە ڕەحمەت بێ ڕەئیسی شارەوانی! بوو، شارەوانی بە مەعنای شارەبانی ئێستا چون لە عێراقێ شارەوانی شتێکی دیکەیە. هەتا وێ خەڵک ئەوبەر ئەوبەری خیابانێ ڕاوەستا بوون ئەوانیشیان بە وێدا دێنا جاری وابوو دووتفیشیان لێ دەکردن، نە تفێک.

**ئەمیر حەسەنپوور**: دوایە بەرەڵایان کردن؟

**جەلیل گادانی**: دوایە بەینێک دە زیندانێ دا مانەوە. ئازادیان کردن بەڵێ. بەڵام لە بیرمە محەمەدی فاروقی تەبعید کرا لە شار، لە شار نەما و چوو بۆ مەنگوڕان لە دێی"سیاقۆڵ" و ئەو دەوروبەرەی دەژیا. دوایی من لە حەمەڕەشم پرسی، حەمە ڕەشی سیاقۆڵی کوتم کا حەمەد ئەرێ تێکەڵاوی ئەنگۆ لەگەڵ ئاغای فاروقی چییە. کوڕە کوتی ئەو زەمانی کە ئەو کابرایە ئەو خەتایەی کردووە و تفیان لێ کردووە، لە ترسی تفان هەڵاتووە هاتووە دێی مە لەوێ ماوەتەوە ماوەیەک ئاشنایەتییەکەمان لەوە ڕایە. حەسەنی ڕەئیسی ساڵەها دواتر هەر ژیا بەڵام پیاوێکی خۆش نێو نەبوو هەر بە دەوڵەتخواز دەناسرا، بە قەولی خۆمان دەوڵەتخوا بوو و خەڵک خۆشیان نەدەویست لە سەردەشتێ حەتتا کوڕەکانیشی کە مابوون، ڕەحمان ئاغایەکیان هەبوو کە دوایە دەگەڵ من گیرا بوو لە دوای ساڵی ٤٦- ٤٧ لە فەلەکولئەفلاکێ. ئەویش هەر زۆر ئینسانێکی زەعیف و لاواز بوو لە باری بیروبۆچوونی فکری و کوردایەتی و ئەوانەوە.

**حەسەن قازی**: وەک بیستبێت لە کادری بەڕێوەبەریدا مەسەلەی ئۆپۆزیسیۆن و جیاوازی بیروباوەڕ و شتی وا هەبوو یان نا؟

**جەلیل گادانی**: لە کادری ڕەهبەریدا من شتێکی زەقم پێ شک نایە، بەڵام شتێکتان بۆ بگێڕمەوە، ڕەنگە بە زەرەری ماڵە قازییانیش بێ بەڵام هەر وەکوو واقعییەتی تاریخی با ببێ. مەسائیلێک هاتبووە پێشێ هێندێک تەبعیز و تەفاوت، حەقیقەتیش ئەوە بوو هێندێک وەخت دەرەجە دەدرا گۆترە. من لە بیرمە کەسانێک ئەو زەمان وەکوو ڕەحمانی مودەریسی، وەکوو حەمیدی تابانی جا کێ حوکمی داوە و کێ دەستووری داوە کە ببنە ئەفسەر دەیانهێنا لە خیابانێ عالەمێک خڕ

دەبووەوە کە ئەوە ئەورۆ فلان کەس بە دەرەجەی سەروانی نایل بوو. ئی ئەو دوانەم موشەخەسەن لە بیرە، ئەگەر ئیشتیبا نەکەم پێم وایە دە ڕۆژێکیش دابوو. ئەو جۆرە شتانە حەساسییەتی ئیجاد کردبوو تەبعیز و تەفاوت هەبوو دەزانی ئینسانی ڕۆشەنبیریش مەعموولەن بۆ خۆی جوان فکر دەکاتەوە بەرامبەر بە مەسائیلی ئاواش حەساسییەتی زیاترە. محەمەد تۆفیق وردیش ئینسانێکی هەم شارەزا بوو لە باری سیاسییەوە وە لە باری ئەدەبییەوە وە هەم بیروبۆچوونێکی زۆر جوانی کوردی وە کۆمەڵایەتی هەبوو. لەو ئەوزاعە برێک نارەحەت ببوو شتێکی ئینتیقادی نووسیبوو دە ڕۆژنامەی کوردستاندا. ئێوارێ کە لە مەدرەسەی چۆتەوە لە مەسیری ڕێگایە ڕێگایان پێ گرتبوو گۆیا بە دەستووری حەمەحوسێن خانی یەک دەست کوتەکی موفەسەلیان لێ دابوو. ئەوە سەروسەدایەکی زۆری لێ بڵیند بوو و حەتتا هاتە ئەو ڕادەیەی کە ئیحتیمالی ئەوەی کە مەدرەسە تەعتیل بێ هاتە پێشێ. بە خۆشییەوە دوایی پادەرمیانی کرا و فلان کرا و قەزییەکە حەل بوو و نەگەیشتە ئەو ڕادەیەی. جا شتی ئاوا دەهاتە پێشێ، مەسایلی ئاوا دەهاتە گۆڕێ، جێی تەئەسوف بوو، بەڵام ئەو شتانە چی و ئەو شتانەی کە ئێستا دەکرێن فەرقیان یەکجار زۆرە.

**حەسەن قازی:** کاک جەلیل شتێک کە بۆ من جێگای پرسیارە هەمیشە. چونکوو مرۆڤ جار جار فەرزێکی دادەنێ هەتاکوو لە رووی سەنەد و بەڵگە ڕوون نەبێتەوە، هێندێک زەحمەتە پیاو فکرێکی ڕوونی هەبێ لە سەر مەسەلەکە ئەویش وەکوو پێشتریش باسم کرد چلۆنایەتی بوونی کۆمەڵە ژێکاف بە حیزبی دێمۆکراتە. پرسیارێکی زیاتر تەقوییەتی ئەو فەرزییەی دەکا کە من لای خۆم هەمە ئەویش ئەوەیە ئەو کەسانەی کە دامەزرێنەری ژێکاف بوون و دوایەش کە پێشەوا هاتووەتە نێو ژێکاف و بووەتە ئەندام. وا بزانم لە بوونی ژێکاف بە حیزبی دێمۆکرات ئەکسەرییەت لەگەڵ بوون سەبەکەشی ئەوەیە ئەوانەی کە مەسئوولی کۆمەڵەی ژێکاف بوون دەحیزبیشدا مەسئوولییەتیان بووە یا کاریان کردووە لە کادری بەڕێوەبەریی جمهووریدا جا ئەوانەی ئێستا پیاو وەبیری بێ، میرزا حوسێنی زێڕینگەران، عەرزت بکەم مەنافی کەریمی، سەدیقی حەیدەری ئەوانەی کە ناسراون وەکوو ئەندامی دامەزرێنەری کۆمەڵەی ژێکاف. تەنیا کەسێکی کە لەو چوارچێوەیە دا دیار نییە کەسێکە بە نێوی عەزیزی زەندی، یان عەزیز ئەلمانی. ئەتۆ چۆنت بیستووە، یان چۆنت لە بیرە ئەو شتانە؟

**جەلیل گادانی:** من ئەوەی کە لەو بابەتەوە بیستوومە

[نەوارەکە ڕادەوستێ]

**حەسەن قازی:** بیلێمەوە لە سەر ڕا، پرسیارەکەم ئەوە بوو لە سەر بوونی کۆمەڵەی ژیانەوە یان کۆمەڵەی ژیانی کورد بە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان هەتاکوو ئێستا سەنەدێکی موعەیەن بە دەستەوە نییە کە بلێین زۆربە گەیشتووەتە ئەو بیروباوەڕە کە وەع بگۆڕدرێ، لەوبارەیەوە زۆر شت بەدەستەوە نییە، زۆر شت نارۆون ماوە. بەڵام ئەوەی کە بۆ من جێگای



سەرچاوە Serchawe

سەرنجە ئەوەیە کە زۆربەی ئەو کەسانەی کە لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی بوون بەردەوام بوون لە سەر کار و چالاکی خۆیان لە کادر و چوارچێوەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستاندا. غەیری یەک دوو کەس، یەک لەوانە عەزیزی زەندی و مەوریدێکی دیکەش دەگەڕێتەوە سەر خوالێخۆشبوو عەبدولڕەحمانی زەبیحی کە ئەگەرچی دە ڕۆژنامەی کوردستاندا نووسراوی هەیە، لە ڕەسمێکی کابینە دا کە گیراوە ئەویش دەگەڵە. و پاشان بۆ مەئموورییەتێک چووە بە فەرمانی پێشەوا بە پێی قسەی هێندێک کەس کە سەبارەت بەو زەمانی شتیان نووسیوە لەوانە کەسێک بە نێوی سەرلەشکر زەنگەنە لە کتێبی خاتراتی دا. کە عەبدولڕەحمانی زەبیحی، دڵشادی ڕەسووڵی، قاسمی قادری دەنێردرێن بۆ مەئمووریەتێک دوایە دەگیرێن و دوای دامەزرانی کۆمار دێنەوە و خەڵک باربوویان دەکا لە مەهاباد. مەبەستم ئەوەیە وەک ئێوە بزانن یان بیستبێتتان کەسی ئاوا هەبووە کە بە تەواوی دژی ئەو تەغییر و تەبدیلە بووبێ؟ و بۆ هەمیشە دەست لە چالاکی سیاسی هەڵگرێ؟ وا بزانم پرسیارەکەم ڕوونە یا دیسان بیڵێمەوە.

**جەلیل گادانی**: نەخێر ڕونە زۆر سپاس. ئەمن بەش بە حاڵی خۆم پێم شک نایە کە ئەو قەزییە بەو شێوەیە لە گۆڕێدا بووبێت کە جەمعێکی قابیلی تەوەجو موخالەفەتی تەبدیلی کۆمەڵەی ژێکافیان بە حیزبی دێمۆکرات کرد بێ. ئەگەر کەسانێکیش بووبن تا ئەو جێگایەی ئەمن دەزانم کەسانێک نەبوون کە مەشهوور بووبن و نەخشی ئەساسییان بوو بێ لە کۆمەڵەی ژێکافدا. ئەوانەی کە کاراییان هەبووە، باسەوادیش بوون بەشی زۆریان دە حەقیقەتدا تەئییدی ئەو قەزییەیان کردووە و وەکوو فەرمووتان لە جەرەیانی کۆماردا بەشدار بوون و مەسئوولییەت و بەرپرسیارەتییان بووە. عەزیزی زەندی کە بە عەزیز ئەڵمانی ناسراوە لە مەهابادێ لە یەکێک لە مزگەوتەکان کە ئیحتیمالەن مزگەوتی سوور بووبێ پاش ئەوەی کە ئەو قەزییە ئێعلام دەکرێ داوا لە خەڵک دەکا دەڵێ بابە ئەمن موخالفی ئەو نەزەرەم وە من داوا دەکەم گوێ ڕابگرن بۆ قسەکانم، هەیە بۆ خۆتان دەزانن ئەو شانتاژە لە زۆر جێگا، بە پێچەوانەی ئوسوول تەختەئەی دەکەن ئیجازەی نادەن قسە بکا وە دواییش مەجالی نابێ ئیدی قسەی خۆی بە خەڵک ڕابگەیێنێ و دوای ئەو قەزییەش ڕەنگە هەر توورە بووبێت و چووە تارانێ ئیدی تەقریبەن لەو دەمییەوە تا ئێستا فەعالییەتی سیاسی نەکردەوە. هەر چەند پیاوێکی بە ئیحساس بوو ئەمن چەند جار مولاقاتم کردووە لە دەورەی ئاوارەگیمدا لە تارانێ چون بە کوردێکی باشم دەزانی. هیچ بوغز و غەرەزێکیشی دە حەقیقەتدا دە مێشکیدا نەبوو بفەرمووی بوغز و غەرەزێکی هەبێ، فڵانێکی هەبێ وەک کوردێکی دڵسۆزیش ما هەتا ئاخری بە حەقیقەت مونتەها ئیمڕاری معاشی دەکرد لدەکرد لە ڕێگای ئەوەوە! و کوردایەتییەکەشی لە بیر نەبوو و تا ئەو جێگایەی ئەمن ئاگادار بم زۆر تەئکیدی لە سەر ئەوە بوو دەبێ دە موحیتی ماڵێ دا کوڕەکانی و کچەکانی حەتمەن بە کوردی قسە بکەن و ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە ئەو کابرایە هەستی هەبووە و هەستی خۆی لە دەست نەدابوو. باسی ماموّستا زەبیحیت کرد ئەویش دیارە ئینسانێکی بە توانا بووە لە باری نووسینەوە ئەو کات و دەکرێ بڵێین سەتحی زانیاری لە زۆر ئەفرادی ئەو زەمانیش زیاتر بووە مەسئوولییەتی موشەخەسی ئەوەی نەبووە بەڵام بێ شک بە پێی ئەو ئەسناد و

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

مەداریکەش کە ئێستا خەریکە بڵاو دەبێتەوە لە کاروباری سیاسیدا دەستی هەبووە یانی کاری سیاسی زۆرتر کردووە و بۆ وی ئەوەش ڕەنگە موناسیبتر بووبێ تا بێ دە کاری نیزامی یا دەرەجەیەکی هەبێ یا فلانێکی هەبێ. بۆ خۆت دەزانی ئەغڵەبی ئەفڕادێک حەتتا بڵێین لە کادری جمهووریەتیشدا کاریان دەکرد بیجگەلە زابیتەکان ئەغڵەبیان مولەبەس بە لیباسی نیزامی بوون لە شەڕاییتی خزمەت و کاتی خزمەتیان دا، بەڵام ئەو هەر ئینسانێکی ئاوا مابووەوە و هەر بەو دەلیلەش دوای تێکچوونی کۆمار ئەویش یەکێک لەو کەسانە بوو کە ئاوارە و دەربەدەر بوو هەتا ئەو ساڵانەی دوای عومریشی مەهابادی هەر نەدیتەوە و زۆر کەمیشی دی و دواییش ئەو بەڵایەی بە سەر هات کە دیتمان. ئەوە نیشانەی ئەوەیە دە واقیعدا بە قەولی مەشهوور شتێکی دەخۆیدا شک بردووە لە باری سیاسییەوە، ئەگەر مەسئوولییەتی ئاشکراشی نەبووبێ. بەڵام تا ئەو جێگایەی ئەمن دەزانم هێندێک موقاوەلات و وتوێژی سیاسی لە سەتحی زۆر سەرەوەشدا دەگەڵ مەسئوولین بەشدار بووە.

**حەسەن قازی:** ئەو سەروبەندی تەمەنی چەندە بوو؟

**جەلیل گادانی:** ئەو دەمی ئەوەی من لە بیرم بێ حدوودی سی ساڵ، سی و پێنج ساڵ.

**حەسەن قازی:** بەڵام ڕەسمەکەی وا نیشان نادا. ئەو ڕەسمەی کە چاپ کراوە وەک ١٨، ١٩ ساڵ دەنوێنێ.

**جەلیل گادانی:** ئەمن ڕەسم زۆر بە میلاک دانانێم، ئەوەش ئەگەر بیکووژێنییەوە نەقلێکتان بۆ بگێڕمەوە.

**حەسەن قازی:** نەخێر موشکیلە نییە.

**جەلیل گادانی:** ئەمن لە زیندانی قەسرێ..

**حەسەن قازی:** بیکووژێنمەوە.

**جەلیل گادانی:** نا مەسئەلەیەک نییە. دوایی بۆ خۆتان بیکووژێننەوە ئەگەر پێتان خۆش نەبوو لاتان بێ. لە زیندانێ قەسرێ ڕا تەبعیدیان کردین ئەمن و کاک غەنی و بە ڕەحمەت بێ کاک عەزیزی یوسفی بردیانین تووشی پیاوێکی زۆر باش ببووین لە ڕێگایە کە بردینی زۆر عەجایبمان پێ ڕاگەیشت ئازادییەکی تەواوی دابووینێ. دەنا ژاندارمیش بوو بەڵام ژاندارمێکی پیاو و باش و بە جورئەت بوو. مەجالی داینێ لە شێرازێ چووینە سەر قەبری حافزی و نازانم سەعدی و

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

هەمووی ئەوانەمان کرد، دوایی چووینە عەکاسیش عەکسمان گرت، عەکسێکی باشیان لە من کێشا بوو کە ئەمن بۆخۆشم ئەمرم پێ موشتەبیە ببوو ئاوا جحێڵ بووم. هەر ئەو عەکسە جووبووە ماڵێ دوایە دەیانگوت ژنەکان تەماشایان دەکرد هێندێک دەگریان دەیانگوت بۆی لاڵ بم ئەو جەوانەیان دە زیندانێ کردووە. دە حاڵێکدا ئەمن قەتم وا جەوان و وا جوان خۆ نەدیبوو. عەکسێکم لەوەی نارد بۆ کاکە ڕەحیمی جەوانمەردی قازی لە زیندانی قەسرێ بوون ئەوان ئێمە لە بورازجانێ بووین. نووسیبوویەوە جەلیل گیان وەڵاهی عەکسەکەتم زۆر زۆر پێ جوان بوو گەیشت دەزانی جەحێڵ بوویەوە تەوسییەشت پێ دەکەم ئەگەر ناردتە خوازێنی هەر زەمانێک ئەو عەکسەی بنێرە. [ بۆ خۆی پێ دەکەنێ]، تەوجو دەفەرمووی یان نا. بۆیە عەکس ناتوانێ میلاکێکی باش بێ، بەڵام ئەمن وام لەبترە کە حدوودەن سی سی و پێنج ساڵی دەبوو.

**ئەمیر حەسەنپوور:** لە بیرتە کاک جەلیل کە کاک ڕەحمان، زەبیحی بۆ ماوەیەک گیرابێ لە سابڵاغێ یانی لە ماڵێ دا مەجبوور بووبێ بووبێ، دەست بەسەر بووبێ و ئاوا. شتی وات بیستووە؟

**جەلیل گادانی:** بەحسێکی وا هەبووە، نە سەبارەت بە وی سەبارەت بە یەک دوو کەسی دیکەش لە ڕابیتە دەگەڵ چەپڕەوی دا بڵێین ئەوانە تیپێک بوون ئەو دەمی وردە وردە خەریکی بە ئیستیلاح تەرحی مەسائیلی بە ئیستیلاح پێشکەوتخوازنە و ئەوانە و مارکسییەت و لێنینیزم و ئەو جوورە شتانە بوون. مەرحوومی زەبیحیش ئەو زەمانی بە پێچەوانەی دوایە زۆر چەپ بووە، سەدیقی ئەنجیریش یەکێک لەو تیپە بووە کە هەر ئەو زەمان مونتەقیل کرا بۆ تارانێ و لە دەوری کۆمار دا ئەسڵەن لە مەهابادێ نەبوو. دوایی بیلەخەرە کاری سیاسی کردووە هاتووەتەوە کوردستانی دە مەقتەعێک دا، دەش زانم کە بەو شێوە شەهید کرا.

**حەسەن قازی:** بەڵام ئەو دەمی کە گۆڤاری "هاواری نیشتمان" کە دەرچووە سەرنووسەرەکەی سەدیقی ئەنجیری بووە.

**جەلیل گادانی:** بەڵێ،

**حەسەن قازی:** سەدیقی ئەنجیری لە مەهاباد بووە، "هاواری نیشتمان" یش زەمانی جمهووری دەرچووە نەک بەر لە جمهووری.

**جەلیل گادانی:** نە عەینی زەمانی جەمهووری. عەینی زەمانی جەمهووری دەر نەچووە. لە حەدو سەدی جمهووری دەرچووە ئەگەر تەماشای تاریخەکەی کەن دەقیق. حەتتا کاک سەدیق لە "نیشتمان" یشدا دەستی هەبووە لە نووسینی نیشتماندا دەستی هەبووە وە ئەو دەمی چاپخانە بەو شێوەیەی دا نەندرابوو. ئەوەڵین جار کە "نیشتمان " بڵاو دەبێتەوە ئێمە کە بە

شەقامدا دەڕۆیشتین زۆرتر بۆ مەلەی دەچووین، ئەو دەمی چۆم و ئاوێک هەبوو لە سابلاغێ تەڕاوەتێکی تایبەتی هەبوو، هەستمان دەکرد شتێک چرکەی دێ لەو ژێر زەمینەی ماڵە وێنەتانی دوایی بۆمان مەعلووم بوو کە بابە ئەوە شتێکە شتی پێ چاپ دەکەن. تایپە ئەوە. ئێمە نەمان دەزانی ئەوە چییە، ئەوە تایپ بووە، تایپیان دەکرد و بڵاویان دەکردەوە.

**ئەمیر حەسەنپوور**: لە ماڵە وێنەتانی؟

**جەلیل گادانی**: لە تەبەقەی خواری ماڵە وێنەتانی بەڵێ.

**ئەمیر حەسەنپوور**: کاک جەلیل ئەمن پێش ئەوەی کە بچینە سەر باسی جووتیاران پرسیارێک سەبارەت بە "دایکی نیشتمان" بۆخۆت هیچ تێدا بووی؟

**جەلیل گادانی**: عەرزت دەکەم ئەمن لە دایکی نیشتماندا نەبووم وەکوو ئاکتری ئەسڵی، کاک خەلیلیشم هەر وەک ئاکتری ئەسڵی نەبووە، بەڵام ئێمە ئەو دەمی تیپێک منداڵی خوردساڵ بووین وەک عەرزم کردن ئەو قوتابخانەیەش بۆخۆی عامیلێکی هاندەر بوو کە داندرابوو ئێمە بۆچوونمان زۆر کرابۆوە ئێمە دەنێو خۆماندا هێندێک گەپ و گاڵتەی ئەو زەمانیمان تەحریم کرد بوو وەکوو جگێن و مێشێن و ئەوانە. ئەسڵەن ئەوانەمان نەدەکرد دەمانکوت ئەوانە خراپن با خەریکی کوردی فێر بوون، با خەریکی دەرس بین، لە نەتیجە دا زۆر ئەوە بووین. ئێمە بە هەر شێوەیەک بە عینوانی قوتابی و ئەوانە بردیانین بۆ نمایشی " دایکی نیشتمان " و ئەو نمایشنامەمان لە نزیکەوە دیت، هێندێکمان بە مێشک زەبت کرد دوایش عەینی شانۆنامەکەمان وەرگرت هاتینەوە لەگەڕەکی خۆمان دیارە لە مە گەورەتر هەبوون، هەر خودی سەید عوبەیدیلای ئەبیووبیان یەکێک لەو هاندەرانە بوو، بە ڕەحمەت بێ کا خەلیلم بوو، کوڕەکانی ماڵە دێهستانی بوون. ئەمە ئەمن و کا خەلیلم لانی کەم دەستمان دا دەستی یەک و کوتمان ئەو شانۆیەی با بدەین. ئەو دەم ژن نەدەچوون بۆ تەمەشای شانۆ. ماڵە سەید ڕەحمانی ئەبیووبی کەلاوەیەکیان هەبوو، ڕەنگە کاک ڕەسوول وەبیری بێ [ مەبەست لە ڕەسووڵ ئاریایی یە. ح.ق] ئەوە نەبوو هەر لە ماڵە...

**ڕەسووڵ ئاریایی**: کووچەی هەشت میتری

**جەلیل گادانی**: جا پشتی دووکانی محەمەدی قیت مەڕۆ کەلاوەیەک بوو، دیار بوو وەختی خۆی ساختومان بووە، دەرک و دیوارەکانی ماون. باوەڕ کە دار وماری ساختومانی لێ بوو زۆر ئەستوور کە ئێمە بە چوار پێنج کەسان بۆمان هەڵنەدەگیرا



سەرچاوە
Serchawe

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

ئەو دەمی، ئەو دەیویست بیکاتەوە ساختومان. ئەو دارانەمان هەموو دەردا وە ئەو کەلاوەمان خاوێن کردەوە، تەڕ وتەمیزمان کرد، یەک جاجمی هێنا، یەک بەڕەی هێنا هەر کەسە شتێکی هێنا بە دارو باری بڵێین خوار و خێچ سەحنەیەکمان ساز کرد لە ژنانی گەڕەکێمان گێڕاوە کە وەرن تەمەشای ئەو شانۆیە بکەن. ئێمە شانۆکەمان هێنا سەر سەحنەی و شانۆکەمان نیشان دا پاش ماوەیەک تەمرین. فەوقولعادە پێیان جالب بوو. زۆری وا هەبوو دەگریان و فوغانیان دەکرد و ئەوانە. بۆخۆشمان پێمان سەیر بوو کە کارەکەمان گرتوویەتی. دوو ڕۆژمان دا، ڕۆژی ئەوەڵ هیچ خەبەر نەبوو ڕۆژی دووەم پێنجشەمە بوو بۆ سبەینێ ڕا جومعە دەبوو، پێنجشەمۆیان پاشنوێژان مەدرەسە تەعتیل بوو ئەو زەمانی شانۆکەمان دا و بە خەیاڵی ڕاحەت چووینەوە ماڵێ. بەیانی شەمۆێ کە چووینەوە مەدرەسەی بێ خەبەر لە هەمووشتێک تەماشامان کرد دەستیان کرد بە نێو خوێندنەوە، ئەوی لەو مەدرەسەی دەمانخوێند ئەوە جارێ هێشتا مەدرەسەی پەهلەوی یە نێویان خوێندینەوە و هەشت نۆ دە کەس بووین ڕەدیفیان کردین بە تەرتیبی قەد، ئەمیش وردەڵە بووم تەبیعییە لە نەفەرەکانی ئاخری بووم کوتمان داخودا ئەوە چ خەبەرە فلان و ئەوانە، دوایە تەماشامان کردن عوبەیدی برای ئاغای موبەلیغی ڕەنگە وەبیرتان بێتەوە قیافەکەی موستەخدیمی مەدرەسەی بوو دەگەڵ کەریم خانی ڕەنگە نەمابێ خودای لێ خۆش بێ، ئەو موستەخدیم بوو ئەوانە هاتن وەکوو بڵێم چی شتێکی کە وەبەر دەستی دەکەوێ زۆر هاسانە بۆی، دە عەرزیان کوتاین و یەک یەک لاقیان دە حەوا کردین و جا لێی دە. مامۆستاکان لێیان داین، دە فەلاقەیان کردین، لێیان داین زۆر ناڕەحەت بووین، زۆر ناڕەحەت بووین بیلەخەرە بە دڵشکاوی و ناڕەحەتی گەڕاینەوە ماڵێ و زیز بووین لە مەدرەسەی. ئێوارێ چووینە مەدرەسەی خۆمان، مەدرەسەی کوردی کە پێشتر باسم کرد، چووینەوە و دیار بوو هەموو گرژین و ماتین و ناڕەحەتین. خاڵە مەلا بە ڕەحمەت بێ کوتی ئەوە چییە لە خۆڕا بە منی دەکوت:

"ڕەئیسی سنەی" جا بەعدەز مودەتها لێم پرسی بابە خاڵە مەلا تۆ بە من بۆ وا دەڵێی؟ دەڵێی وەڵا من ناڕەحەت دەبم ئەخە ڕەئیسی سنەی یانی چی؟ ئەو دەمی سنە ناخۆش بوو، نیوی سنەش هەر ناخۆش بوو، چون پێمان وا بوو سنە عەجەمستانە. سنە دەگەڵ کوردایەتی و دەگەڵ کۆمار و ئەوەی نەبوو. منداڵ بووین ئیدی خوب. کوتی ئەوە دوایە پێت دەڵێم. کوتی ناڕەحەتن ئەوە چییە و چ قەو ماوە؟ کوتم جا لە سایەی سەری ئێوە بۆ ناڕەحەت نابین. کوتی چۆن؟ کوتم وەڵا دوێنێکانێ نومایشنامەی "دایکی نیشتمان" مان ئیجرا کردووە لە کەلاوەی ماڵە سەید ڕەحمانی تەواو خەڵکمان دڵخۆش کردووە،و ژنەکانی گەڕەکێ بە دوو جار هەموو هاتوون و فلان و ئەوانە ئەوڕۆ بەیانی کە چووینەوە مەدرەسەی ڕیزیان کردووین و لە فەلاقەیان داوین ئەمن لە بیرمە هەر وا گۆرەویم دە پێ دا نەبوو کەوشەکەم لە پێ داکەند و پێم نیشان دا هێستا هەر سوور و ڕەش بوو بنی لاقم کوتم ئەوە ئاوایان لێ کردووین. ئەویدیکە کوتی وەڵا ئەمیش وام، ئەویدیکە کوتی ئەمیش وام زۆر ناڕەحەت بوون کوتی چۆن ئاوایان لێ کردوون؟ مەعلیمەکان کۆ بوونەوە عوسمان دانیش عەجایب تووشی ئێحساسێکی سەیر ببوو، کەفی دەردەدا مەپرسە. جا ئینسانێکی زۆر بەخۆوە و هەیکەلیش بوو، تەسمیمیان گرت بنێرن ئەو مەعلیمانەی

کە لێیان دابووین بیانهێنن. ئێستا نیزامی حکوومەتی نەبوو " قۆڵ سوور" کێشکیان دەدا، ژێکافیشیان لێرەیان دەنووسی. ژێکافیان لێرەیان دەنووسی. بەرپرسی ئەو تاقمە قۆڵ سوورەی ئەوەی کە لە گەڕەکی مە کێشکیان دەدا شەوانە، خەڵکی گەڕەکیش کۆمەگیان دەکردن دیارە ئەو سەعیدی حەمە قالەی بوو، پیاوێکی ئازا بوو، بە حەق پیاوێکی زۆر ئازا بوو، بەڵێ مام سەعیدیان بانگ کرد و خاڵە مەلا کوتی سەعید! کوتی بەڵێ مامۆستا چ دەفەرمووی؟ کوتی ئەلعان دەچی ئە ئەوانە دێنی ئاغای فەهیمی، ئاغای موبەلغی، ئاغای حەبیبی. پێموایە حیجازی ش نازانم دەگەڵ بوو یان نا بەڵام یەکێک لە لێدەرەکان مەعلووم حیجازی بوو.

**ئەمیر حەسەنپوور**: حەبیبی محەممەدی حەبیبی؟

**جەلیل گادانی**: محەممەدی حەبیبی بەڵێ. وەڵا زۆری پێ نەچوو پێم وا بێ هەر هەشت نۆ کەس، پازدە دەقیقە شتێکی وای پێ چوو، سابڵاغ ئەو دەمی وەکوو ئێستا نەبوو کە یەکێک نازانم ماڵی لەو سەری بێ و یەکێک لەو سەری. بە تایبەتی دوو سێیەکیان ئی گەڕەکی خۆمان بوون هێنایانن. هێنایانن زۆریان بێ حورمەتی پێ کردن، ئەنگۆ بۆ لەوانەتان داوە، غیرەتوو نییە و فلانوو نییە و ئەوەو نییە و ئەوەو نییە. جا عوسمان دانیش تووڕە ببوو ئە ئاوای لێدەکردن دەیکوت ئێوە مووچەخۆری پەهلەوین ئێستاش ئەوە بۆیە لە کوڕی کورد ئاوا دەکەن. ئەوانیش فەقیرانە ئەوەندە ناڕەحەت و ئەوانە. دوایی بیلەخەرە دانیشتن و بردیاننە حەوشەش. حەوشەکە دار و درەختی تێدا بوو. بڕێکیش میوەی پێوە بوو. ئەمەشیان بردە خوارێ. خاڵە مەلا کوتی چارەنووسی ئێوە ئەو قوتابییانە کە ئەنگۆ لێتان داون دیاری دەکەن. ئەگەر ئەوانە بتان بەخشن ئەوە هیچ، ئەگەر نەتان بەخشن ئەوە بە توندی سزا دەدرێن، دیار بوو خۆ.

**ئەمیر حەسەنپوور**: کێ ئەوەی کوت؟

**جەلیل گادانی**: خاڵە مەلا

**حەسەن قازی**: مەلای حەجۆکێ

**جەلیل گادانی**: دیارە ئەوانی دیکەش ئەوە تەهدید دەکەن، فلان دەکەن، ئەوە دەکەن. بەڵام مەعلووم بوو بلۆفە بۆ دڵخۆشی ئێمە و بۆ دڵگەرمی ئێمە و دە عەینی حاڵدا ترساندنی ئەوان کە دژی کورد و دژی کوردایەتی و ئەوە نەبن. باوەڕکە وەکوو ئەو گێچەی سپی هەڵگەڕا بوون. ڕوحیان دەبەر دا نەما بوو. دەی دەڵێن چی کورینە ئەوە ڕوو دە مە دەکەن و ئەوانە. ئەمە

چکارەین ئەنگۆ بۆ خۆیان بڕیار بدەن. وەڵا ئەمەش تەماشامان کرد بیلەخەرە مامۆستامانن سبەینێ ئێمەش دەچینەوە مەدرەسەی هێندەی دیکەشمان لێ دەدەن یەک، دەر سانی خوب بیلەخەرە مامۆستایە و قەدیمیش دەیانکوت لێدانی مامۆستای بۆ خۆی نەوعێک فێر کردنە بەو جوورەی دەبوو هەزم بکەین لێدانەکەیان دەنا هەزم نە دەکرا ئەو هەموو لێدانەی ئەو زەمانی هەبوو. وەڵاهی ئیدی بیلەخەرە هاتینە سەر ئەوەی پچ پچێکمان کرد کوڕە بابە با خەلاس بێ تازە دەرچووە. کوتمان بە خاتری ئێوە مامۆستاکان دەیانبەخشین. وەڵا ئەوانیش خۆشێکییان وەدڵی کەوت و هاتنەوە سەرێ ئەو سەفەرەی دەستیان کرد بە چا خواردنەوە. ئەمەش لە کلاسی خۆمان دانیشتووین خەریکی شلووقی خۆمانین و برێکیان نەسیحەت کردن و ئامۆژگاری کردن و لێیان دا ڕۆیشتنەوە. ئیدی ئەلحەق تیکرار نەبۆوە ئەو لێدانە. موتلەقا تیکرار نەبۆوە تا دواییش چەند مانگی دیکەش ئێمە هەر لەو مەدرەسەی بووین، بڵێین ئێرانی دەمانخوێند، تیکرار نەبۆوە ئەو لێدانە. بە خۆشییەوە نەجاتیمان بوو لەو بابەتەیەوە.

**حەسەن قازی**: ئەمن تەوزیحێکی ئیسلاحیم هەیە لە سەر ئەو قسەیە لە مەڕ زەبیحی. ئەو مەسەلەی دەستبەسەر بوونی زەبیحی بە گوێرەی ئەو ڕەسمە کە دیارە تەقریبەن دوای ڕاگەیاندنی کۆمار هەڵگیراوە.

**ئەمیر حەسەنپوور**: ئەوە لاپەڕەی چەندە؟

**حەسەن قازی**: لاپەڕەی ٢٧٨، لە جێگایەی دیکەشدا هەیە.

**ئەمیر حەسەنپوور**: ئاخە لێرە مەعلووم نییە چەندە

**حەسەن قازی**: ٢٧٨

**جەلیل گادانی**: تێیدایە

**ئەمیر حەسەنپوور**: کتێبەکەی کاک نەوشیروانی.

**حەسەن قازی**: دیارە ئەو ڕەسمە لە جێگای دیکەش بڵاو کراوەتەوە. دیارە ڕەسمێکی دیکەش هەیە کە لە کاتی هاتنی قەدری جەمیل پاشا، ئەویش لەوێ دانیشتووە و پاشان بە لەبەر چاوگرتنی ئەو شتانەی کە لە ڕۆژنامەکانی ئەو دەمی دا



سەرچاوە
Serchawe

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

نووسراوە مەسەلەن دوای جەرەیانی ڕاگەیاندنی کۆمار لە ڕۆژنامەی کوردستاندا چەندین تەرجومەی زەبیحی تێدایە بە ئیمزای خۆی وا بزانم لە عەرەبی ڕا تەرجومەی کردووەتەوە. جا مەبەستم ئەوەیە یانی ئەو شتانەی کە دروست بووە لە سەر ئەساسێکی مەنتقی نییە، ناگونجێ چونکە لە ڕۆژنامەی کوردستانیشدا زۆر جار باسی ئەوە کراوە کە چۆن خەڵک لە مەهاباد یەک یەک باربوویان کۆ کردووەتەوە دوای ئەوەی کە ئەوانە لە زیندان ڕا هاتوونە دەرێ. وەک لە بیرت بێ ئەو مەسەلەی زیندانی کردنی ئەو سێ کەسە چۆن بووە لە لایەن ئێرانەوە؛ دڵشادی ڕەسووڵی و قاسمی قادری و عەبدولڕەحمانی زەبیحی؟

**جەلیل گادانی**: ئەوانە دەبێ مەئمووریەتی تارانیان بووبێت چوون وەکوو هەیئەتی وتوویژ، لەوێندەرێ بوون دەبێ ڕایان گرتبن. وەک دەنگۆ هەبوو بەڵام موسەجەل نەبوو کە ئەوانە گیراون یانی دە ڕۆژنامە و شتی ڕەسمیدا نەنووسراوە. ئەمن پێم شک نایە دە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا نووسرا بێ ئەو زەمان کە ئەوانە گیراون لە لایەن ڕێژیمەوە.

**حەسەن قازی**: یانی نازانی مەئمووریەتەکەیان چ بووە؟

**جەلیل گادانی**: مەئمووریەتەکەیان بە ئیحتیمالی زۆر وتوویژ بوو چون ئەو زەمان زۆر هەیئەت دەچوو حەتتا خودی

**حەسەن قازی**: پێش کۆمار دەڵێم ئەمن!

**جەلیل گادانی**: ئەها پێش کۆمار، وەڵاهی من دەقیق نازانم بەڵام ئیحتیمالی هەیە بۆ بەحس و وتوویژ دەگەڵ ئەحزابی ئەو زەمانی، ئەو سەردەمی ئێرانیدا چوو بن. چونکوو مەسەلەی پێک هێنانی بەرەو و لێک نزیکبوونەوە دەگەڵ ئەحزاب و سازمانی تێکۆشەری ئەو زەمان واقعییەت ئەوەیە مەتڕەح بووە. بۆیان مەترەح بووە.

دەنگێک: سەلامون عەلەیکوم.

**جەلیل گادانی**: سەلامون عەلەیکوم

**ئەمیر حەسەنپوور**: کاک حەسەن نووسراوەیەکی هەیە دەستنووسە باسی وەی دەکا کە پێشەوا پێش دامەزرانی کۆمار نومایەشنامەیەکی وای نووسیوە بە نێوی " سەلاحەدین" پرسیارەکەم ئەوە بوو ئەوە چییە چی لێ دەزانی؟

**جەلیل گادانی**: ئەمن نازانم دەقیق لە بیرم نییە نووسەری ئەو نومایشنامە پێشەوا بێ یا کێ بێ. حەقیقەتی ئەوەیە. شایەدیش ئەو دەمی مەسڵەحەت نەبووبێ ئێعلامی بکەن چونکە ئێعلام کرا با ڕەنگ بوو لە بیرمان بمێنێ. بەڵام نمایشنامەیەکی جالب بوو وە هەستی کوردایەتی نە بە ئەندازەی "دایکی نیشتمان" کە بە بڕوای من ئێستاش ئەگەر وەچەنگ کەوێ شانۆنامەکە، ئەمن زۆریشی لە عێراقێ بە دوا دا گەڕاوم وەچەنگم نەکەوتووە، چونکە ئەمە تیپی شانۆگەریمان زۆر بە قەوەتە، وەچەنگم نەکەوتووە ئێستاش ئەگەر بدرێ پێم وایە تەئسیری تایبەتی خۆی لە سەر کۆڕ و کۆمەڵی ئەو زەمانەشمان حەتتا هەیە. دەگەڵ ئەوەی نمایشی، شانۆنامەی "سوڵتان سەلاحەدین" هەبوو کە عەزەمەتی سوڵتان سەلاحەدین و عەداڵەت و بیر و بۆچوونی سوڵتان سەلاحەدینی دەو شەڕایتیدا نیشان دەدا بەڵام بە بڕاوی من بڕێکیان بوختان پێ کردووە ئەو زەمان، ڕەنگە شتەکە وا بێ، هەستەکە وا بوو دە واقیعدا پێمان وا بوو سوڵتان سەلاعەدینی ئەیبووبی خدمەتگوزارێکی فەوقولعادە گەورەی کورد بووە و چونکوو ئیمپراتوور بووە، کوردیش قابیلە ئیمپراتوورێکی نەبێ، بینا بەر ئێن با ئەمەش ئیمپراتوورێکمان هەبێ، شایەکی ئاوامان هەبێ ئەویش سوڵتان سەلاحەدینە. من حەتتا لە بیرمە کادری، تازە قاچاغ ببووم ساڵێک دوو ساڵ بوو کاکم هاتە دێی مولاقاتی کردم، کاک حاجی، پاش سێ چوار پرسان کوتی وەڵا کوڕێکمان بۆ پێم خۆشە ئەتۆ نێوەکەی هەڵبژێری. ئەمنیش کوتم وەڵاهی جا هەر وە بزانە هەڵمبژاردووە نێوی بنێ سەلاحەدین. ئەو کاک سەلاحەی کە دەیبینن ئەوە من نێوم ناوە بە نێو سوڵتان سەلاحەدینم کردووە، پێشنیهادی من بووە بۆ کاکم. تەبعەن ئەلئان ئەو هەستە بەرانبەر بە سوڵتان سەلاحەدین نییە، بەڵام نمایشنامەکە فەوقولعادە جالب بوو و هەستی کوردایەتی گەلێک گەلێک بە قووەت دەکرد. ئەو نمایشنامەش هەر لەو شوێنەی کە نمایشنامەی دایکی نیشتمان نیشان درا، نیشان درا بە هێندێک ئاڵوگۆڕ لە بەینی ئاکترەکاندا تەئسیری تایبەتی خۆی هەبوو. ئێمەش هەر بەو پێ و شوێنە کە پێشتر بۆ دایکی نیشتمان کردبوومان، دیارە پڕ خەرجتر بوو ئەو شانۆنامە، دەبوو کڵاوی تاجی شای دروست کەین و وەزیر و وەکیل هەموو لیباسیان هەبوو، لە بیرمە برادەران تەگبیریان کرد کە بۆ ئەوانە چ بکەین ئەو لیباسانە، ئەی کوتیان خاڵە هاشمی تەنەکەساز زۆر تەنەکەسازێکی ماهیرە تەرحەکەی دەدەینێ و ئەو بۆمان دروست دەکا. وە بە ڕاستی جوانی بۆ دروست کردبووین لە تەنەکەی. هەموو شتەکانمان دروست کرد و ئەوانە پاش بەینێکی ئەوەشمان وەک عەرزم کردی هەر وەک ئەوی پێشێ هێنامانە سەر سەحنە، جەزابییەتی تایبەتی خۆی هەبوو زۆر زۆر تەئسیری هەبوو. هەتا ماوەیەکی زۆریش جار جار بۆ خۆشمان دە گاڵتە و گەپی نێو منداڵاندا، یا نێو قوتابیاندا هێندێک ژێستی ئەو نمایشنامەمان دەگرت، دەبووینە وەزیر و جاری وا بوو سەرتریش دەچووین یەکێک خۆی دەکردە سەلاحەدین ئەویدیکە بیلئەخیرە دەبوو تەبەعییەتی لێ بکا. شانۆنامەیەکی باش بوو لەو هەلومەرجیدا وە تەئسیری زۆر بوو بۆ بەقەوەت کردنی هەستی کوردایەتی زۆر زۆر بە قەوەت بوو وە کۆمەگیان کرد دە حەقیقەتدا بۆ شکڵدانی زیاتری ئیتیحادی خەڵک وە حەتتا دە پێکهاتنی کۆمار دا بە بڕوای من ئەو شانۆیانە نەخشێکی زۆر زۆر بەرچاویان بوو.

**ئەمیر حەسەنپوور:** "سەلاحەدین" پێش "دایکی نیشتمان" بوو، وا بوو؟

**جەلیل گادانی:** من باشم ڕەنگە لە بیر نەبێ بەڵام بە بڕوای من ڕەنگە دوای ئەو بێت.

**ئەمیر حەسەنپوور:** دوای ئەو بوو؟

**جەلیل گادانی:** بە بڕوای من دوای ئەو بووە.

**ئەمیر حەسەنپوور:** مەتنەکەی لە بیرتە چۆن بوو، بەچاپ نووسرا بوو یا دەسخەت بوو؟

**جەلیل گادانی:** نەخێر دەستخەت بوو، دەستخەت بوو بەڵێ. ماڵی مامۆستاکانمان ئاوەدان بێ ئەغڵەب ئەوان بۆیان پەیدا دەکردین ڕەنگە هێندێک وەختیش بۆیان کۆپی دەکردین، لێیان هەڵدەگرتەوە بۆ وەی کە بتوانین هەر کەس بەشی خۆی لەبەر کات.

**ئەمیر حەسەنپوور:** بەڵێ، چون ئەوە لەو دیوی پێم وایە لە هەولێرێ ساڵانی ١٩٣٠ ئەو شانۆنامەیە دەستەیەک قوتابی مەدرەسەکانی هەولێرێ ئیجرایان کرد بوو، ئەوەندەی لە بیرم بێ لە پێشدا مەتنێک بووە، ڕەنگە ئەوە هەر ئەو مەتن بووبێ ئەگەر پێشەوا بۆخۆی نەی نووسیبێ.

**جەلیل گادانی:** وەڵاهی من حەقیقەتی ئەوەیە بە ناوی پێشەواوە نەمبیستووە کە ئەو شانۆنامە پێشەوا نووسیبێتی. شایەدیش مەسڵەحەت نەبووبێ وەکوو من عەرزم کردی، بەڵام ئیدی ئەو شانۆنامە نەخشی زۆر بەرچاوی بوو بەڵێ. دیارە ئەوانە هەمزەمان دەگەڵ ئەو دوو تێئاترە بوو کە کوتم کە لە ئازەرنایجانی ئەو دەمی وە لە ئازەربایجانی ئێرانێ ڕا هاتن دوو ئیجرایان هەبوو.دیارە ئەوان زیاتر جەنبەی هونەریان بوو.

**ئەمیر حەسەنپوور:** ئەوانە هەمزەمان بوون

**جەلیل گادانی:** ئەوانە جەنبەی هونەرییان بوو، نە جەنبەی میللی چون ئەوان ئەو مەراحیلەیان تێپەڕ کرد بوو ئەو دەمی پێیان وا بوو هەستی کوردی هەر پێویست نییە بە قەووەت بێ بەڵکوو ئەگەر بکرێ بڕێکیش لاواز بێ بەڵام جەنبەی هونەری



سەرچاوە Serchawe

ئەو دوو تیئاترەش فەوقولعادە بەقەوەت بوو،

**ئەمیر حەسەنپوور**: لە بیرت نییە ئەوانە چ بوون؟ باسی چ بوون؟

**جەلیل گادانی**: پێم وایە یەکێکیان " ئارشین مارالان" بوو، یەکێکیان ئارشین مارالان بوو ئەویدیکەم باش لە بیر نەماوە بەڵام دەزانم ڕەقس و ساز و ئاوازی گەلێک خۆشی تێدا بوو کە ئەو دەمی بۆ مەی کورد [پێ دەکەنێ] زۆر جالب بوو.

**نەبی قادری**: حاجی جەببار نەبوو

**جەلیل گادانی**: نا ئەو زۆر درەنگترە. ئاڕشین مارالان. ئەگەر بشکرا بێ جاری دوایی بووە. دوو نمایشنامە لە حەوشی دەبیرستانی ئەو زەمانیدا، خانووەکەی وەرەهرامی. ئەرێ خانووی ماڵە کێیان پێ دەکوت؟

**حەسەن قازی**: ئەحمەد ئاغا

**دەنگێک**: ئەحمەدئاغای موزەفەری.

**جەلیل گادانی**: ئەوە ئاخری بۆتە ئیوان، بەڵام پێشتر نێوی ئاغایەکی لە سەر بوو.

**هەمان دەنگ**: ئی ماڵە عەلیار

**جەلیل گادانی**: پێش ئەوانیش بە نێوی ئاغایەکی قەدیمتر لە وان ناوی دەبرا ئەو ساختومانە.
[ لێرە دا کاسێتەکە تەواو دەبێ]

**تێبینی**: بە داخەوە لە کاتی دابەزاندن و بڵاو کردنەوەی دەقی نووسراوی ئەم چاوپێکەوتنە نەکاک ئەمیر و نە کاک جەلیل و نە کاک نەبی قادری و نە کاک محەممەد گادانی کە لە کاتی ئەم وتوێژە دا ئامادەبوون لە ڕووی فیزیکییەوە نەماون.

- کاک نەبی قادری لە ٢-ی دیسامبری ١٩٩٦لە دانمارک،



سەرچاوە
Serchawe

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

- کاک محەمەد گادانی لە ١٦-ی فێورییەی ٢٠٠٨ لە نۆرویژ،
- مامۆستا ئەمیر حەسەنپوور لە ٢٤-ی ژووەنی ٢٠١٧ لە کانادا
- و کاک جەلیل  لە ٦-ی ئووتی ٢٠٢٠ لە باشووری کوردستان چاویان وێک نا.


بۆ زانیاری زیاتر لە سەر خوێندنی زمانی کوردی لە سەردەمی جمهووری کوردستاندا نووسینەکانی مەلای داودی مودیری دەرسخانەی گەلاوێژ کە لە ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بوونەتەوە لە پەیوەست دا هاتوون، هەر وەها بە چەند وێنەی بەنرخی قوتابییان لەو سەردەمە دا کە زیاترین ئی ئارشیوی ئەمر عوبەیدیلای ئەیووبییان (تەهازادە)نن وتوێژەکە ڕازاوەتەوە. هەر ئەو ڕۆژە مامۆستا ئەمیر هەڤپەیڤینێکی دیکەی لەگەڵ کاک جەلیل گادانی کردووە سەبارەت بە بیرەوەرییەکانی لەمەڕ  جووڵانەوەی وەرزێرانی موکریان کە دواتر بڵاو دەکرێتەوە. نەواری دەنگی ئەو وتووێژانە لە ئارشیوی مامۆستا حەسەنپوور لە کتێبخانەی زانکۆی تۆرانتۆ دا پارێزراون. هەر بە دوای ئەو چاوپێکەوتنەکە دا مامۆستا ئەمیر نوسخەی نەواری ئەم وتووێژانەی لە بەردەست منیش نا!

**حەسەن قازی**

-----------

## پەیوەست

### نووسینەکانی مەلا عەبدوڵای داودی مەلا حەجۆکێ سەبارەت بە مەدرەسەی گەلاوێژ



کوردستان، ژمارەی ١٠، دووشەمە ١٥-ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ و ژمارەی ١١، چوارشەمۆ ١٧-ی ڕێبەندانی ١٣٢٤

## مەدرەسەی گەلاوێژ

لە سەر قەراری جەلەسەی سەیری تەواویەتی ئەندامەکانی شاری کە لە ڕۆژی ٤-ی خەرمانانی ٢٤ دا لە مەزرای تەنشت پردی سوور کۆ ببوونەوە و لای ئێواریّ جەنابی ئاغای قازیی محەمەد پێشەوای موعەزەمی کوردوستان لەگەڵ چەندێک لە هاوڕێیانی بۆ دیتنی چلۆنەتی سەیری برا ئەندامەکان و سەردانیان بە هاتنی خۆیان ئێمەی سەربەرز فەرموو و لە نێو وتارەکانیدا فەرمووی ئەوڕۆکە بۆ ئێمە دانانی قوتابخانەی میللی پێویستە کە دەرسی زبانی دایک و بابی خۆمانی تێدا بکوترێ و لە بەرەوە وردە وردە بتوانین خەڵکی بێنینەوە سەر ڕێی ڕاست و لە خەویان وشیار کەینەوە.

پاش تەواو بوونی فەرمایشاتی پێشەوای موعەزەمی کوردوستان ئەمن مەلای داودی داوام کرد ئەگەر بێتوو پێشەوای بەڕێزمان یارمەتی بفەرمویّ بەو زووانە قوتابخانەیەکی لە گەڕەکی قووڵەقەبران دادەمەزرێنین. پاش تەواو بوونی سەیری ئەو ڕۆژە بۆ سبەینێ ڕا هەر وا لە بەرەوە دەستەیەک لە لاوە دڵگەشەکانی شار و لە دڵسۆزەکانی دەور و بەرمان هاتنە لام و داوای ساز بوونی یان دەکرد تا کوو لە شەوی ١٢ - ٣ - ٢٤ دا لە خانووی حاجی ئەحمەدی گادانی مەکتەبێک بە نێوی " گەلاوێژ" ڕۆندرا و هەوەڵ کەسێکی بۆ خوێندن هێرشیان هێنا بوو ئەو برایانەی خوارەوە:

- عەزیز ئیبراهیمیان.
- حەسەن حەسەنپوور.
- محەمەد داودی.
- عەلی فەرهادی،
- سەید عوبەیدیلا تەها زادە،
- حامید خوسرەوی،
- سەدیق مەعرووفی سەڕاج،
- هاشم مووسا زادە،

محەمەد داودی بوون و بۆ پێ خونبدنیشیان دوو مامۆستا کاک سەعید داودی بۆ گوتنی دەرسی زمانی کوردی و کاک ڕەحمان تەلعەتی بۆ گوتنی رووسی داندران و چونکوو ئەو قوتابخانەیە هیچ پووڵێکی نەبوو بۆی خەرج بکرێت لە لایەن ئاغای حاجی مستەفا داودی، میرزا سەعید یوسفی، میرزا مەجید وەیسی، سەیدقادر ئیفتیخاری یەوە وە یاریدەی نیم تەخت

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

و چرایان کرد وە قەرار داندرا کاک سەعید داودی مامۆستای زمانی کوردی مانگێ بیست تمەن و کاک ڕەحمان تەلعەتی مانگێ دە تمەنیان بە نێوی پێشکەش لە جیاتی زەحمەتەکانیان پێ بگات.

پاش مانگێک دەرس خوێندن قوتابییەکان چونکوو زۆریان واز لە سەر بوو هەتا لە هەوەڵەوە بڕێک لە کوردیدا بەڵەد بوون بڕێک ڕام بوون و وردە وردە فێر ببوون هەتا لە شەوی ٢٤-ی پووشپەڕی ٢٤ دا ئەو چەند قوتابییانەی نێوبراوی سەرەوە لە دیوێکی دەرس دا لەدەوری یەک کۆبوونەوە و قەراریان دانا هەتا دەتوانن و هەتا هێزیان هەیە پشتیوانی لەو جێگا بەڕێزە بکەن و بۆ پێشکەوتنی کاری لە کوێرەوەری دابن وە نێوی خۆیان نا "دەستەی پێشکەوتن" کە هەر وەک نێوەکەیان قوتابخانەکەش وەپێش بخەن.

سوپاس بۆ خودای بەرز و بێ ئاواڵ ئەوانیش بوونە لەمپەرێک. پاش چەند شەوان شەوێکی کە بۆ سی تمەن پووڵی یەک مانگی دوو مامۆستاکان دە تەقەلا دا بووین و کوتمان دەبێ هەر یەک لەو جەحێڵانە شتێکی پێشکەش کەن. بەڵام هەر ئەو شەوەش باسی دامەزرانی ئەو قوتابخانەیان بە ئاغای قاسم ئاغای ئێلخانیزادە ڕاگەیاند بوو ئەویش فەرموو بووی ئەمن سەد تمەنی پێشکەش پێداویستی ئەو قوتابخانەی دەکەم.

لەو لایەوەش ئاغای قاسم ئاغای ئێلخانیزادە بوو بە دووەمین کەسێک کە یارمەتی قوتابخانەی ئێمەی کرد یانی هەوەڵ پێشەوای موعەزەمی کوردوستان دووەم ئاغای قاسم ئاغای ئێلخانیزادە.

ئەو پووڵە تاکوو دوو مانگان بۆ مخاریجی قوتابخانە پێ ڕاگەیشتوو پاشان ئاغای حاجی سەید عەبدوڵای تەها زادە خانوویەکی خۆی کە گەورەیی پتر بوو لە بەرامبەری کرێیەکی زۆر کەم دا پێشکەشی جێگەی قوتابخانە کرد بەڵام دەرس هەر بە شەوانە دەگوترا و قوتابیش کەم بوو هەر ئەو چەند کەسانەی نێوبراوی سەرەوە بوو.

**مەلای داودی**



کوردستان ژمارەی ژمارە ١٢، شەمۆ ٢٠-ی ڕێبەندانی٢٤ و ژمارەی ١٣ دووشەمۆ ٢٢-ی ڕێبەندانی ٢٤
و ژمارەی ١٤، چوارشەمۆ ٢٤-ی ڕێبەندانی ١٣٢٤

## مەدرەسەی گەلاوێژ

پاش چەند شەوێک کە دەنگووباسی خوێندنی کوردی بە هۆی ئەو دەستەی لاوەکانی پێشکەوتنەوە بڵاو بووەوە قوتابی زۆر بوون ئەو چەند کەسانەی ژێرەوە بە زوویکی زوو هاتنە لامان کە وا نێویان لە خوارەوە دەنووسین:

برایان مەحموود خادیمی، عەزیز عەلیاڵی، قادر لبادی، ئیبراهیم داودی، قاسم خوسرەوی، جەلیل گادانی، سەعید قەتاری، خەلیل گادانی بۆ خوێندن بەڵام لەو بەینە دا کاک سەعید داودی چونکوو چلۆنەنی گوزەرانی زۆر نالێک بوو ناچار لە تاوان دەستی لە کار هەڵگرت و لەو دەمەیدا برای گیانی سەید عوبەیدیلا تەها زادە کە هەستی نیشتمان پەروەری وی لە نووسین نایەت و دوای ئەو نێوبانگە گەورەیە کەوتبوو هاتە لای براکانی "دەستەی پێشکەوتن" کوتی هاتنی من بۆ بە جێ هێنانی هەموو خدمەتێکە کە وا پێم بکرێتن. بە تەڕ دەستی براکانی دی کە لاوێکی وا نیشتمانپەروەریان تووش بوو لە باوەشی خۆیانگرت و وتیان سوپاست دەکەین هەڵبەتە ئامانجی ئێمەش هەر کوێرەوەری بۆ ئەو قوتابخانە بەرزەیە.

چەندێک پاش دیسان قوتابی زۆر بوون و گەیشتنە چل کەسان و چونکوو ئەو برایانەی "دەستەی پێشکەوتن" لە خوێندن و نووسیندا سەر ڕاست ببوون نەیان دەویست دەرکی پۆلی دەرس دابخرێ قەراریان دانا بۆ خۆیان لە بەرەوە دەرسیان پێ بڵێن و تا مودەتی دوو مانگ بەو لەونەی ڕایان بوارد و بە تایبەتی سەید عوەبەیدیلا تەها زادە و حەسەن حەسەنپوور و عەزیز ئیبراهیمیان دەرسیان بە جوانی دەکوت.

پاش وەختێکی کەم جەلەسەیەکیان لە کۆبوونەوەی تەواوی ئەندامەکانی "دەستە پێشکەوتن" بە بۆنەی ئەمن کە موديری مەدرەسە بووم دایانمەزراند و وایان هاتە بیر کە جێژنێکی بە نێوی دامەزراندنی ئەو قوتابخانەیە و ساز بوونی ئەو دەستەی لاوانی نیشتمانپەروەر بگرن و بانگ هێژراوەکانیان لە چلۆنەتی ئەو قوتابخانە کە لە سەر فەرمایشی پێشەوای موعەزەمی کوردوستانەوە پێ گەیوە باس بکەن و تەواوی ئەهلی سابڵاغ بۆ خوێندن دڵخۆشی پێ بدەن تا کوو لە شەوی ١٢-٣ - ٢٤ بەرامبەری کارتی بانگ هێشتنێکی کە نووسرا بوون بە قەرایە چل کەس لەگەورەکانی شاری بە هاتنی

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

خۆیان جێژنەکەی مەیان لە حەساری مەدرەسە دا ڕازاندەوە و بە تایبەتی بە تەشریف هێنانی پێشەوای بەڕێزمان ڕووناکایەتی زیاتر لە ڕوی دانیشتووان پەیدا بوو، ئەگەرچی ئەو جێژنە زۆر کورت و کەم بوو بەڵام بە خۆشی ڕابرد. ئەوە پرۆگڕامی جەلەسەکە کە وا نێوی هەر یەک لە زەحمەتکێشەکانی تێدا دەنوێنرێ لە خوارەوە دەنووسرێ.

١- سەعاتی ٢-ی لە شەوێ چوو بوو لە لایەن محەمەد مەلای داودییەوە کردنەوەی جەلەسە باس کرا.
٢- خوێندنەوەی شیعری میللی لە لایەن تەواوی لاوەکانی قوتابخانە.
٣- وتاری ئاغای هاشم مووسا زادە لە مەڕ زانست
٤- مەقالەی ئاغای قادر لبادی لە مەڕ کار
٥- شێعر و وتارێکی ئاغای حەسەن حەسەنپوور لەمەڕ زوو فێر بوونی زمانی کوردی.
٦- شێعر و وتەی ئاغای چووکەڵ گەوهەری لەمەڕ شەوق بۆ کار.
٧- خوێندنەوەی هەڵبەستێکی بەتین لە مەڕ ئاغالەی تەها زادە.
٨- وتاری بەتینی ئاغای سەید عوبەیدیلا تەها زادە لە مەر خوێندنی زمانی کوردی بۆ هەموان
٩- خوێندنەوەی شێعری میللی لە لایەن تەواوی لاوەکانی قوتابخانەوە.

لە پاشان پێشەوای موعەزەمی کوردستان بە فەرمایشاتی خۆیان کاربەدەستان و زەحمەتکێشەکانی ئەو قوتابخانەی لاواندەوە قەولی کۆمەگ و یارمەتی زۆرتری فەرموو دوو قوتابی حەسەن حەسەنپوور، چووکەڵ گەوهەری کە وا لە ماوەیەکی کەمدا فێری خوێندن بوون خەڵاتی کردن و بە تایبەتی گەلێک لە گەورەکانمان لە دەفتەری بیرەوەری دا لە "دەستەی پێشکەوتن" و ساز بوونی قوتابخانە و مودیری ئەو قوتابخانەیە ئیزهاری ئافەرینیان نووسی و لە ئاخری دا جەنابی مەلا سەدیق تەبریکی جێژنەکەیان فەرموو و جەلەسە دوایی هات.

**مەلای داودی**



مهاباد: سال ١٣٢٢ هـ.ش رژه دانش آموزان روبروی قاضی محمد

(منبع: استاد سید عبیدالله ایوبیان مرکزی)

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

کوردستان، ژمارەی ١٩، دووشەمۆ ٦-ی ڕەشەمەی ١٣٢٤، کوردستان ژمارەی ٢٠، چوارشەمۆ ٨-ی ڕەشەمەی ١٣٢٤، ژمارەی ٢١، شەمۆ ١١-ی ڕەشەمەی ١٣٢٤

### چلۆنەتی قوتابخانەی گەلاوێژ

مەبلەغی ٧٥ تمەن که له جێژنی ڕابردوو کۆ کرابووه به خەرجی پێداویستی قوتابخانه گەیاندرا بەڵام لەو ماوەدا قوتابی گەلێک زۆر بوون و دوو پۆلیان بۆ داندرا. پۆلی ئاماده و پۆلی یەک و دەرسی ئەو دوو پۆلانه له لایەن سێ مامۆستا عەزیز ئیبراهیمیان، سەید عوبیدیلا تەها زاده و محەمەد داودی دەکوترا و به ئیفتیخاری ڕۆڵەکانی ئەو خاکەیان دەگەیاندێ و فیدا کردنی گیانی خۆیان له ڕیی سەربەرزی نیشتماندا تێیان دەگەیاند. له نەتیجەی جەلەسەیەکی به بوونی مودیری مەدرەسه "مەلای داودی"، ومامۆستا و لاوه دڵگەرمەکانی پێگەیشتووی قوتابخانەی بۆ تێگەیاندنی خەڵک بۆ وه پێش دانی ئەو جێگایه بەڕێزه شەوکانی وا ئەندامەکانی دوو گەڕەکی قووڵه قەبران و ئەرمەنیان له مزگەوتی گەڕەکەکانی خۆیان دا جەلەسەیان دەبوو وایان پێ باش بوو که بچینه لایان و به هۆی هەڵبەستی باش و وتاری باش فکریان بڕێک ڕوون کەنەوه و تێیان بگەیێنن که به کوردی نووسینیش هەیه و کوردیش میلەتێکی نەجیب و خاوەندی حەقه و ژیانی دەوێت و چیدی زنجیری دیلی به مل خۆیەوه هەڵ ناوەسێ و دەی پسێنێ. به زوویەکی زوو ئەو کارەیان دەست پێ کرد و هەر وەکوو بەشی زۆری دانیشتووان و گەورەکانی بەرزی شارەکەمان ئاگاداریان هەیه و لەو شارانیش دا که له هیچ جێگایەک مەجلیسی لێ دەبوو خەریکی دەرس پێ کوتن و پێ گەیاندنی قوتابێکانی دڵگەرم و ئەولادەکانی تا ئەندازەیەک له خوێندن و نووسینەوه دا شارەزاییان پەیدا کردبوو خەریکی فێربوونی زمانی بەڕێزی ڕووسی بوون.

له واقیعدا کاک ڕەحمان تەلعەتی مامۆستای دەرسی ڕووسیش گەلێک خەریکیان بوو که زووتر ئەو بەرەی پێ بگەیێنێ. ئەو دەمه ئەو قوتابیێکانی که وا زۆرتر هەوڵیان دەدا و زیاتر خەریک بوون خۆیان پێشتر دەخست له دەرسی کوردیدا:

١- جەلیل گادانی،

٢- مەحموود نالبەندی،

٣- محەمەد سادقی،

٤- سەعید قەتاری،

٥- محەمەدئەمین کوڕی کورد،

٦- قاسم خوسرەوی،



سەرچاوە
Serchawe

٧- خەلیل گادانی بوون.

کە کردەوەی وانە لە بەر چاوی گەڵێک لە دانیشتووانی گەڕەکەکانی شار وەک ڕۆژ دیارە. و لە زمانی ڕووسیدا

١- عەزیم لوتفیانی.
٢- سەید ئیسماعیل قوڕەیشی.
٣- یۆنس ئەنوەری.
٤- مام ئەحمەد عەلیاڵی بوون.

لە ڕۆژی جێژنی کۆنگرەی تەشکیلی حیزبی دێمۆکڕات دا کە لە هاتوو دا باسی دەکرێ بە جوانی خۆیان نواند.

لە جەلەسەی شەوی ١٤-ی گەلاوێژی ٢٤ دا پەسندیان کرد بۆ وەگیرهێنانی خەرجێکی باش بۆ مخاریجی قوتابخانە کە کاری لەنگ نەبێت تیاترۆیەکی بە نێوی "سوڵتان سەلاحەدینی ئەییووبی کورد" بنوێنن. لە مەودای شازدە ڕۆژان دا ئەو تیاترەیان ڕەوان کرد و لە شەوی هەینوو ٣٠-ی گەلاوێژی ٢٤ دا لە کاڕاژی شێروخورشید دەستی پێ کرا و دوو جاران دوو پاتەیان کردەوە و زەحمەتکێشەکانی ئەو تیاترۆیەش ئەوانەی خوارەوە بوون:

١- محەمەد داودی.
٢- هاشم مووسا زادە.
٣- قادر یۆسفی.
٤- عوبەیدیلا تەهازادە.
٥- عەزیز ئیبراهیمیان.
٦- محموود خادیمی.
٧- سەدیق.
٨- چووکەڵ گەوهەری.
٩- حامید خوسرەوی.
١٠- غەفوور یاهوو.
١١- محەمەد ڕەحیم داودی.

١٢- عەلی فەرهادی.

١٣- حەسەن حەسەنپوور.

١٤- وەهاب فەرەجی.

١٥- برایم داودی.

١٦- عەزیز عەلیاڵی.

کە پاش نواندن بە حزووری چەند کەس لە گەورەکانی شار حیسابیان لێک داوە ومەبلەغی ٣٠٠٠ ریاڵ بە ئاگاداری وان بە سندووقی قوتابخانە گەیشت وە شتێکی لەو پووڵەی کرِدرا یەک سەد پووت دار بۆ سووتاندنی دیوەکانی دەرس وە دەمی زستان بوو. لەو دەمە دا کتێبخانەیەکیشیان ساز کرد و بۆ کۆ کردنەوەی کتێبان لە هەموو لایەکەوە لە تەلاش دابوون کە ئێستاش ئەو کتێبخانەیە هەر ماوە و نێوی "پەڕاوی خانەی گەلاوێژ " ە. کە ڕۆژانە قوتابیان سەعاتێک لەوێدا خەریکی خوێندنەوەر پەڕاوییەکان دەبن.



مەهاباد سالی 1325 ی هەتاوی ـ مەدرەسەی گەلاوێژ. لە چەپەوە: دانیش پەژوو، سەیفوڵلا نانەوازادە، خالەمەلا، حوسێن فتووحی، ئیبراهیم داودی، ؟، ڕاوەستاو لە چەپەوە: عەلی فەرهادی، محەممەد داودی

کوردستان، ژمارەی ٦٥، سێشەمە ١١-ی پووشپەڕی ١٣٢٥

### مەدرەسەی گەلاوێژ

بە ئەمری پێشەوای بەرزی کوردستان لە شەوی هەوەڵی بەفرانباری ١٣٢٥ مەدرەسەی گەلاوێژ بوو بە ڕۆژانە وێستا شاگردی ڕۆژانەی ٥٠٠ نەفەر و شاگردی شەوانەی ١٥٠ نەفەر لە ئەهالی ئەو شارە لەو مەدرەسەی دا دەخوێنن بەڵام بێجگەلە کوڕی

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

کاکە سواری مەنگوڕ لە ئاغایانی عەشایری کوڕی هیچ یێک لەوان نەمدیوە کە بێنە ئەو مەدرەسەی. ئەگەرچی هەموویان کۆمەگیان بەو مەدرەسەی کردووە نازانم کە لە سستی بۆ ناردنی منداڵی خۆیان چ رفاهییەتێک هەیە. ڕەجا لە هەموان ئەوەیە کە بۆ دوای تەعتیلات لە پاش هاوینێ ئەو ساڵە کە (خەرمانانی ١٣٢٥)ە منداڵەکانیان بۆ ئەو مەدرەسەی کە مەدرەسەیێکی میللی یە و بە زبانی دایکوبابی خۆیان دەخوێنن و قەولیان پێ دەدرێ کە لە بەرانبەر بە خوێندنی ساڵانی پێشوو کە شەش ساڵ دەیان خوێند بە دوو ساڵ فێری خوێندنەوە و نووسین بن.

**مەلای داودی**



مهاباد . سال شمسی . ۱. اقای حجازی ۲. داریوش سلطانیان ۳. عبدالله اسحاقی (احمد توفیق) ۴. سلیمان معینی
۵. قاسم سلطانیان
(منبع : خانم کبری امامی)

سەرچاوە: وێبنووسی ڕوانگە - ڕێکەوتی: ٦ی جوونی ٢٠٢٢

/https://ruwange.blogspot.com

---


کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

جۆزەردانی ٢٧٢٠ی کورد = جوونی ٢٠٢٢ی کوردی

---

## هەڤپەیڤینی دووەمی مامۆستا ئەمیر حەسەنپوور لەگەڵ کاک جەلیلی گادانی

### سەبارەت بە ڕاپەڕینی جووتیارانی موکریان





دووشەمە ٣-ی ژانڤییەی ١٩٩٤ ئۆرەبروو، سوێد.



## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

**تێبینی: لە کاتی ئەو چاوپێکەوتنە دا کاک نەبی قادری، کاک ڕەسووڵ ئاریایی، کاک محەمەد گادانی، کاک سەلاح گادانی و حەسەن قازی ئامادە بوون**

**ئەمیرحەسەنپوور**: ئەمرۆ ٣-ی ژانڤییەی ٩٤ ە. کاک جەلیل ئەوە باسێکە وردە وردە خەریکە بۆ من ڕوون دەبێتەوە بەڵام هێشتا زانیاری زۆر کەمە سەبارەت بەوەی وەک لە بیرت بێ دەوری حیزب، حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و حیزبی توودە، دەورێکیان بوو لەو ڕاپەڕینە دا یا نەیان بوو یان ئەگەر بوویانە چۆن بۆ؟




**جەلیل گادانی**: لە کام ڕاپەڕین دا دەفەرمووی؟

**ئەمیرحەسەنپوور**:لەو ڕاپەڕینی جووتیاران لە ناوچەی بۆکان و چۆمی مەجید خان و فەیزووڵابەگی و ئەوە دەستی پێ کرد؟



سەرچاوە Serchawe

## بۆ یادی ٥ ساڵەیماڵئاوایی



عومەرخانی تیکانتەپە (بابامیری) یەک لە سەرکردەکانی ڕاپەڕینی جووتیاران لە ناوچەی فەیزوڵابەگی

١٩٢٧ - ٢٠٠٧

**جەلیل گادانی**: ئەوەی واقعییەت بێ لەو هەلومەرجدا کە پاش خەفەقانێکی زۆر بە تایبەتی دوای شەش حەوت ساڵ کە بڵێین لە تێکچوونی کۆماری کوردستان هاتبووە گۆڕێ، نارەزایەتی زۆر کۆ ببۆوە وە حەقیقەتیشی ئەوەیە سیستمی پاشایەتی وەکوو مەزهەرێک لە سیستمی دەرەبەگایەتی حاکم بە سەر ئێراندا بوو، دوای ئەو چەند ماوە، ئەو چەند ساڵە هێندێک بەند و بەست لە بەینی دەوڵەت و ئاغاکاندا مەترەح بوو. بە تایبەتی برێک دەگەڕێمەوە پێشتر لە دەورەی نوخست وەزیری دوکتور موسەدیقدا قانوونێک بە نێوی قانوونی "سەدی بیست" تەسویب ببوو وە ئەو قانوونە ئەوەی دەگەیاند کە لە بەهرەی مالیکانە بەشێک دەگێردرێتەوە، سەدی بیست دەگێڕدرێتەوە بۆ حکوومەت و بۆ جووتیاران بۆ وەی کە هەم یارمەتییەکی زیاتر کرا بێ بە حکوومەت لە باری ماڵیاتییەوە وە هەم برێک وەزعی ژیانی جووتیارەکان بۆ ئیدارەی ئومووراتی و کاروباری دێهاتەکان دە ئیختیاریان دا بێت. ئەو مەسەلە حەساسییەتێکی زۆری بۆ مالیکەکان ئیجاد کرد و هەر ئەوە بووە باعیس کە دژایەتییەکی دوولایەنە لە لایەن ئەوانەوە بێتە گۆڕێ:

**یەک** دژایەتی لەگەڵ حکوومەتی دوکتور موسەدیق وەکوو کەسێک کە ئەو قانوونەی بە ئیستیلاح بە تەسویبی مەجلیس

گەیاندووە وە موجریتی،

دووەم ئەوەی کە جووتیارەکان وەک هەمیشە ژێردەستە بمێنن وە نەتوانن سەر هەڵدەن، نەتوانن لە موقابیل هەر چەشنە تەعەددییاتێکی مالیکە گەورەکاندا سەر هەڵدەن و ئعترازاتی خۆیان ڕابگەیێنن. ئەو مەسەلە ماوەیەکی دوو سێ ساڵی بوو هەر وا پەرەی دەستاند، بە تایبەتی هێندێک عەناسوری حکوومەتی هەبوون لە مەنتەقە دا موشەخسەن وەکوو سەرهەنگ موزەفەری ئەو زەمان، سەرهەنگ موزەفەری زەنگەنە کە عونسورێکی دە حەقیقەتدا ناسالم وە دەعەینی حاڵدا کە پارێزەری بڵێین لە سیستمی سیاسی ئەو دەم دا بەرەی شای بوو وە زۆر موافیقی دوکتور موسەدیق نەبوو، دە عەینی حاڵدا بەند و بەستی خۆی هەبوو دەگەڵ خاوەنموڵکە گەورەکانی مەنتەقە. ئەو فشار وخەفەقانە گەیشتە جێگایەک دە زیمنی گەشەکردنی مەسایلی سیاسیدا بە خۆشییەوە دەکرێ یادی بکەین دەورەی نوخست وەزیری موسەدیقی ئازادییەکی نیسبی فەعالییەت و تێکۆشانی سیاسی هەبوو لە هەموو بەشەکانی ئێران لە کوردستانی ئێمەشدا بە دوای تێکچوونی کۆمار دا کارو باری سیاسی هاتبووە گەشە کردن و دەیتوانی تەئسیری ڕاستەوخۆی لە سەر بیروبۆچوونی جووتیاران هەبێ وە ئێرتیباتی موستەقیمی ئەحزاب وە بەتایبەتی ئەو دەم حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان دە حەقیقەتدا وجوودی واقعی هەبوو حەتتا حیزبی توودە گەرچی حیزبی هەرە بە قەوەتی ئێرانیش بوو بەڵام حیزبی دێمۆکڕات، زۆرتر خەڵکەکە بە ناوی حیزبی دێمۆکڕات تەمایولی لە خۆی نیشان دەدا و سازماندەهی کرا بۆوە چەند ساڵ پێشتر وردە وردە توانیبووی دە نێو دێهقانانیشدا جێی خۆی بکاتەوە لە وریا بوونەوە و لە تەشەکولی واندا تەئسیری زۆر بەرچاوی هەبوو تەزادەکە گەیشتە جێگایەک کە بۆ جووتیارەکان قابیلی تەحەمول نەبوو وە دە حەقیقەتدا مالیکەکان دەیانەویست هەر بە پێی گەز و ڕەی پێشوو خاوەنی دەسەڵاتی تام و موتڵەق بن بە سەر هەموو مەوجوودییەتی جووتیاران و قەرەکانی دانیشتووی گوندەکاندا.

وە حەقیقەتیش ئەوەیە پێشتر و حەتتا ئەو زەمانیشی دەگەڵ بێ هێندێک کاری نالەبار ڕووی دەدا کە دەواقیعدا هەم بۆ کورد هەم بۆ بەشەرییەت، بۆ کۆمەڵە وە ئیجتیماعێک کە بییەوێ لە سەر پێی خۆی ڕاوەستێ عەیب و عارێکی گەورە بوو و لە هەموو بوارێکدا حەتتا لە ژیانی خانەوادەگی جووتیاران دەخالەت دەکرا لە لایەن خاوەن دەسەڵاتان و مالیکانەوە. یەعنی خەڵک دەواقیعدا، جووتیاران، مالیکین لە لایەک و ژاندارم کە عامیلی ئیجرایی لە دێهات بوو وەکوو دوو دوژمنی ئەسڵی خۆی تەماشا دەکرد. ئەو قەزییە ئەوەندە بەرین بۆوە، ئەو تەزادە گەیشتە جێگایەک کە بۆ نەتیجە، بۆ ڕەفعی فشاری مالیکەکان لە سەر جووتیارەکان، جووتیارەکان نەوعێک تەشەکولی تایبەتی سینفییان بە وجوود هێنا؛ مەرکەزی ئەسڵی بۆکان بوو، عیدەیەک لە ئەفرادی بڵێین خۆشنێوی ئەو زەمان و ئەو کاتی بۆکان کە من دەتوانم ناوی چەند کەسێکت بۆ بەرم توانیان ئەو نوتفەیە بە وجوود بێنن، یەک لە وانە حاجی قاسمی خەیاتە کە ئێستا لە هەولێر دەژی.



دوکتۆر سەنجابی (نوێنەری مەجلیس) ـ حاجی قاسم کەریمی (١٣٣٢ هەتاوی)

**ئەمیرحەسەنپوور**: ماوە وەک بزانی؟

**جەلیل گادانی**: بەڵێ هەر ماوە وە کوڕ وکاڵ و نەوە و نەتیجەشی پێ گەیون و ئێستا ژیانێکی باش و لەباریان هەیە و ئەودەمیش وەکوو کەسێکی کە لە شار دا دەژیا بەڵام تەعەلوقاتی هەبوو دەگەڵ جووتیارەکان هاندەرێکی ئەوە بوو، بەگوڕ بوو و هەر وەکوو عەبڵای ئێرانی بابی ئێرانزادەکان و وەکوو عومەری بابامیری کە خەڵکی دێی کولتەپەی بوو، خۆشی مالیک بوو بەڵام ئینسانێکی ڕەوشەن و بە بیرو باوەر بوو.



عەبلا ئێرانی

**ئەمیرحەسەنپوور:** ئەو لە کوێ بوو؟

**جەلیل گادانی:** ئەو لە "کولتەپە"ی فەیزوڵا بەگی دەبوو و هەر وەها عەلی میرە بەگ یەکێک لەو پیاوە باشانە بوو کە دوایی چەند ساڵ زیندانی کێشا لە سەر ئەو مەسەلە. دەستیان دا دەستی یەکتر وە هێندێک بنەماڵەی دە واقیعدا خەباتکار و موبارێزیش هەبوون وەکوو بنەماڵەی " لێتان"ەکان کە دوایی لەو مەنتەقە تەهجیر کران و دوور کەوتنەوە ئێستا زۆرتریان لە دەوری شنۆ و ئەو مەنتەقە دەژین تەشەکولاتێکیان بە وجوود هێنا و دەستیان کرد بە هێندێک کۆبوونەوە و ئیقدامات و بڕیار دان وە گەیشتە جێگایەک کە دە بەرانبەر مالیکەکاندا ڕاوەستان و ئەو ڕاوەستانە وە بەرنگاری جووتیاران لە بەرانبەر ئاغاکاندا بۆ ئاغاکان قابیلی تەحەمول نەبوو و هەر وەها بۆ زەمامدارانی ئەو زەمانی مەنتەقە. بە تایبەتی سەرهەنگ موزەفەری بۆیە جووتیارەکان لە ڕەشەمەی ٣١ دا [ ١٣٣١-ی هەتاوی] دەستیان دا یەک سیلسیلە ئیقداماتی ئێعترازی عەلەیهی مالیکان، مالیکانیش لە جیاتی ئەوەی دابنیشن و قسەیان دەگەڵ بکەن و موشکیلاتی خۆیان حەل بکەن با تەوجو بەوەی کە مەسئوولینی حکوومەتیش پشتیوانییان لێ دەکردن ئەوە کارەیان نەکرد و بە قەهر و ئەوە بوون. هێندێک حەرەکەتی ئێعترازی لە لایەن جووتیارەکانەوە لە هێندێک گوندی دەور و بەری بۆکان و چۆمی مەجیدخان کرا بوو بەڵام بە هاندانی عامیلینی ڕێژیم دیسانیش تیکراری دەکەمەوە لە سەرەوەی هەموان موزەفەری کە فەرماندەی تیپی مەهاباد بوو ئەو زەمان، بە دوای حەرەکەتی ئێعترازی جووتیارەکاندا کە حەتتا لە هێندێک شوێن مونجەر بە زەدوخوردی موسەلەحانە و لێکدانی موسەلەحانە بوو دەستیان دا نەوعێک پیلان و تەوتیئە عەلەیهی جووتیارەکان کە تەدریجەن توانیبوویان پەرەی پێبدەن لە دەورو بەری سەقز، لە مەنتەقەی چۆمی مەجید خان زۆر بەرچاوبوو لە مەنتەقەی محاڵ و شارویرانیش کە تەقریبەن دەوروبەری مەهاباد دەگرێتەوە و تەزادی تەبەقاتییەکەش زۆر بەرچاو بوو مالیکییەت بە مانای واقعی خۆی لەوێدا هەبوو وە ئاغا حوکمداری ئەسڵی بوو لە هەر گوندێکدا کەوتە خەباتی چەکداری و هێندێک عەناسوور لە هەر تک لا کووژران لە زەدوخوردەکاندا ئەمن ناوی ئەو ئەفرادەم لە بیر نییە بەڵام ئەو دەمی دە جەراید و ڕۆژنامەکانی وەخت دا مونعەکیس بوو. بەدوای ئەوە دا کە دیتیان وەزعی مالیکان باش نییە حکوومەتیش هاوکاری کردن هێرشێکی بەربڵاویان کردە سەر جووتیارەکان و ئەو هێرشە زۆر زۆر بێڕەحمانە بوو وەکی دەگێڕنەوە و ئەو دەمی دە جەراید دا مونعەکیس بوو کار گەیشتە جێگایەک کە ئەفرادیان بە زیندوویی دە چۆم و ئاوان هاویشتووە، سەرەبەهاریش بوو چۆم و لافاو هەبوو و هەر وەها دەستیان دا کۆچ کردن و تاڵان کردن و غارەت کردنی گەلێک لەو بنەماڵە جووتیارانە و هێندێک لەو بنەماڵە جووتیارانە ئەو دەم مەجبوور بە کۆچ بوون حەتتا هێندێکیان بە دەستی بەتاڵ کۆچیان کرد هەموو ئەموال و ئیمکاناتێکیشیان لە لایەن مالیکانەوە موسادەرە کرا و دەگێڕنەوە دەڵێن منداڵی سەر لانکێشیان بە دم چۆمی داداوە. من بە چاوی خۆم نەمدیوە بەڵام ئەو دەم لە ناو ئەفواهو لە ناو ڕوانگەی خەڵکدا ئەو شتانە دەکوترا، موتەیەسیفانە جووتیارەکان لەو بارە دا بە یارمەتیدانی حکوومەت بە ئاغاکان شکستیان خوارد، بەشێکی زۆریان پەرەوازە بوون، سەرمابردوویی تێدا بوو، دەربەدەری

تێدا بوو، ماڵوێرانی تێدا بوو و هێندێکیان دە واقیعدا بۆ ماوەیەک گیران و لە بەندیخانەکانی رێژیم کران کە ئەو چوار پێنج کەسەی ناوم برد [بردن] لە سەرەوە جوزوی ئەو کەسانە بوون کە گیرابوون وە هەر وەها لە بنەماڵەی ئەفخەمی ش ئەو زەمان دوو سێ نەفەر لەو جەرەیاناتەدا هەبوون کە یەکێکیان ئەگەر ئیشتیبا نەکەم ناوی محەمەد بوو، ئەو دەم جەوان بوو و ئەمن لە زینداندا دوایی لەگەڵ هێندێک لەوانە بوومە ئاشنا کوڕی زۆر باش بوون و بیروبۆچوونی زۆر باشیان هەبوو. هێندێک لەوانە ئێستاش هەر ماون دە قەیدی حەیات دان بەڵام لە لایەن حکوومەتەوە بە ماوەیەک زیندانی و مەحکووم کران، چەند ساڵێکیش دە زیندان دا مانەوە. ئەو حەرەکەتە دەو دەمدا بە تایبەتی دوای ئەوەی کە جووتیارەکان دوچاری ئەو وەزعە بوون، مەوریدی غەزەبی مەئموورینی حکوومەتی و ئاغاکان واقیع بوون. حیزبی دێمۆکرات و بە تایبەتی خەڵکی شاری مەهاباد هیمەتێکی یەکجار زۆر باشیان کرد، کۆمەگێکی زۆریان پێ کردن، گوێستیانەوە وە حەتتا لە مەقتەعێکدا هێندێک شرۆشاڵات و ئەسباب و وەساییلی ناو ماڵ و گاوگۆلیان کە زەوت کرا بوو لە لایەن ئاغاکانەوە حەولی دا بۆ ئەستاندنەوەی بۆ هێنذیکان بەڵام حەقیقەت ئەوەیە بەشێک لەو مەڕ و ماڵات و ئیمکاناتەی کە زەوت کرا بوو لە لایەن ئاغاکانەوە، هەر خورا و قووت درا و زەوت کرا. دە مەجمووعدا ئەو حەرەکەتە لە کاتی خۆیدا حەرەکەتێکی بەرچاو بوو کە ڕەنگدانەوەشی لە مەتبووعاتی سەرتاسەریدا هەبوو من لە بیرمە ئەو دەممی ڕۆژنامەی "بسوی آینده" و "شەهباز" هەبوو و هەر وەها ڕۆژنامەی "دهقان" هەبوو لە سەر ئەو مەسەلە بە دوور و درێژی دەیاننووسی، خەبەرەکانیان ڕۆژ بە ڕۆژ دە هەموو ئەو یەک مانگەی دا کە شەڕ و کێشە لەبەینی ئاغا و ڕەعیەتەکاندا هەبوو بڵاو دەکرایەوە و ئەلعانیش ئەگەر لە ئارشیڤەکانی بە ئیستیلاح گەورەی ئێراندا ئیمکانی گەڕان هەبێ ڕەنگە ئەو ڕۆزنامانە هەبن بە تایبەتی لە

**ئەمیرحەسەنپوور:** "شهباز" پەیدا دەبێ لە سەر دەمی.. شهباز و ڕەهبەر و ...


**جەلیل گادانی:** بەڵێ، "شهباز" هەبوو، "بسوی آینده" هەبوو، عەرزی بە حزوورت دەکەم ڕۆژنامەی دێهقانانیش بە تایبەتی هەبوو.

**ئەمیرحەسەنپوور:** ئەو زۆر زەحمەت وەگیر دەکەوێ.

**جەلیل گادانی:** بەڵێ، ئاهەنگەر هەبوو، نازانم "چەلەنگەر "

**ئەمیرحەسەنپوور:** چەلەنگەر

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی



سوڵتانی حاجی باغر ( سوڵتان ئاغای شێخ ئاغایی) ١٩٩٢ - ١٩٢٣

**جەلیل گادانی**: چەلەنگەر هەبوو، ئەوانە ئەگەر پەیدا بن ڕەنگە لەو مەساییلە دا هێندێک ئەسنادی زینددو، مەداریکی زیندوو، خەبەری ڕۆژی ئەو کاتی تێدا بێ، قابیلی کەلکن. وە ڕوویهەمرەفتە ئەو حەرەکەتە وەک حەرەکەتێکی بلێین جووتیاران دژی زۆرداران، دژی دەرەبەگەکان ڕەنگدانەوەیەکی بەرچاوی هەبوو و ئەئسیریشی دەگەڵ ئەوەشدا کە شکستیان خوارد بوو، تەئسیری لە سەر ئیستیحکامی باقتی تەشکیلاتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان هەبوو و زۆر لەوانە تا ساڵهای دواتریش وەفادار بە ڕێ و ڕێبازی حیزبی دێموکڕات بوون و مەمنوونی حیزب بوون و مەمنوونی خەڵکی بە تایبەتی شاری مەهاناد بوون کە لەو کاتدا دەستی برایەتی و دۆستایەتییان بۆ درێژ کردن و توانیان بەشێکی زۆریان لە سەرما و قاتی و قڕی نەجات بدەن و بە ئیستیلاح بیانگرنەوە و لە شوێنی جۆراوجۆر دایانبمەزرێنن. ئەوەی کە من لە بیرمە لەو ماجەڕایە دا ئەوە بوو. خراپ نییە ئێستا ئەمری خودای کردۆ باسێکی لەو بکەین ئەویش ئەوە بوو دەگەڵ ئەوەی کە مالیکان بەشی

زۆریان دەستیان دا بووە دەستی یەک حەقیقەتی ئەوە بوو کە سوڵتانی حاجی باغر، سوڵتان ئاغا کە دانیشتووی دێی " تالاو " بوو، بە سوڵتانی شێخ ئاقایی مەشهوورە، بە قەولی مەشهوور بە تەبەقەی خۆی خیانەتی کردبوو و دەگەڵ جووتیارەکان کەوتبوو و هاوئاهەنگییەی زۆر باشی هەبوو و عیدەیەکی زۆریش لە ڕەوشەنبیرانی دێی دەگرتەوە ئەو مەسەلە کە موتەفیق بوون دەگەڵ جووتیارەکان بەڵام سەرەڕای ئەوەش چونکوو دەخالەتی حکوومەتی ئەو دەمی شا و عەناسوری نیزامی وە فەرماندەکان لە هەموو بەشەکاندا لە تەئییدی ئاغاکاندا بوو موتەئەسیفانە ئەو مەسەلە دەگەڵ شکەست مواجێهبوو بەڵام ئەسەری خۆی دانا و دوای ئەوەی دەکرێ بڵێین ئاغاکانیش بۆ ماوەیەکی مەنفووری خەڵک بوون و هێندێکیان بە تەواوی مەعنا وەکوو قاتڵ و وەکوو پیاوکوژ دەناسران و نەیان توانی جێی خۆیان لە کۆڕ و کۆمەڵدا بگرنەوە. بە هەر حاڵ حەرەکەتێکی سینفی بەرچاو بوو کە ئەگەر سەرکوت نەکرابایە دەی توانی تەئسیراتی زۆر ببەخشێ لە زۆر شوێن وە لە زۆر جێگای دیکەش. سەرەڕای ئەوەی شکستی خوارد ئینعیکاسی باشی هەبوو لە سەر جووتیارانی هەموو ئێران وە دەنگی دایەوە ئەو قەزیيە و بۆیەش ئەو ڕووداوە لەگەڵ ئەوەش کە زۆر بەردەوام و درێژخایەن نەبوو ئەمما وەک ڕووداوێکی هەرچەند لە مەنتەقەیەکی مەحدوود دا بوو بەڵام وەکوو ڕووداوێکی موسبەت وە حەرەکەتێکی دژی زۆرداری دەکرێ ئەرزیابی بکەین وە هەر لە ساڵی ڕابردوو دا کە سەری ٤٠ ساڵ بوو من لە ڕۆژنامەی " کوردستان " دا مەقالەیەکم نووسیوە یادێکم لەو حەرەکەتە کردووە کە من تەوسییە دەکەم حەتمەن ئەو شتەی پەیدا بکەن دەگەڵ برادەران و موتالەعەی ئەویش بفەرموون بۆ وەی کە ڕەنگە ئەو دەم حزووری زێهنم زیاتر بووبێ لە سەر نێوەکان و لە سەر ئەوانە وە ئەوە ئیتیلاعاتی من بوو لەو بارەیەوە کە من ئومێدەوارم موفید واقیع بێ لە تەحقیقاتەکەتان دا.

**ئەمیرحەسەنپوور:** بەڵێ زۆر باشە. شتێک کاک جەلیل، ئا، ئەوەی کە حاجی قاسم دەزانی ئەندامی چ حیزبێک بووە یان نەبووە؟ چونکە بەعزێک لەو شتانەی کە من دیومە دەڵێن عزوی حیزبی ئێران بووە یا بۆ خۆی زۆر کوتوویەتی کە من پێوەندی نزیکم هەیە لەگەڵ موسەدیق، چۆن بووە ئەوە ئەو دەمی چۆنت لە بیرە؟

**جەلیل گادانی:** عەرزت بکەم ئەمن دەقیق لە سەر ئەو پێوەندییە ئاگادار نیم، بەڵام ئەوەندەی کە من ئاگادار بم زۆر دواتریش ئەوان پێوەندییان زۆرتر دەگەڵ حیزبی دێمۆکڕات هەبوو تا دەگەڵ حیزبی ئێران و ئەوانە. پێوەندیشی دەگەڵ موسەدیق ڕەنگە هەبوو بێ چونکە ئینسانێکی ڕەوشەن بوو لەو هەلومەرجدا تەنیا کەسێک بووە کە دەگەڵ مەسەلەی بیمە و ئەو مەسەلانە کە لە ئێرانێ تازە دامەزرا بوو دە حەقیقەتدا مەسەلەیەکی تازە بوو لە باری ئیمتیازاتی بڵێین تەئمینییەوە ئاشنا ببوو و ئەو زەمانی ئەو توانیبووی ماڵەکەی خۆی بیمە بکا هەر چەند دەقیق ئاگام لێ نییە کە داخودا ئەو خەسارەتەیان بۆ جوبران کردەوە دوای ئەوەی کە حەرەکەتەکە قەوما ماڵەکەیان ئاور تێ بەردا، تالان کرا و دەربەدەر بوو بە خاو و خێزانەوە و ئێستاش هەر دەربەدەرن ماڵیان لە هەولێرێ یە ناشی لەو مەسەئەلەیە. گەرچی ئێستا بۆ خۆی

## بۆ یادی ٥ ساڵەیماڵئاوایی

تاقەتی کار و بڵێین هەڵسووڕان و ئەوانەی نەماوە بەڵام ڕەنگە وەکوو کوردێکی دڵسۆز هەر هەبێت بەڵام ئینسانێکی وریا بوو لە سەتحی خۆیدا و تەئسیری تایبەتی خۆی هەبوو. چون هەم ئیمکاناتی ماڵی باش بوو دە واقیعدا، هەم دە نێو جووتیارەکاندا لە خۆشەویستییەکی تایبەت بەرخوردار بوو وە شتەکەش هەر وا ڕەمەکی نەبوو. ئۆرگانیزمێکی ڕێکوپێکیان بۆ خۆیان ساز کرد بوو کە ئەو زەمان ئەو ئۆرگانیزمە زۆر بەرچاو بوو، موهیم بوو. وە بۆیەش حکوومەتیش وا سەریع دژایەتی کردن، تەمەشای کرد شکڵ دەگرن وە ئەگەر شکڵێکی مونەزەم پەیدا بکەن ئەو قەزییە بۆ زۆر مەنتەقە و ناوچەی دیکەی کوردستان وە شایەد لە ئێرانیشدا بتەڤێتەوە تەئسیری خۆی دابنێ.

**ئەمیرحەسەنپوور**: وەک لە بیرت بێ لە دەسپێکردنی ئەو حەرەکەتە دا حیزبی دێمۆکرات هیچ دەورێکی بوو یا شتێکی خۆڕسکی بوو؟

**جەلیل گادانی**: دە واقیعدا ناکرێ بڵێین دەوری نەبوو بەڵام بیر و بۆچوونەکە زۆرتر بیر و بۆچوونی خودی جووتیارەکان بوو وەلی لە بەعزە مەوازعێکدا حیزبی دێمۆکرات هاوکاری باشی کردن بە تایبەتی لە باری تەبلیغییەوە توانی شتەکە بە شێوەیەکی وەسیع وە بەربڵاو بە جەرایدو مەتبووعاتی ئەو کات ڕابگەیێنی؟

**ئەمیرحەسەنپوور**: حیزبی توودە چی؟ مەسەلەن ئەمن بیستوومە یەکێک باسی دەکرد دەیکوت من ئەندامی کۆمیتەی جەوانان بووم لە تەورێزێ، دەڵێ لە تەورێزێ تەبلیغی وەی دەکرا سیاسەتی ڕەسمی حیزب بوو کە موخالەفەتی ئەو حەرەکەتە بکرێ چون پێیان وا بوو کە مەسەلەی ئینقیلاب لە سەرانسەری ئێرانێ وەدوا دەخا. شتێکی وا ئەتۆ بیستووتە؟

**جەلیل گادانی**: وەڵاهی ئەمن ئەو مەسەلە بەو شێوەیە نابینم وە ئەو ڕوانگەشم نییە کە ئەو دەم شتی وایان کرد بێ چونکوو ئەو جەراییدەی کە ناوم بردن و ئەو شتانەیان مونعەکیس دەکرد، بە باشیشیان مونعەکیس دەکرد، بە خراپیان مونعەکیس نە دەکرد. زوربەیان ئەو دەم لە ژێر چاوەدێری حیزبی توودە دا دەردەچوون، هەم "شهباز"، هەم " بسوی آینده" و هەم ئەو ڕۆژنامەی دێهقانان. جا ناکرێ حیزبێک موخالیفی حەرەکەتێک بێ بەڵام لە عەینی حاڵدا تەبلیغی بۆ بکا و خەبەرەکانی بڵاو بکاتەوە و بییەوێ موستەقیم و غەترە موستەقیم هانی بدا. لەبەر ئەوە من ئەو شتەم پێ واقعی نییە، پێ دروست نییە.

**ئەمیرحەسەنپوور**: بۆ خۆت ئەو دەمی لە کوێ بووی؟ لە سابڵاغێ بووی؟

**جەلیل گادانی**: ئەمن ئەو دەمی لە سابڵاغێ بووم قوتابی دەبیرستان بووم. کلاسی پێنجی دەبیرستان بووم وە تێکەڵاویشم



سەرچاوە
Serchawe

هەبوو لەگەڵ هێندێک لەو عەناسورە. چون هێندێک لەوانە دوایی هاتن لە مەهاباد دانیشتن و ئەمن ساڵی دواتر کە کودەتا عەلەیهی موسەدیق کرا دەگەڵ هێندێک لە وانە وەکوو ئەندامی حیزب، کە ئەندامی فەعالی حیزبیش بوون ئیرتیباتی موستەقیمم هەبوو.

**ئەمیرحەسەنپوور:** کێهە ئەوانەی کە لە شار بوون؟

**جەلیل گادانی:** ئەوانەی کە وەکوو جووتیار دەربەدەرکرا بوون و هاتبوونە شار بیلئیجبار لە شار دەژیان. مەلا ڕەحمانی پیرەبابی یەکێک لەوانە بوو، پیاوێکی زۆریش تێکۆشەر بوو خودا عافووی کا دەڵێن مردووە. عەولا خەزێم هەر لەو تیپە بوو کە دەربەدەری شار ببوون ئەوانە ئەندامی فەعالی حیزب بوون و زۆریش سادقانە و سەمیمانە لە مەقتەعێکدا کارو تێکۆشانیان هەبوو. و تووشی زیندان بوون.

**ئەمیرحەسەنپوور:** خەڵکی کوێ بوون؟

**جەلیل گادانی:** عەولا خەزێم خەڵکی بۆکان یا دەوروبەری بۆکان بوو. مەلا ڕەحمانیش خەڵکی دێهاتی چۆمی مەجیدخان بوو و دوایە هاتبوون لە شار دەژیان. دیارە زۆری دیکەش هەبوون کە ڕەنگە ئەمن نەیانناسم یا لە بیرم نەبێ بەڵام ئەوانە گیرسانەوە و ساڵهای سالیش هەر لە شار ژیان ڕەنگە ئێستاش لە نەتیجەی ئەو تەهجیرە دا هەر وا مابنەوە لە شاری مەهاباد یا ئەگەر بۆخۆیان نەماون بنەماڵەکانیان هەن. یا ڕەحیم کۆمەڵە مەسەلەن یەکێک لەوانە بوو خەڵکی قەمتەرەی بوو هەر بەو شێوە لەو جەرەیانەی دا فەعال بوو دوایە هاتبوو لە مەهاباد مابۆوە عوزوی فەعالی حیزب بوون ئەوانە کە ئیرتیباتی تەشکیلاتیم دەگەڵیان هەبوو وە شانەی حیزبی بوون ئەوانە.

**ئەمیرحەسەنپوور:** بۆ خۆت ئەو دەمی لە ئاخری ساڵی مەسەلەن زستانی ٣١ و دوایە بەهاری ٣٢ کە ئەو حەرەکەتە بووە ئەو دەمی خۆت لە حیزب دا بووی و جەلەسە و شتی واتان بوو؟

**جەلیل گادانی:** بەڵێ ئەمن لە حیزب دا بووم ئیرتیباتی موستەقیمم هەبوو،حەتتا لە بەشی لاوان و بەشێکیش لە بازاڕ بەرپرسیارەتیم هەبوو. دەگەڵ چەند شانەیەکیش لە خودی بازاڕ دا ئیرتیباتم هەبوو کارم دەکرد دەگەڵیان.

**ئەمیرحەسەنپوور:** مەسەلەن باسی ئەو حەرەکەتەی دەکرا؟

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

**جەلیل گادانی**: باسی ئەو حەڕەکەتەی زۆر بە جوانی دەکرا، زۆر لە پشتیوانی خەڵک دە واقیعدا بەرخوردار بوو ئەو حەڕەکەتە وە شتەکە ئەوە نەبوو کە بشارێتەوە. زوڵم و غەدرێکی کە ئەو دەمی مالیکین بە تایبەتی مالیکینی عومدە دەیانکرد لە جووتیار و بڵێین ڕەنجبەرانی دێ ئەسڵەن قابیلی تەحەمول نەبوو دە حەقیقەتدا. من چەند ساڵ دواتریش کە یەکێک لە ساڵەکان، ساڵی ٣٨ کە گیرام من لە بازجوویی خۆمدا نزیکەی ٨٠ نەوع باج و خەڕاجی مالیکانە کە تەحمیل دەکرا بە سەر جووتیاران و دانیشتووانی دێ دا ناوم بردووە کە ئەوە تەقریبەن بێجگەلە هەموو بە ئیستیلاح سەهمییەی حاسڵات کە مالیک وەری دەگرت. لە بوارەکانی دیکەشدا هەر بەو شێوە زەختی دەخستە سەرێ و هێندێک وەخت زۆر بە ئاشکڕا جەریمەی نەغدییان دەکردن. ئەموالیان موسادەرە دەکردن.

**ئەمیرحەسەنپوور**: بێگاری

**جەلیل گادانی**: بێگاری کە هیچ، حەتتا هێندێک وەخت تەساحوبی بووکی یەک شەوە و تەعدای نامووسی لە جووتیاران مەترەح کرا.

**ئەمیرحەسەنپوور**: شتی وا بووە؟

**جەلیل گادانی**: وابووە بێ شک

**ئەمیرحەسەنپوور**: شتێکی وا لە ئوڕووپایە بووە و لە مەنتەقەی ئێستای کە کوردستانی تورکییەیە. لەوێش بووە جا ئیتیفاقەن دەمەویست ئەوەی بزانم. بیستووتە شتی وا کە بووبێ لە وڵاتی مە کە.

**جەلیل گادانی**: وەڵا من بێ شک بیستوومە و بێ شکیش هەبوو بەڵام ئێستا وەکوو نموونەی زیندوو ئەگەر بڵێم لە بیرمە حەقیقەتی ئەوەیە ئەلعان لە بیرم نییە چون بۆ خۆت دەزانی سالهای ساڵ لەوە گوزەراوە ڕەنگە پێش ئەو دەورەش زۆر شتی دیکە بووبێ دیارە فەرقی دەکرد لە مەناتیقی جۆراوجۆری کوردستان مەسەلەن لە مەنتەقەی مەنگوڕان و گەورکانیش مەسەلەی ئەرباب و ڕەعییەت مەترح بووە، مەسەلەی ئاغا و جووتیار وە ئاغا و قەرە هەبووە، ئەمما شتەکان فەرقیان هەبوو لە هێندێک شوێن وە لە هێندێک بنەماڵەی ئاغاوەتدا ئاغەیەتی و مالیکییەت نەوعێک خودایی بوو وە دە واقیعداخاوەنی قودرەت و دەسەڵاتی تەواو بووە بە تایبەتی لە مەنتەقەی بۆکان، لە مەنتەقەی بڵێین شاروێران و ئەوانە لە لایەن مالیکانی عومدەوە دیارە هەرچی بۆ سەرتریش چووبای کە مالیکییەتەکە گەورە دەبوو لە مەنتەقەی سنە و ئەوانە

ئەو شتە زۆر زۆر بەرچاو بووە. بەرچاوتر حەتتا نەوعێک حاکمییەت بووە دە حەقیقەتدا. بێجگە لەوەی کە مالیک بۆ خۆی ئەو کارەی کردووە، هەر مالیکەی چەندین کوێخای هەبووە کە بە سەر دێ و دێهات دا گەڕاون و بلێین ئاغای چووکتر لە ئاغای ئەسڵی بوون بەڵام لە هێندێک مەنتەقەش وەکوو مەنگوڕایەتی وە گەورکایەتی، بە تایبەتی مەنگوڕایەتی ئەو تەزادە فەوقولعادە کەم بووە، تەفاهومەکە زیاتر بووە وە تەعەدییاتی ئاوا بەرچاو نەکەوتووە، وەبەرچاو نەهاتووە چون ئەرزەکەش دەو حەد و حدوودەی دا نەبووە کە مالیکین ئێحساسی خودایی بکا وە نەوعی مالیکیەتەکە فەرقی کردووە گچکەتر بووە، مەسەلەن لە مەنتەقەی پیرانشەهر دە نێو مامەشان دا هێندێک بنەماڵە هەبوون لە ئاغاوەت دا کە حاکمی مەحزی مەنتەقەکە بوون و بەبێ ئیجازەی وان و بە بێ پرس و ڕای وان هیچ کەس نەیدەتوانی حەڕەکەتێ بکا وە لە هێندێک شوێن حەتتا ئەگەر ویستبێتیان بۆ کوڕەکانیان ژن بێنن دەبوو حەتمەن پرس بە ئاغا بکەن و ئاغا ڕازی بێ. یا کوێخایەکی کە ئاغا دایناوە ڕازی بێ وە پادەرمیانی بکا بۆ قەزییەکە بۆ وەی کە مەسەلەکە لە سەر ڕوانگەی وان جێ بەجێ بێت. ئەو شتانە هەبوون وە دیارە لە زەمانی کۆماری کوردستانیشدا ئەو مەساییلە میقدارێک هەبووە بەڵام ڕووحی تەفاهوم و برایەتییەکە دە مەقتەعێکدا ئەوەندە سەمیمانە بوو کە تەقریبەن ئەو ئێش و ئۆفی بلێین چەوسانەوە لەبەر هەستی کوردایەتی زۆر هەستی پێ نەدەکرا. وە بە تایبەتی لەو بوارەش دا هەر چەند قەرار بوو هەنگاو هەڵێنرێتەوە بەڵام هەنگاوێک بۆ تەعدیلی زەویوزار بە پێی ئەو بڕیارانەی کە ئەو دەمی حیزب دەری خستبوو ئەو جۆرەی کە پێویست بوو بە جێ نەدەگەیشت وە بەجێ نەگەیشت. یا مەسەلەن لە ئازەربایجان مەسەلەن ئیقدام بۆ ئیسلاحاتی ئەرزی و شتی وا کرا بەڵام لە کوردستانی هیچ هەنگاوێک بۆ ئەو قەزییەی هەڵنەهێندراوە. ئەوە مەجموعەی ئێتیلاعاتێک بوو کە لەو بارەیەوە من هەمبوو جا هیوادارم ئەگەر وتارەکەشت خوێندەوە مەجمووعی ئەو دوانە پێکەوە تەلفیق بکەی و شتێکی موفید بێ بۆ تۆ لە داهاتوو دا بتوانی کەلکی لێ وەرگری.

**ئەمیرحەسەنپوور:** وەڵا مقالەکەی ئەلئان دەپرسم بزانم برادەران ئەگەر بمدەنێ، زۆر مەمنوون

**جەلیل گادانی:** داوای لێبوردنیش دەکەم لەو کەسانەی ڕەنگە نەقشی زۆر موهیم و ئەساسییان هەبوو بێت لە حەڕەکەتی دێهقانیدا بەڵام ئەمن ناوەکانم لە بیر نەماوە.

**ئەمیرحەسەنپوور:** جا دیارە خۆ ئینسان هەموو شتێکی لە بیر نامێنێ. بەڵام کاک جەلیل وەک ئەوەی ئەگەر لە بیرت بێ مەسەلەن لە کۆبوونەوەکانی حیزبدا دەو وەختیدا، لەو مودەتەی ئەو ڕاپەڕینە بوو هیچت لە بیرە کە چۆن تەسمیموو گرت کە یارمەتی بدەن بە حەڕەکەتەکە، کێ مەسەلەن مسئوول، کەس مەسئوول بوو کە ئاگای لێ بێ و یارمەتی بدا و لە باری ڕێکخراوەیی و وەکی دی. شتی وا بوو؟

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

**جەلیل گادانی**: وەڵاهی شک دەوەیدا نییە  کە شتی وا بوو و ئەمە ئەودەمی لە حیزبدا بەشێک هەبوو کە بە کاروباری دێهقانی ڕادەگەیشت. وە ئەو کۆمیتە دە حەقیقەتدا هیدایەتی ئەو مەوزووعەی دەکرد. بەڵام ئەگەر بڵێم موشەخەس دە حەقیقەتدا هەمووی خۆمان لە سەتحی سەرەوە هەتا خوارێ وەک ئەرک بۆ ئێمە مەترەح بوو یارمەتیدانی ئەو خەڵکە بەهەر شێوەیەک بۆمان دەکرێ و بۆ مان دەلوێ. وە هەر ئەوەش بوو کە هەر زوربەی وانە هاتنە شاری مەهاباد دەگەڵ ئەوەشدا کە خۆیان زیندانی بوون و ماڵ و منداڵیان لە دەرێ بوو دوای ئەوەش ساڵهای ساڵ هەر لە مەهاباد ماونەوە و ئێستاش هەر لەوێ هەن بە خۆشییەوە کوڕ و کچیان پێ گەیون و ڕەنگە ئەلئان بتوانن نەقشی بەرچاویشیان لە  کۆمەڵ و ئیجتیماعی ئەوڕۆی مەهاباد و دەوروبەری مەهاباد دا هەبێ.

**ئەمیرحەسەنپوور**: مەسەلەن کۆمەکی ماڵی و شتی واو بۆ دەناردن؟

**جەلیل گادانی**: بەڵێ کۆمەک لە خەڵک وەردەگیرا.

**ئەمیرحەسەنپوور**: لە خەڵکی شاری؟

**جەلیل گادانی**: کۆمەک لە خەڵکی شاری وەردەگیرا و بە ئاشکرا کۆمەکیان بۆ خڕ دەکراوە. بە پێچەوانەی مەیل و بۆچوونی حکوومەت و مەئموورینی حکوومەتی کە دژی ئەو قەزییە بوون لە ئەساسدا وە پێیان وابوو دەگەڵ ئەو مەسئەلە دەبێ زیدایەتی بکەن بە هەموو توانای خۆیانەوە خەڵک بە دڵئاواڵەییەوە کۆمەک و یارمەتی دەدا چ جنسی چ نەغدی بۆ ئەوەی کە کۆمەگیان بکەن خۆیان بگرنەوە. جا ئەو کۆمەکە لە مەرکەزێک خڕدەکراوە و دوایی بە تەرتیبی پێویست و بە گوێرەی ئیحتیاج لە بەینیاندا تەقسیم دەکرا.

**ئەمیرحەسەنپوور**: مەسەلەن کەسێک هەبوو لە حیزب هاتووچۆی دێهات بکا؟

**جەلیل گادانی**: ئەو دەمی هێندێک تیپ هەبوون هاتووچۆیان دەکرد بۆ دڵدانەوەیان، ئەوانەی کە لە دێهات مابوونەوە بەڵام جێگا و ڕێگایان گۆڕیبوو. وە هەر وەها مەسئوولی کاروباری تەشکیلاتی لەهێندێک لەو مەناتیقە هەبوو ئەو زەمان و ئەو حەرەکەتە ڕاستەوخۆ لە ژێر چاوەدێری دابووە و بەتایبەتی هاوکاری کردوون بۆ ئەوەی کە بتوانن زووتر خۆیان لە تەنگناکە خلاس کەن و تووشی تەلەفاتی زیاتر نەبن یا تووشی زەرەر و زیانی زیاتری ماڵی نەبن.

## بۆ یادی ٥ ساڵەیماڵئاوایی

**نەمیرحەسەنپوور:** لە وانەی نێوت بردن هیچیان ئەندامی حیزب بوون؟ عەوڵا ئێرانی و ئەوانە؟

**جەلیل گادانی:** عەرزم بە حزوورت دەکەم وەڵاهی زوربەی زۆری لە وانەی کە نێوم بردن من پێم وایە ئەگەر ئەو دەمیش عوزوی حیزب نەبووبن دوایی بوونە عوزوی حیزب و هاوکاریان دەگەڵ حیزب بووە. وە هێندێک لە وانە چەندین جار دوای ئەو مەسەلەیەش گیراونەوە لە سەر حیزبایەتی و کاری سیاسی. هەتا هێندێکیان دارکاری و شکەنجەش کراون.

**نەمیرحەسەنپوور:** حیزبی توودە فەعالییەتێکی نەبوو؟

**جەلیل گادانی:** حیزبی توودە دە حەقیقەتدا بەشێک لەو فەعالییەتەی بە فەعالییەتی خۆی دەزانی چون پێوەندی حیزبی دێمۆکڕات و حیزبی توودە پێوەندییەکی زۆر زۆر تەنگاتەنگ بوو کە حەتتا من شەخسەن لە ڕوانگەی خۆمەوە پێم وا نەبوو وە ئیعتیقادیشم بەوەی نەبوو بەڵام هێندێک پێیان وا بوو کە ئەو ئیرتیباتە ئیرتیباتێکی ئەوتۆیە کە حیزبی دێمۆکڕات کەوتۆتە ژێر سێبەری حیزبی توودە بەڵام وەڵا بیروبۆچوون و هەستی ئەغڵەبی ئەعزای حیزب لە جیهەتی کوردایەتی و حیزبایەتی بۆ میلەتی خۆیان و بۆ گەلی خۆیان زۆرتر دەچۆ پێشێ، بەڵام هەبوون هێندێک عەناسوریش کە موتالەعاتی بڵێین زۆریان هەبوو وە هێندێک بیرو بۆچوونی تایبەتی ئیدێئۆلۆژیکیان لە جیهەتی حیزبی توودە دا پەیدا کرد بوو. ئەوانەش هەبوو، چون حیزبی توودە هەر لە قەدیمەوە حەولی داوە کە حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان بێنێتە ژێر سەیتەرەی خۆیەوە ئەگەر بکرێ بە عینوانی شوعبەیەک و بەشێک لە حیزبی توودە وەکوو فیرقەی دێمۆکڕاتی ئازەربایجانی لێ بکات ببێتە بەشێک لە حیزبی توودە وە بە عینوانی حیزبێکی موستەقیل نەمێنێ. ئەو حەول و کۆششە هەتا ساڵانی دواییش ئیدامەی هەبوو و حەتتا پسانەوەی ئەو گرووهی ٧ کەسی کە لە حیزب جیا بوونەوە لە کاتێکی زۆر حەساس و عاستەمیشدا دە واقیعدا بەو ڕاستایە دا بوو دە ئیمتیدادی ئەو سیاسەتە نادروستە دا بوو کە موتەئسیفانە حیزبی توودە دژی حیزبی ئێمە هەمیشە بوویەتی. زۆر جار بە ئاشکرا لە مەسئوولین داوا کراوە کە وەرن ئەو کارەی بکەن، حەتتا ئێعلامییە دراوە لەو ڕابیتەی دا.

**نەمیرحەسەنپوور:** لە بیرتە لە "شاروێران" فەعالییەتێک بووبێ ئەو زەمانی بۆ حەرەکەتی جووتیاران کە بوو یا هەر لە بۆکانێ بوو؟

**جەلیل گادانی:** نەخێر هەر لە خودی شاروێران و لە خودی مەحاڵی بڵێین حەتتا شازدە کە خوارترە لە شاروێرانیش لەوانەشدا هێندێک عەناسوری فەعال و بەرچاو هەبوون.



سەرچاوە
Serchawe

**ئەمیرحەسەنپوور**:بەڵام شتێکی وا، کاری وەک "فەیزوڵابەگی" و ئەوە مەسەلەن ئاغایان وەدەر نابێ لە دێ و ئەو شتانە بوو لە ناوچەکەدا؟

**جەلیل گادانی**: وەڵاهی شتێکی وام لە بیر نییە لە بارەی وەدەرنانی ئاغاو ئەوانەوە بەڵام بەرخوردەکە لەوێش حاد بوو، بەرخوردەکە لەوێش حاد بوو. خودی ئەو سوڵتانی حاجی باغر کە عەرزم کردی ئەو بۆخۆی نە لە چۆمی مەجیدخان بوو نە لە بۆکان بوو. لەو بەشەی شارویران کە "تالاو" یش دەگرێتەوە یا شایەد لە باری جوغرافیاییەوە لە سەر مەنتەقەی " شازدە " بێ. ئێستا محاڵی شازدە لەو مەنتەقە دا فەعالییەتیان دەکرد.

**ئەمیرحەسەنپوور**:سوئالێکی دی ئەوەیە لەو بەعزێک لەو گوزاریشانەی کۆنسوولی ئەمریکایە لە تەورێزێ شتیان نووسیوە سەبارەت بەوە و ئێستا ئیدی لە بەر دەستان دایە. زۆر تەئکید لە سەر وەی دەکەن دەڵێن ئەسلەحە زۆر بووە لە ناوچە دا و پێیان وا بووە دەستی دەوڵەتی شوورەوی تێدایە

**جەلیل گادانی**: ئەو زەمان؟!

**ئەمیرحەسەنپوور**:هەر لە زەمانی ئەو حەرەکەتەی. ئەو دەمی واقیعەن وا بووە مەسەلەن ئەسلەحە، تفەنگ و نازانم ...

**جەلیل گادانی**: ئیتیفاقەن ئەگەر ئەسلەحە بە ئەندازەی کافی هەبایە موتمەئینن ئەوان سەر دەکەوتن. چون تێعدادی جووتیاران زۆر زیاتر بوو لە ئاغاکان و خەڵکیش پشتیوانی دەکردن، شارەکانیش حەتا پشتیوانی دەکردن، هێندێک لە وانە وەکوو عەرزم کردی وەکوو عەوڵای ئێرانی وەکوو حاجی قاسم خۆ دانیشتووی شار بوون خۆ دانیشتووی دێ نەبوون

**ئەمیرحەسەنپوور**:وا بوو لە بۆکانی بوون

**جەلیل گادانی**: وە پشتیوانیان دەکرد، یا حیزب بەشی هەرە زۆری لە ئەعزا و ئەندامانی لە شار دادەنیشتن بەڵام پشتیوانیان لەو حەرەکەتە دەکرد و دواییش دەستی یارمەتییان بۆ درێژ کردن بۆ ئەوە کە بتوانن ئەوە بکەن. ئەوە شتێکی کامیلەن درۆیە وە بە هیچ شێوەیەک ئەساسی نییە.


**ئەمیرحەسەنپوور**: زۆر مەسەلەن موهیمیان کردووەتەوە، کە لە میاندواوێ هەیە، لە سابڵاغێ هەیە.

**جەلیل گادانی**: دەبێ ئەوە ببێ چونکوو ئەوە تەبیعی بە نەزەر دەگا بە نەزەری من بۆ سیاسەتی ئەو دەمی ئەمریکا و کۆنسوولگەرییەکانیان و سەفارەتیشیان لە تاران ڕەنگە ئەوەی مونعەکیس کرد بێ دەلیلیشی ئەوەیە کە دوکتور موسەدیق بە حەرەکەتی خەلعی یەد لە ئینگلیز کە ئەنجامی دا دەحەقیقەتدا دژایەتییەکی ڕاستەوخۆ، بەربەرەکانییەکی ڕاستەوخۆ دەگەڵ ئەمریکاش بوو. وە ئەوان بە هیچ شێوەیەک حەزیان نەدەکرد ئەو دەمی حکوومەتێکی موتەرەقی یان ئینسانێکی موتەرەقی وەکوو دوکتور موسەدیق لە سەر کار بێ کە چ لە زەمینەی نەوت دا چ لە زەمینەی سەنعەتی دا بۆ کارگەران و زەحمەتکێشان و چ بۆ رعایەتی حاڵی جووتیاراندا هینێک هەنگاوی موسبەتی هەڵگرتەوە کە لە نەوعی خۆیدا تا ئەو دەمی سابیقەی نەبووە. بۆیە زۆر تەبیعی یە ئەوان بۆ وەی کە دوکتور موسەدیقی موتەهەم بکەن نیهایەتەن وەکوو نوخست وەزیر وە دیفاعی ناڕاستەوخۆیان لە شا وە عومالی شای کردبێ دەبوو شتێکی وا بڵێن بەڵام ئەوە ئەسڵ و ئەساسی نییە.

**ئەمیرحەسەنپوور**: زۆر مەمنوون کاک جەلیل چیدی ماندووت نەکەم.


**جەلیل گادانی**: خاهیش دەکەم.

**ئەمیرحەسەنپوور**: کاک محەمەد [ گادانی] ئەتۆ دەتەویست شتێک بڵێی فەرموو



## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

**محەمەد گادانی:** وەڵا لە سەر ئەو مەسەلەی کە باس کرا، لە سەر جووڵانەوەی جووتاریان، جووتاریان لە وانکێ، لە مەنتەقەی بۆکان و ئەوانە تا ئەو جێگایەی کە ئەمن لە بیرم بێ ئەو وەختی کۆمیتەیەک هەبوو بە ناوی " کۆمیتەی دێهقانان" کە کاک سوڵتانی شێخ ئاغایی یا بڵێین سوڵتانی حاجی باغری وەک لە بیرم بێ ئەو بەرپرسی ئەو کۆمیتەیەی بوو وام لە بیرە. ڕۆژنامەیەکیش هەبوو بە نێوی ڕۆژنامەی " دێهقان" کە ئەوە بە وەسیلەی شەهید قادر شەریف و کاک ئەسعەدی خودایاری کە لە ڕاستی مەیدانی مەنگوڕان دەکەیەکیان هەبوو ئەو ڕۆژنامەی "دێهقان" و "بسوی آینده" و "چلنگر" و ئەوانە قاعیدەتەن دەهاتن بۆ لای ئەوان و ئەوان دەیان دا بە هێندێکیان بۆ خۆیان دەفرۆشت کە دەگەڕان دەگەڵ کاک ئەسعەدی لە نێو بازاڕی وە ئی دێهقانانیان قسمەتێک کە لەوێ دا دەنا بۆ فرۆشتنێ باقی دیکە بۆ هێندێک لە شاگردەکان، شاگرد مەدرەسەییەکان کە دەتوانین بڵێین ئەو دەمی سەربە یەکێتیی لاوانی حیزبی دێمۆکڕات بوون یا لایەنێکی دیکەشی مومکینە دەگەڵ بێ، ئەو وەختی موشتەڕەک بووین دەگەڵ حیزبی توودە،تەقریبەن واقعییەتەکەی ئەوە بوو. دەیاندایێ دەمان برد لە مەدرەسەی بە دزی دەمان دا بە شاگردەکان کە ئەوەی بخوێننەوە وە ئەگەر دێهاتی و شتی واو دێتە ماڵێ یا ئەگەر ئێوە ڕێتان لە دێهاتەکان دەکەوێ ئەوشتانەیان بۆ ڕوون کەنەوە کە دەبێ ئەوانە حەرەکەتێکیان هەبێ وە بجووڵێنەوە وە بەرعەلەیهی مالیکین قیام بکەن. جا هەر لەو فەسڵەشدا کە ئەوە دەکرا هێندێک لە مامۆستایانی ئەو وەختی کە کاک جەلیل نێوی یەک دوویێکیانی برد لە موساحەبەکەی پێشوو دا واقعییەت ئەوە بوو ئەوانە زیمنی وەی کە موزاحیمی ئەو کارە دەبوون حەتتا ئەگەر بۆیان کرابایە هێندێک ئیتیلاعاتیشیان دەدا بە حکوومەتی ئەو وەختی کە ئەوانە ئەو کارانە دەکەن بۆ وەی کە لە مەدرەسە ئیخراجیان بکەن. لەوە زیاتر ئەمن شتێکی دیکەم نییە.



سوڵتانی حاجی باغر (سوڵتن ئاغای شێخ ئاغایی)

**حەسەن قازی:** ڕۆژنامەکە ناوی چ بوو فەرمووت؟

**محەمەد گادانی:** ڕۆژنامەی " دێهقان"

**حەسەن قازی:** دێهقانان یا دێهقان؟

**محەمەد گادانی:** دێهقانان

**حەسەن قازی:** دێهقانان؟

**محەمەد گادانی:** نا " دێهقان"

**حەسەن قازی:** بە فارسی؟

**محەمەد گادانی:** بە فارسی دەنووسرا

**ئەمیرحەسەنپوور:** ئەو ڕۆژنامە چی دەنووسی سەبارەت بە حەرەکەتەکە، لە بیرتە"

**محەمەد گادانی:** وەڵا فەقەت ئەوەندەی ئەمن لە زێهنم دا بێ چون ئەو وەختی زۆر لەو مەسایلانە دا وارید نەبووم بەڵام هەر هێندێک کاریان پێ دەسپاردین ئەوە بوو کە تەبلیغ بکەین لە سەر وەزعی وەی کە دەبێ ئەو کەسەی کە لە سەر زەمین زەحمەت دەکێشێ دەبێ کارێکی وا بکەین کە زەمینەکە بە خۆی بگا، ئەو زەڕاعەتەی کە لێی بەرداشت دەکرێ بۆ خۆی بێ، زەحمەتەکانی ببێتە بەهرەیەک بۆ خۆی و بۆ ئەو کەسانەی کە زەحمەتی لە سەر دەکێشن وە دە زیمندا ئەو ڕێژیمی ئەرباب و ڕەعییەتی کە لەدوایە دا بە قەولی خۆیان بەرکەنار کرا و ئەوانە، تەبلیغەکە بۆ ئەوەی بوو کە بە ڕاستی مەسەلەی ئەرباب دە گۆڕێدا نەمێنێ و هەر کەس ببێتە خاوەن زەوی خۆی و لە سەر زەمینی خۆی کار بکا. ئەوەندەم ئەمن لە سەر ئەو مەسەلەی ئیتیلاع هەیە، ئەوەندەی وەبیرم بێ.

**ئەمیرحەسەنپوور:** دەی کاک حوسێن ئەتۆش مەتڵەبێکت هەبوو؟

**حوسێن ...:** ئەمن ئامادەگیم نییە بۆ شتێکی وا.

**ئەمیرحەسەنپوور**: زۆر زۆر مەمنوون

**جەلیل گادانی**: ئەو دەمی بەڕەحمەت بێ بابی کاک حوسێنی لە شاروێرانی یەکێک لە فەعالینی زۆر بەرچاوی حیزب بووە.
**دەنگێک**: ئەی ...

**جەلیل گادانی**: ئەویش لە فەعالین بوو عوزوێکی زۆرباشی حیزبیش بوو.

**حەسەن قازی**: ئەی مەلا عەولای موشیرابات

**جەلیل گادانی**: نازانم لە بیرم نییە.

**حەسەن قازی**: دەگەڵ ڕەسووڵ تارانی

**جەلیل گادانی**: بەڵێ ئەوان زۆر فەعال بوون


نەبی قادری

**نەبی قادری**: سوڵتان قۆیتاس ...


**دەنگێک**: ئەو دەمی کاک کەریم [حیسامی] عوزوی حیزب بووە؟

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

**جەلیل گادانی:** عوزوی حیزب بووە بەڵام لە نەغەدە بووە ئەو دەم. ئەو دەم نەهاتبووە شاری

دوایی نەوار...

**پەیوەست**




**ماڵاوایی کردن لە کاک حەمەدەمینی ئەحمەدپوور**

نێوی کاک حەمەدەمینی ئەحمەد پوور لە مێژووی ڕاپەڕینی وەرزێرانی موکریان تۆمار کراوە . لەو ڕاپەڕینە دا، هەزاران وەرزێری زۆڵم لێکراو، بۆ ماوەی چەند مانگان کۆت و زنجیری کۆیلایەتییان پساند و بۆ داهێنانی دنیایێکی عادڵانە کەوتنە گۆڕەپانی خەبات. کاک حەمەدەمین و زۆر تێکۆشەری دی وەک کاک برایمی لێتانی و بنەماڵەکەی ئەو ڕاپەڕینەیان وەڕێ خست و ڕاپەڕینەکەش ئەوانی وە کڵپ و هۆڕ خست. ڕاپەڕین سەرکوت کرا و ئاغا و دەستەودەیارەکەی لە سەرما و تەڕوقوڕیی سەرەتای بەهارێ وەدەریان نان و تاڵانیان کردن. ماڵباتی کاک حەمەدەمین لە گوندی حاجی حەسەن، لە شاماتێ، لە لای میاندواوێ بوو. چەند ساڵ لەوەی پێش کاک حەمەدەمین ئاوا باسی ئەو ڕووداوەی کرد:

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی


ماڵەکەمیان لە بەر دەرکی مزگەوتی کۆنە میاندواوێ فڕێ دابوو، لەوێ حەجەمان ماڵیان ئاوەدان بێ دوو پیاو هاتن کە ناویان مەشدی حەسەن و مەشدی حوسێن بوو، ماڵەکەمیان بردە ماڵە خۆیان لە مدبەقی خۆیان کورسیان دابوونێ بە گەرم و گوڕی دایان نابوون...

بەڵام کاک حەمەدەمین قەت سەری بۆ زاڵمان دانەنەواند. دوای سەرکوت کرانی ڕاپەڕین و کوودێتای ٢٨ی مورداد، درێژەی بە خەبات دا و لە ١٣٤٧ دا گیرا و بۆ ماوەی چوار ساڵ حەفس کرا. کاک حەمەدەمین لە زیندان و دەرەوەی زیندان فێرە خوێندن و نووسین بوو و هەم بە کوردی و هەم بە فارسی شتی دەنووسی. زۆری پێ خۆش بوو فێری زانست بێ و باشتر لە دنیایە تێ بگا. ئەو باسانەی کاک حەمەدەمین سەبارەت بە ڕاپەڕین و ڕووداوەکانی دی کوتوویەتی و نووسیوێتی ڕووناکییەکی زۆر دەخەنە سەر ئەو مێژوویە. کاک حەمەدەمین و وەرزێرانی بەشدار لە ڕاپەڕین ڕچە شکێن بوون. پێشانیان دا کە مێژووی وڵات چی دی مێژووی خان و ئاغا و شێخ و دەسەڵاتداران نییە.

ئەمیر حەسەن پوور

٢٣ - ٢ - ٢٠١٦

ڕۆژنامەی ئیتیلاعات،لاپەڕەی ٦، سێشەمە ١١-ی خاکەلێوی ١٣٣٢-ی هەتاوی



براثر تشنجاتی که ایجاد شده سه نفر از کشاورزان مقتول وعده‌ای مجروح شده‌اند

مهاباد - براثر تحریکاتی که اخیرا بین عده‌ای از زارعین میشود اختلافاتی بین آنها ومالکین بوجود آمده که هرچندروزیکبار بزدوخوردهائی منتهی میشود.

ازجمله درقریه «کول» رعایا میخواسته‌اند زن مالکی را در رودخانه بیندازند ودرنتیجه زدوخوردی رخ داده است. همچنین درقصبه «بوکان» عده‌ای ازدهاتیها برله مقامات دولت ودربار شعار داده‌اند که از طرف عده دیگری بطرف آنها تیراندازی شده است وبراثر دخالت مامورین انتظامی شعاردهندگان پراکنده شده‌اند دراین میان سه نفر کشته شده وعده‌ای مجروح گردیده‌اند.

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

**تێبینی**: وێنەی کاک محەممەد گادانی و کاک نەبی قادری لە ئارشیوی خزمانیان لە فەیس بووک، وێنەکانی حاجی قاسم کەریمی، عەبدوڵا ئێرانی و عومەر بابامیری لە کتێبی ڕەحمان محەممەدیان، بۆکان لە سەدەی بیستەم دا (٢) وەرگیراوە. وێنەی سوڵتان ئاغای شێخ ئاغایی بە سپاسەوە لە ئەندامانی بنەماڵەیان، وێنەی حەمەدەمین شەشە لە فەیسبووکی هاوڕێم سەلاح شەشە و بڕاوەی ڕۆژنامەی ئیتیلاعات بە سپاسەوە لە لایەن پرۆفسۆر شەهرزاد موجاب بە دەستم گەیشتووە.

**حەسەن قازی**

---

سەرچاوە: وێبنووسی ڕوانگە - ڕێکەوتی: ١٨ی جوونی ٢٠٢٢


ruwange.blogspot.com

---

کۆ کردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

خەرمانانی ٢٧٢٥ی کوردی = ئاگۆستی ٢٠٢٥ی زایینی

---





# سپاس و پێزانین

**بۆ نەمر هاوڕێ جەلیل گادانی بۆ وتار، لیدوان و وتووێژەکان و حەوت دەیە تێکۆشانی سیاسی لەپێناو ڕزگاریی و مافی دیارکردنی چارەنووس نەتەوەکەی.**

**دەستی ئامادەکارانیش خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**



سەرچاوە
Serchawe